# ئەو منداڵە پیاوکانەی

## ڕێڕەوی مێژوویان گۆڕی



ناوی کتێب: ئەو منداڵە بێباوکانەی ڕێڕەوی مێژوویان گۆڕی

ئامادەکردنی: بەرزان ئەبوبەکر

دیزاین: گۆڤاری بڕیار

نۆبەی چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠١٦ز - ١٤٣٧ك

تیراژ: ٢٠٠٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی «١٠٦٣»ی ساڵی «٢٠١٦»ی پێدراوە.

مافی چاپو بڵاوکردنی پارێزراوە

# بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

## پێشەکی

خوێنەری ئازیــز.. پەرتوکی ئەو منداڵە بێباوکانەی ڕێڕەوی مێژوویان گۆڕی.. باس لە ژیــانو گوزەرانی ئەو منداڵانە دەکات کە بە بێ نازی باوك گەورەبوون، بەڵام بە جیاواز لە منداڵانی دیکە..

ئەو منداڵانە بە بێباوکی گەورە بوون، بەڵام توانیویانە بەسەر کۆسپو لەمپەرەکانــی ژیاندا ســەربکەونو گۆڕانکاری گــەورە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمار بکــەن.. توانیویانە ڕوویەڕووی ناڕەحەتییەکانی ژیانو تەنگوچەڵەمــەو نەهامەتییەکان ببنەوەو حــەزو خولیاو ئاواتەکانیان بهێننە دی.. توانیویانە ببنە ســەرکردەو پێشــەوا، نووســەرو شــاعیری بەناوبانگ، فەیلەسوفو داهێنەر، زاناو مامۆستای بە ئەزموون..

کەسایەتییەکانی ئەم کتێبە، لە کەسانی یەك هەرێم و یەك دەوڵەت پێکنەهاتوون، بەڵکو هەوڵمانداوە لەسەرجەم نەتەوە زیندووەکانی دونیا نمونە بهێنینــەوە، هاوکات نموونەمان بە کەســانێك هێناوەتەوە کە ئێســتا لە ژیاندان، بۆئــەوەی نەوترێت مرۆڤەکان هەمیشــە دوای مردن وەبیریان دێتەوە باس لە پێشکەوتنو سەرکەوتنی کەسانی سەرکەوتوو بکەن..

ئەوان بێباوکی نەك لە خەونەکانیان ســاردیان نەکردنەوە، بەڵکو زیاتر هەوڵەکانی خۆیان خستەکەڕ بۆ هێنانەدی خەونو ئاواتەکانیان.. بۆئــەوەی ئێمەش بە بیروهۆشــێکی فراوانتر بیر بکەینــەوەو چاو لە

سەرکەوتنەکانیان بکەین‌و هەوڵی هێنانەدی ئاواتو پلەو پایەی بەرزمان بدەیـــن‌و ببینە ژمارەیەکی گەورە لە ژیانـــدا، تا بتوانین لە دوای خۆمان خشتێك لەسەر دیواری ژیان دابنێین.

ئەو کەســـایەتیانەی لەم پەرتوکەدا ئامازەمان پێکردووە، ســـەرجەم منداڵـــە بێباوکەکانی جیهان نین، بەڵکـــو نمونەیەکی هەڵبژێردراوو نـــاوازەی نێوکۆمەڵگەی مرۆیین.. ڕەنگە بێباوکانی دیکە زۆر بن کە توانیویانە گۆڕانکاری گـــەورەو بەرچاو بەرپا بکەن، بەڵام ئێمە نەمان توانیوە ئامازەیان پێ بکەین.

دەبێت ئەوەشـــمان لە یـــاد نەچێت، کە دایکانی ئـــەم منداڵانە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە پێگەیاندنی ڕۆڵەکانیاندا، هەروەك وتراوە لە پشت هەموو پیاوێکی گەورەوە، ئافرەتێکی بەهێز هەیە.

بەو هیوایەی ئەم پەرتووکە ببێتە مایەی ڕەواندنەوەی خەمی ســـەدان منداڵانی بێنازو وروژاندنی هەست و ویستیان بەرەو سەرکەوتن!

بەرزان ئەبوبەکر

٢٠-٢-٢٠١٦

# ناوەرۆک

ئەو منداڵە بێباوکەو دایکەی، بوو بە پێشەوای هەموو مرۆڤایەتی
پێغەمبەر موحەممەد «ﷺ» ........................................ ٩

ئەو منداڵە بێباوکانەی، بوونە پێشەواو سەرکردە
نلسون ماندیلا ........................................ ٣٣
عەبدوڕەحمان داخل........................................ ٤٠
بیل کلینتون ........................................ ٤٩
گیرهارد شرودر........................................ ٥٥
جەنگیزخان ........................................ ٦١
سیمون بولیفار ........................................ ٦٩

ئەو منداڵە بێباوکانەی، بوونە پێشەنگ و زانا
پێشەوا بوخاری ........................................ ٧٥
پێشەوا شافیعی ........................................ ٨١
پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ........................................ ٨٧
پێشەوا غەزالی ........................................ ٩٥
سوفیانی ثەوری ........................................ ٩٩
پێشەوا ئیبنولجەوزی ........................................ ١٠٧
شێخ محەممەدی خاڵ ........................................ ١١٥
شێخ عەبدوڕەحمان سەعدی ........................................ ١٢٥
پێشەوا عەبدولعەزیز بنباز ........................................ ١٣٢
پێشەوا ئەبو حەسەنی نەدەوی ........................................ ١٤٥

ئەو منداڵە بێباوكانەی، بوونە فەیلەسوف و داهێنەر


نـــیـــوتـــــن ........................................................ ١٥٢

ستیف جۆبز................................................................ ١٥٩

كۆنفوشیوس ............................................................. ١٦٧

تــۆلســــتۆی.......................................................... ١٧١


ئەو منداڵە بێباوكانەی، بوونە نووسەرێكی بەناوبانگو شاعیرێكی لێهاتوو


موتەنەبی .................................................................. ١٧٩

قــانیـــع .................................................................. ١٩٣

عەبدوڕەزاق سەنهوری ....................................................... ٢٠٥

حـــافــز ئیبراهیـــم ....................................................... ٢١١


ئەو منداڵە بێباوكانەی، بوونە خاوەن كارو سەرمایەدار


فریدریك سمیث ............................................................ ٢١٨


پیتـــەرلینـــش ............................................................ ٢٢٥

ئەو منداڵە
بێباوك و دایكەی بووبە
پێشەوای هەموو مرۆڤایەتی

# پێغەمبەر موحەممەد ﷺ

## گەورەترین مرۆڤ لە مێژوودا

٥٧١ - ٦٣٢ زاینی



پێغەمبەر «ﷺ» ناوی «محمد»ی کوڕی «عبدالله»ی کوڕی «عبدالمطلب»ە. دایکیشی ناوی «آمنة»ی کچی «وەهەب»ە، پێغەمبەر محمد «ﷺ» یەکێکە لەو منداڵانەی بە بێباوکی گەورە بووە.

د. مایکل هارت.. لە کتێبە بەناوبانگەکەی کە بە ناونیشانی «الخالدون المئة» نووسـیویەتی، هاوکات ئەم کتێبە لە کتێبی گینسـدا تۆمار کراوەو یەکێکە لە کتێبە پڕفرۆشترینەکانی جیهان.. لەو کتێبەدا ڕیزبەندی ژمارە «١»ی داوە بە محمد پێغەمبەر «ﷺ» و وەکو یەکەم کەسایەتی مێژوو دەستنیشانی کردووە، لە کاتێکدا د. مایکل هارت، کەسـێکی موسـوڵمانیش نییـە، بەڵکو تەنها وەکو شـایەتییەکی دادپەروەرانـە دوای بەدواداچوونو خوێندنـەوەی ژیاننامەکەی بۆی دەرکەوتووە کە محمد پێغەمبەر «ﷺ» کاریگەرترین کەسایەتی مێژووە، لەبەرئەوە ڕیزبەندی ژمارە یەکی پێداوەو بەمشێوەیە لەبارەیەوە دەدوێت:

کاتێـک محمـد پێغەمبەرم کـردە ژمـارە (١) کتێبەکـەم، کۆمەڵێك کەس سەرسـامبوون بەم دەسـتپێکەو ڕەخنەیـان لێگرتم.. لە وەڵامـدا وتم: محمد پێغەمبـەر «ﷺ» تاکە مرۆڤە لـە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە سـەرکەوتنێکی گەورەو بەرچاوی بەدەسـتهێناوە لەسـەر ئاسـتی دینیو دونیایـی.. هەروەها دەڵێت: محمـد پێغەمبەر «ﷺ» بانگەوازی بۆ ئیسـلام کردووەو توانیویەتی ئیسـلام بڵاوبکاتەوە لە نێو خەڵکیدا، ئیسـلام بووە بە یەکێك لە گەورەترین ئاینەکانـی دونیـا، محمد پێغەمبەر «ﷺ» بوومتە سـەرکردەیەکی سیاسـیو سەربازیو دینی، دوای زیاتر لە چواردە سەدە لە کۆچی دوایی محمد پێغەمبەر «ﷺ»، تا ئێستاش کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر مرۆڤایەتی هەیە.

هەروەها لە درێژەی قسـەکانیدا د.مایکل دەڵێت، زۆرینەی ئەو کەسـانەی من هەڵم بژاردوون لە نێو شارسـتانییەتەکانو گەلە پێشـکەوتووە سیاسـیو فیکرییەکاندا لە دایکبوونو گەورەبوون، تەنها محمد پێغەمبەر «ﷺ» نەبێت

که له ساڵی ٥٧١ زاینی، له شاری مەککه له نیوەدوورگەی عەرەب، له ناوچەیەکی جیاوازو دوور له شارستانییەتو له جیهانی کۆندا لەدایکبووە، که دوور بووە له سەنتەری بازرگانیو شارستانییەتو هونەرو ڕۆشنبیری!

محمد پێغەمبەر «ﷺ» باوکی کۆچی دوایی کردووە پێش ئەوەی لەدایك ببێت، کاتێك تەمەنی دەگاتە شەش ساڵان دایکیشی کۆچی دوایی دەکات، له بارودۆخێکی دژوارو نارەحەتدا گەورەبووە، توانای نووسینو خوێندنەوەشی نەبووە!

تەنانەت له ڕووی داراییشەوە کەسێکی هەژار بووە تا ئەو کاتەی هاوسەرگیری لەگەڵ بێوەژنێکی بازرگاندا کردووە.

کاتێکیش تەمەنی دەگاتە چل ساڵ، کەسایەتییەکی پتەوو پۆڵاینی له نێو خەڵکیدا دەبێت، ئەو کات زۆرینەی عەرەبەکان بتپەرست بوون، ژمارەیەکی یەکجار کەم له مەسیحیو یەهودی له شاری مەککه بوونیان هەبووە، لەبەرئەوە محمد پێغەمبەر «ﷺ» هیچ زانیارییەکی دەربارەی ئەو دوو ئاینە نەبووە!

ئەم چەند دێڕە سەرەتای ئەو باسەیە که د.مایکل هارت له کتێبەکەیدا باسی له پێشەوای مرۆڤایەتی کردووە..

ئاشکرایه ژیاننامەی پێشەوای مرۆڤایەتی پێویستی به چەند کتێبێکه نەك چەند لاپەڕەیەك، بەڵام لێرەدا ئێمه تەنها تیشك دەخەینه سەر لایەنه گرنگەکانی ژیانی پێغەمبەر محمد «ﷺ» و ئەو گۆڕانکارییه گەورەیەی که له مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەنجامی داوە، وەك دەزانن ئەم پەرتووکه باس لەو منداڵه بێباوکانه دەکات که توانیویانه ڕێڕەوی مێژوو بگۆڕن، ئەگەر یەکەم کەسایەتی باس له ژیانی محمد پێغەمبەر «ﷺ» نەکەین، ئەوە ستەممان کردووە له کەسێك که گەورەترین کاریگەری هەبووە له گۆڕینی ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤایەتیدا، لەبەرئەوە ئێمەش له لیستی منداڵه بێباوکەکاندا ژمارە یەك ئەدەین به محمد پێغەمبەر «ﷺ» که ئەوە بەخشین نییه، بەڵکو

دادپەروەرییەو ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە.

سەرەتا باس لەو کۆسپو ناڕەحەتییانە دەکەین، کە لە تەمەنی منداڵیدا دووچاری هاتووە:

پێغەمبەر محمد «ﷺ» لە تەمەنی منداڵیدا دووچاری سێ کۆسپی زۆر سەخت بووە:-

کۆسپی یەکەم:-

محمد هێشتا لە سکی دایکیدا بوو، واتە لەدایك نەببوو، باوکی ماڵاوایی لە ژیان دەکاتو بۆ دواجار چاوەکانی لێك دەنێت، واتە محمد بە چاوەکانی خۆی باوکی نە دیتووە، بە بێباوکی لە دایکبووە.

کاتێك موحەممەد «ﷺ» لەدایکبوو، عبدالمطلبی باپیری، ناوی نا موحەممەد «واتە زۆرسوپاسکراو»، کە تا ئەو کاتە ناوی وا نەبوو لە ناو عەرەبدا. قوڕەیشییەکان -کە عەرەبنو نەوەی ئیسماعیلنو دانیشتووانی مەککەن- لە «عبدالمطلب»یان پرسی: بۆچی لە ناوی باووباپیران لاتداو ناوی موحەممەد ماناى چییە؟ ئەویش وتی: بە هیوای ئەوەی ئەم کوڕەم هەموو خەڵکی سەرزەوی سوپاسی بکەن.

دابونەریتی پیاوە گەورەکانی قوڕەیش وابوو، منداڵی خۆیان ئەدا بە دایەن تا لە لادێ بۆیان گۆش بکەن. بۆ ئەوەی هەوای پاك هەڵمژنو زیرەك بنو زمانیان ڕەوانو لەشیان پتەو بێت، تا ئامادە بن بۆ چوونەژێرباری گرانو خۆگرتن لە بەرامبەر ناخۆشییەکانی ژیان. موحەممەد «ﷺ» پشیان دا بە دایەنێك بە ناوی «حەلیمە»ی کچی«ئەبووزوئەیب»، لە هەوارەکانی «بني سعد». حەلیمەو هاوسەرەکەی زۆر هەژارو بێنەوابوون. لادێکەشیان خاکێکی وشكو بێبەرەکەتی هەبوو، بەڵام بە گۆشکردنی موحەممەد «ﷺ» خێروبێری زۆر ڕووی تێکردنو دەوڵەمەند بوون. هەر لەبەرئەوە خاتوو حەلیمە دوای

دووساڵ داوای له خاتو ئامینه کرد، که ڕێگەی بدات بۆ دوو ساڵی دیکه محمد لـەلای ئەو بمێنێتەوە، خاتـوو ئامینەش به داواکەی خاتو حەلیمه ڕازی بوو، دواتر لەسەرەتای تەمەنی پێنج ساڵانەوە موحەممەد گەڕایەوە ئامێزی خاتوو ئامینەی دایکی.

دووەم کۆسپ له ژیانی محمددا «ﷺ»:-

موحەممەد تەمەنی گەیشــتە شەش ساڵان، خاتو ئامینەی دایکی بۆ دواجار چاوەکانی لێك دەنێ‌و بۆ هەمیشــە ماڵاوایی له ژیان‌و له محمدی کوڕە تاقانەی دەکات، ئیدی هەر لەم تەمەنەوە.. واته محمد تەمەنی شەش ساڵان بوو، دوور له ســۆزی باوکایەتی‌و دوور له ئامێزی پڕ میهری دایکی ژیانی گوزەراند، منداڵێك تەمەنی تەنها شەش ساڵە، نه دایکی هەیەو نه باوکی هەیەو نه خوشك‌و نه برا..

سێیەم کۆسپ له ژیانی محمددا«ﷺ»:-

لێــرەوە واته دوای کۆچی دوایی دایکی ئەزیــزی، عەبدولموتەلیبی باپیری گرتییه خۆی‌و له جاران زیاتر خۆشەویســتی ئەدا به موحەممەدی کوڕەزای‌و دەیگوت: ئەم کوڕەم پاشــەڕۆژێکی گەورەی دەبێت. باپیری نازی زۆری کێشــاو زۆر بــه جوانــی چاودێری دەکرد، بــەڵام ئەم نازو خۆشــییەش زۆر درێژەی نەکێشــا، تەنها دوو ســاڵی خایاند، واته محمد تەمەنی بوو به هەشت ساڵان‌و باپیریشی کۆچی دوایی کردو دووباره محمد بێناز کەوتەوە.

پاشــان «ابوطالــب»ی مامــی سەرپەرشــتیی موحەممەدی گرته ئەســتۆ، ئەبووتالیب پیاوێکی دەستکورت بوو، خاوەنی کۆمەڵێك منداڵ بوو، نەیدەتوانی وەکو پێویســت نازی برازاکەی هەڵبگرێت، بەڵام هەتا بڵێی کەســێکی ڕێزدارو خۆشەویست بوو، له لای قوڕەیش.

## موحەممەد «ﷺ» پێش پێغەمبەرایەتی:

موحەممەد لەبەرئەوەی ئەبووتالیبی مامی پیاوێکی هەژارو خێزاندار بوو، موحەممەد بووە شوان بۆ ئەوەی هاوکاری مامی بکاتو کەمێك باری سەرشانی مامی سوك بکات، هەروەکو دەفەرمووێت: هیچ «شـوانی کاری هەموو پێغەمبەران بـووە، پێغەمبەرێك نەبووە شوانی نەکردبێو مەڕی نەلەوەڕاندبێت». هاوەڵان وتیان: تۆش ئەی پێغەمبەر «ﷺ»؟ فەرمووی: بەڵێ، منیش شوانیم بۆ مەککەییەکان بە مووچەیەکی دیاریکراو دەکرد.

بەڵام کاتێك تەمەنی چووە سـەر، دەسـتی کرد بە کاری بازرگانی، خاتوو خەدیجە کاتێك ناوبانگی دەستپاکیو لێهاتوویی موحەممەدی بیست، بانگهێشتی کردو ڕای سپارد تا بە پارەو سامانەکەی بازرگانی بۆ بکات، ئەویش ڕەزامەندی دەربڕیو سەرپەرشـتی کاروانێکـی بازرگانی خاتو خەدیجـەی کرد بۆ وڵاتی شـام، لەو کاروانەدا خاتوو خەدیجە خزمەتکارێکی خۆی بە ناوی «مەیسەرە» لەگەڵ موحەممەد «ﷺ» نارد. مەیسـەرە بـەردەوام چاودێری کاروکردەوەی موحەممـەد «ﷺ»ی دەکـرد. ئەو سـەفەرەش زیاتر لـە دوو مانگی خایاند. کڕینو فرۆشـتنیان بەجـێ هێناو بە قازانجێکی زۆرەوە گەڕانەوە. مەیسـەرە چووە لای خاتوو خەدیجەو بەدرێژیی باسـی دڵسـۆزیو دەسـتپاکیو دڵپاکیو میهرەبانیو بەزەییی موحەممەدی «ﷺ» کرد. هەروەها باسـی قازانجی زۆری چەند ئەوەندەی جارانی بۆ کرد. بەم باسەش ڕێزی موحەممەد «ﷺ» لە دڵی خاتوو خەدیجەدا هێندەی تر زیادی کرد.

خاتـوو خەدیجـە بەم هەواڵە زۆر دڵخۆشـبوو، لەبەرئەوە نـاردی بەدوای موحەممـەد داو پێی گوت: ئامۆزا ئەگەر تۆ ڕازی بیت ئەوە من ئامادەم ببمە هاوسەری ژیانت؟

هەرچەنـدە خاتـوو خەدیجە بە ١٥ سـاڵ لـە موحەممـەد گەورەتر بوو،

لەگەڵ ئەوەشدا بێوەژن بوو، پێشتر دوو شوی کردبوو، بەڵام ئافرەتێکی خانەدانو ڕەوشتبەرزو ژیرو کارامەو لێهاتوو بوو، نابێتو ناکرێت موحەممەد ئەم داواکارییە ڕەت بکاتەوە، لەبەرئەوە بە خۆشحاڵییەوە بە داواکەی خاتوو خەدیجە ڕازی بوو، بۆ ئەم مەبەستە گەڕایەوە ماڵەوەو پرسو ڕاوێژی بە مامی کرد، ئەویش بە خۆشحاڵییەوە ڕەزامەندی نیشاندا.. ئیدی گەورە پیاوانو پیاوماقوڵانو نزیکانی خۆیان کۆکردەوەو بە مەبەستی مارەبڕینی خاتوو خەدیجە ڕوویان کردە ماڵی خاتوو خەدیجە.. بەم شێوەیە لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا موحەممەد بۆ یەکەمجار هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو خەدیجە کرد.. ئەو کاتە تەمەنی خاتو خەدیجە ٤٠ ساڵ بوو.

«الصادق الامين»:

موحەممەد «ﷺ» لە هەموو کەسێك پاکترو چاکترو ئاکاربەرزتر بوو، قوڕەیشییەکان لەبەر دەستپاکیو ڕەوشتبەرزیی، نازناوی «الصادق الامين»یان پێبەخشی بوو، محمد «ﷺ» کەسێکی ئاکار جوانو مامەڵەی دروستو هێمنو لەسەرخۆو میهرەبان بوو، خۆنەویستو بەخشندە بوو، حەزی بە یارمەتیو هاوکاری هەمووان دەکرد، بە ڕەوشتە جوانو ناوازەکەی جێگەی خۆی لە دڵی هەمووواندا کردبووەوە، موحەممەد هەر لە تەمەنی لاویدا وەکو گەورەو پیاوماقوڵان هەڵسوکەوتی دەکرد..

هەرچەندە بێ دایكو بێباوكو بێ براو خوشكو بێ باپیر بوو، بەڵام ئەمانە کاریگەری نەرێنییان نەکردە سەر ڕەوشتو ئاکاری بەرزو کەسایەتی.

ڕۆڵی موحەممەد «ﷺ» لە کاتی دروستکردنەوەی کەعبەدا:-

کاتێك موحەممەد «ﷺ» تەمەنی ٢٥ ساڵ بوو، لافاوێکی گەورە دیوارەکانی

ناچاربوون سەرلەنوێ کەعبە کەعبەی خراپ کرد، لەبەرئەوە قورەیشـییەکان ناچاربوون سەرلەنوێ کەعبە دروست بکەنەوە. کاتێک گەیشتنە جێگای دانانی بەردەڕەشەکە، لەناو خۆیاندا تێکچوون لەسـەر ئەوەی کێ بەردەڕەشەکە دابنێتەوە! بەمەش ڕەوشەکە نزیک بـوو جەنگی لێ بکەوێتەوە، دواجار ڕێکەوتن لەسـەر ئەوەی کێ یەکەم کەس لـە لای «صفـا»وە بێت، بیکەن بـە حەکەمو ناوبژیوان، قـەدەر وابوو یەکەم کـەس کە هات موحەممەد «ﷺ» بوو، هەموو وتیـان: «محمد الامین» هات. هەموومان ڕازین ئەو دادوەری لە نێوانماندا بکات، موحەممەد «ﷺ» عەباکەی سەرشـانی ڕاخسـتو بەردەکەی خسـتە ناو عەباکەو وتی: با سـەرۆکی هەر تیرەیەک جمکێکی بگرێو بەرزی بکاتەوە. بەو شـێوەیە هەمووان بەردەکەیان بەرز کردەوە تا گەیشـتە جێگاکەی خۆی. پاشـان خۆی بەردەکەی هەلگرتو لـە جێگاکەی خۆیدا داینایەوە. بەو جـۆرە هەموویانی ڕازی کردو ئاژاوەکەی کۆتایی پێ هێنا!

خوێنەری ئازیز، ئەم چەند دێڕە کورتەیەک بوو لە ژیانی محمد پێش ئەوەی ببێتە پێغەمبەر، لێرەوە باس لە ژیانی محمد دەکەین، کاتێک دەبێتە پێغەمبەرو ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی کە توانی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەنجامی بدات.

## محمد «ﷺ» تەمەنی گەیشتە ٤٠ ساڵ:

وەکو نەریتی هەمیشـەیی لە مانگی ڕەمەزاندا دەڕۆیشتە ئەشکەوتی حەڕا، بیری لە دروستکردنی گەردوونو بوونەوەر دەکردەوە، «ئەو کات قورەیشییەکان خەڵکانێکی بتپەرسـتبوون، بە دەسـتی خۆیان بتیان دادەتاشـیو وەکو خودا سەیریان دەکردو بڕوایان وابوو خێرو شەڕ، چاکەو خراپە، قازانجو زیانیان بە دەستە، تەنانەت گەر بیان ویستایە گەشتێک بکەن دەڕۆیشتنە پەرستگاکانیانو پـرسو ڕاوێژیان بە ئەو بتانە دەکرد کەلایان وابوو، ئەوانە خودان»، ئەمانەو

چەندیــن نەریتی دیکەی قورەیشــییەکان بووە هۆی ئــەوەی محمد ژیرانەتر لــەوان بیربکاتەوەو بەدوای حەقیقەتو ڕاســتیدا بگەڕێت.. محمد لە تەواوی مانگــی ڕەمەزاندا لە ئەشــکەوتی حەڕا دەمایــەوە، جاروبار خاتوو خەدیجەی خێزانی نانو ئاوو پێداویستی بۆ دەبرد بۆ ئەشکەوتی حەڕا، ئەو لە تەنهاییدا بیری دەکردەوەو بە خۆی دەگوت: ناکرێت شــتێك نە ســودی هەیەو نەزیان، تەنانەت ناتوانێت پارێزگاری لە خۆی بکات، چ جای ئەوەی بتوانێت پارێزگاری لــە دەوروبەرەکەی بکات، هەرگیز ناگونجێت بڵێین خۆر لە خۆیەوە دروســت بووە، شەوو ڕۆژ هەر لە خۆڕا دێنو دەچن، ئەستێرەو هەسارەکان کە ئاسمانیان ڕازاندۆتــەوەو تەنانــەت لــە ژماردن نایــەن، بڵێین ئەمانە هــەر بە ڕێکەوت هاتوونەتــە بوون، مرۆڤ بەم هەموو وردەکارییەوە ناکرێت لە خۆیەوەو بەبێ مەبەســت هاتبێتە نێو ژیان، ئەمانەو چەندین پرسیاری دیکە لە بیرو هزری محمد دا دەخولایەوەو عەودالی وەڵامێکی گونجاوو ڕاســتەقینە بوو، تا دواجار ئــەو خــۆرە هەڵهاتو بۆ یەکەمجار لە هەمان ئەشــکەوت لە ڕێگەی فریشــتە جبریلەوە سروشی بۆ هات، هەرچەندە محمد خوێندەواری نەبوو، بەڵام جبریل ئایەتەکانی بۆ خوێندەوە تا ئەو کاتەی لەبەری کرد، یەکەم ئایەتی سروش بە «اقرا» دەســتی پێکرد، «اقرأ باسم ربك....»، ئەم چەند ئایەتە بووە سەرەتای دابەزاندنی سروشو گۆڕانکاری گەورە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، دوای ئەم ڕووداوە محمد گەڕایەوە ماڵەوەو هەواڵەکەی بۆ خاتوو خەدیجەی هاوسەری گێڕایەوە، خاتــوو خەدیجە وەکــو ئافرەتێکی بە ئەزمونو ژیــر پیرۆزبایی لێکردو پێی گوت، تۆ دەبیتە پەیامبەر، بۆ ئەو مەبەستە پێکەوە ڕۆیشتن بۆ لای وەرەقەی کوڕی نەوفەل کە کەســێکی شارەزابوو لە ئاینی مەسیحیدا، ئەویش بە هەمان شێوە مزدەی پێدا کە بووەتە پێغەمبەر..

پاشــان گەڕانەوە ماڵەوە، پێغەمبەر « » چووە نێو جێگەکەیەوەو داوای

لــه خاتــوو خەدیجه کرد که دایپۆشــێت، لەو کاتەدا یەکەم ســورەتی قورئان بە ناوی «المدثر» هاتە خوارەوەو فەرمانی پێکرد: ئەی داپۆشــراو هەســتەو پەیامەکەت بگەیەنەو.... هتد.

بانگەوازی نهێنی:-

دوای دابەزینــی ســورەتی «المدثــر»، بانگــەوازی نهێنی دەســتی پێکرد. پێغەمبەر «ﷺ» ماوەی سێ ساڵ بانگەوازی زۆر بە نهێنی دەستپێکرد، سەرەتا لە ماڵــی ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەم لەگەڵ موســوڵمانەکاندا کۆدەبووەوەو باسی لە گەورەیی‌و تاک‌و تەنهایی‌و دەسەڵاتی پەروەردگار بۆ دەکردن، لە ماوەی ئەو ســێ ســاڵەدا تەنها ٣٠ کەس موســوڵمان بوون، تا دواجار پاڵەوانی شاری مەککــە عومەری کوڕی خەتاب چووە خزمەتی بۆ ماڵی ئەرقەم‌و موســوڵمان بوو، پاش موســوڵمان بوونی عومەر بانگەواز ئاشکرا کراو موسوڵمانان بە دوو ڕیز کە پانزەی یەکەم عومەری کوڕی خەتاب ســەرکردایەتی دەکردن‌و پانزەی دووەمیش حەمزەی کوڕی عەبدول موتەلیب، بە دەنگی بەرز بە ئاشکرا بەرەو کەعبــەی پیرۆز بە «الله اکبر- لااله الاالله» مەککەیان هەژاند. ئەمەش بووە سەرەتای بانگەوازی ئاشکرا.

بانگەوازی ئاشکرا:-

هەرچەنــدە لــەم ماوەیــەدا موســوڵمانەکان ژمارەیان زیادی کــرد. بەڵام بۆ بەرەنگاربوونــەوەو ڕێگــە گرتــن لــە بڵاوبوونــەوەی ئاینی ئیســلام، لەلایەن دەســەڵاتدارانی مەککەوە ئازاری زۆر دەدران‌و ســوکایەتیان پێدەکرا. سەرەتا بۆ ڕزگاربوون لەم حاڵەتە پێغەمبەر «ﷺ» فەرمانی کرد بەشــێک لە موســوڵمانان کۆچ بکەن بۆ وڵاتی حەبەشــە، چونکە لەوێ پاشــایەکی دادپەروەری مەســیحی

لێیەو ستەم لە کەس ناکاتو پشتی چەوساوەکان دەگرێت، ئەوەبوو بەشێك لە موسوڵمانان چوون بۆ حەبەشەو لەوێ لەلایەن پاشا نەجاشییەوە پێشوازی گەرمیان لێکراو ئەمانیان پێدرا، هەرچەندە قورەیش ویستیان بیانگێڕنەوەو قەناعەت بە نەجاشی بکەن کە ڕێگەیان نەدا لە حەبەشە بمێننەوە، بەڵام هەوڵەکانیان شکستی هێنا..

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بێباوەڕانی قورەیش زیاتر ئازاری موسوڵمانانیان دەدا، تاوای لێهات ئابڵۆقەی ئابوریو کۆمەلایەتیو تەنانەت کڕینو فرۆشتنو قسەکردنو هەموو ئەوانەیان لەسەر موسوڵمانان دانا، موسوڵمانان لە شوێنێکدا کە پێی دەگوترا شیوی ئەبو تالیب ژیانیان دەگوزەراند، ئەم بارودۆخەش ماوەی سێ ساڵی خایاند، دوای ئەوەش دووان لە خۆشەویسترینو ئەزیزترینەکانی پێغەمبەر «ﷺ» کۆچی دواییان کردو بۆ هەمیشە ماڵاواییان لێکرد، ئەویش خاتوو خەدیجەی خێزانیو ئەبوتالیبی مامی بوو، کارەساتەکە ئەوەندە قورسو گەورەو گران بوو کە ئەو ساڵەی ناونا ساڵی ماتەمینی!

پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر ئابڵۆقەی قورەیشییەکان، دواجار بە ویستی خوداو پاشان بە هەوڵی کەسانی دڵسۆز ئابڵۆقەکە کۆتایی هات، هاوکات دوای هەڵگرتنی ئابڵۆقەکەش قورەیشییەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر ئازاری پێغەمبەرو موسوڵمانانیان دەدا، بەتایبەت دوای کۆچی دوایی ئەبو تالیب، لەبەرئەوە پێغەمبەر «ﷺ» بیری لە ڕێگە چارەیەك کردەوە تا گیانی موسوڵمانان بپارێزێت، سەرەتا شاری تائیفی هەڵبژاردو بەرەو تائیف بەڕێکەوت، ئەو کات تائیف لە لایەن سێ براوە بەڕێوە دەبرا، کاتێك پەیامبەر چاوی پێیان کەوتو مەبەستی هاتنەکەی بۆ ڕوون کردنەوە، زۆر بە توندیو ناشیرینی داواکەیان ڕەت کردەوەو پێیان وت، بڕۆرە دەرەوە لە شارەکەمان، هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو نەفامو کۆیلەو منداڵەکانیان لێ هاندان، تا بەردبارانیان

بکەنو لە شـــار وەدەریاننێن، بەمەش تائیف مێژوویەکی ڕەشی بۆ خۆی تۆمار کرد، کە بەدرێژایی مێژوو باجەکەی دەدەن.

پاشـــان گەڕایەوە شـــاری مەککەو بیری لە ڕێگە چارەیەکی دیکە کردەوە، کات مەوســـیمی حەج بوو، پێغەمبەر «ﷺ» لەو کاتانەدا خەڵکی بانگ دەکرد بۆ بڕوا هێنان بەخودای تاکو تەنهاو وازهێنان لە بتپەرســـتیو هاوەڵ دانان بۆ خودا، ئەو کات ســـاڵی یانزەی پێغەمبەرایەتی بوو، پێغەمبەر «ﷺ» لە عەقەبە گەیشـــت بە شـــەش کەس لـــە خەڵکی یەثریب کە لە هـــۆزی خەزرەج بوون، بە بەمەبەســـتی حەجکردن هاتبوون بۆ مەککە، بانگی کردن بۆ ئیسلامو باوەڕهێنان بە خودای تاک تەنهاو بەدەسەڵات، خەزرەجییەکان بانگەوازەکەیان قبوڵ کردو باوەڕیان هێنا..

عەقەبەی یەکەم:-

بـــۆ ســـاڵی دواتر.. واتە ســـاڵی ١٢ پێغەمبەرایەتی، ١٢ کەس لـــە هەر دووتیرەی ئەوسو خەزرەج، کە پێنجیان لەو شـــەش کەســـە بوون کە ساڵی ڕابردوو باوەڕیان هێنابوو، لەگەڵ حەوت کەســـی دیکە کە دوانیان لە هۆزی (ئەوس) بوون، هاتنەوە بۆ مەککە، لە عەقەبە بەیعەتیان بە پێغەمبەر «ﷺ»دا، داوایان لێکرد کە کەسێک لەگەڵیاندا بنێرێت تا شارەزایان بکات لە ئاینی ئیسلام، پێغەمبەر «ﷺ» موصعەبی کوڕی عومەیری نارد لەگەڵیاندا، ئەوەش ناونرا پەیمانی عەقەبەی یەکەم.

عەقەبەی دووەم:-

ســـاڵی داهاتووتر.. واتە ساڵی ســـیانزەهەمی پێغەمبەرایەتی، کە ژمارەیان ٧٣ پیـــاوو دوو ئافرەت بوو، لە خەڵکی شـــاری یەثریب باوەڕیـــان هێنابوو، هاتن بۆ شاری مەککە، دووبارە لە عەقەبە لەگەڵ پێغەمبەر «ﷺ» کۆبوونەوەو بەیعەتیان پێدا، ئەمجارەیان بانگهێشتیان کرد بۆ شاری مەدینە، تا خۆیو موسوڵمانان بڕۆن بۆ شاری مەدینەو لە دەست ئەشکەنجەو ئازاردانی قورەیشیەکان ڕزگاریان ببێت، پێغەمبەر «ﷺ» داواکەی قبوڵ کردن.

کۆچکردن بۆ مەدینە:

سەرەتا موسوڵمانەکان بە نهێنی کۆچیان کرد بۆ شاری مەدینە، دواتر پێغەمبەر «ﷺ» بە هاوڕێیەتی ئەبوبەکری صدیق پلانیان دانا بۆ کۆچکردن بۆ شاری مەدینەی پیرۆز، هەرچەندە قورەیش ویستیان ڕێگەی لێ بگرنو ڕێگە نەدەن بڕوات بۆ مەدینەو بۆ ئەو مەبەستەش ١٠ گەنجی بەهێزیان هەڵبژارد کە هەر یەکەیان لە تیرەیەك بوون، بۆئەوەی پێش ئەوەی بڕوات بیکوژن، بەڵام پیلانەکەیان شکستی هێناو نەیانتوانی ڕێگەی لێبگرن.. لەبەرئەوەی پەیامبەر «ﷺ» بە فەرمانی خودا کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە!

سەرەڕای ئەو هەمو گەڕانو بەدواداچوونەی ئەبوجەهلو سوپاکەی کە بەشوێنیاندا ڕۆیشتن، بەڵام نەیانتوانی زیانیان پێ بگەیەنن، تەنانەت نەیانتوانی شوێن پێشیان هەڵبگرن، کۆتا هەوڵ بڕیاریاندا هەرکەس بە مردوویی، یان بە زیندوویی بیانگێڕێتەوە بۆ مەککە، سەد حوشتری بە دیاری پێ بدەن،



قورەیشـیەکان لەم هەوڵەشـیان شکسـتیان هێنا، دواجـار پێغەمبەر «ﷺ» و ئەبوبەکری صدیق بەسەلامەتی گەیشتنە شاری مەدینەی پیرۆز!

پێشوازی دانیشتوانی مەدینە:

لە لایەن دانیشتوانی شاری مەدینەوە پێشوازییەکی بێ وێنەیان لێکرا، ئەوان بە هاتنی پەیامبەر «ﷺ» بۆ شـارەکەیان لە خۆشیدا شاگەشکەبوون، ئەوەندە خۆشحاڵ بوون کە نەیاندەتوانی تەعبیر لەو هەموو خۆشییە بکەن..

هەمـووان لە هەوڵی ئەوەدابوون چۆن بتوانن خزمەتێك پێشـکەش بکەن، خەڵکی مەدینە پەیمانیان دا بە پێغەمبەر «ﷺ» کە لە خۆشـیو ناخۆشـیدا لەگەڵیدا بن، بەڵێنیان دا کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن، بەڵێنیان دا بیپارێزنو بە گیانی خۆیان بەرگری لێ بکەن.

د.مایکل لە کتێبی سـەد کەسـایەتیەکەی جیهاندا دەڵێت: کۆچی پێغەمبەر «ﷺ» بۆ شـاری مەدینەی پیرۆز، خاڵی وەرچەرخانی ژیانی پێغەمبەر «ﷺ» بوو، چونکە ژمارەی ئەو کەسـانەی لە مەککە بڕوایان پێهێناو شـوێنی کەوتن زۆر کەم بوون، بەڵام ژمارەی ئەو کەسانەی لە مەدینە بڕوایان پێهێناو شوێنی کەوتـن زۆر بوون. پێغەمبەر «ﷺ» توانی لـە ماوەیەکی کەمدا بەهێزترینو قوڵترین کاریگەری لە دڵی خەڵکیدا دروست بکات.

هەروەهـا دەڵێت: بۆ یەکەمجار لە مێژوودا پێغەمبەر «ﷺ» توانی خەڵکی نیـوە دوورگەی عەرەب یەکبخاتو دڵیان پڕ بکات لە باوەڕو ڕێنموونیان بکات بۆ پەرسـتنی خودایەکی تاکو بە دەسـەڵات، هەر ئەمـەش بووە هۆی ئەوەی سـوپای موسوڵمانان ئەگەرچی ژمارەشـیان کەم بوو، بەڵام توانیان گەورەترین سەرکەوتن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمار بکەن.

کەسایەتی پێغەمبەر محمد «ﷺ»:-

پێغەمبـەر محمـد «ﷺ» لـە هەمـووان بەخشـندەتر بووە، لـە هەمووان

زمانپاراوترو ڕاستگۆتر بووە، بە سروشتی خۆی کەسێکی نەرمونیان بووە، لە هەمووان ڕێزدارتر بووە، قورئانی پیرۆز شایەتی ئاکاربەرزیو ڕەوشتجوانی بۆ دەداتو دەفەرمووێت: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴾ القلم، هەروەها لە هەمووان ئازاتربووە، لە هەمووانیش لێبوردەتر بووە، لە هەمووانیش بەشەرم تر بووە.

دیاری قبوڵ کردووە، بەڵام زەکاتی قبوڵ نەکردووەو لێشی نەخواردووە. هەرگیز لەبەرخۆی توڕە نەبووە، بەڵکو لەبەر خودا توڕە بووە، هەر شتێك لەسەر سفرە بووایە دەیخواردو عەیبو عاری لە خواردن نەدەگرت، هەرگیز بە ڕاکشانەوەو بەپێوە خواردنی نەخواردووە، هەژاری زۆری بینیوە، جار هەبووە سێ مانگ تێپەڕیوە ئاگر لە ماڵەکانیدا نەکراوەتەوە، واتە جگە لە خورماو ئاو چێشت لە ماڵەکانیدا لێ نەنراوە، حەزی بە دانیشتن لە کۆڕو کۆمەڵی هەژاراندا کردووە، سەردانی نەخۆشی کردووەو لەگەڵ جەنازەدا دەڕۆیشتە گۆڕستان.

سوعبەتی دەکرد، بەڵام جگە لە حەق شتێکی دیکەی نەدەگوت، پێدەکەنی بەبێ قەهقەهە، هاوکاری خێزانەکانی دەکرد لە کاروباری ماڵەوەدا، لەوبارەیەوە دەفەرموێت: باشترینتان ئەو کەسەیە کە باشترینە بۆ خێزانەکەی، من باشترینتانم بۆ خێزانەکانم.

ئەنەسی کوڕی مالك دەڵێت: دەساڵ لە خزمەتی پێغەمبەر محمد «ﷺ» بووم، هەر کارێکم کردبێت هەرگیز پێی نەوتووم بۆ ئەو کارەت کردووە.

دەوڵەتی مەدینە:

ئیدی لێرەوە دەوڵەتی ئیسلام دروست بوو بە سەرکردایەتی پێغەمبەر «ﷺ». لە گرنگترین کارەکانی پێغەمبەر «ﷺ» لە ماوەی ١٠ ساڵی ژیانی لە شاری مەدینەی پیرۆز:-

ساڵی یەکەم-

یەکەم کار کە پێشکەشیان کرد دروستکرنی مزگەوتێك بوو بەناوی «قباء»،

پاشـان دەسـتوری مەدینەی بۆ دانانو کۆتایی بەشەڕی نێوان هەر دوو تیرەی ئـەوسو خەزرەج هێناو برایەتـی لە نێوان کۆچکردووەکانی شـاری مەککەو پشـتیوانانی شـاری مەدینە دروسـتکرد، پەیمانی لەگەڵ جولەکەکانی شاری مەدینە بەسـت کە هەمووان پارێزگاری لە خاکو نیشـتمانی مەدینە بکەن.. بەشێوەیەکی گشتی بنەماکانی دەوڵەتی لە مەدینە دامەزراند، هەر لەو ساڵەدا زەکات فەرز کرا.

سالّی دووەم:-

لە سـالّی دووەمدا شـەڕی بـەدری گەورەیان کرد، کە تیایدا موسـوڵمانان سەرکەوتن بەسەر سوپای قورەیشدا، هەرچەندە ژمارەی موسوڵمانان ٣١٤ کەس بوو، لە بەرامبەردا سـوپای قورەیش نزیکـەی ١٠٠٠ کەس بوون. جەنگەکە لە ١٧ ڕەمەزاندا ڕوویدا، قورەیشـییەکان ٧٠ کەسـیان لێ کوژراو ٧٠ کەسیشـیان لێ بەدیل گیرا، ئیدی بە درێژایی ئەو سـاڵە مەدینە ئارام بوو، موسـوڵمانان سەرقاڵی کاروباری خۆیان بوون.

سالّی سێیەم:-

شـەڕی ئوحـود ڕوویدا، لەم جەنگەدا سـوپای موسـوڵمانەکان شکسـتیان هێناو سـوپای بێباوەڕان سـەرکەوتن، لەبەرئەوەی تیرهاوێژەکان فەرمانەکەی پێغەمبەر «ﷺ» یان شـکاند، چونکە لە کاتی دەستپێکردنی شەڕ موسوڵمانان لەسـەرکەوتندا بوون، پێغەمبەر «ﷺ» ٥٠ لە تیرهاوێژەکانی لەسـەر گردەکە داناو پێی فەرموون: ئێمە سـەرکەوین، یان شکسـت بهێنین، ئێوە ئەم شوێنە جوڵ نەکەن، بەڵام کاتێك بینیان سوپای بێباوەڕان شکستی هێناوە لە مەیدانو موسوڵمانان دوایان کەوتوون، وتیان مانەوەی ئێمە لێرەدا پێویست نییە، چونکە سـوپاکەی ئێمە سـەرکەوت، ژمارەیەکی کەمیان نەبێت هەموویان گردەکەیان جـۆڵ کرد، خالیدی کوڕی وەلیدیش کە ئەو کات بێباوەڕ بوو، ئەو دەرفەتەی

قوستەوەو جووە سـەرگردەکەو پشـتی لە موسـوڵمانان گرتو بانگی سوپای بێباوەڕانی کرد، ئەوانیش کە زانیان ئەوە خالیدە پشـتی سوپای موسوڵمانانی گرتووە، گەڕانەوەو موسـوڵمانانیان ئابڵوقە دا، بەوەش سـوپای موسـوڵمانان شکستی هێنا!

سالی چوارەم:-

شەڕی جولەکەکانیان کرد، چونکە ئەو پەیمانەیان شکاند کە بە پێغەمبەر «ﷺ» و موسوڵمانانیان دابوو.

سالی پێنجەم:-

شـەڕی خەندەق رووی دا، لەم شـەڕەدا بێباوەڕان سـوپایەکی زەبەلاحیان هێنابووە سـەر شـاری مەدینە، دوای ئەوەی پێغەمبەر «ﷺ» هەوالی زانی کە قورەیش بە سوپایەکی گەورەوە بە ڕێگاوەیە بەرەو شاری مەدینە، کەوتە پرس‌و ڕاوێژکردن لەگەڵ موسوڵمانان، دواجار ڕاوبۆچوونی سەلمانی فارسی پەسەند کرا کە بریتی بوو لە هەلکەندنی خەندەقێك بەدەوری شـاردا، سوپای موسوڵمانیش لە ناوشاردا لە ئامادەباشیدا بن، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هەر ئەگەرێك ببنەوە کە دێتە پێش! موسوڵمانان بە سکی برسی‌و لەبەرگرەو تینی گەرما، بەردەوامبوون لە هەلکەندنی خەندەقێك بە دەوری شاری مەدینەدا، تا کاتێك سوپای قورەیش گەیشـتنە مەدینـەو خۆیان لەبـەردەم خەندەقێکدا بینییەوە کە ئاسـتەم بوو بتوانن پیایـدا بپەڕنەوە، هەرچەندە ماوەیەك لەوبـەری خەندەقەکە مانەوەو خێمەیان هەلدا، بەلام دواتر ناچاربوون بگەڕێنەوەو ناوچەکە بەجێبهێلن..

دواتر لە هەمان سـالدا شـەڕی بەنو قورەیزەیان کرد، چونکە لەو شـەڕەدا بەلێنیان بە قورەیش دابوو هاوکارییان بکەن لە پەڕینەوە بۆ ناو شاری مەدینە.

سالی شەشەم:-

پەیماننامـەی حودەیبیە بەسـترا، لە مانگی ذی القعدة، سـالی شەشـەمی

کۆچی پەیماننامەی حودەیبیە لە نێوان موســوڵمانانو قورەیشدا واژۆ کرا، کە بریتی بوو لە ئاگربەستی نێوانیان بۆ ماوەی ١٠ ساڵ، بەمشێوەیە:

کاتێــك پێغەمبەر «ﷺ» ڕایگەیاند کە دەیەوێت بڕواتە شــاری مەککە بۆ بەجێهێنانی عومرە، موسوڵمانان کە پێکهاتبوون لە ١٤٠٠ کەس لە پشتیوانانو کۆچکــردووان، ئــەوان هەموو بەرگی عومرەیان پۆشــیبوو، بۆئــەوەی نیەتی خۆیان بۆ قورەیش دەربخەن کە بە نیازی عومرە هاتوون نەك شــەڕ، کاتێك لە مەککە نزیك بوونەوە قورەیش ویستیان جەنگیان لەگەڵدا بکەنو ڕێگەیان نەدەن بڕۆنە شاری مەککەوەو عومرە بکەن..

پێغەمبەر «ﷺ» و موســوڵمانان لە حودەیبیە دابەزین، عوســمانی کوڕی عەفانــی نارده لای قورەیشو پێی گوت: بە قورەیش بڵێ کە ئێمە نەهاتووین تا جەنگتان لەگەڵدا بکەین، بەڵکو هاتووین بۆئەوەی عومرە بکەین..

کاتێك عوســمانی کوڕی عەفان گەیشــتە مەککەو پەیامەکەی بە قورەیش گەیانــد، دواتر قورەیش عوســمانی کوڕی عەفانیان دەستبەســەر کرد، ئیدی عوســمانی کوڕی عفان درەنگ کەوتو نەگەڕایەوە بۆ لای موسوڵمانان، لە نێو موسوڵمانانیشدا وا بڵاوبووەوە کە عوسمان کوژراوە.

لەبەرئەوە پێغەمبەر «ﷺ» داوای پەیمانی لە موسوڵمانەکان کرد، ئەوانیش هەموو پەیمانیان پێدا، ئەم پەیمانەش ناونرا «بیعة الرضوان».

بەڵام قورەیش نوێنەرێکی بەناوی «عروە کوڕی مەســعودی سەقەفی» نارد بۆ لای موسوڵمانان، کاتێك گەڕایەوە بۆلای قورەیش وتی: ئەی گەلەکەم من بە نوێنەرایەتی ڕۆیشتووم بۆ لای پاشاکانی فارسو ڕۆمو نەجاشی، سوێند بە خودا هیچ پاشــایەکم نەبینیــوە ئەوەندە هاوەڵەکانی بە گەورەی دابنێنو خۆشــیان بوێــتو ڕێزی بگرن! کاتێك محمد فەرمانێکی دەکرد پێشــبڕکێیان دەکرد بۆ جێبەجێکردنــی، کاتێك قســەی دەکــرد هەمووان بێدەنگ دەبــوون، هەمووان

بەوپەڕی ڕێزو شـکۆمەندییەوە بۆی دەڕوانن، پاشـان وتـی: من پلانێکتان بۆ دادەنێم قبوڵی بکەن، قورەیش پلانەکەی عروەیان پەسەند کرد..دواتر قورەیش بە خێرایی سوهەیلی کوڕی عەمریان نارد بۆ ئەوەی ڕێکەوتن لەگەڵ موسوڵمانان بکات، کاتێك گەیشتە لای پێغەمبەر «ﷺ» لەسەر ئەم خاڵانە ڕێکەوتن:

١- هەر تیرەو هۆزێك لەگەڵ قورەیش پەیمان دەبەستێت ئازادە، هەرکەسیش لەگەڵ موسوڵمانان پەیمان دەبەستێت ئازادە.

٢- بۆ ماوەی ١٠ ساڵ ئاگربەستیان ڕاگەیاند.

٣- دەبێت ئەم ساڵ موسوڵمانان بگەڕێنەوە بۆ مەدینەو ساڵی ئاینده بێنەوە بۆ مەککەو عومرەکەیان بەجێبهێنن.

٤- هیـچ لایەنێـك بۆی نییە دەسـتدرێژی بکاتە سـەر هیـچ هۆزێك کە هاوپەیمانی قورەیشە، یان هاوپەیمانی موسوڵمانانە.

٥- هەر کەس لە قورەیش بەبێ پرسـی خاوەنەکەی موسوڵمان بوو، دەبێت بیگێڕنەوە بۆ ناو قورەیش، بەڵام ئەگەر موسـوڵمانێك پەشیمان بووەوە هاتە ناو قورەیش، ئەوا قورەیش نایگێڕێتەوە بۆ ناو موسوڵمانان.

هـۆزی خوزاعە بوونـە هاوپەیمانی موسـوڵمانان، بەنـو بەکریش بوونە هاوپەیمانی قورەیش.

سالی حەوتەم:-

پێغەمبـەر «ﷺ» و موسـوڵمانان بـۆ یەکەمجار دوای کۆچ ڕۆیشـتن بۆ شـاری مەککەی پیرۆزو عومرەیان بەجێهێنا، لە هەمان ساڵدا شەڕی خەیبەر ڕوویدا، موسوڵمانان سەرکەوتن بەسەر جولەکەکاندا، هەروەها لە هەمان ساڵدا پێغەمبەر «ﷺ» هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو صەفیەدا کرد.

سالی هەشتەم:-

لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا موسوڵمانان بەبێ شەڕ فەتحی مەککەیان کرد،

چونکە قورەیش پەیماننامەکەی شکاندبوو، پەلاماری هۆزی خوزاعەیان دابوو کە هاوپەیمانی موسـولمانان بوون، ئیدی مەککە لە بتپەرسـتی پاککرایەوەو گەڕایـەوە ژێر دەسـەڵاتی موسـولمانان، هەروەها لەم سـاڵەدا جەنگی موئتە ڕوویدا لە نێوان موسـولمانەکانو ڕۆمەکاندا، هاوکات جەنگی حونەین لە دژی هۆزەکانی هەوازنو سەقیف ڕوویدا.

سالی نۆیەم:-

غەزای تەبوك ڕوویدا کە کۆتا جەنگ بوو کە پێغەمبەر «ﷺ» بەشداری تێدا کرد، هەر لەو ساڵەدا وەفدو نوێنەری هۆزەکانی دوورگەی عەرەبی دەهاتن بۆ لای پێغەمەبەر «ﷺ» و پۆل پۆل دەهاتنە نێو ئیسلامەوە، ئەو ساڵە ناونرا ساڵی وەفدەکان.

سالی دەیەم:-

لەم ساڵەدا پێغەمبەر «ﷺ» حەجیماڵئاوایی کرد، بە بەشداری زیاتر لە سەد هەزار لە هاوەڵانی..

سالی یانزەیەم:-

لەم ساڵەدا پێغەمبەر «ﷺ» لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان کرد، کە کۆی تەمەنی ٤٠ ساڵی پێش پێغەمبەرایەتیو بیستو سێ ساڵیش پێغەمبەر بوو، لەو بیستو سێ ساڵەش ١٣ ساڵ لە مەککە بوو، ١٠ ساڵیش لە مەدینە بوو.

بەمشـێوەیە پێغەمبـەر «ﷺ» تەنهـا لـە مـاوەی بیسـتو سـێ سـاڵی پێغەمبەرایەتیدا توانی بە جوانترین شێوە پەیامی خودایی بگەیەنێتو خەڵکی لە بتپەرستیو نەزانینو نەفامی ڕزگار بکات، لەو ماوە کورتەدا توانی دەوڵەتی ئیسـلامی دروسـت بکاتو ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بانگ بـکات بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلامو گەورەترین شوێنەوار لە دڵی شوێنکەوتوانیدا دروست بکات..

ئەو ئاینەی بە تەنها خۆی دەسـتیکرد بە بانگەواز بۆی، دوای تێپەڕبوونی

زیاتر له ١٤ سـەدەو له ئێستادا شـوێنكەوتوانی به زیاتر له یەك ملیارو نیو مەزەندە دەكرێن!

وتەی زانایانو ناوداران سەبارەت به پێغەمبەر محمد «ﷺ»

بوسورث سمیث

لـه كتێبەكەیدا به ناونیشـانی (محمـد و المحمدیـة)دا دەڵێت: محمد نه سـوپایەكی ئامادەكراوو تایبەت به خۆی هەبوو، نـه چاودێرێكی تایبەت، نه كۆشكێكی ڕازاوەو بڵندو نه موچەیەكی تایبەت، ئەگەر بگونجێت كه بووترێت كەسـێك حوكمو فەرمانڕەوایی به قەدەری خوا كردووە ئەوە محمدە، چونكه توانی كه دەسـەڵات بگرێته دەسـت، بێئەوەی هۆكارەكانی له بەر دەستا بێت، یان كەسو كاری یارمەتی بدەنو له گەڵیدا بن.

برناردشو

جیهـان پێویسـتیەكی ئێجـگار زۆری به كەسـێكی وەك محمـد هەیه له بیركردنەوەیدا، ئەم پێغەمبەرە كه ئاینەكەی بەردەوام جێگەی ڕێزو گەورەیی بووە، به ڕاسـتی بەهێزتریـن ئایین كه دەتوانێت هەموو شارسـتانیەتێك له خۆیدا جێ بكاتەوە، هەتا هەتایه به نەمری بمێنێتەوە، من زۆرێك له نەتەوەو هاوزمانەكانم دەبینم كه چونەته سـەر ئەم ئاینه له سـەر بەڵگەو ڕۆشنایی، ئەم ئایینه له داهاتوودا گۆڕەپانێكی فراوانی بۆ دروست دەبێت لەم كیشوەرەدا (كیشوەری ئەوروپا).

سانت هیلر

زاناو ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی سانت هیلر دەڵێت: محمد سەرۆكی وڵات بوو، هەروەها شەونخونی دەكرد له پێناو ژیانو ئازادی گەلەكەی، تۆڵەی لەو كەسانه ئەسـەندەوە كه خراپەیان ئەنجام ئـەداو له ڕێ دەردەچوون له كۆمەڵگایەكدا كه پڕ بوو له كەسو كۆمەڵانێك كه درندە بوون، پێغەمبەر بانگی دەكردن بۆ

یەکخواپەرستی‌و وازهێنان لە زوڵم‌و ستەم، بەڕاستی لەسەرخۆو نەرمونیان بوو لە بانگەوازەکەیدا، تەنانەت لەگەڵ دوژمنەکانیشیدا، لە کەسایەتی ئەودا دوو سیفەتی سەرەکی تیا بەدی دەکرا کە لە جوانترین‌و باشترین سیفات‌و ڕەوشتێک بوون کە مرۆڤایەتی هەڵیگرتبێ ئەوانیش: دادپەروەری‌و بەزەیی..

تۆماس کارل..

دەڵێت: موحەممەد تیشک‌و تروسکاییەک بووە هەموو جیهانی ڕووناک کردۆتەوە، ئەمەش فەزڵی خودایە کە دەیدات بە هەر کەسێک کە بیەوێ. هەروەها دەڵێت: ژیانی پێغەمبەری ئیسلامم زۆر بە چاکی خوێندۆتەوە، هیچ شتێکم لێ نەبینیوە تەنها ئاکارو ڕەوشتی جوان نەبێت کە هەر ئەبێ لەودا مسۆگەر بکرێت، ئاواتەخوازبووم کەوا ئیسلام تاکە ڕێگەیەک بوایە بۆ جیهان.

وڵ دیورانت..

نووسەری ئەمریکی وڵ دیورانت خاوەنی "مەوسوعەی شارستانی "قصة الحضارة"یە، کە (٣٠)بەرگە، دەڵێت: ئەگەر بڕیارمان دەرکرد لەسەر گەورەیی کەسێکی گەورەو کاریگەریی لەسەر خەڵك، ئەوە دەڵێین: محمد گەورەترین گەورەترینەکانی مێژووە، چونکە توانی ئاستی ڕۆحی‌و ڕەوشتی گەلێك بەرزبکاتەوە کە وشکی بیابان‌و گەرمی هەوا خستبوویە تاریکییەکی کێوی ئاسا، لە بەدیهێنانی ئەم مەبەستە سەرکەوتنێکی بەدەستهێنا کە هیچ چاکخوازێکی تر لە مێژوودا نەیتوانی بەدەستی بهێنێت!

عەللامە سادیولویس- فەرەنسا:

محمد پێغەمبەری عەرەب نەبووە، بەوەی کە تەنها مژدەدەر بێت بۆ عەرەبەکان، بەڵکو بۆ هەموو جیهان هاتووە ئەگەر خەڵکی بە ویژدانەوە لێی بڕوانن، چونکە نەهاتووە بە ئاینێکی تایبەت بە عەرەب، ئەو یاساو ڕێسایانەی کە هێناویەتی، شایەنی ئەوەن کە مرۆڤ ڕێزیان لێ بگرێت‌و لە ئاستیاندا

سەرسام ببێت، چونکە بەڵگەن لەسەرنەوەی کە زۆر گەورەو بەرز بووە لە ئاینەکەیدا، گەورە بووە لە ڕەوشتو ئەخلاقیدا، گەورە بووە لە سیفاتەکانیدا، ئای چەندەمان پێویست بە کەسانێکی لە شێوەی محمدی پێغەمبەری موسوڵمانان «ﷺ» هەیە بۆ ئەم جیهانە.

د. هانز کونج زانای لاهوتی سویسری..

دەڵێت: موحەممەد «ﷺ» بە مانای وشە پێغەمبەرێکی ڕاستەقینە بووە، ناکرێت ئێمە نکوڵی لەوە بکەین کەوا موحەممەد ڕێنوێنیکەرو پێشەوایەك بووە، کە خەڵکی بەرەو ڕێگەی سەرفرازی هێناوە..

سنرستنالاسوجی: ڕۆژهەلاتناس

ئێمە بە ویژدان نین لە گەڵ محمدا «ﷺ» ئەگەر ئەو هەموو سیفاتە بەرزو جوانانەی کە هەیەتی نکوڵی بکەینو باوەڕمان پێی نەبێت، بەڕاستی محمد جەنگێکی ڕاستەقینەی لە پێناوی ژیانێکی ڕاستەقینەو بە عیززەتا بەرپاکرد، جەنگێك دژی نەفامیو هەمەجیو هەڕەمەکی، سورو بەردەوام بوو لە سەر بیرو باوەڕەکەی، بەردەوام بوو لە جەنگی یاخیبووانو لە سنور دەرچووان تاکو لە کۆتاییدا سەرکەوتنی ئاشکرای بە دەست هێنا، ئەو کات شەریعەتو بەرنامەکەی بووە تەواوترینی بەرنامەکان، خۆشی لە سەرو هەموو گەورەو لێهاتووەکانی مێژووەوەیە.

کارل هیرنش بکر..

لە کتێبەکەیدا بە ناوی -الشرقیون-دا دەڵێت: لە ڕاستیدا محمد «ﷺ» مافی خۆیەتیو شایەنی ئەوەیە کە ڕێزی لێ بگیرێت، بیروباوەڕەکەشی شایەنە بەوەی کە شوێنی بکەویت، ئێمە بۆمان نییە حوکم بدەین بە سەر هەر شتێکدا تاکو لێی شارەزا نەبین، بە ڕاستی محمد باشترین پیاوێکە هاتووە بۆ ئەم جیهانە بە ئاینێکی ڕۆشنو تێرو تەواو!

# ئەو منداڵە پیاوکانەی
# بوونە پێشەوا و سەرکردە



# نلسۆن ماندیلا

## لە بێشکەوە تامردن..



دێنێته لەرزە..

نیلسون ماندێلا ناوی «رولیهلاهلا»بوو، واته ئەو کەسەی درەخت دێنێته لەرزە..

ماندێلا له ١٨ی تەمموزی ساڵی ١٩١٨، له گوندی مفیزو له ناوچەی «کیب» له باشووری ئەفریقا لـه دایکبووه.. باوکی سـەرۆکی هۆزی تیمبـو بووه، له سەرەتای بیستەکانی ڕابردوودا باوکی له پۆستی سەرۆکایەتی هۆزەکەی دەستی لەکارکێشایەوه، بۆئەوەی بگەڕێتەوه بۆ لای دایکی‌و ئەو ماوەیەی که له ژیاندایه له شوێنی له دایکبوونی له گوندی کونو.. لەگەڵ دایکیدا بیباته سەر، له ساڵی ١٩٢٧ ئەو کاتەی ماندێلا تەمەنی تەنها نۆ ساڵان بوو، باوکی ماڵاوایی له ژیان کردو ماندێلای تەنها جێهێشت، وەسییەتی بۆ کەس‌و کارەکەی کرد که ماندێلا لای ئەوان بێت‌و ئەوان پەروەردەکردنی بگرنه ئەستۆ..

ماندێـلا لـه تەمەنی حەوت ساڵیدا چۆتـه قوتابخانه، یەکـەم ئەندامی خێزانەکەی بووه که چووەته قوتابخانه، پاشـان له تەمەنی شـانزه ساڵیدا بۆ درێـژەدان به خوێندن ڕووی کردۆته پەیمانگەی «کلارکبیری» بۆئەوەی فێری ڕۆشنبیری‌و کلتوری ڕۆژئاوا ببێت.

له تەمەنی نۆزده ساڵیدا ڕووی کردووەته زانکۆی هورفارد بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس، که یەکەم زانکۆی ڕەشپێسـتەکان بوو له باشـوری ئەفریقیـا، بەڵام به تۆمەتی بەشـداریکردن له مانگرتنـی قوتابیاندا لەگەڵ هاوڕێکەی ئولیفر تامبو له زانکۆ فەسـڵ کران.. دواتر به شـێوەی مراسله له زانکۆی جوهانسبورج درێژەی به خوێندنەکەی دا، سەرەنجام توانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس له یاسادا له زانکۆی ویتواترساند بەدەستبهێنێت، دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی، نووسـینگەیەکی یاسـایی کردەوە، بەمەش ماندێلا بووه یەکەم ڕەشپێست که نووسینگەیەکی یاسایی بکاتەوه.

چالاکی ڕامیاریی ماندێلا:

ماندێلا دەسـتیکرد به خەبات له دژی سیاسـەتی ڕژێمی حکومەتی باشـوری ئەفریقیا، که به دەست کەمینەیەکی سپی پێستی ڕەگەزپەرستەوه بوو، سیاسەت‌و

حوکمڕانییان نکوڵیکردن بوو له مافی ڕەشپێستەکان، هەر لە بەشداریکردنیان لە ڕامیاری وڵاتو لایەنی کۆمەڵایەتیو ئابوریی، لە کاتێکدا زۆرینەی باشوری ئەفریقیا ڕەشپێست بوون.. لە ساڵی ١٩٤٢ ماندێلا چووە پاڵ ئەنجومەنی نەتەوەیی ئەفریقی، کە بانگەشەی بەرگریکردنی لە مافەکانی زۆرینەی ڕەشپێستەکان دەکرد.

لە ساڵی ١٩٤٤ بۆ یەکەمجار هاوسەرگیری لەگەڵ پەرستارێکدا ئەنجامدا بەناوی «ئیفلین»، لە خاتوو ئیفلین خودا چوار کوڕی پێبەخشین، یەکێکیان هەر لە تەمەنی شیرەخۆریدا کۆچی دوایی کرد..

لە ساڵی ١٩٥٢ بووە سەرۆکی لیژنەی ڕێکخراو، کە ئامانج لێی ڕێکخستنی چینەکانی گەلو شەقام بوو لە دژی سیاسەتی جیاکاری ڕەگەزی، بەو هۆیەوە دەستگیرکرا، حوکمی نۆ مانگ زیندانی بەسەردا درا، بەڵام لە بری جێبەجێکردنی حوکمەکەی، کاری قورسیان پێدەکرد.

لە ساڵی ١٩٥٦ ماندێلا یەکێك بوو لەو ١٥٦ کەسەی دەستگیرکران، تۆمەتی ناپاکییان درایە پاڵ، بە هۆی دارشتنی پەیمانی سەربەستی تایبەت بە پارتی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقی، دوای بەرگرییەکی سەختو هەوڵێکی بێ شومار، دواجار دادگا حوکمی بێتاوانی بۆ هەمووان دەرکرد.

پێش ئەوەی ماندێلا زیندانی بکرێت، لەگەڵ هاوسەرەکەی بەردەوام کێشەیان هەبوو لەسەر سیاسەت، ماندێلا حەزی دەکرد منداڵەکانی لەسەر سیاسەت پەروەردە بکات، بەڵام هاوسەرەکەشی دەیەویست پەروەردەیان بکات بۆ ئایین، هەر لەبەرئەوە بوو کاتێك ماندێلا لەزیندان ئازادکرا (ئێفلین)ی هاوسەریو منداڵەکانی ماڵەکەیان جێهێشتبوو.. دواتر ماندێلا لە ساڵی ١٩٥٨ لەگەڵ خاتوو «وینی مادیکیزێلا» هاوسەرگیری ئەنجامدا، لەم خاتوونەش خودای گەورە دووکچی پێبەخشین..

لە ساڵی ١٩٦٠ بە فەرمی، پارتی نیشتمانی ئەفریقی قەدەغەکرا، لە بەرامبەر ئەو بڕیارەدا ماندێلا بڕیاری دامەزراندنی باڵی سەربازی دا، بۆ ئەو مەبەستە

ســەفەری دەرەوەی وڵاتی کرد، بۆ مەشــقو ڕاهێنانی سەربازی، بەڵام بە ناوی ساختەو پاسپۆرتی ساختەوە.

ژیانی ماندێلا لە نێو زینداندا:

دوای ئــەوەی لە ســاڵی ١٩٦١ ماندێلا بووە ســەرۆکی باڵی ســەربازی پارتەکەیو پاش تێپەڕبوونی یەك ســاڵ، لە مانگی ئابی ســاڵی ١٩٦٢ لە کاتــی گەڕانەوەی لە ڕاهێنانی ســەربازی لە وڵاتی جەزائیر، ماندێلا بە تۆمەتی هەڵگەڕانەوە لە دەسەڵاتو جێهێشتنی وڵات بە ڕێگەی نایاسایی دەســتگیرکرا، دادگا فەرمانی پێنج ســاڵ زیندانی بەســەردا ســەپاند، دووبــارەو هەر لــە نێو زینداندا لە ســاڵی ١٩٦٤ بە تۆمەتــی پلاندانان بــۆ کاری چەکداری دژی حکومەت بۆ جــاری دووەم دادگایی کرا، دادگا فەرمانی بە زیندانی هەمیشــەیی بەسەردا سەپاند.. هەرچەندە ماندێلا لە میانی دادگاییەکەیدا بۆ ماوەی چوار کاتژمێر بە سەختی بەرگری لە خۆی کرد.. بەڵام بێ ئاکام بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ماندێلا فەرمانی زیندانی هەتاهەتایی هەبوو، بێ ئومێدو ڕەشبین نەبوو، بەردەوام خەونو هیوای بۆ هێنانەدی ئازادیو سەربەستی گەلەکەی، خەمی لە پێشینەی بوو..

لــە ســاڵی ١٩٦٩ کوڕە گەورەکەی بــە کارەســاتی ئۆتۆمبێل ماڵاوایی لــە ژیان کرد، دەســەڵاتدارانی زیندان تەنانــەت ڕێگەیان نەدا ئامادەی ڕێوڕەســمی بەخاکســپاردنی کوڕەکەی بێت.. لە ساڵی ١٩٧٧ خێزانەکەی ماندێلا «مادیکیزیلا» بۆ ماوەی هەشت ساڵ شاربەدەر کرا بۆ شارۆچکەی «براندفورت» کە زۆر دووربوو لە هەرێمەکەیانەوە.. دواتر لە ساڵی ١٩٨٢ ماندێلا گواسترایەوە بۆ زیندانی «بولزمور»..دوای چەندین ساڵ گوزەران لە نێو زینداندا، بانگەوازێك کرا بۆ دانیشــتنو گفتوگۆ، بۆ کۆتایی هێنان بە شــەڕو ئــاژاوەو توندوتیژی ناوخۆی وڵات، بەڵام بەرەی ئۆپۆزســیۆن هەموو دانیشتنێکیان بەستەوە بە مەرجی ئازادکردنی سەرکردەکەیان ماندێلا.. لە



ساڵی ١٩٨٥ حکومەت ڕازیبوو بە ئازادکردنی ماندێلا بە مەرجی پەیوەستبوون بە دەستبەرداربوون لە خەباتی چەکداری.. دژی سیاسەتەکانی وڵات.. بەڵام ماندێلا ئەو داوایەی ڕەتکردەوە..

لەبەرئەوە ماندێلا تا مانگی شوباتی ساڵی ١٩٩٠ لە زینداندا مایەوە.. دوای پێداگری زۆری بەرەی ئۆپۆزسیۆنو هەوڵە نێودەوڵەتییەکان، دواجار حکومەتی ئەو وڵاتە بە فەرمانی سەرۆک کۆمار «فریدریك کلارك» ئازاد کرا، ماندێلا پاش ٢٨ ساڵ ژیان لە نێو زینداندا، دواجار ئازادکرا!!

لە زیندانەوە بۆ سەرۆکایەتی باشوری ئەفریقیا:

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ ماندێلا سەرکردایەتی وەفدی دانوستکاری کرد بۆ گفتوگۆکردنی فەرمی لەگەڵ سەرۆك «فریدریك کلارك»و بەرپرسانی دیکەی حکومەت.. ئامانج لەو دانوستانە دانانی دەستورێکی تایبەت بوو بۆ باشوری ئەفریقا، کە مافی هاوڵاتی بوونو بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان دەدات بە ڕەشپێستەکانی وڵات، کە زۆرینەی دانیشتوانی وڵات بوون..

* ماندێلا بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیری بۆ پارتەکەی سەردانی چەندین وڵاتی کرد، لەوانە، کەنەدا، بەریتانیا، ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا.. هەر لەو ساڵەدا ماندێلا فەرمانی ڕاگرتنو کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداری دەرکرد، کە لە ساڵی«١٩٦٠»ەوە بەردەوام بوو، دواتر لە ساڵی ١٩٩١ ماندێلا خۆی کاندید کرد بۆ سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی..

* لە ساڵی «١٩٩٢» ماندێلا دووچاری کێشەی خێزانی بووەوە، لەبەرئەوە بڕیاری دا کە لە خاتوو «مادیکیزیلا» جیاببێتەوە..

* لە ساڵی ١٩٩٣ ماندێلا خەڵاتی «نۆبڵ»ی بۆ ئاشتی وەرگرت..

* لە بەرواری ١٩٩٤/٥/١٠ یەکەم هەڵبژاردنی ئازادانە کە ڕەشپێستو سپی پێست بۆ یەکەم جار بوو پێکەوە بەشداری بکەن بەڕێوەچوو، لەو هەڵبژاردنەدا کە نزیکەی «٢٠»ملیۆن دەنگدەر بەشداری تێدا کرد، ماندێلا توانی سەرکەوتن بە دەستبهێنێو بووە یەکەم سەرۆکی ڕەشپێست لە باشووری ئەفریقا.. بەوەش کۆتایی بە زیاتر لە سێ سەدە هات لە سیاسەتی جیاکاری ڕەگەزیو چەوساندنەوەی مرۆڤەکان لەو وڵاتە، تەنها لەبەر ڕەنگی دەموچاوو پێستیان..

*لە بەرواری ١٨ تەمموزی ساڵی ١٩٩٨ بۆ جاری سێیەم ماندێلا لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو «جراسا ماشیل» کرد، کە خێزانی پێشوی سەرۆکی موزەنبیق بوو..

لە ماوەی حوکمی ماندێلادا باشووری ئەفریقا گۆڕانکاری گەورەی بە خۆیەوەی بینی، بەتایبەت گێڕانەوەی حوکم بۆ پێکهاتەی زۆرینەی وڵات، کە ڕەشپێستەکان بوون..

* لە ساڵی ١٩٩٩ ماندێلا خانەنشین بوو، بەڵام بەردەوام بوو لەگەڵ کۆمەڵە خێرخوازییەکانو بزووتنەوەکانی مافی مرۆڤ لەسەرتاسەری جیهاندا، چەندین مەدالیاو ڕێزلێنانی لەلایەن سەرۆکی وڵاتانەوە پێبەخشراوە..

* لە ساڵی ٢٠٠٤ ماندێلا لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا بڕیاری دا بە تەواوی خۆی

خانەنشین بکاتو واز لە سیاسەتو ژیانی گشتی بهێنێت، چونکە تەندروستیو تەمەنی ڕێگەی نادات چالاکانە کاروبارەکانی ڕاپەڕێنێت، لەبەرئەوە وای بە باش زانی ئەو تەمەنەی کە ماوەیەتی لە نێو خێزانەکەیدا بەسەری ببات.

ماندێلا دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ کۆمەڵێك نەخۆشیدا دواجار لە ئێوارەی پێنج شەممە «٥»ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ سەرۆکی باشوری ئەفریقا «جاکوب زوما» لە ڕێگەی تەلەفزیۆنی فەرمی وڵاتەکەیەوە بە فەرمی هەواڵی کۆچیی دوایی ماندێلای ڕاگەیاند.. کە لە تەمەنی ٩٥ ساڵی لە ماڵەکەی خۆیدا لە پایتەختی باشوری ئەفریقا «جوهانسبرج» بۆ دواجار ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

* ماوەی فەرمانڕەوایەتی ئەو سەرکردەیە پڕاوپڕبووە لە هەڵوێستی بیروباوەڕیو مەردانە، کە بۆتە جێی سەرنجی زۆرێك لە خەڵکی، لەوانە ڕەتکردنەوەی خەڵاتی گەورەی تورکیا بوو ساڵی ١٩٩٢ کە تایبەت بوو بە " خەڵاتی ئەتاتورك بۆ ئاشتی" بەهۆی دەرئەنجامی خراپ مامەڵەکردنی تورکیاوە لە بەرامبەر نەتەوەی کورد. کە بەهۆیەوە فەرمانڕەواو پارتە سیاسیو ڕاگەیاندنەکانی تورکیا هێرشیان کردە سەر نیلسۆن ماندێلای سەرۆك لەبەر ئەو هەڵوێستەی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیلسۆن پاشگەز نەبۆوە لەو هەڵوێستەی خۆیو تەنها لە ساڵی ٢٠١٠ دا نەبێت کاتێك هەڵوێستە چاکسازییەکانی فەرمانڕەوای تورکیای بەدیکرد لە بەرامبەر کورددا، ماندێلا بە هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئاوزەند کرد بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە تورکیا وەك چارەسەرێکی ئاشتی.

* ماندێلا ئەو منداڵە بێباوکەی، توانی خەونو هیوای خۆیو ملیۆنان ئەفریقایی بێنێتە دی.

* ماندێلا لە زیندانەوە گەیشتە کۆشکی سەرۆکایەتی.

* ماندێلا ئەو کەسەی کۆتایی بە حوکمی جیاوازی ڕەگەزیو جیانایەتیو ڕەنگو ڕووخسار هێنا.

* ماندێلا بووە سومبولی ئاشتیو تەبایيو برایەتیو یەکەوەژیان!

# عەبدوڕەحمان داخل

## ٣١١-٢٧١ کۆچی

ئەگەر سروشت بە قەناعەتەوە گوێی بۆ ئامۆژگارییەکانمان بگرتایە، ئەوا نە ڕووبار دەڕژایە نێو دەریاو نە زستانیش دەگۆڕا بەبەهار. «جبران»





کەسـێکی دیکە لەو منداڵانە بە بێباوکی گەورەبوو گۆڕانکارییەکی گەورەی لە ژیاندا دروستکردووە، «عەبدوڕەحمانی کوڕی معاویەی کوڕی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان»ە.

عەبدوڕەحمان داخل لە ساڵی ١١٣ کۆچی لە دایکبووە، باوکی یەکێك بووە لە گەورەپیاوانو خانەدانەکانی بەنی ئومەییە، دایکیشـی ئافرەتێکی بەربەری بووە، لە نەسەبی بەربەر نەفزە بوو.

عەبدوڕەحمان هێشتا منداڵ بوو، باوکی بۆ هەمیشە جێی هێشتو ماڵاوایی لـە ژیان کرد، باپیرەی هیشـامی کـوڕی عەبدولمەلیك گرتییـە خۆی. ئیدی عەبدوڕەحمان لای باپیری ژیانی دەگوزەراند.

## کۆتایی دەوڵەتی ئومەوی لە ڕۆژهەڵات:-

بارودۆخـی بنەماڵەی ئومەوی دوای هیشـامی کـوڕی عەبدولمەلیك تێکچوو، هیشـام کۆتا خەلیفەو کۆتا لوتکەی سـەردەمی ئومەوییەکان بـوو، ئیدی لێرەوە بارودۆخی ئومەوییەکان بە تەواوی خراپ بوو، دەوڵەتو دەسـەڵاتەکەیان ماڵاوایی کردو بۆ هەمیشـە کۆتایی پێهاتو خۆری دەسـەڵاتیان ئاوابوو، ئەو دەسەڵاتەی تا دوێنێ حوکمی لایەکی سەرزەمینی دەکرد، ئەمڕۆ گلۆڵەی کەوتە لێژیو کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی هات، ئەوەی دوێنێ خەلیفە بوو، ئەمڕۆ لە ترسی گیانی خۆی سەدان کیلۆمەتر ڕادەکات، دەبێت شار بە شارو گوند بە گوند ڕابکاتو خۆی بشارێتەوە.

لێرەوە سـەرەتای سەرهەڵدانی دەوڵەتی عەبباسی دەستی پێکرد، ئاڵای ڕەشی عەباسییەکان لەسەر بەرزاییەکانی خەلافەت دەشەکایەوە، خەڵکی لە شاری کوفە بەیعەتیان دا بە «ئەبو عبداللەی سەفاح»، کە یەکەم خەلیفەی دەوڵەتی عەباسی بوو، لەشکری نارد بۆ گرتنی مەروانی کوڕی محمد، کۆتا خەلیفەی ئومەوی.

لە نێوان ئەو دوو تاقمەدا جەنگێکی گەورە ڕوویدا، بەناونیشانی جەنگی «الزاب الاکبر»، لە ساڵی ١٣٢ کۆچی.

لەو جەنگەدا خەلیفە مەروان تێکشکاو زۆرینەی سوپاکەی کوژران، ئەوەشی کەمابەوە ڕایان کرد، لەم شـار بۆ ئەو شـار، سـوپای عەباسییەکانیش دوایان کەوتن، بۆ ئەوەی بە تەواوی ئەو سـوپایە لەناوبەرنو جارێکی دیکە ئەگەری سـەرهەڵدانەوەیان نەبێت، سوپا تێکشـکاوە هەڵهاتووەکەی ئومەوی گەیشتنە میسـرو لە گوندی ئەبوبەصیر، چوونە نێو کەنیسەیەکەوەو خۆیان حەشاردا، لەشـکری عەباسـییەکان لەوێش کۆڵیـان لێنەدانو جێ پێیـان هەڵگرتنو لە شـەڕێکدا کە نزیکـەی «١٠» ڕۆژی خایاند، دواجار بـە کۆتاییهاتنی دەوڵەتی ئومەویی کۆتایی پێهاتو خەلافەت گوێزرایەوە بۆ بەنی عەباس!

عەباسییەکان بە کوشتنی مەروانی کوڕی محمد نەوەستان، بەڵکو هەموو ئەو کەسانەیان کوشت کە سەر بەو دەسەڵاتە بوونو سەربازو دڵسۆزی ئومەوییەکان بوون، لەو شەڕەدا زۆرێك لە بەنی ئومەییەو لایەنگرانیان کوژران، زۆریشیان خۆیان بەدەسـتەوەداو داوای ئەمانیان کرد، ئەوانیـش ئەمانیان پێدانو لەگەڵ خۆیان بردیانن بۆ سـەربازگەکانیان، بەڵام عەباسییەکان خیانەتیان لە ئەمانەتەکەیان کردو سولەیمانی کوڕی عەلی، واتە مامی سەفاح، هەموو ئومەوییەکانی کوشتو لاشەکەی فڕێدانە سەر شەقامەکان، تا سەگ تەرمەکانیان بخوات!

عەباسـییەکان تەنها بە کوشتنی زیندووەکانی بەنی ئومەییەوە نەوەستان، بەڵکو هەڵسان بە تێکدانی گۆڕی گەورە پیاوانی ئومەویو ئاسەواریان سڕینەوە، دڵڕەقیو بێبەزەیی عەباسـییەکان گەیشـتبووە ئاسـتێك، کە مێژوونووسـی بەناوبانـگ محمـد الخضـری دەڵێت: دڵڕەقـیو بێبەزەیی عەباسـییەکان لە مامەڵەیان لەگەڵ بەنی ئومەییە، گەیشـتە ئاسـتێك کە هیچ وێنەی نەبوو لە مێـژوودا، واتە هیـچ دەوڵەتێك بەرامبەر ئەو دەوڵەتـەی کە داگیری کردووە هاوشێوەی عەباسییەکان، ئەو کارەیان نەکردبوو، بە درێژایی مێژوو..

سەربازەکانیان کوشتن، دواتر دیلەکانیان کوشتن، هەموو ئەوانەی ئەمانیان پێدان کوشـتیانن، بەوەشـەوە نەوەسـتان گۆڕی خەلیفەو گەورەپیاوانیشیان

هەڵدایەوە ئاسەواریشیان نەهێشتن!

لەبــەردەم ئەم قەســابخانە گەورە بــێ بەزەییانەدا، هیچ کــەس لە بەنی ئومەییــە ڕزگاری نەبوو، هەموو کــوژران، جگە لە ژمارەیەکی کەم نەبێت کە توانیان ڕابکەنو خۆیان بشارنەوە، عەباسییەکان لە هەر شوێنێك بیان بیستایە ئومەوییەکان هەن، دەچوونە سەریانو کوشتو بڕیان دەکردن.

پــاکو بێگەردی بۆ خــودا، بەرزکەرەوەو نزمکەرەوە تەنهــا خۆیەتی، ئەو کەسانەی دوێنێ، کاربەدەستو دەسەڵاتدارو خاوەن پلەو پایەو ڕێزدار بوون لای خەڵکی، ئەوانەی دوێنێ کۆشکو تەلارەکانیان دەڕازاندەوە، سەروەتو سامانی بێ شوماریان لەبەردەستدا بوو، ئەوانەی تا دوێنێ فەرمانی کوشتنی هەر کەسیان بکردایــە دەکوژرا، هەر کەســیان ئازاد بکردایە، ئازاد دەبــوو، ئەوانەی دوێنێ سوپایەکی بێ شومار لە ژێر ڕکێفو کۆنترۆڵو فەرمانی ئەواندا بوو، ئەوانەی دوێنێ کەس نەیدەتوانی تەنانەت قسەیەکیان ڕووبەڕوو بکات، ئەوانەی دوێنێ سەدان پاســەوان لەبەر دەرگاکانیان چاوێکیان کردبوو بە دەچاوو پاسەوانیان دەکردن، ئەوانەی دوێنێ وەکو پادشــا ژیانیان دەگوزەراند، ئەمڕۆ گۆڕیشــیان پێ ڕەوا نابینرێت، کۆشــکو تەلاریان دەبێتە موڵکو ماڵی نەیارەکانیان، هیچ کلۆجێك لەم زەمینە بەرینەدا نادۆزنەوە خۆیانی تێدا حەشار بدەن، سەروەتو ســامانیان دەکەوێتە دەســت نەیارو دوژمنانیانو بێ حاڵو ماڵ، بێ پاسەوان، شــوێنێك شــك نابەن تیایدا بحەوێنــەوە، ئەوانەی تا دوێنێ هــەزاران کەس ئامادەبوون خۆشترین خواردن دروست بکەنو پێشکەشیان بکەن، ئەمڕۆ کەس نییــە قومە ئاوێکیــان پێ بدات، مەئواو مەســکەنێکیان پێ بدات، کەس نییە پەنایان بدات، لە هەر شــوێنێك ببینرێن، هەر ئەوانەی دوێنێ ماســتاویان بۆ دەکردن، ئەمڕۆ هەواڵیان لێ دەدەن! کەواتە ژیر ئەو کەســەیە بە دەســەڵاتو پلــەو پایە فریو ناخوات، هەمیشــە ئاکاری جوانو ڕەفتــاری ناوازەو گوفتاری شــیرینە، ســتەم لە کەس ناکات، ماڵو ســامانی میللەتەکەی بە هەدەرنادات،

کارێك ناکات میللەتەکەی بکاتە دوژمنی خۆی، کارێك ناکات هەمووان دەستەو نــەزەر نزای لێ بکەنو چاوەڕوانی کەوتنو زەلیلبوونو دەربەدەری بکەن! بەو هیوایــەی هەمووان پەند لە مێژووی دەســەڵاتدارانو پاشــاکانی پێش خۆمان ببینین!

عبدالرحمن توانی خۆی لە دەستی عەباسییەکان ڕزگار بکات:

- عبدالرحمنــی کــوڕی معاویــەو براکەی لــەو ژمارە کەمەبــوو کە توانی ڕابکاتو خۆی لە دەســت عەباســییەکان ڕزگار بکات، لە نزیك گوندێکی ســەر ڕووباری فورات دوور لە چاوی سوپای عەباسی خۆی حەشاردابوو، عبدالرحمن ئەو کات لاوێکی تازەپێگەیشــتوو بوو، داوای لە خزمێکی کرد کە وڵاخێکی بۆ بکرێت، لەو سەروبەندەدا سیخوڕی عەباسییەکان پێیان زانینو خەبەری لێدان، دواجار شــوێنی عبدالرحمنو براکەیان دۆزییەوەو گەیشــتنە ســەریان، کاتێك سەربازەکانی عەباسییەکانیان بەدی کرد، جگە لە پەڕینەوە بەناو ئاوی فوراتدا هیــچ ڕێگە چارەیەکی دیکــە نەبوو، لەبەرئەوە لەگــەڵ براکەیدا خۆیان فڕێ دایە ناو ڕووباری فوراتەوەو بە خێرایی بە مەلە دەســتیان بە پەڕینەوە کرد، عبدالرحمن توانی بپەڕێتەوە ئەوبەری ڕووبار، بەڵام براکەی نەیتوانی بە مەلە بپەڕێتەوە، ناچار گەڕایەوە کەناری ڕووبارەکە، ســەربازەکانی ســوپای عەباسی دەســتگیریان کردو لــە کاتێکدا عبدالرحمن لــە دوورەوە بەوپــەڕی ئازارەوە ســەیری دیمەنی دەســتگیرکردنی برا تاقانەکەی دەکرد، بینــی بێ بەزەییانە لــە گەردنیــان دا، ئەو دیمەنــە زۆر کاریگەری دروســتکرد لەســەر دەروونی عبدالرحمن، بەڵام هیچ دەسەڵاتیشــی نەبوو، عبدالرحمن بۆ دوورکەوتنەوە لە دەســەڵاتی بێبەزەییانەی عەباســییەکان، بەرەو مەغریب بەڕێکەوت، بەردەوام بوو لە ڕۆیشــتنو دوورکەوتنەوە لە خاکی ژێر دەسەڵاتی عەباسییەکان، تا ئەو کاتەی گەیشتە ئەفریقا..

چیرۆکــی ڕاکردنی عبدالرحمن دوورو درێژە، لەبەرئەوە ئێمە لێرەدا تەنها

باس له ڕۆیشتنی عبدالرحمن دەکەین له شامەوە بۆ ئەندەلوس، کە چیرۆکێکی نایابەو شایەنی ئەوەیە بخوێنرێتەوەو پەندی لێوەربگیرێت...

## عبدالرحمن لە ئەفریقا:

تـا ئـەو کاتە هیـچ کام لـە ئومەوییەکان لـە ئەفریقا نەبـوون، هەر لە خەیاڵیشیاندا نەبوو بگەنە ئەفریقا، هیچ هیوایەکیان نەبوو کە ئەفریقا ببێتە پەناگەیەك بۆیان، لەبەرئەوەی «ئیبن الحبیب الفهری» لەلایەن عەباسیەکانەوە کرابووە والی ئەفریقا، فەهری کەسێکی دڵسۆزو بە وەفابوو بۆ عەباسییەکان.

بـەڵام ئـەوە نەبووە ڕێگـر بۆ مانــەوەی عبدالرحمن، ئـەو توانی ماوەی پێنج ســاڵ لە ئەفریقا بمێنێتەوە، لەو ماوەیەشــدا خۆی شاردەوەو نەیهێشت «عبدالرحمن ی کوڕی حەبیب» بزانێت کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەودایە!

عبدالرحمن لەو ماوەیەدا زۆر لە نارەحەتیو دەردەسەریو هەژاریدا دەژیا، بـەڵام دوای ئەو چەند ســاڵە کەمێك خۆشـی ڕووی تێکـرد، ئەویش بە هۆی ئەوەی خوشکەکەی کەسێکی نارد بۆ لای عبدالرحمنو گەوهەرو مرواریییەکانی خـۆی بۆ ناردبوو، کەســەکەش واتــە نێردراوەکە وەکـو پارێزەرێك لەگەڵیدا بمێنێتەوە!! عبدالرحمن ســوودی لەو گەوهەرو مرواریيانە بینیو توانی خۆی پـێ بژێنێتو خۆی پێ بگرێت لە نــاو بەربەرییەکاندا، کە خزمەکانی دایکی بوون، لەناو هۆزەکانی ئەواندا مایەوەو لەلای بەنی ڕۆستەم خۆی حەشار دابوو.

## عبدالرحمن چاوی لەسەر ئەندەلوس بوو:

بارودۆخــی ئەندەلوس خراپ بوو، ئەندەلووس دووچاری وشـکە ســاڵیو دابەشــبوون هات، لە نێوان هۆزەکانی مــەزەریو یەمەنیدا.. عبدالرحمن ئەو کاتەی قۆســتەوەو پلانی دانا بۆ دەســت بەســەراگرتنی ئەندەلووس، بۆ ئەم مەبەســتە پەیامێکی نووســی، بە مەولای بەردەســتیدا ناردی بۆ هەموو ئەو ئومەوییانەی کە لە ئەندەلوسدا دەژیان، پێی ڕاگەیاندن لە هەر شوێنێك هەنو خۆیان حەشــارداوە، لــە پیاوماقوڵانو گەورە پیاوانو کەســانی بەهێزو ئازا،

بێـن بۆ لای عبدالرحمن‌و گوێڕایەڵـی فەرمانەکانی بکەن، بۆئەوەی دەوڵەتی ئومەوی دروسـت بکـەن لە ئەندەلـوس، ئەوانیش گوێڕایەڵـی فەرمانەکەی «عبدالرحمن»یـان کـردو بە دەمییـەوە چوون، سـاڵی ١٣٨ کۆچی بەرامبەر ٧٥٥ زاینـی، کاتێك ئومەوییەکان گەیشـتنە لای عبدالرحمن، هێزێکی باشـی لێ دروسـتکردن، ئیدی هەوڵی وەرگرتنەوەی دەسـەڵاتی دا، بۆ ئەم مەبەستە پەلاماری کۆشکی فەرمانڕەوای ئەندەلوسیان داو شەڕیان لەگەڵ والی ئەندەلوس «یوسفی کوڕی عبدالرحمن الفهری» دا کردو توانیان لە ناوچەی مەصارە لە نزیك شـاری قورتبە، سەرکەوتن بەدەستبهێنن، ساڵی ١٣٨ کۆچی عبدالرحمن چووە ناو قورتبەوە، دەوڵەتی ئومەوی ڕاگەیاندو بووە پاشای ئەندەلوس!

نەیارانی زۆر هەوڵیان دا تا پێشی پێ بگرن‌و ڕێگە نەدەن دەسەڵات بگرێتـە دەسـت، بـەڵام هیـچ کام لە هـەوڵ‌و کۆششـی نەیارەکانی نەیانتوانـی سـەرکەوتوو بـن بۆ ئەوەی دەسـەڵاتی لێ بسـەننەوە، عبدالرحمن بووە خاوەنی سـوپایەکی بەهێزو ئـازا.. ئەبوجەعفەری مەنصورو فەهـری‌و هاوپەیمانە فەرەنسـیەکەی‌و هاوڕێکەی صەمیل هەوڵیـان دا، بـۆ ڕووخانی دەڵەتـە نوێیەکـەی عبدالرحمن، بۆ ئەم مەبەسـتە بە سـوپایەکی زەبەلاحەوە هێرشـیان کردە سەر دەوڵەتە نوێیەکەی عبدالرحمن داخل، بەڵام سـەرجەم هەوڵەکانیان شکسـتی هێنا، عبدالرحمن توانی لەو شـەڕەدا سـوپاکەی فەهری تێکبشکێنێ‌و خۆشـی واتە فەهری بکوژێت، «صەمیل»یش بە دیل گیراو دواتر لە زینداندا گیانی لە دەستدا.

## هەوڵەکانی ئەبوجەعفەری مەنصور بۆ گێڕانەوەی ئەندەلوس:

ئەبوجەعفـەری مەنصـور ڕق‌و کینی دانەمرکایەوە لەسـەر عبدالرحمنی داخـل، بەردەوام لە هەوڵ دابوو بۆئـەوەی بتوانێت ئەندەلوس لە ژێر چنگی عبدالرحمـن دەربهێنێت‌و بە دیلی ڕاپێچی بەغدادی بکات، بۆ ئەم مەبەسـتە

سـەرکردەیەکی لە ئەفریقاوە نـارد بۆ ئەندەلوس، بـەڵام عبدالرحمن توانی بەسەریدا سەربکەوێتو سەرکردەکەش بکوژێت!

ئەبـو جەعفەر لەسـەرجەم هەوڵەکانی بۆ گێڕانـەوەی ئەندەلوس بۆ ژێر دەسەڵاتی عەباسـییەکان شکستی هێنا، دواجار ئەبوجەعفەر ڕێگەیکی دیکەی بەکارهێنـا. بۆ دڵدانـەوەو کەمەندکێشـکردنی عبدالرحمـن الداخل، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین نوێنەری ئاشتی نارد بۆلای!

پەیامی خۆی بە وەفدەکەدا نارد، کە بریتی بوو لەوەی کە سەرسامی خۆی نیشاندا بوو بە تواناو لێهاتوویی‌و بەهێزی‌و ورەبەرزی عبدالرحمن الداخل، کە کەسێکی ئاوارەو دەربەردەر، توانیویەتی لەو وڵاتە دوورە دەستە ئەو دەسەڵاتە پەیدا بکاتو ببێتە خاوەنی ئەو وڵاتە!

هەڵۆکەی قورەیش:

هەندێك لە مێژوو نووسان باس لەوە دەکەن کە ئەبوجەعفەر جارێکیان بە هاوڕێکانی گوت: پێم بڵێن هەڵۆکەی قورەیش کێیە؟

هاوەڵەکانـی وتیان: فەرمانڕەوای باوەڕداران، ئەو کەسـەیە کە پادشـا لێی ڕازییە، سوپای دوژمن دەشکێنێتو لەناوی دەبات.

وتی: مەبەستان کێیە؟

وتیان: معاویە.

خەلیفە وتی: نەخێر ئەو نییە.

وتیان: عەبدولمەلیکی کوڕی مەروانە.

وتی: نەخێر ئەویش نییە!

وتیان: کەواتە کێیە ئەی فەرمانڕەوای باوەڕداران؟

ئەبوجەعفـەری مەنصـور وتـی: عەبدوڕەحمانی کوڕی معاویـە، هەڵۆکەی قورەیشـە، ئەو کەسـەی بە مەلە دەریای بڕی، بە پێ سـەدان میل جۆڵەوانی بـڕی، بە تەنها چووە وڵاتێکـی بێگانەوە، بووە پادشـا دوای دابڕانو ڕووخانی

خەلافەتەکـەی، وڵاتــی ئاوەدانکــردەوە، ســوپای بەهێزی دروســتکرد، دیوانو بەرنامەی کارگێڕی بۆ وڵاتەکەی نووسییەوە.. بە هۆی بەهێزیو چاکیو جوانی بیرکردنەوەکانیو بیرتیژیو لێهاتووییەوە، توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت..

## سیفاتەکانی عبدالرحمن الداخل:

عبدالرحمــن پیاوێکی دووربین بوو، لە ڕاپەڕیندا گورجو گۆڵو ئازا بوو، لە وەڵامدانــەوەی نەیارانیدا توندو بەهێزو بەتاو بوو، زۆر پرسو ڕاوێژی دەکرد، کەسێکی ئازاو بەهێزو پاڵەوان بوو، زۆر حەزەری دەکرد، بەخشندەو دەستکراوە بوو، زمانپاراوو شــاعیر بــوو، زانا بوو، بە دووربینی خــۆی بۆ تاریکاییەکانی دەڕوانــی، وەســفی لاوازی بە بەهێز دەکرد، ڕەصافەی لە قورتوبە دروســتکرد هاوشێوەی باپیری هشام کە ڕەصافەی لە شام دروستکرد، قورتوبەی بە چەندین کۆشــکو تەلاری بەرزو باخچەو ســەوزایی ڕازاندەوە، هەڵســا بە دروستکردنی مزگەوتــی گەورەی قورتوبــە، کە دواتر کوڕەکەی تەواوی کــرد، کە قورتوبە شانازی دەکات بەو مزگەوتەوە، بەسەر هەموو پایتەختەکانی جیهاندا!

## کۆچیی دوایی عبدالرحمن الداخل:

دوای ئــەوەی توانی ٣٣ ســاڵو چوار مانگ حوکمی وڵاتــی ئەندەلوس بکات، ساڵی ١٧٢ کۆچی، عبدالرحمن الداخل لە قورتوبە کۆچی دوایی کردو بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان کرد، گۆڕەکەی عبدالرحمن الداخل تا ئێستاش لە قورتوبەیە!

عبدالرحمــن الداخل هەوڵی دەدا شــان لە شــانی دەوڵەتی عەباســی بدات لە ڕووی پێشــکەوتنو شارســتانیەتەوە، ئەندەلوس بووە چرایەکی ڕووناکو تاریکایی ئەورووپای ڕووناك کــردەوە، بۆئەوەی بەردەوام نەوەکانی ئەندەلوس بە دوای زانستو زانیاریدا بگەڕێن، کە بەشێوەیەکی بەرچاو بەشداری کرد لە پێشخستنو گەشەسەندنو شارستانیەتی ئەورووپا.

ڕەحمەتی خودا لە عبدالرحمن الداخل، خەلیفە ئەبو جەعفەر ڕاستی وت لەبارەیەوە: ئەو لاوە لاوی هەموو لاوەکان، وەسفکەرەکەی هەرگیز درۆ ناکات!

# بیل کلینتۆن

١٩٤٦ - ٠٠٠٠

پێویستە هیممەتبەرزی، لە ماددە ڕەقەکان درووست بکرێت. «شکسپیر»



ئەو کاتەی باوکێك ماڵاوایی لە ژیان دەکاتو منداڵەکانی تەنیا جێدەهێڵێت، هەمووان ئەسرین هەڵدەوەرێنینو ئاخ هەڵدەکێشینو لەناخەوە بەزەییمان بە منداڵەکانیدا دێتەوە، ئێمە بێ ئاگاین لەوەی کە خودا کەس تەنها جێناهێڵێت، ئەگەر بە وردی چاوێك بە لاپەڕەکانی مێژوودا بخشێنین، دەبینین کە زۆرێك لەو منداڵانە بوونەتە کەسانی ناودارو بە ئەزموونو کاریگەرو لێهاتوو.. لێرەدا باس لە چیرۆکی منداڵێکی دیکەی بێ باوك دەکەین، کە توانیویەتی ببێتە سەرۆکی وڵاتەکەی..

لە یەکێك لە قوتابخانە ئەمریکییەکاندا مامۆستا لە قوتابییەکانی پرسی، کاتێك گەورەبوون دەتانەوێت ببن بەچی؟

هەر یەك لە قوتابییەکان پیشەیەکیان بۆخۆیان هەڵبژارد، قوتابییەك گوتی، پزیشك، یەکێکی دی ئەندازیار، مامۆستا، پارێزەر، ...هتد، تەنها یەك قوتابی نەبێت وتی: دەمەوێت ببم بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا! ئەم وەڵامە قاقای پێکەنینی لە نێو پۆلەکەدا دروستکرد، تەنانەت ئەو هەواڵە گەیشتە کەسو کاری منداڵەکەو دراوسێکانیو دەرەوەی قوتابخانەش، هەمووان بە وەڵامی ئەو خوێندکارە قاقایان لێدەدا، تەنانەت هەندێکیان ئامۆژگارییان کرد کە بیر لە شتی واقیعی بکاتەوەو ئەوەندە بەرز نەفڕێت!

ئایا ئەو منداڵە ئاواتەکەی هاتە دی؟!

بەڵێ، بە دڵنیاییەوە ئاواتەکەی هاتەدی، ئەو منداڵە «بیڵ کلینتون» بوو..

«بیڵ کلینتون» لە ١٩٤٦/٨/١٩ لە دایکبووە، لە شاری هوب، ناوی خۆی «ولیام جفرسون بلایث الثالث»، باوکی بە ڕووداوی هاتووچۆ کاتێك ویستویەتی لە شیکاگۆوە بگەڕێتەوە بۆ هوب، گیانی لە دەستداوە، ئەو ڕووداوەش سێ مانگ بەر لە لەدایکبوونی «بیڵ کلینتون» بووە، دوای کۆچی دوایی باوکی، لەگەڵ دایکیو باپیری لە ماڵی باپیریدا ژیان دەگوزەرێنن، دایکی پەرستار بووە، باپیریشی بەقاڵ بووەو شەوانەش لە کارگەیەکی دارتاشی پاسەوان بووە.

دواتــر دایكی شــوی كردۆتەوە بە «روجر كلینتــون»، ئەمە ئەو ناوەیە كە كلنتون نازناوەكەی هەڵگرتووە، واتە نازناوی كلنتونی لە هاوســەری دایكییەوە «روجر كلینتون» هەڵگرتووە، بیڵ كلنتون لەو باوكەیەوە دوو براو خوشكێكی هەیــە، لــە ماوەی ژیانیدا گەیشــتووە بە یەكێك لە براكانــی، كە ناوی «لیون ریتزنثالر» بەڵام چاوی بە خوشكو براكەی تری نەكەوتووە.

قۆناغی ناوەندی لە ساڵی «١٩٥٨ - ١٩٥٩» لە «هت سیریكز» دەستپێكردووە. یەكێــك بووە لەو كەســانەی كــە دژی جیاكاری ڕەگەزی بــووە، هەرچەندە لە خێزانێكــی سیاســەتمەدار نەبووە، كاتێك كارەســاتی «لتــل روك» ڕوویدا، بە چوونە ژوورەوەی نۆ خوێندكاری ڕەشپێســت بۆ ناوەندی «لتل روك»، خەڵكی بوونە دوو بەشــەوە، بەشێكیان ڕێگرییان دەكرد لە قوتابییە ڕەشپێستەكان بۆ ناوەندەكانی خوێندن، بۆ ناو قوتابخانەی ســپی پێستەكان، بەشەكەی دیكەیان پشتگیرییان لێ دەكردن.. بیل كلینتون یەكێك بوو لەو كەسانەی كە پشتگیری لێدەكردن.

بە نیســبەت«بیل كلینتون»ەوە خوێندنــی ئامادەیی قۆناغێكی گەورە بوو، ئەو حــەزی بــە كاری قوتابخانەو تێكــەڵاوی هاوڕێكانی دەكــرد.. قوتابخانەكانی «هت ســیریكز» خوێنــدكارە ڕەش پێســتەكانیان وەرنەدەگــرت، ئەوانیش بــە ناچاری دەڕۆیشتن بۆ قوتابخانەی «لانكستین».

دوای تەواوكردنــی قۆناغی ناوەندیو ئامادەیــی «بیل كلینتون» لە زانكۆی «جورج تاون» درێژەی بە خوێندن دا، لەو زانكۆیەدا یەكێك بوو لە خوێندكارە چالاكو ناودارەكان، بەشــداری كاروبــاری خوێندكارانی ڕامیاریو ســەندیكای دەكردو كاری خۆبەخشانەی ئەنجام دەدا.. هەروەها لە هەمان كاتی خوێندنیدا هاوكاری لیژنەی پەیوەندییەكانی دەرەوەی لای سیناتۆر فلبرایت دەكرد.

خوێندنی لە زانكۆی ئۆكسفۆرد تەواو كرد، لە زانكۆدا پێشبڕكێی خوێندكارە ســەركردەكانی دەكــرد، خاوەنــی بیرۆكەی جوانو قەشــەنگ بوو، پاشــان بۆ

خوێندنی یاسا پەیوەندی بە زانکۆی «ییل»ەوە کرد.

لـە سـاڵی «١٩٧٣» بووە مامۆسـتای یاریدەدەر لە کۆلێژی یاسـا لە زانکۆی «ارکنسـو».. ئـەو کات تەمەنـی تەنها «٢٧» سـاڵ بوو، پەیوەنـدی بە کاری سیاسـییەوە کـرد لەگـەڵ پارتی دیموکرات، هـەر لەو سـاڵەدا کاندید بوو بۆ هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس.. بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

* لە سـاڵی «١٩٧٦» خۆی کاندید کرد بۆ پێشـبڕکێی بەدەسـتهێنانی پلەی داواکاری گشـتی، توانـی بـە زۆرینەی دەنگ بـە ڕێژەی لـە ٥٥٪ ی دەنگەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

* لـە سـاڵی ١٩٧٨خـۆی کاندید کـرد بۆ حاکمـی ویلایەتی ئارکنسـو، لەو هەڵبژاردنەشدا سـەرکەوتنی بەدەسـتهێناو بووە حاکمی ویلایەتەکە، ئەو کات تەمەنی تەنها ٣٢ سـاڵ بوو، ماوەی دوو سـاڵ ئەو پۆستەی بەڕێوەبرد، ئەو کات لەسەردەمی «جیمی کارتر» بوو.

* دوای دووسـاڵ واتە لە سـاڵی «١٩٨٠» جارێکی تر هەوڵی دا خۆی کاندید بکاتەوە بۆ حاکمی ویلایەتی ئارکنسو، بەڵام ئەمجارەشیان شکستی هێنا.

* لە سـاڵی «١٩٨٢» بۆ هەمان پۆسـتی حاکمی شاری ناوبراو خۆی کاندید کـردەوە، ئەمجارەیان سـەرکەوتنی بەدەسـتهێناو بۆ جـاری دووەم بووەوە بە حاکمی شاری ئارکنسو. تا ساڵی «١٩٩٢» لە پۆستەکەیدا مایەوە.

### کلینتۆن ئاواتەکەی منداڵی هێنایە دی:

* سـاڵی ١٩٩٢ خـۆی کاندیـد کـرد بـۆ هەڵبژاردنـی سـەرۆکی ئەمریکا، پڕوپاگەندەی بەرنامەی هەڵبژاردنی بریتی بوو لە:-

- چاککردنو بەرەوپێشبردنی بواری خوێندن.
- زیادکردنی هەلی کار بۆ هاوڵاتیان.
- دابەزاندنی باجو دەرامەت.
- دابەشـکردنی داهاتی باج بە یەکسانیو دادپەوەرانە بەسەر هاوڵاتیاندا..

- بە کۆتایی هاتنی ســاڵی «١٩٩٢» ئەمریکییەکان بە هۆی دابەزینی بەرهەمی وڵاتەکەیــان.. لــە دوودڵــیو نیگەرانیدا بــوون، هەروەها دیــاردەی پێکدادانی ڕەگەزی، تاوانو هەژاری باڵی بەسەر ئەمریکادا کێشابوو، کلینتون لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەڵێنی دا، بەکەمکردنەوەی ئەو دیاردانەو پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی تایبەت لە میزانیەی ئەمریکا.

- ڕەخساندنی هەلی خوێندنو بوژاندنەوەی بواری ئابوری لە پێناوی چینی مامناوەندو هەژاری ئەمریکاییەکان.

* کلینتــۆن لەو هەڵبژاردنەدا ســەرکەوتنی بەدەســتهێناو بووە ســەرۆکی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا، بــەوەش بــووە ٤٢ هەمیــن ســەرۆکی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا.

* لە ساڵی «١٩٩٦» بۆ جاری دووەم خۆی کاندیدکردەوەو دووبارە سەرکەوتنی بەدەســتهێنا.. ماوەی هەشــت ســاڵ ســەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتوووەکانی ئەمریکای کرد.

- کلینتون لە ماوەی دەسەڵاتیدا هەوڵی دا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بری گرنگیدان بە سیاسەتی دەرەوە، گرنگی بدات بە سیاسەتی نێوخۆیی.

- کلینتون ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە ڕووخانی یەکێتی ســۆڤییەت لە ســاڵی «١٩٩١» لە شەڕی ساردی نێوان ئەمریکاو ڕووسیا..

- هەرچەندە کۆنگرێســی ئەمریکی زۆرینەیان ســەربە پارتی کۆماری بوون، لەگەڵ ئەوەشــدا کلینتون هاوڕابوو لەگەڵیاندا. توانی تا ســاڵی ٢٠٠٢ چارەسەری کورتهێنانی بودجەی ئەمریکا بکات..

- ســەرەڕای ئەوەش حکومەتی ئەمریکی توانی لە ســاڵی ١٩٩٨ «٧٠» ملیار دۆلار پاشــەکەوت بکات، کە لە ســاڵی ١٩٦٩ بەدواوە هیچ کام لە حکومەتەکانی ئەمریکا نەیانتوانی بوو، دەستکەوتی لەو شێوەیە بەدەست بهێنن.

- کلینتون توانی «٥» ملیۆن هەلی کار بۆ بێکاران برەخسێنێت.

- لـە «١٦» تشـرینی دووەمـی سـاڵی «١٩٩٣» کلینتـون واژۆی گێڕانەوەی سەربەسـتی ئاینی لە وڵاتەکەیدا کرد، کە مەبەسـت لێی پاراسـتنی بیروڕای جیاوازو سەربەسـتی ئاینی بوو لە سەرانسـەری وڵاتـدا.. وەکو قوتابخانەکانو شوێنی کارکردن..

- کلینتون بڕیارێکی دەرکرد بۆ هەڵوەشـاندنەوەی بڕیاری دادگای باڵا، کە لە سـاڵی «١٩٩٠» دەرچوبوو، دەسـەڵاتی زیاتری دا بۆ ڕێکخستنی سەربەستیو دەربڕینی بیروڕای ئاینی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا..

- کلینتون کاری کرد بۆ چاکسازی لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتیو تەندروستیدا، بۆئەوەی هاوکاری ملیۆنان هاوڵاتی ئەمریکایی بکات، کە داهاتێکی کەمیان هەیە، باجیش دەدەن بە حکومەت، بەڵام توانای خزمەتگوزاری تەندروستیو چاودێری کۆمەڵایەتیـان نییە، ئەو کات نزیکەی «٦٠» ملیۆن هاوڵاتی ئەمریکایی خاوەنی بیمەی تەندروستی نەبوون، بێگومان ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان هەژارو دەوڵەمەندا لە ناو ئەمریکادا.

- لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، کلینتون لە پرۆسەی ئاشتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا.. هەروەها لە جوڵانەوەو بوژانـەوەی ئابوری ئەمریکا، دابەزاندنی باج لەسەر چینە مامناوەندییەکانی کۆمەڵگە.

- بەڵام کلینتون نەیتوانی قەناعەت بە وڵاتانی ئەوروپا بکات لە وەرگرتنی هەڵوێسـتێکی بەهێز سـەبارەت بە بۆسنە، لەگەڵ ئەوەشـدا کە سزاکانی سەر وڵاتی صربیای توندتر کردو ناوچەی دژەفڕینی بۆ دانا، هەڵوێسـتەکانی گەلی ئەمریکای یەکخست، بەشێوەیەك کە حکومەت هەرچی بووێت لە بەرژەوەندی گەلەکەی ئەنجامی بدات.

کلینتون تا ئێسـتاش لە ژیاندایەو وانە بەو کەسـانە دەڵێتەوە کە بە نیازن ببنە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە ئێستادا خێزانەکەی هیلاری کلینتون یەکێکە لە کاندیدە بەهێزەکان بۆ هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠١٦)ی وڵاتەکەی!



# كيرهارد شرودر

## ١٩٤٤ - ٠٠٠٠



شرۆدەر کوڕی خێزانێکی هەژاربوو، کە لە پێنج ئەندام پێکهاتبوون، لە «٧ نیسانی ساڵی ١٩٤٤» لە شارۆچکەی موزنبێرگ ـفوهرین لە نزیك شاری لیب لە ویلایەتی نوردراین ـفیستفالن، لەدایکبوو، لە کاتێکدا تەنها سێ ڕۆژ بوو، باوکی لە جەنگی جیهانی دووەمدا، لە ڕۆمانیا کوژرابوو.

شرۆدەر لە ناوچەکەی خۆیدا، یاریزانی تۆپی پێی میللی بووە، بە هۆی لێهاتوویی لە یاریدا، هاوڕێکانی نازناوی حەفارەیان لێناوە.. ئەوەش لەبەرئەوەی کە هەرگیز بێهیوایی‌و نائومێدی نەدەزانی، هەرچەندە دووچاری بارودۆخی ناڕەحەتو ناهەمواریش ببوایەتەوە.

* لە نێوان ساڵانی «١٩٦٤ بۆ ١٩٦٨»، خوێندنی ئامادەیی لە ئەڵمانیا تەواوکردووە.. شرۆدەر لە زانکۆی گۆتنگن لە بەشی یاسا، بۆ پارێزەری خوێندوویەتی، لە ساڵی ١٩٧١ بۆ ١٩٧٦ سەرجەمی تاقیکردنەوەکانی تەواوکردووە، شرۆدەر لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ ١٩٩٠، سەرقاڵی کاری پارێزەری بووە.

* دوای ئەوەی پارتەکەی شرۆدەر، لە ساڵی ١٩٩٠، توانی لە هەڵبژاردنەکاندا، سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، شرۆدەر بووەتە سەرۆکی ویلایەتی ساکسونیای خواروو.

* لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٤ بۆ جاری دووەم، پارتەکەی بە زۆرینەیەکی ڕەها سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام بە پلەی یەکەم نا!

* پارتەکەی شرۆدەر، لە ساڵی «١٩٩٨»دا، بۆ سەرۆکایەتیی بانگەشەی هەڵبژاردن، دەستنیشانیان کرد.

## ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ساڵی «١٩٩٨ - ٢٠٠٢»:-

شرۆدەر دانی بەوەدا نا، کە لە هەشتاکاندا لەبەردەم تەلاری ڕاوێژکاری لە «بون هز» ڕاوەستاوەو بە هەموو توانای هاواری کردووەو وتوویەتی: ڕۆژێك دەبێت ببمە سەرۆکو ڕاوێژکاری ئەڵمانیا.. ئەم ئاواتەی شرۆدەر نەچووە ژێر

خاك، بەڵكو لە ساڵی ١٩٩٨دا، پارتەكەی لە هەڵبژاردنی وڵاتەكەیدا سەركەوتنی بە پلەی یەكەم بەدەستهێنا، دوای شانزە ساڵ لە فەرمانڕەواییی پارتی مەسیحیی دیموكراسی بە سەرۆكایەتی «هیلمۆت كۆل»، توانییان كورسی دەسەڵاتیان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە لێوەربگرنەوە.

* شرۆدەر، بوو بە ڕاوێژكاری ئەڵمانیا، هەرچەندە پارتەكەی نەیتوانی دەنگی پێویست بەدەست بهێنێت، بۆ پێكهێنانی حكومەت، لەبەرئەوە لەگەڵ پارتی سەوزی وڵاتەكەیدا، ڕێكەوتنیان كردو پێكەوە حكومەتیان پێكهێنا بە سەرۆكایەتی شرۆدەر.. ئەو منداڵەی دوێنێ، كە بە بێباوكی گەورە بوو، تەنانەت باوكی بە چاوی خۆی نەدیتبوو.. ئەمڕۆ ئاواتەكەی منداڵی هاتۆتە دیو بووەتە سەرۆكو ڕاوێژكاری وڵاتی ئەڵمانیا..

سەرەكیترین كاری حكومەتەكەی شرۆدەر، ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژەی بەرزی بێكاریو بێبازاڕیو سستی بازرگانی بوو، هەروەها بنیاتنانەوەو بوژانەوەی ئابوریی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی بوو.

## ڕاوێژكاری ئەڵمانیا ساڵی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٥:-

دوای سەركەوتنی پارتە ڕكابەرەكەی شرۆدەر، لە ١١ ویلایەتدا، لە كۆی شانزە ویلایەت.. شكستهێنانی پارتی دیموكراتیی كۆمەڵایەتی، بە سەرۆكایەتی شرۆدەر لە هەڵبژاردنە سەرەتاییەكاندا، لە ساڵی ٢٠٠٥ ویلایەتی «نوردراین» كە گەورەترین ویلایەتی ئەڵمانیا بوو، لە ڕووی دانیشتوانەوە، شرۆدەر بە شێوەیەكی كتوپڕو لەناكاو بڕیاری دا، بەپەلە هەڵبژاردن بۆ سەرۆكایەتی فەرمی ئەڵمانیا ئەنجام بدرێت، ساڵێك پێش وادەی دیاریكراوی خۆی.

شرۆدەر هۆكاری ئەو هەنگاوەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، كە دەیەوێت دڵنیابێت لە متمانەی گەلی ئەڵمانیا، هەروەها لە چوارچێوەی سیاسەتی چاكسازی وڵاتەكەیدا، ئەو وتی: ئەگەر گەلەكەی متمانەیان بە شرۆدەرو پارتەكەی

نەمابێتو دەنگی پێنەدەن، ئەوا ئەو شایستەی ئەو پۆستە نییەو بەزۆر لە پۆستەکەیدا نامێنێتەوە.. «خوێنەری ئازیز بە وردی سەرنجی ئەم هەڵوێستە سەرسوڕهێنەرە بدەن.. کاتێك شرۆدەرو پارتەکەی لە هەڵبژاردنە سەرەتاییەکاندا، شکست دەهێنن، ئەو کاتەی پارتە ڕکابەرەکەی، لە کۆی ١٦ ویلایەت، لە ١١ ویلایەتدا، سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت.. لەبری ئەوەی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، کە هێشتا ساڵێکی ماوە، بیر لە تەزویراتو فڕوفێڵو بەهەدەردانی سامانی وڵاتەکەی بکاتەوە، بیر لە کڕینی دەنگی هاوڵاتیی وڵاتەکەی بکاتەوە، بە پێچەوانەوە، وادەی هەڵبژاردن، بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی، بۆ ماوەی ساڵێك پێش دەخـاتو دەڵێت: ئەگەر هاوڵاتیانی وڵاتەکەم، متمانەیان بە من نەمابێت، ئەوا من شایستەی ئەم پۆستە نیم، لەبەرئەوە دەبێت هەڵبژاردن ئەنجام بدرێتو کەسێك ئەم پۆستە وەربگرێت، کە شایستەیەو هاوڵاتیان متمانەی پێدەبەخشن.. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئاخۆ کەی بێت، ئاستی ڕۆشنبیریی وڵاتی لەمەڕ خۆمان، بگاتە ئەو ئاستەو هەر کات هاوڵاتیان، لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە، متمانەیان لەسەرۆکەکان وەرگرتەوە، بە ویستی خۆیان کورسیی دەسەڵاتەکەیان پێشکەش بەو کەسە بکەن، کە متمانەی هاوڵاتیانی بەدەستهێناوە؟؟!!! بەداخەوە لەم هەرێمەو لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، هەرکەس پۆستێکی وەرگرت، تا ئەو ساتەی لە ژیاندایە، هیچ کەس بە شیاوی ئەو پۆستە نازانێت، جگە لە خۆی!!».

* حکومەتەکەی شرۆدەر، پشتگیری لە تواناو گەشەپێدانی یەکێتی ئەورووپا کرد، هەروەها شرۆدەر لە سەردەمی دەسەڵاتەکەیدا، کە جەنگی ئەمریکا لەگەڵ عێراق ڕووی دا، شرۆدەر نەك دژی بەشداریکردنی سەربازی بوو بۆ سەر عێراق، بەڵکو زۆر پشتگیری چارەسەری ئاشتییانەی دەکردو پێی وابوو، دەبێت لە ڕێی مێزی گفتوگۆو لەیەك تێگەیشتنەوە، چارەسەری کێشەکانی عێراق بکرێت..

ئەم دژایەتییە توندەشی بۆ شەڕی عێراق، زیانی گەورەی بە پەیوەندییەکانی نێوان بەرلینو واشنتۆن گەیاند، کە ماوەیەکی زۆر بوو، هاوپەیمانی نزیکی ئەمریکا بوو.. بەڵام ئەم بڕیارەی شرۆدەر، لە دژی بەشداریکردنی وڵاتەکەی لە جەنگی عێراقدا، بووە هۆی ئەوەی جەماوەرێکی گەورەی بەدەست هێنا، بووە پاڵەوانێك لەبەرچاوی هاوڵاتیانی وڵاتەکەی، چونکە وڵاتەکەی لە جەنگ پاراستووە، بەتایبەت لە چاوی ئەوانەدا، کە بەشداری جەنگی جیهانیی دووەمیان کردبوو.

سەبارەت بەم بابەتە، نووسەری بەناوبانگ «ئەندریسان بیتسولد» سەرنووسەری گۆڤاری شتیرن، دەڵێت: ئەو بوێرییەی، کە شرۆدەر کردی، بەرامبەر ئەمریکا، بووە هۆی زیندوو هێشتنەوەی شرۆدەر، لە سیاسەتی دەرەوەدا.. هەروەها بووە هۆی زیانگەیاندن، بە دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چونکە وڵاتێکی گەورەی وەکو ئەڵمانیا، درووشمی «نا بۆ جەنگ دژی عێراق»ی بەرزکردەوە!

## هەڵبژاردنەکانی ١٨ ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٥:-

پارتەکەی شرۆدەر، پلەی دووەمی بە ڕێژەی ٣٤،٢٪ لە هەڵبژاردنەکەی ئەیلولی ٢٠٠٥دا بەدەست هێنا، بەمەش کەوتە دوای پارتی ڕکابەرەکەیەوە «پارتی دیموکراتی مەسیحییەکان» بە سەرۆکایەتی «ئەنگێلا مێرکل»، کە ئەوان توانییان ڕێژەی ٣٥،١٪ بۆخۆیان مسۆگەر بکەن..

ئەم ئەنجامەش سوپرایزێك بوو، بە نیسبەت ئەو پێشهاتو چاوەڕوانییەی کە پارتەکەی شرۆدەر کردبووی، چونکە ئەوان بە پێی هەڵبژاردنە سەرەتاییەکان، پێیان وابوو لە هەڵبژاردندا، دووچاری شکستێکی گەورە دەبن..

لە یەکەم کاردانەوەیدا، شرۆدەر پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە، وتی: ئەڵمانیا نوێنەرێکی نوێی هەڵبژاردووە، هەرچەندە ئەوان لە مێرکل ڕازی نین، کە ببێتە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا. بەڵام لای ئەوان پاسا لەسەرو هەمووانەوەیە!

دوای گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوەیەکی سەختو دژوار، لەگەڵ پارتی ڕکابەردا، بە سەرۆکایەتیی ئەنگێلا مێرکل، هەردوو پارتەکە، بڕیاریان دا: پێکەوە حکومەتێک پێکبهێنن، بە سەرۆکایەتی مێرکل... بەوەش مێرکل بووە یەکەم ئافرەتی ڕاوێژکار لە ئەڵمانیادا، لە «٢٢ تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥».. دوای ئەو ڕێکەوتننامەیە، شرۆدەر بڕیاری دا، لە کاری سیاسی دوور بکەوێتەوەو خۆی تەرخان بکات بۆ کارێکی نوێ، وەکو پارێزەر، هەروەها نووسینەوەی ژیاننامەی خۆی، لە دووتوێی کتێبێکدا..

خوێنەری ئازیز.. سەرنج بدە، سەرۆکی وڵاتێکی گەورەی وەکو ئەڵمانیا، کاتێک بە ڕێژەیەکی زۆر کەم، شکست دەهێنێت بەرامبەر پارتە ڕکابەرەکەی، بێئەوەی کێشەو گرفتو ناڕەحەتییەك بۆ وڵاتەکەی درووست بکات، زۆر بەلایەوە ئاساییە، کە بگەڕێتەوە سەر پیشەکەی پێشووی، کە کاری پارێزەرییە..

ئەم خاڵە، تەنها ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەوان ئاستی ڕۆشنبیرییان، ئەوەندە بەرزە، بڕوایان بە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە، بەڵکو لە خاڵێکی دیکەدا، ئەوەمان پێدەڵێت: کە سەرۆکەکانی ئەوان، لە ماوەی دەسەڵاتیاندا، نابنە بازرگانێکی گەورەو پۆستەکەیان بۆ کۆکردنەوەی سەروەتو سامانێکی بێشوماریش بەکارناهێنن، تا خۆیانو نەوەکانیان، پێویستیان بە کارکردنو خۆماندووکردن نەبێت، بەڵکو ئەوان دوای تەواوکردنی خولی سەرۆکایەتییەکانیان، دەگەڕێنەوە سەر کارەکانی پێش سەرۆکایەتییانو دوور لە سیاسەتو دەستێوەردان لە کاروباری دەوڵەتەوە، ژیان دەگوزەرێنن.

هیوام وایە، ئێمەش بگەینە ئەو ئاستەی، کە هەر کات متمانەی دەنگدەرانمان لە دەست دا، زۆر بەسانایی مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکەینو بەبێ درووستکردنی کێشەو ئاژاوە لە وڵاتدا.. بگەڕێینەوە سەر کاری ئاسایی خۆمان.

ئەوەش کورتەیەك بوو، لە ژیانی ئەو منداڵەی، کە بە بێباوکی گەورەبوو، بەڵام توانی ببێتە سەرۆکو ڕاوێژکاری وڵاتێکی پیشەسازی وەکو ئەڵمانیا.



# جنكيز خان

## ١١٦٢-١٢٢٧



منداڵێکی مەنگۆلیی کەساسو هەژارو کلۆڵ بوو، هێشتا بەتەواوی چاوی بە ژیان ئاشنا نەببوو، تامو چێژی ئەوتۆی لە ژیان نەبینی بوو، کە دوچاری چەندان بەڵاو موسیبەتو دەردەسەری بووەوە، بەڵام دواتر توانی بەسەر کۆسپو تەگەرەو لەمپەرەکانی ژیاندا سەر بکەوێتو هاوکات گەورەترین ئیمپڕاتۆر لە مێژووی مرۆڤایەتیدا درووست بکات.

بڕوا ناکەم کەس هەبێت، ناوی جەنگیزخانی نەبیستبێت، تەنانەت ئەو کەسەش کە حەز بە خوێندنەوە ناکات، یان هەر خوێندەواری نییە، ئاشنایە بە ناوی جەنگیزخان؛ چونکە چەندەها فیلمو دراما لەسەر ژیانی جەنگیزخان نمایش کراوە.

جەنگیزخان ناوی «تیمۆژین»ە واتە: پۆڵای بەهێز، مێژوونووسان ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر بەرواری لەدایکبوونی، هەندێك پێیان وایە، کە تیمۆژین ساڵی ١١٦٢ زاینی لەدایکبووە، باوکی سەرۆکی هۆزی کیاد بووە، باوکی کەسێکی ئازاو بەهێزو چاونەترس بووە، تەنانەت هۆزەکانی دەوروبەری لێی ترساونو حسابیان بۆ کردووە.

زۆری نەبرد، باوکی تیمۆژین لە ساڵی ١١٧٥ لەلایەن دوژمنەکانییەوە دەرمانخوارد کراو ماڵاوایی لە ژیان کرد، ئەو کات تیمۆژین، تەمەنی تەنها سێزدە ساڵان بوو، ئیدی بەرپرسیارێتییەکی سەختو دژواری بۆ کوڕە گەورەکەی تیمۆژین بەجێهێشت، ئەو کات تیمۆژین لەبەر کەمی تەمەنی، توانای بەڕێوەبردنی هۆزەکەی نەبوو، هەر بۆیە زۆرێك لە گەورە پیاوانی هۆزەکەی، لێی هەڵگەڕانەوەو قبووڵیان نەکرد، منداڵێکی تەمەن سیازدە ساڵان، فەرمانڕەوایەتییان بکات، خێزانەکەی تیمۆژین ئەو پۆستەیان لەدەست دا، ئیدی تیمۆژینو خێزانەکەی لە ژیانێکی سەختو دژواردا ژیانیان دەگوزەراند، کە ئەو کات جگە لە هەندێك مەڕومالات، خاوەنی هیچ شتێکی دیکە نەبوون.

بەڵام ئەم بارودۆخە، زۆری نەخایاند، دایکی تیمۆژین خێزانە پەڕاگەندەکەی لەخۆ گرتو لەگەڵ کوڕەکانیدا دەستیان کرد بە تێکۆشانو

هەوڵدان بۆ وەگرتنەوەی دەسەڵات، توانی لە پلانەکەیدا بە هاوکاری کوڕە گەورەکەی تیمۆژین، کە نیشانەی سەرکردەو سەرکردایەتیکردنی تێدا بەدی دەکرا، سەرکەوتوو بێت، تیمۆژین جەستەیەکی بەهێزو دارژاوو پتەوی هەبوو، ئیدی تیمۆژین سەرنجی چەندین کەسی هۆزەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو توانی سوپایەکی بەهێز پێکبهێنێت، سەرەتا دەستیان کرد بە ڕاهێنانێکی سەختو بەهێز؛ بۆئەوەی جەنگاوەرانی سوپاکەی توانایان زۆر لە سەروو توانای جەنگاوەرێکی ئاساییەوە بێت، هەموو جار دڵنیای دەکردنەوە، کە سوپایەکی ئامادەکراوو بەهێز، توانای سەرکەوتنو خۆڕاگریی زیاتری هەیە، تیمۆژین توانی هۆکارەکانی جەنگو چەكو کەرەسەی جەنگی، بۆ سوپاکەی ئامادە بکات، سەرجەم ئەفسەرانی سوپاکەی لەسەر بنەمای لێهاتوویی‌و بەهێزیی دیاری دەکرد، نەك لەسەر بنەمای نزیکی‌و خۆشەویستیان بۆ بنەماڵەکەی. ئەمەش وای کردبوو، کە ئەفسەرانی سوپاکەی زۆر دڵسۆز بن، بۆ تیمۆژینی سەرکردەیان.

## جەنگیزخان بوو بە فەرمانڕەوای وڵاتی مەنگۆلیا:

دوای ئەوەی تیمۆژین توانی جڵەوی سەرکردایەتیی هۆزەکەی بگرێتەوە دەستو سوپایەکی بەهێزی مەشقپێکراو درووست بکات، ئیدی دەستی کرد بە جێبەجێکردنی پلانەکەی، سەرەتا دەستیکرد بە فراوانکردنی خاکی ژێر دەسەڵاتی، ئەویش لەسەر حسابی دراوسێکانی، توانی دەست بگرێت بەسەر ناوچەیەکی گەورەی مەنگۆلیادا، ساڵی ١٢٠٣ ز عەشیرەتی "کەراییت"ی مەغۆلیی تێکشکاند، شاری قەرەقوومی داگیر کردو کردی بە پایتەختی دەسەڵاتی خۆی. دواتر سەرۆك عەشیرەتەکانی دیکە، پابەندبوونی خۆیان بە تیمۆژینەوە ڕاگەیاند.

لە ئابی ساڵی ١٢٠٦، بووە فەرمانڕەوای وڵاتی مەنگۆلیا، هەر لەو ساڵەدا، نازناوی سەرۆکی هۆزەکانی پێبەخشرا، «جەنگیزخان»، کە بە مانای فەرمانڕەوای گشتی دێت.

لەو کاتەدا جەنگی لەگەڵ هۆزی تارتاردا ئەنجام دا، ئەو هۆزەی کە باوکیان

دەرمانخوارد کردبوو، جەنگیزخان هیچ ڕەحمو سۆزێکی پێنەکردن، سەرجەمی پیاوەکانی ئەو هۆزەی کوشتو تەنها منداڵو ژنانی هێشتەوە، ئەوانیشی بەدیل گرتو کردنی بە کۆیلە، بەمەش کۆتایی بە هۆزی تارتار هێنا!

لە ساڵی ١٢١٨ جەنگیزخان، بەرەو مەملەکەتی خوارزم واتە: ئۆزبەکستانو تورکمانستانی ئێستا بەڕێکەوت، ساڵی ١٢٢٠ هەردوو شاری «بوخاراو سەمەرقەند»، کە ئێستا لە ئۆزبەکستانن، لەگەڵ نەیسابوور لە ئێران وێران کرد، هەروەها هێرشی کردە سەر دوو سوپای بچووك، کە سەر بە دەشتی باکووری قەزوین بوون، لە کۆتایی ساڵی ١٢٢٢ دەستی گرت بەسەر کبتشاکس، هەروەها سوپای ڕووسی، لەسەر ڕووباری کلکا تێکشکاند.

جەنگیزخان پایتەختی ئیمپراتۆریەتی «جن تشن» داگیر دەکات:

پاشان جەنگیزخان خۆی بۆ دەستبەسەراگرتنی وڵاتی چین ئامادە کرد، سەرەتا دەستی بەشەڕکردن کرد لەگەڵ بەشی ڕۆژئاوای وڵاتی چین، پاشانیش جەنگی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی چیندا کرد، خان توانی دەست بەسەر پەکیندا بگرێت، کە پایتەختی ئیمپراتۆریەتی «جن تشن» بوو.

ساڵی ١٢٢٥ جەنگیزخان هێرشی کردە سەر هۆزی «زی زیا»، ئەو هۆزە هۆزێکی گەورە بوون، ژمارەی ئەندامانی هۆزەکە نزیکەی پێنج ملیۆن کەس بوو، لە هەمان کاتدا خاوەنی سوپایەکی زەبەلاح بوون، بەڵام سوپاکەیان بەشێوەیەکی باش ڕانەهێنرابوو، زانیارییان لەبارەی شێوازەکانی جەنگو فێڵو تەڵەکەی جەنگی نەبوو، لەبەرئەوە کاتێك ڕووبەڕووی سوپای بەهێزی جەنگیزخان بوونەوە، پەنایان برد بۆ چیا بەرزەکانی ناوچەکەیان، سوپاکەی جەنگیزخان لەبەر سەختیی چیاکە، نەیاندەتوانی پێشڕەوی بکەن بۆ سەر چیاکە، لەبەرئەوە جەنگیزخان پەنای برد بۆ فێڵێکی جەنگی، فەرمانی کرد سوپاکە بکشێنەوەو وا خۆیان دەربخەن، کە شکاون لە جەنگ بەرامبەر سوپای زی زیا؛ بۆئەوەی سوپای بەرامبەر لە قەڵاو شوێنە بەرزەکانی چیاکە بێنە دەرەوەو بە دوای سوپای

جەنگیزخان بکەون، کاتێك ئەم سوپایە وایان زانی سوپاکەی جەنگیزخان لە هەڵاتندانو پاشەکشەیان کردووە، لە چیاکان هاتنە خوارەوەو دوایان کەوتن، کاتێك خۆیان بینییەوە کەوتنە نێو بۆسەی سوپاکەی جەنگیزخانەوە، کە وەکو تەرزە، تیربارانیان کردن، زۆربەی زۆری سەربازەکانیان کوژران، دواتر توانیان سەرکردەی سوپاکە بەدیل بگرن، سەرکردەکەیان بردە لای جەنگیزخان، ئەویش دوای ڕێکەوتنی لێکردنو پێشنیاری کرد، کە جەنابی جەنگیزخان هاوسەرگیری لەگەڵ کچەکەیدا بکات، بەم شێوەیە ئەم هۆزەش هاتنە ژێر ڕکێفی ئیمپراتۆری جەنگیزخانەوە.

دوای ئەوەی جەنگیزخان بووە سەرکردەی گشتیی سەرجەم هۆزەکانی مەغۆڵو سەرکەوتنە یەك لەدوای یەکەکانی، هەڵسا بە چەند کارێکی گرنگ، وەکو دابەشکردنی ئەرکەکان بەسەر جێگرەکانیدا، چ کاروباری شارستانی بێت، یان سەربازی، دیاریکردنی لیژنەیەك بۆ چاودێریکردنو دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی فەرمانەکان، هەروەها دیاریکردنی کۆمەڵێك پاسەوانی تایبەتو بەهێز بۆ پارێزگاریکردن لە جەنابی جەنگیزخان، کە ژمارەیان نزیکەی دە هەزار سەرباز بوو، هەروەها پارێزگاریکردن لەو بارمتانەی کە لە خێزانە بەهێزەکانو خاوەنی جەماوەری زۆرن، هەروەها هانی گەلەکەی دا؛ بۆ گرنگیدان بە خوێندنەوەو نووسین، یەکەم دەستووری یاسای مەنگۆلی دامەزراند بەناونیشانی یاسا، یان یاسالك، کە لە چەند بڕگەیەك پێکهاتبوو.

* بەپێی گێڕانەوەیەك، مەغۆلەکان شاری یەنشوانی پایتەختی تانگوتی چینی گەمارۆ دەدەن. پاشا لی شیانو سوپاکەی بەرگرییەکی سەخت دەکەنو جەنگیزخان بەمە زۆر تووڕە دەبێت. لی شیان تێدەگات بەرگریکردن لەبەرامبەر مەغۆلەکان بێسوودە، بۆیە ئامادە دەبێت بەمەرجی پاراستنی ژیانی خۆیو خەڵکی شار، خۆی بەدەستەوە بدات. جەنگیزخانیش بەڵێنی پێ دەدات، بەڵام خانی مەنگۆل نەخۆش دەکەوێتو هەست بە نزیکبوونەوەی مەرگی خۆی

دەکات. بۆیە فەرمان بۆ سەرکردەکانی سوپا دەردەکات، هەواڵی نەخۆشکەوتنی پەردەپۆش بکەنو وەسیێت دەکات ئەگەر مرد، لی شیانو خەڵکەکەی بکوژرێن.

دوای ٨ ڕۆژ نەخۆشی، جەنگیزخان کۆچی دوایی دەکات.

هەرچەندە گۆڕەکەی جەنگیزخان ڕای جیاوازی لەسەرەو هەندێك پێیان وایە جەنگیزخان بەشێوەیەکی نهێنی بە خاك سپێردراوەو تا ئێستا ئەو نهێنییە ئاشکرا نەبووە، بەڵام هەندێك لە مێژوونووسان پێیان وایە، لە حەدیسە بووە لە ئەردوسی، پاشان تەرمەکەی گوازراوەتەوە..

«ڕەشیدەدین فەزڵوڵلا»ش لە کتێبی "جامع التواريخ"دا دەنووسێت: گۆڕی جەنگیزخان لە چیای بەرخان خەلدوونە، لەو شوێنەی ڕووبارەکانی ئۆنۆنو کۆرلینی لێ هەڵدەقوڵێن. بەپێی گێڕانەوەیەکی دیکە، جەنگیزخان وەسیێتی کردووە، کوڕە خۆشەویستەکەی: تۆلۆی خان، شوێنی بە خاکسپاردنی باوکی هەڵبژێرێت. ئەویش تەرمەکەی بردووەو لەژێر دارێکدا لە قەرەقووم بە خاکی سپاردووەو کۆمەڵێك چەکداری عەشیرەتی قیات، ساڵانێکی زۆر پاسەوانی شوێنی گۆڕەکەیان کردووە. دواتر ژمارەی دارەکان زیادی کردووەو شوێنی گۆڕەکە دیار نەماوە.

بەم جۆرە دەوڵەتی مەغۆل توانییان زۆرێك لە دەوڵەتانی سەرزەوی داگیر بکەن، ئیمپراتۆرەکەیان سەدان ساڵ درێژەی کێشاوە، تەنانەت ماوەیەکی زۆر، حوکمی وڵاتی هیندیان کردووە، تا ئەو کاتەی بەریتانیا، هیندی داگیر کردووەو کۆتا پاشای مەغۆلییەکانی لا بردووە.

ماوەتەوە بڵێین: جەنگیزخان سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی سەربازییەوە، واتە: ڕەفتارەکانی بەرامبەر بەو سوپایانەی جەنگی لەگەڵدا کردوون، وەحشییانەو دڕندانە بووە، بەڵام مێژوو خاڵی نییە لە دەستکەوتەکانیو ئەو شارستانیەتەی کە جەنگیزخان بەدەستی هێناوە بۆ گەلەکەی، لە کاتی هێرشە سەربازییەکانیدا بۆ سەر ڕۆژئاوایی، ئەم چوار داهێنانە گەورەیەی گواستۆتەوە بۆ ڕۆژئاوای ئاسیاو ئەوروپا «کاغەز، چاپ، باروودو قیبلەنما»، لە هەمان کاتدا، شارستانیەتی ڕۆژئاوای پێشکەشی وڵاتی چین

کردووه، هەروەها بازرگانی لە نێوان چین و ئەوروپادا، بەشێوەیەکی بەرچاو پێشخستوە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، جەنگیزخان، ئەو سەرکردەیەی کە گەورەترین هێرشی سەربازی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەنجام داوە، هەروەها گەورەترین ئیمپراتۆری دامەزراندووە، کە هەموو مرۆڤایەتی پێی ئاشنایە.

پوختە: باسکردنی ژیانی جەنگیزخان، مەبەست ئەوە نییە کارە دڕندانەکانی ئەو سەرکردەیە، بەچاك بزانرێتو وەکو نموونە بهێنرێتەوە، نەخێر بەڵکو مەبەستمان لە باسکردنی ئەم سەرکردەیە ئەوەیە، کە وەکو منداڵێکی بێباوك توانیویەتی گەورەترین گۆڕانکاری لە مێژووی مرۆڤایەتیدا درووست بکات، توانیویەتی بەسەر کۆسپو تەگەرەکانی ژیاندا سەر بکەوێتو سوپایەکی کەموێنەو زەبەلاح درووست بکاتو ئیمپراتۆریەتێکی بەهێز دابمەزرێنێتو شارستانیەتیی وڵاتەکەی پێش بخات. کەواتە: با سوود لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم سەرکردەیە وەربگرینو لە خاڵە نەرێنیو ڤیزەونەکانیش، خۆمان بەدوور بگرین.

سەرگوزشتەیەك لەسەر ژیانی جەنگیزخان..

جەنگیزخانو هەڵۆکەی!

خۆشەویستترین هاوڕێی جەنگیزخان، هەڵۆ ڕاستگۆیەکەی بوو..!

ئەو هەڵۆیەی بەردەوام لەسەر باسکی بوو، کاتێك جەنگیزخان دەچووە دەرەوە بۆ ڕاوکردن، ڕێنیشاندەری بوو بۆ دۆزینەوەی نێچیرەکەی، بۆ ئەوەی ژەمە خواردنێکی خۆشی لێ دروستبکاتو بەشێکیش بداتە ئەو هاوڕێ خۆشەویستەی.

هەڵۆکەی جەنگیزخان نموونەی هاوڕێی ڕاستگۆ بوو، تەنانەت ئەگەر بێدەنگیش بوو.. ڕۆژێکیان جەنگیزخان بە تەنها دەچێتە چۆڵەوانیو جگە لە هەڵۆکەی هیچ کەسی لەگەڵدا نابێت، بەردەوام دەبن لە ڕۆیشتنو تینوێتی برستیان لێدەبڕێت! جەنگیزخان دەیەوێت ئاو بخواتەوە، چاو دەگێڕێتو کانیاوێك لە خوارەوەی شاخێك دەدۆزێتەوە، جامەکەی دەخاتە ناو کانیاوەکەو پڕی دەکات لە ئاو، کاتێك دەیەوێت بیخواتەوە، هەڵۆکە جامەکەی لە دەست فڕێ دەداو ئاوەکەی

دەڕێژێت! جەنگیزخان جارێکی دیکە جامەکەی پڕ دەکاتەوە لە ئاو، کاتێک جامە ئاوەکە دەخاتە سەر لێوەکانی، دووبارە هەڵۆکەی بە باڵەکانی لە جامە ئاوەکە دەداتو ئاوەکەی ناوی دەڕژێت! بۆ جاری سێیەم ئەو حاڵەتە ڕوویدایەوە، بۆیە جەنگیزخان زۆر تووڕە بوو، شمشێرەکەی دەرهێنا، کاتێک هەڵۆکە نزیکبووەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئاوەکە بڕێژێت، جەنگیزخان شمشێرێکی وەشاندو سەری لە جەستەی جیاکردەوەو هەڵۆکەی کوشت!

لێرەداو لەو کاتەی گورزی شمشێرەکەی بەر سەری هاوڕێکەی کەوت، جەنگیزخان هەستی بە ئازارێکی زۆر کرد، کاتێکیش بینی هەڵۆکە خوێنی لەبەر دەڕوات، دڵی بۆی سوتا! بۆیە ساتێك وەستاو چووە سەر کانیاوەکە، گۆمێکی گەورەی بینی کە لە نێوانی بەردەکانی کانیاوەکە هەڵدەقووڵێت! کە لەناویدا مارێکی گەورەی تۆپیو هەیەو گۆمەکەی پڕ کردووە لە ژەهر!

ئەو کات جەنگیزخان تێگەیشت هاوڕێکەی چۆن چاکەو سوودی ئەوی ویستووە! بەڵام کاتێك ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوت، کە بە شمشێرەکەی سەری ئەو هاوڕێ بە وەفاو ڕاستگۆو خۆشەویستەی خۆی پەڕاندبوو!

جەنگیزخان هەڵۆ هاوڕێکەی هەڵگرتەوەو خستییە ناو پارچە پەڕۆیەكو گەڕایەوە ناو پاسەوانو دارودەستەکەی، هەڵۆ کوژراوەکەشی بە دەستەوە بوو! فەرمانیکرد بە ڕاوێژکارەکانی، وەکو ڕێزلێنانێك لە هاوڕێکەی، هەڵۆیەکی لە زێڕینی بۆ دروست بکەنو لەسەر باڵێکی ئەو نووسراوە بنەخشێنن:

«صديقك يبقى صديقك ولو فعل ما لا يعجبك»

واتە: هاوڕێکەت هەر بە هاوڕێت دەمێنێتەوە، هەر چەند کارەکانی جێگەی ڕەزامەندیو سەرسامیت نەبن.

لەسەر باڵەکەی دیکەی بنووسن: «كل فعل سببه الغضب، عاقبته الإخفاق»

واتە: هەر کارێك لە تووڕەییدا ئەنجام بدرێت، سەرەنجامەکەی شکستو سەرنەکەوتنە.



# سيمون بوليفار

## «١٧٨٣ - ١٨٣٠»



سیمون بولیفار.. له ٢٤ تەمموزی ساڵی ١٧٨٣ زاینی له شاری کاراکاس پایتەختی فەنزویلا چاوی به دنیا هەڵهێناوه. هێشتا بۆلیفار منداڵ بوو، دایكو باوکی کۆچیی دوایيان کردو بۆ هەمیشە ماڵاواییان له ژیان کرد، بولیفاریان تەنها و دوور له نازو ئەوینی دایكو ئامێزی باوك جێهێشت، بەڵام لەبەرئەوەی دەوڵەمەند بوون، سەروەتێکی زۆریان بۆ بولیفار بەجێهێشتبوو، ئەوەش بووه هۆی ئەوەی بولیفار به هەژاری ژیانی نەگوزەراند.

سیمون بولیفار له ماوەی خوێندنیدا سەرقاڵی فەلسەفه بووه، وانەی تایبەتی لای فەیلەسوفی ناودار «جان جاك ڕۆسۆ» خوێندووه، ڕۆسۆ کاریگەرییەکی قوڵی له دەروونو کەسایەتی بولیفاردا جێهێشتبوو.

بولیفار له تەمەنی لاویدا گەشتی بۆ سەرجەم وڵاتانی ئەوروپا کردووه، لەگەڵ کچێکی ئیسپانی هاوسەرگیری ئەنجامداوه، بەڵام تەمەنیان پێکەوه زۆر درێژەی نەکێشا، کەمتر له ساڵێك ژیانی هاوسەرییان بەردەوامبوو، هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردو بۆ هەمیشە ماڵاوایی له بولیفارو ژیان کرد، ئەوەش دووەم کارەساتی سەخت بوو، که ژیانی بولیفاری هەژاند. سەرەتا دایكوباوکی، دواتریش هاوسەرەکەی، بولیفار دووچاری خەمێکی گەوره بووەوه، جارێکی دی تەنها مایەوه، لەگەڵ ئەوەشدا درێژەی به گەشتەکەی داو سەردانی وڵاتی فەرەنسای کرد، لەوێ چاوی به زانای ئەڵمانی «ئەسکەندەر هومبولت» کەوت، ئەم زانایه قەناعەتی به بولیفار هێنا که دۆخێك هاتۆته ئاراوه که وڵاته ژێردەستەکانی وڵاتی ئیسپان، له حاڵەتی ڕزگاربوون له ژێردەستەیی ئیسپانیادا نزیکبوونەتەوه، واته بارودۆخی سیاسی لەباره بۆئەوەی شۆڕش له دژی داگیرکەری ئیسپانی سازبکرێت، ئەم بیرۆکەیه کاریگەریی لەسەر دەروونیی بولیفار جێهێشت، بەردەوام بیری له سەربەخۆیی وڵاتەکەی دەکردەوه، بولیفار بەڵێنی دا که تا ئەو ساتەی وڵاتەکەی له دەستی داگیرکەری ئیسپانی ئازاد نەکات، بەردەوام هەوڵو کۆشش بکاتو بێ ماندووبوون له خەبات بەردەوام بێت، چونکه ئەو ئاسوودەو ئارام نابێت، تا وڵاتەکەی ئازاد نەکات.

لە سـاڵی ١٨٠٧ بۆلیڤـار گەڕایەوە فەنزویلاو پەیوەنـدی کرد بە کۆمەڵەی نیشـتمانییەوە، ئەوانـەی لـە دژی داگیرکـەری ئیسـپانی بڕیـاری خەباتو تێکۆشـانیان دابـوو، بـۆ ئازادکردنی وڵاتەکەیـان لە ژێر دەسـتی داگیرکەر، ئامادەبوون گیانی خۆیان بەخت بکەن. شۆڕشـگێڕانو خەباتکاران، توانیان لە «١٩» نیسانی ساڵی ١٨١٠ حاکمی ئیسپانی «فنسینت دی» بڕووخێنن، دواتریش فەرمانی سـەربازییان بەسەردا سەپاند. ئیدی لە ساڵی ١٨١١ کاتێك ئەنجومەنی نیشـتمانی فەنزویلا سـەربەخۆیی ڕاگەیاند، ئەو کات بولیفار پلەی «عقید» بوو، پاشـان بووە «عمید»، ئەو دەمە «فرانسیسـکو میراندا» سـەرکردایەتی سـوپای دەکرد، بەڵام ئیسـپان خۆی بە دۆڕاو نەدەزانی، لەبەرئەوە هەڵسا بە هێرشـێکی پێچەوانە بۆ سـەر فەنزویلا، تا میراندایـان ناچار بە واژۆکردنی ڕێکەوتنێك کرد لە ساڵی ١٨١٢، سەرکەوتنی شۆڕشگێڕانی فەنزویلا زۆر درێژەی نەکێشـا، چونکە دەسـەڵاتێکی دیکتاتۆری بەهێزیان لـە فەنزویلا دامەزراند، زۆر بـە توندی مامەڵەیان لەگەڵ بەرهەڵسـتکاران دەکرد، ئەوەش بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی لەو وڵاتەدا، ئەو بارودۆخە بووە هۆی ئەوەی کە بولیفار فەنزویلا جێبهێڵێت، بەرەو کۆڵۆمبیای ئێستا بەڕێکەوت، ئیسپانیا ئەم ڕووداوەو ڕۆیشـتنی بولیفاری لە فەنزویلا وەکو دەرفەتێك قۆستەوەو دووبارە کاراکاسی داگیرکردەوە.

سەرکەوتنەکانی بولیفار لە دژی ئیسپانیا:

بولیفاریش بووە سـەرکردەی سوپای کۆڵۆمبیا، لە سـاڵی ١٨١٤ توانیان دەست بەسـەر بە بوجوتایادا بگرن، بەڵام لەبەر کەمی سـەرباز، دووجاری شکسـتێکی دیکـە بـوو، لەبەرئەوە هەڵهات بـۆ جامایکا، لە هایتی جارێکـی دیکە هێزی لە دژی ئیسـپانییەکان کۆکردەوە، سـاڵی ١٨١٦ دەستیگرت بەسەر ئەنجو ستوارا، کە ئێستا پێی دەوترێت «هایبتی»، ئیدی بۆلیفار بووە فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیە، بولیفار توانی پشتگیری جەماوەری بۆ خۆی بەدەستبهێنێتو ببێتە حاکمی وڵات.

له ســالّی ١٨١٩ بولیفار بەرەو باشــور بەڕێکەوت، توانی لە بویوکا ســوپای ئیسپان تێکبشکێنێت، بووە ئازادکەری وڵاتی کۆلۆمبیا، هێرشەکەی لە مێژووی ســەربازیدا بە هێرشــێکی گــەورەو بەهێزو کــەم وێنە ناودەبرێــت، چونکە ســوپایەکی بچووك کە تەنها لە ٢٥٠٠ کەس پێکهاتبوو، لە کەشــێکی باراناویدا بــە تولە ڕێگایەکدا ڕێگەیان گرتەبەرو چەندین دەریاچەو شــاخیان بڕی، کە ئیسپانییەکان پێیان وابوو بڕینی ئەو ڕێگەیە نەك هەر ئاستەمە، بەڵکو کاری لەو شێوەیە هەر ناکرێت.

دوای ســەرکەوتنی لەو شەڕەدا بەسەر هێزەکانی ئیسپانیادا، بولیفار کۆماری کۆلۆمبیــای گەورەی ڕاگەیاند، بووە ســەرۆکی ســەربازی ئەو وڵاتە، کە ئێســتا ناسراوە بە دەوڵەتی کۆلۆمبیاو دەوڵەتی فەنزویلا. کۆماری بولیفار لە پێشڕەوی ئازادکردنی وڵاتانی ئەمریکای باشــور بەردەوام بوو، لە حوزەیرانی ســالّی ١٨٢١ توانی کاراکاس ڕزگار بکات، هەروەها لە ئایاری سالّی ١٨٢٢ ئیکوادۆری ڕزگار کرد، دوای ئەو سەرکەوتنانەی بولیفار هێزەکانی داگیرکەر تەنها پیرۆیان بەدەستەوە مایــەوە، بولیفــار توانی لە ســالّی ١٨٢٤ پیــرۆش ئازاد بکات، جگە لە بەشــی سەرەوەی پیرۆ، کە ئەویش دوای سالێك یاریدەدەرەکەی ئازادی کرد، بولیفاریش بووە یەکەم سەرۆکی کۆماریی کۆلۆمبیا لە ١٧ دیسەمبەری سالّی ١٨١٩.

دوای ســالێك لە ئازادکردنی کۆلۆمبیا، دانانی دەستور بۆ وڵاتی بۆلیفار، بە یەکێــك لە گرنگترین بڕیارە ڕامیارییەکان هەژمــار دەکرێت، ئەوەش بوو بە هۆی مانەوەی ناوی بۆلیفار بە زیندوویی.

بۆلیفــار پێکهاتەی یەکێتییەکی لە ســەرجەم وڵاتەکانی ئەمریکای باشــور لە دژی ئیســپانیا پێکهێنا، ئەوەش بووە هۆی بنیاتنانی پەیوەندییەکی بەهێز لــە نێوان ئەو دەوڵەتانەو دەوڵەتانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام ئامانجەکانی وڵاتی کۆلۆمبیا بەدی نەهات.. لە ســالّی ١٨٣٠ کۆلۆمبیای گەورە بوو بە سێ هەرێمی سەربەخۆ، «کۆلۆمبیا- ئیکوادۆر- فەنزویلا»..

بولیفـــار دووچاری بێهیوایـــی بوو لەوەی کە نەیتوانی بـــە یەکگرتنی ئەو دەوڵەتانـــە خەونەکـــەی بەدیبهێنێت، هەســـتیکرد کە ئەوە گـــرێ کوێرەیەکە لەبـــەردەم ڕێگای ئاشـــتیدا، بولیفار دوای ئەو هەموو تێکۆشـــانو خەباتە، لە ئیبریلی ساڵی ١٨٣٠ دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە.

بولیفار لە ژیانیدا ئەم پۆستانەی وەرگرتووە:-

* دووەم سەرۆکی فەنزویلا.
* یەکەمین سەرۆکی کۆلۆمبیا.
* یەکەمیـــن ســـەرۆکی کۆلۆمبیای گـــەورە کە پێکهاتبوو لـــە «کۆلۆمبیاو فەنزویلاو ئیکوادۆر».
* یەکەم سەرۆکی بۆلیفیا.
* نۆیەم سەرۆکی پیرۆ.

بولیفار وڵات جێدەهێڵێت:

دوای وەرگرتنی ســـەرجەم ئەو پۆســـتانەو خەباتێکی زۆر لە دژی ئیسپان، پاش هەوڵدانو تێکۆشـــانێکی زۆرو بەدەســـتهێنانی ســـەربەخۆیی بۆ تەواوی بولیفیـــاو کۆلۆمبیاو ئیکوادۆرو پیرۆو فەنزویلا، پـــاش ئەوەی توانی نازناوی پادشا وەربگرێت، دوای ئەوەی چەند جارێك کورسی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست. دواتر بڕیاری دا وڵاتەکەی جێبهێڵێت، لەســـەر بانگهێشـــتی کەسێکی ئیسپانیا کە زۆر پێی سەرســـام بوو، بەرەو ئیســـپانیا بەڕێکەوت، ئەوەش بە بڕیارێکی سەرســـوڕهێنەر هەژمار دەکرێت، چونکە ئەو پیـــاوەی کە هەموو تەمەنی لە دژی ئیســـپانیا جەنگاوە، ئێســـتا لەماڵی ئیســـپانییەکداو لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٣٠ کۆچی دوایی دەکاتو بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان دەکات..

پوختە.. بولیفار بە بێ باوکی گەورەبوو، بەڵام توانی ببێتە ئەو سەرکردەیەی کە دژایەتی ئیمپراتۆری ئیســـپانی بکاتو سەربەخۆیی بۆ وڵاتەکەی بەدەست بهێنێت.

# ئەو منداڵە پیاوکانەی
# بوونە پیشەنگ و زانا

# پێشەوا بوخاری

«١٩٤ — ٢٥٦» کۆچی



پێشەوا بوخاری، یەکێکە لەو کەسانەی دوور لە ئامێزو سۆزی باوکی گەورە بووە، بەڵام بێباوکی نەك هەر نەبووەتە بەربەست لەبەردەم بەرەوپێشچوونو گەڕان بەدوای زانستو زانیاریو هێنانەدیی ئامانجو ئاواتەکانی، بەڵکو زیاتر لەو منداڵە ئاساییانەی کە لە ئامێزی دایكو باوکیاندا گەورەبوون، توانیویەتی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.

بوخاری ناوی «محمدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم»ە، لە شەوی هەینی ١٣ شەوالی ساڵی «١٩٤» کۆچی لە بوخارا لە دایکبووە، هەر لە تەمەنی منداڵیدا، باوکی بۆ هەمیشە ماڵاوایی لێدەکاتو بوخاری بە بێباوك گەورە دەبێت. ئیدی لەگەڵ دایكو براکەیدا پێکەوە ژیان دەگوزەرێنن.. بەڵام بوخاری لەبری ئەوەی وەکو هەر منداڵێکی ئاسایی، کاتەکانی لە یاریو گاڵتەوگەپدا بەسەربەرێت، ڕووی کردە مەڵبەندی زانستو زانیاری، بە تایبەت زانستی فەرموودەناسی، خوای گەورە هێزو توانایەکی زۆری لە زاکیرەدا بە بوخاری بەخشیبوو، زیرەکیو توانای بەرزی بۆ لەبەرکردن، کەم وێنە بوو، بەشێوەیەك بوخاری لە تەمەنی شانزە ساڵیدا «حەفتا هەزار فەرموودەی، بە سەنەدو دەقەوە لەبەربووە»!

بوخاری بۆ گەیشتن بە ئاواتو ئامانجەکانیو بەدەستهێنانی زانستو زانیاری، زەحمەتی زۆری چەشتووە، بەربەستو نشێوی زۆر هاتوونەتە سەر ڕێی، جگە لەوەی کە هەر لە منداڵیدا باوکی کۆچی دوایی کردووە، هەر لە تەمەنی منداڵیشدا چاوەکانی لە دەستداوە، بەڵام بە هۆی زۆری نزاو پاڕانەوەکانی دایکیو شیوەنو گریانی بەردەوامی، بۆ چاوەکانی کوڕە تاقانەکەی، خودای گەورە نزاکەی دایکی گیرا دەکاتو چاوەکانی بوخاری چاك دەبنەوەو بینایی بۆ دەگەڕێتەوە.. بێگومان ئەمەش بۆ خودای گەورە ئاسانە، ڕووداوی گێڕانەوەی بینایی بۆ بوخاری، ڕووداوێکی شاراوە نەبووە، بەڵکو خەڵکانی دەوروبەری کە لە سەردەمی خۆیدا بوون، هەمووان بە

چاوی خۆیان بینیوویانە کە بوخاری نابینا بووە، پاشـان گێڕانەوەی بینایی بـۆ بوخارییان بـە چاوی خۆیان دیتـوە، ئەوان بە چـاوی خۆیان هەردوو ڕووداوەکەیان بینیوەو ئەمەش لە کتێبە مێژووییەکاندا بە ڕاشـکاوی باسـی لێوەکراوە.

بوخـاری لە سـاڵی ٢١٠ کۆچـی لەگەڵ دایکو ئەحمەدی بـرای دەڕۆن بۆ سەفەری حەج، پاش کۆتایی هاتنی فەریزەی حەج، دایکیو براکەی دەگەڕێنەوە بۆ بوخارا، بەڵام بوخاری لە مەککە دەمێنێتەوە بەمەبەسـتی شـارەزابوونی زیاتر لە زانستی فەرموودەدا، پاشان دەڕواتە مەدینەی پیرۆز.

لە تەمەنی هەژدە سـاڵیدا لە مەدینە کتێبـی (التاريخ الكبير) دادەنێت، بوخاری بۆ کۆکردنەوەی فەرموودە دروسـتەکان زۆربەی وڵاتانی ئیسـلامی گەڕاوە، لەو بوارەدا نازناوی فەرمانڕەواو پێشەوای فەرموودەی پێبەخشراوە.

بوخاری ژیانی تەرخان دەکات بۆ کۆکردنەوەی فەرموودە ڕاستو دروستەکان، لەم پێناوەدا زەحمەتو ماندووبوونی زۆری چەشتووە، شار بە شارو دێ بە دێ، بۆ کۆکردنەوەی فەرمودە ڕاسـتو دروسـتەکان گەڕاوە، گەر هەواڵیان پێدابێت لای هەر کەسـێك فەرموودەیەك هەیە، لە هەر شـوێنێکی ئەم سـەر زەمینە بووبێت، ڕۆیشـتووە بۆ لایو بیری لە دووریو سـەختی ڕێگە نەکردۆتەوە، بۆ نموونە:-

جارێکیان هەواڵی کەسـێکی پێ دەدەن کە فەرموودەیەکی لایە، بوخاری بۆ وەرگرتنـی فەرموودەکە، دەکەوێتە ڕێ.. یەك مانـگ ڕێگە دەبڕێت، تا دەگاتە ئەو گوندەی ئەو جوتیارەی لێیە، کە فەرمودەکەی لایە، «ڕۆیشتنو گەڕان لەو کاتەدا بە شەمەندەفەرو فڕۆکەو ئۆتۆمبێل، یان کەشتی نەبووە، بەڵکو بە پێ، یا بە سـواری وڵاخ بـووە»، دوای ماندووبوونێکی زۆر کاتێـك دەگاتە لای ئەو جوتیارەی فەرموودەکەی لایە، دەبینێت لەو کاتەدا جوتیارەکە ئەسـپەکەی لە دەسـتی بەربووەو دەیەوێت بیگرێتەوە، بۆ ئەم مەبەسـتە دەستەکانی پێکەوە

لکانــدووەو بانگی ئەســپەکەی دەکات، وەکو ئەوەی نیشـانی ئەسـپەکەی بدات که له نێو دەســتیدا ئالیك هەیە، تا ئەسـپەکەی پێ بخەڵەتێنێتو بیگرێتەوە، لــه کاتێکدا دەســتەکانی خاڵی بووەو هیچ شـتێکی تێدا نەبــووە، که بوخاری ئەم دیمەنە دەبینێت، ســەلامێکی لێدەکاتو دەگەڕێتەوە بێئەوەی دابنیشـێت، جوتیارەکــه بانگی دەکاتو دەڵێت: له ڕێبوارێکی ماندوو دەچیت، بۆچی هاتیو دانەنیشتیو دەگەڕێیتەوە؟

بوخــاری دەڵێــت: بەڵێ، ڕێگەیەکی زۆرم بڕیوە، تا بێــم بۆ لای تۆ.. پێیان وتــم، فەرموودەیەکــت لایە، جوتیارەکە وتــی: بەڵێ فلانە فەرمــوودەم لایە، ئەوە ڕاســتە، بوخــاری دەڵێت: گەرچی ڕێگەیەکــی دوورو درێژم بڕیوە، بەڵام فەرمــووده له کەســێك وەرناگرم کــه درۆ لەگەڵ ولاخــه بێزمانەکەیدا بکات، چونکــه هیچ گرەنتییەك نییه که لەگەڵ منیشــدا درۆ نەکات.. ئێمه فەرموده له کەســانی ڕاستگۆ وەردەگرین، هەر چەنده جوتیارەکه پێداگری کرد که ئەو فەرموودەیەی لایەو ڕاســتگۆیه لــه گێڕانەوەی، بەڵام بوخــاری قبوڵی نەکرد کــه فەرموودەکــه وەربگرێت، بەڕێی خۆیدا گەڕایەوە.. بوخاری، بەو شــێوەیه فەرموودەکانی کۆکردۆتەوە، که لــه پێناوی کۆکردنەوەی هەر فەرموودەیەکدا زەحمەتێکی زۆری کێشاوەو چەندین کیلۆمەتری بڕیوە!

نموونەیەکــی دیکە، ســەبارەت بە لێهاتوویــی بوخاری، له زانســتی فەرموودەدا:- یەکێك له زانایانی فەرموودە دەڵێت: بیســتمان که بوخــاری هاتووە بــۆ بەغداد، زانایانی فەرموودە بۆ هەڵســەنگاندنی پێشــەوا بوخاری کۆبوونەوە، بۆ ئەم مەبەســتە ســەد فەرموودەیان هێنا، ســەرجەمی فەرمودەکانیان هەڵگێڕایەوە، سەنەدی ئەمیان خستە سەر ئەو، مەتنی ئەمیان هێنایــه لای ئــەو، ئەم ســەد فەرموودەیه لەلایــەن دەکەســەوە خوێنرایەوە، هەریەکەیــان «١٠» فەرمودەیــان گێڕایەوە بۆ پێشــەوا بوخاری، ئەویش گوێی بــۆ گرتبــوون، کاتێك هەر یەکەیــان «١٠» فەرموودەکەیان بــۆ خوێندەوە که

تەواوبوون، پێشـەوا بوخاری بەمشـێوەیە وەڵامی دانەوە: یەکەم کەس، یەکەم فەرموودەت بەمشـێوەیە گێڕایەوە، بەو شێوەیە هەڵەیە، ئەمە ڕاستەکەیەتی، فەرموودەکەی بۆ ڕاستکردەوە، پاشان وتی: فەرموودەی دووەمت ئاوا گێڕایەوە، بەوشـێوەیە هەڵەیە، ئاوا ڕاسـتەکەیەتی، هەتا هـەر «١٠» فەرموودەکەی بۆ ڕاست کردەوە، پاشان کەسی دووەم، دواتر کەسی سێیەم، بەو شێوەیە بەردەوام بوو تا هەر ١٠٠ فەرموودەکەی بۆ ڕاسـتکردنەوە. ئەو کات هەمووان، شـاهیدی لێهاتوویی‌و بە توانایيان لە زانستی فەرموودەدا بۆ پێشەوا بوخاری دا.

بەو شـێوەیە، صەحیحی بوخاری بووە بـە دووەم کتێب لە دوای قورئانی پیرۆز، کە موسوڵمانان پشتی پێدەبەستن‌و هەر فەرموودەیەك لە صەحیحەکەی بوخاریدا هاتبێت، موسـوڵمانان بێ دوودڵی وەریدەگرن‌و گومانیان لە دروستی فەرموودەکە نییە!

بوخاری پێش مردنی دەڵێت: فەرموودەم لە هەزارو هەشتا کەس وەرگرتووە، هـەر یەك لـەوان ئەم فەرموودەیان لەلابووە کـە دەفەرمووێت: «الإيمان قول وعمل، يزيد وينقص»، «ئیمان کردارو گوفتارە، زیادو کەم دەکات».

صەحیحـی بوخاری لـە بەناوبانگترین کتێبەکانـی بوخارییە، کە ٧٢٧٥ فەرموودەی لە خۆگرتووە، بوخاری یەکەم کەس بووە کە کتێبی فەرموودەی داناوە، توانیویەتی شـەش سـەد هەزار فەرمووده کۆبکاتـەوە، بۆ گەڕان بە شـوێن فەرموودەداو فێربوونی زانسـتی فەرمووده ئـازارو ناڕەحەتی زۆری چەشـتووە، بوخاری سـەد هەزار فەرمـوودەی صەحیح‌و دوو سـەد هەزار فەرموودەی لاوازی لەبەربووە، بوخاری خاوەنی یادگەیەکی بەهێزو بیرێکی تیژو ناوازە بووە.

بوخاری یەکێکە لەو کەسانەی کە بە بێ باوکی گەورە بوو، بەڵام توانی گەورەترین سەروەری لە ژیانیدا تۆمار بکات.. بوخاری‌و هاووێنەکانی کەسانێك بوون، کە لە دنیا ماندووبوون، بۆئەوەی لە دوارۆژدا بحەسێنەوە!

بەرهەمە بەناوبانگەکانی بوخاری:

١- صحيح البخاري.

٢- الادب المفرد.

٣- رفع اليدين في الصلاة.

٤- التاريخ الكبير.

٥- التاريخ الاوسط.

٦- التاريخ الصغير.

٧- عقيدة اسلامية.

کۆچی دوایی پێشەوا بوخاری:

لــە کۆتایی تەمەنیــدا بوخــاری دەڕوات بۆ ســەمەرقەندو ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە، پاشــان نەخــۆش دەکەوێتو دواجار لەشــەوی جەژنی ڕەمەزاندا لە بەرواری ١/شــوال ســاڵی ٢٥٦ کۆچی، بۆ دواجار چاوەکانی لێکناو لە تەمەنی شەســـتو دوو ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد، موســـوڵمانان دوای نوێژی جەژن نوێژی جەنازەیان لەســـەر کردو دوانیوەڕۆی ڕۆژی جەژن لە ســـەمەرقەند بە خاك سپێردرا.




# پێشەوا شافیعی

**«١٥٠-٢٠٤» کۆچی**

**بەرامبەر« ٧٦٧-٨٢٠» زایینی..**

چرا نالێت ڕێگا تاریکە.. بەڵکو دەڵێت: ئا ئەوە منم، ڕووناکم!



یەکێك بوو لەو کەسانەی بە بێ باوکی گەورەبوو، زانستو زانیاری شافیعی تەواوی جیهانی گرتەوەو بووە ئەو مرۆڤە ناسراوەی کە موسوڵمانان هەمیشە پێویستیان بە ڕاوبۆچوونەکانی هەیە، شافیعی ناوی «محمدی کوڕی ئیدریس کوڕی عەباسی کوڕی عوسمانی کوڕی شافیعی قوڕەیشی»یە، لە ساڵی «١٥٠» کۆچی لە شاری غەززە لە فەلەستین لە دایکبووە، لە دایکبوونی هاوکات بوو لەگەڵ کۆچی دوایی پێشەوا «ئەبوحەنیفە».

ئەو کاتەی دایکی شافیعی دوو گیان بوو، هاوسەرەکەی بە مەبەستی کاروبار چووە دەرەوە، بەڵام قەدەر وابووە کە کۆچی دوایی دەکاتو ناگەڕێتەوە لای خێزانەکەیو شافیعی بە چاوی خۆی باوکی نابینێت، واتە پێش لە دایکبوونی باوکی کۆچی دوایی دەکات، دوای دووساڵ دایکیو شافیعی دەگەڕێنەوە شاری مەککەی پیرۆز.

شافیعی خاوەنی زیرەکییەکی دەگمەنو ناوازە بووە، هەر لە سەرەتای تەمەنیدا دەبێتە قوتابی قوتابخانەی قورئانی پیرۆزو لە تەمەنی «٧» ساڵیدا هەموو قورئانی پیرۆز لەبەردەکات، لە تەمەنی «١٠» ساڵیشدا موتەئی ئیمام مالك لەبەردەکات، لە تەمەنی «١٥»ساڵیدا دەبێتە موفتی..

شافیعی تێکەڵاوی هۆزەکانی هوزەیل بووە، کە خاوەنی پاراوترین زمان بوون، لەوان سوودی زۆری وەرگرتووە، شیعرو پەندەکانیانی لەبەرکردووە..

شافیعی سێیەم پێشەوای موسوڵمانانە، خاوەنی مەزهەبی شافیعییە، دامەزرێنەری زانستی «اصول فقه»، هەروەها مامۆستاو پێشەوایە لە زانستی تەفسیرو زانستی فەرموودەدا، لە ماوەی ژیانیدا بووەتە قازیو بە دادپەروەریو زیرەکی ناوبانگی دەرکردووە، جگە لە زانستی ئایینی، شافیعی شاعیرێکی زمانپاراوو لێهاتوو، گەشتیارێکی بە ئەزموون بووە.

شافیعی لەسەر دەستی شێخو موفتی حەرەم «موسلیمی کوڕی خالدی زەنجیو سوفیانی کوڕی عوەیینەی هلالی» فیقهی خوێندووە، پاشان کۆچی کردووە بۆ مەدینەی پیرۆزو لەوێ دەگاتە خزمەتی پێشەوا مالیکو لای پێشەوا زانستی ئاییتی دەخوێنێت، پێشەوا مالیکیش لەبارەیەوە دەڵێت، هیچ قورەیشییەك نەهاتۆتە لام، بە ئەندازەی شافیعی زیرەك بووبێت..

پاشان چووەتە وڵاتی یەمەنو دواتریش لە ساڵی «١٨٤»کۆچی چووەتە شاری بەغداد، بووەتە قوتابی لای قازی «محمد کوڕی حسن شەیبانی»، وانەی مەزهەبی ئەبوحەنیفەی خوێندووە، بەمەش فیقهی حیجازی کۆکردۆتەوە، مەزهەبی مالکی لە مەدینەی پیرۆز لەسەر دەستی پێشەوا مالیکو مەزهەبی ئەبوحەنیفەی لە عێراق لای محمدی کوڕی حسن شەیبانی خوێندووە، دواتر شافیعی دەگەڕێتەوە بۆ شاری مەککە، ماوەی نۆ ساڵ لە شاری مەککە مایەوەو لە حەرەمی پیرۆز وانەی وتۆتەوە.

پاشان بۆ جاری دووەم لە ساڵی «١٩٥»کۆچی گەڕایەوە شاری بەغدادو لەوێ کتێبی رسالەی داناوە، کە بنەمای دامەزراندنی زانستی «أصول فقه» بووە، ماوەی دوو ساڵ لە بەغداد ماوەتەوە، لەو ماوەیەدا مەزهەبی سەربەخۆی تایبەت بە خۆی وتۆتەوەو پێشەوایەتی کردووە، لە قوتابییە ناودارەکانی شافیعی لە شاری بەغداد «پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، ئەبو سەور، زەعفەرانیو کەرابیسی»ە، دواتر چووە بۆ وڵاتی میسر، لە میسر شافیعی سەر لە نوێ تەسنیفی کتێبی رسالەی کردۆتەوە کە لە شاری بەغداد دایتابوو، پاشان بۆ جاری سێیەم دەگەڕێتەوە بۆ شاری بەغداد، تا ساڵی «٢٠٠» کۆچی لە بەغداد دەمێنێتەوە، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی میسرو لە شاری فستات میوانی عەبدولای کوڕی حەکەم بووە، لەوێ سەرقاڵی وانە وتنەوەو بڵاوکردنەوەی زانست بووە، تا دواجار لە ساڵی «٢٠٤»کۆچی، لە میسر کۆچی دوایی کردووە.

شافیعی خودی خۆی مەزهەبەکەی تەدوین کردووە، لە دانراوە کۆنەکانی شافیعی کتێبی «الحجة»، «کتاب الأم»، کە لە ئێستادا ئەم کتێبە بە حەوت بەرگ چاپکراوە.

مەزهەبی شافیعی لە وڵاتەکانی «حیجازو عیراقو میسرو شامو فەلەستینو عەدەنو حەزرەمەوت، بڵاوبۆتەوە، هەروەها مەزهەبی زۆرینەی خەڵکی ئیندۆنیسیاو سریلانکایەو بەشێك لە موسوڵمانانی فیلپینو هیندو چینو ئوسترالیا پەیڕەوی مەزهەبەکەی دەکەن».

وتەی پێشەواو زانایان سەبارەت بە پێشەوا شافیعی:

* پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە بارەی پێشەوا شافیعییەوە بەمجۆرە دەدوێت: خودای گەورە بۆ سەدەی یەکەمی ئاینی ئیسلام، عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی ناردووەو بۆ سەدەی دووەم پێشەوا شافیعی ناردووە.

هەروەها دەڵێت: شافیعی وەکو خۆر وایە بۆ دونیا، وەکو تەندروستی وایە بۆ خەڵکی.

* رەبیعی موڕادی دەڵێت: شافیعی لە تەمەنی پانزە ساڵییەوە موفتی بووە، هەموو شەوێك شەونوێژی کردووە، تا ئەو کاتەی ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.

* یونسی کوڕی صەدەفی دەڵێت: هیچ کەسم نەبینیوە لە شافیعی عاقڵتر بێت.

* زەهەبی دەڵێت: شافیعی خاوەنی عەقڵێکی حەکیمو زمانێکە کە هیچ قسەیەکی پێ نەکردووە سوودی نەبووبێت.

لە وتە ناودارەکانی پێشەوا شافیعی:

- فێربوونی زانستو زانستخوازی لە نوێژی سوونەت باشترە.

- سەبارەت بە زانایانی بواری فەرمووودە وتوویەتی: ئێوە دەرمانسازن، ئێمەش پزیشك.

- ئەگەر ئاوی سارد زیان بە پیاوەتیم بگەیەنێت نایخۆمەوە.
- زانست ئەوەیە سوود دەگەیەنێت، نەك ئەوەی لەبەردەكرێت.

شافیعیو هەڵوێستێكی ناوازە:-

جارێكیان شافیعی بە سواری ئەسپێكی ڕەسەن بە لای دوو گەنجدا تێپەڕی، یەك لە گەنجەكان وتی: ئەوە «شافیعی»یە، هاوڕێكەی تر وتی: شافیعی كێیە؟ وتی: ئەو زانایەكی پایەبەرزە، خاوەنی چەندین سیفاتی جوانو ناوازەیە، یەك لە سیفەتەكانی ئەوەیە كە هەرگیز سوێند ناخواتو لە قسەكانیدا سوێند بەكارناهێنێت!

هاوڕێكەی وتی: با تاقی بكەینەوە، لەسەر ئەوە ڕێككەوتن كە بڕۆن بۆ لایو پێی بڵێن ئەو ئەسپەی بە تۆیە، هی ئەوانەو لێیان دزراوە، دواتر كێشەكە دەگەیەننە لای قازیو ئەو كات شافیعی، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت كە ئەو ئەسپە هی خۆیەتی، ناچار بە سوێند خواردن دەبێت، بەو شێوەیە پیلانیان بۆ داڕشت، ڕۆیشتنە لای شافیعیو پێیان گوت: كە ئەو ئەسپە هی ئەوانە، شافیعی زۆر بە ئارامییەوە وتی: بەڵام ئەم ئەسپە بە ساوایی بە دیاریی بۆیان هێناوەو خۆم گەورەم كردووە، گەنجەكان لەسەر داواكەیان سووربوون، هەربۆیە كێشەكەیان گەیاندە لای قازی، قازی پرسی: بەڕێز جەنابی «شافیعی» ئێمە دەزانین كە ئەو ئەسپە هی خۆتەو گومانمان لە بەڕێزتان نییە، بەڵام ئەم دوو گەنجە ئامادەن سوێند بخۆن، كە ئەو ئەسپە هی ئەوانە، بۆیە دەبێت بەڕێزتان سوێند بخۆن كە ئەو ئەسپە هی خۆتانە، شافیعی ڕەتی كردەوە كە سوێند بخوات، قازی گوتی، ئەگەر بەڕێزتان سوێند نەخۆن، ئەوا ئەسپەكە دەدرێت بەو دوو گەنجە.

شافیعی: ئامادەم دەست لە ئەسپەكەم هەڵگرم، بەڵام ئامادەنیم، سوێند بخۆم!

دواتر دادگا بڕیاری دا، ئەسپەکە بدات بە دوو گەنجەکە، لەبەرئەوەی شافیعی ئامادە نەبو سوێند بخوات، بەڵام هەر کە گەیشتنە دەرەوەی دادگا دوو گەنجەکە ڕۆیشتن بۆ لای پێشەوا شافیعیو زۆر داوای لێبوردنیان لێکردو وتیان ئێمە تەنها مەبەستمان تاقیکردنەوەی ئەو قسەیە بووە کە بەڕێزتان هەرگیز سوێند ناخۆن.. ئێستا بۆمان دەرکەوت کە بەڕێزتان پابەندن بە بەڵێنەکەتانەوە..

دەزانن پێشەوا شافیعی لە وەڵامدا چی وت؟

وتی: من ئەو ئەسپەم ناوێتەوە، چونکە لێی کەوتمە گومانەوە!!

لە کاتێکدا ئەسپ لەو کاتەدا وەکو ئۆتۆمبیلی ئەم سەردەمە بووە!



# ئەحمەدی کوڕی حەنبەل

## «١٦٤ - ٢٤١» کۆچی



پێشەوا ئەحمەد... لە بەهاری ساڵی «١٦٤» کۆچیدا چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، هەر لە تەمەنی منداڵیدا باوکی کۆچی دوایی دەکات، دوور لە سۆزو نامێزی باوکی لەگەڵ دایکیدا ژیان دەگوزەرێنێت، لەو سەردەمەدا کارکردنو پەیداکردنی بژێوی، بەتایبەت بۆ ئەو منداڵانەی باوکیان ماڵاوایی لە ژیان کردووە، نەریتێکی ئاسایی بووە، بەڵام دایکی پێشەوا لە بری ئەوەی منداڵەکەی ئاراستەی بازاڕ بکات بۆ پەیداکردنی پارەو سامان، ئاڕاستەی مزگەوتی دەکات بۆ پەیداکردنی زانستو زانیاری، پێشەوا هەر لە تەمەنی منداڵیدا تەواوی قورئانی پیرۆز لەبەردەکات، لە تەمەنی «١٥» ساڵیدا دەستدەکات بە خوێندنی زانستی فەرموودەو لەبەرکردنی فەرموودەکانی پێغەمبەر «سەلامی خودای لێبێت»، لە تەمەنی «٢٠» ساڵیدا دەستدەکات بە گەشتی زانستی، لە پێناو بەدەستهێنانی زانستو زانیاریدا چووەتە شارەکانی «کوفەو مەککەی پیرۆزو مەدینەی منەوەرەو شامو وڵاتی یەمەن»، پاشان گەڕاوەتەوە شاری بەغدادو لە ساڵانی «١٩٥-١٩٧» بووەتە قوتابی پێشەوا شافیعی، لە گەورەترینو زیرەکترینو ناودارترین قوتابییەکانی پێشەوا شافیعی بووە، هەروەها زانستی لە زاناو پێشەوایانی عێراق وەرگرتوە، لەوانە:- «ئیبراهیمی کوڕی سەعیدو سوفیانی کوڕی عەیینەو یەحیای کوڕی سەعیدو یەزیدی کوڕی هارونو ئەبوداودی تەیالیسیو وەکیعی کوڕی جەڕاحو عەبدوڕەحمانی کوڕی مەهدی»، دوای ئەوە بووەتە موجتەهیدو خاوەنی مەزهەبێکی سەربەخۆو پێشەوای فەرموودەناسان.

موسنەدەکەی زیاتر لە چل هەزار فەرموودەی لەخۆگرتووە، پێشەوا ئەحمەد خاوەنی زاکیرەیەکی بێ وێنەو بەهێز بووە، شافیعی لە بارەیەوە دەڵێت: هیچ کەسم لە بەغداد بەجێنەهێشتووە، بە ئەندازەی پێشەوا ئەحمەد فەقیهو دونیا نەویستو خۆپارێزو زاناو خاوەن زاکیرەیەکی بەهێز بێت.

پێشـەوا ئەحمەد کەسێکی زۆر ئارامگرو خاوەن ئیرادەو خاوەنی بۆچوونی

دروســـتو بەڵگەی بەهێز بووە، لە وتنی حەقو ڕاستی بەرامبەر خەلیفەکانی ئەو ســـەردەمە زۆر ئازاو بوێر بووە، لەســـەردەمی خەلیفە مەئموندا لەساڵی «٢١٢» کۆچـــی، ناکۆکی ســـەبارەت بە «خلق القرآن» ڕوویـــدا، کە بیروباوەڕی موعتەزیلـــەکان بـــووە، ئەو کات فەرمانی خەلافەت دەرچوو کە هەر کەس دان نەنێـــت بـــەو بابەتەدا ئەوا ســـزا دەدرێتو لە کارو فەرمانو پیشـــەی دەوڵەت دووردەخرێتەوە، هەروەها دووچاری لێدانو زیندان دەبێت..

پێشەوا ئەحمەد بە توندی بەرپەرچی دانەوەو دانی بە بیرۆکەکەیاندا نەنا، وەکو چیایەکی بەهێزی خۆڕاگر بە ڕوویاندا وەستایەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە وانە وتنەوە دووریان خستەوەو سزایان داو زیندانیان کرد تا ساڵی «٢١٨»ی کۆچی، تا ئەو کاتەی خەلیفە مەئمون کۆچی دوایی کردو براکەی موعتەسەم بووە خەلیفە، ئەویش بە هەمان شێوەی خەلیفە مەئمون پێشەوا ئەحمەدی زیندانی کردو فەرمانی کرد ڕۆژانە بە قامچی لێی بدەن، تا لە هۆش خۆی دەچێت، سزای خەلیفە موعتەسەم بۆ پیشەوا ئەحمەد ماوەی «٢٨» مانگ بەردەوام بوو، یەکێك لە جەلادەکان دوای ئەوەی پەشیمان بووەوە دەیگوت: «٨٠» جەڵدم لە ئیمام ئەحمەد داوە، ئەگەر لە فیلم بدایە بێگومان دەکەوت.

ئارامگری پێشەوا ئەحمەد:-

خەلیفە موعتەسەم گفتوگۆیەکی بۆ ماوەی «٣» ڕۆژ سازکرد، لەگەڵ تەواوی زاناو پسپۆڕانی ئەو کاتە سەبارەت بە ڕووداوی «خلق القرآن»، پێشەوا ئەحمەد بە بەڵگەی زۆر بەهێزو دەرخستنی ڕاستیو دروستی بۆچوونەکانی دەیگوت: من کەســـێکم زانســـتێك فێربووم کە هیچ کەس لەو بوارەدا لە من شـــارەزاتر نییە، بەڵگەیەکم لە قورئانو سووننەتدا بدەنێ، تا منیش دان بە بیرۆکەکەتاندا بنێم. هەموو جارێك کە زۆریان بۆ دەهێنا، کە دان بنێ بەبیرۆکەکەیاندا دەیگوت:

چۆن شتێك بڵێم كه نهگوتراوه؟!

خهلیفه موعتهسهم دهیگوت: ئهحمهد تورهمان دهكهیت. قازی به خهلیفهی گوت: جهنابی خهلیفه فهرمان بده بیكوژن، تا له دهستی ئهم كافره ڕزگارمان بێتو ئیسراحهت بكهین.

خهلیفه موعتهســهم وتی: پهیمانم داوه به شــمێر نهیكوژم، فهرمانیش نهكهم به شمشــێر بیكوژن، وهزیرو قازییهكهی پێیــان گوت: فهرمان بكه به قامچی لێی بدهن.. موعتهســهم فهرمانی كرد جهلادهكان ئاماده بن، به یهك لهوانی گوت: به چهند قامچی دهتوانی بیكوژیت؟

وتی: به «١٠» قامچی، وتی لێیده، به لێدانی قامچییهكان پێشــهوا تهواوی جلوبهرگهكانی لهبهردا شــڕو شیتاڵ بوو، به چاوی پڕ له گریانهوه دهیگوت: خودایــه عهورهتــم بپارێــزه، دوای ئــهوهی پێشــهوا بهرگــهی قامچییهكانی جهلادهكهی گرت.. موعتهســهم فهرمانــی كرد جهلادی دیكهی بۆ بانگ بكهن، فهرمانی كرد لێی بدهن.. لهگهڵ وهشــاندنی قامچی یهكهم پێشهوای خۆڕاگرو به ئیمان وتی: بســم الله.. كاتێك قامچــی دووهمیان لێدا، وتی: لاحول ولاقوة إلا بالله.. كاتێكیش قامچی ســێیهمیان لێدا فهرمــووی: قورئان كهلامی خوای گهورهیــهو مهخلوق نییه، لهگهڵ قامچی چوارهمدا ئــهم ئایهتهی خوێندهوه: «قل لن یصیبنا إلا ما كتب الله لنا».

بهو شــێوه بێبهزهییانــه جهلادهكان «١٩» قامچییان لێدا، دواتر موعتهســهم لهوه زیاتر نهیتوانی خۆی ڕابگرێت هه‌ڵساو وتی: ئهحمهد خۆت دهكوژی! سوێند بهخوا من بهزهییم پێتدا دێتهوه، دهسكی شمشێرهكهی له سنگی توندكردو وتی: دهتهوێت بهســهر ههموو ئهو زانایانهدا ســهربكهویت؟!! ههندێك له ئامادهبووان دهیانگوت: واوهیلا بۆ تۆ ئهحمهد، خهلیفه لهســهر ســهرت ڕاوهستاوه، ههندێكی تریــان دهیانگوت: جهنابی خهلیفه فهرمان بــده بیكوژن من خوێنهكهی دهدهم،

هەندێکی دیکەیان دەیانگوت: جەنابی خەلیفە ئەو بەرۆژووەو تۆش لەبەر خۆردا ڕاوەستاوی، مەبەستیان بوو کۆتایی بە سزادانەکەی بهێنن، هەندێکی دیکە گوتیان: بەڵات لێدا ئەحمەد چی دەڵێی: پێشەوا هەروەکو یەکەمجار گوتی: بەڵگەیەکم لە قورئانو سووننەتدا بدەنێ، تا منیش دان بە بیرۆکەکەتاندا بنێم.

پاشان خەلیفە دانیشتەوەو جەلادەکانی بانگ کردەوە، فەرمانی کرد لێی دەن تا برسی دەبێتو بەرگە ناگرێت.. جەلادەکان لێیان دا تا دووبارە لە هۆش خۆی چوو، کاتێك هۆش خۆی هاتەوە کۆتو پێوەندەکەیان لە دەستو قاچی کردەوە، خواردنیان بۆ هێنا، وتی: ناخۆمو ڕۆژووەکەم ناشکێنم.. «سڵاو لەو پاڵەوانە بەرگەی ئەو هەموو سزایە دەگرێت، بە سکی برسیو گەرووی وشكو زمانی بەڕۆژووەوە»!!

پێشەوا دەڵێت: پاش تەواوبوونی سزاو دانیشتنەکەیان هەرچۆنێك بێت ڕۆیشتم بۆ ماڵی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم لەوێ نوێژی نیوەڕۆم کرد، پێیان گوتم: نوێژ دەکەیت لە کاتێکدا جلەکانت خوێنی لێ دەتکێ؟ وتم: پێشەوا عومەر نوێژی دەکردو برینەکەی خوێنی لێ دەچۆڕا!!

کاتێك زانیان هیچ شتێك پێشەوا ئەحمەد لە بیروباوەڕە دامەزراوو بەهێزەکەی پاشگەز ناکاتەوە، ئازادیان کردو ڕێگەیان دا دووبارە بگەڕێتەوە سەر وانە وتنەوە، تا کۆچی دوایی خەلیفە موعتەسەم لە ساڵی «٢٢٧ك» کۆچی، واثق باللە بووە خەلیفە، دووبارە لەسەردەمی واثقدا پێشەوا ئەحمەد دووچاری دەردەسەریو نارەحەتی بووەوەو ڕێگەیان نەدەدا پێشەوا تێکەڵاوی خەڵکی ببێتو وانە بڵێتەوە، بۆ ماوەی پێنج ساڵ، تا ئەو کاتەی خەلیفە واثق باللە لە ساڵی «٢٣٢ك» کۆچی دوایی کرد، متەوەکل خەلافەتی گرتە دەست، خەلیفە متەوەکل پێچەوانەی خەلیفەکانی پێش خۆی «مەئمونو موعتەسەمو واثق» دژی ئەو بۆچوونە بوو کە دەیانگوت: قورئان مەخلوقە، خەلیفە فەرمانی کرد گرنگیدان بە زانستی فەرموودەو دەرخستنی

سوننەتو لەناوبردنی بیرۆکە هەڵبەستراوەکانو ڕووناککردنەوەی سەردەمەکەی بە زانستو زانیاریو هەلگرتنی ئەو نارەحەتییەی لەسەر دەروونی خەڵکییەو گێرانەوەی ڕێزو شـکۆمەندی تایبەت بۆ پێشەوا ئەحمەدو تەنانەت فەرمانی زیندانکردنی ئەو کەسانەشی دا، کە دەڵێن قورئان مەخلوقە.

لە قوتابییە ناودارەکانی پێشەوا ئەحمەد:-

«محەممـەدی کوڕی ئیسـماعیل ناسـراو بـە بوخاری، موسـلیمی کوڕی حەجاجی نەیسابوری، ناسراو بە موسلیم، ئەبوداودو چەندین قوتابی دیکە..».

سەرگوزەشتەیەك لە ژیانی پێشەوا ئەحمەد:-

هەر دوو پێشەوایان «شافیعیو ئەحمەدی کوڕی حەنبەل» لە یەك سەردەمدا ژیاونو زۆر یەکتریان خۆشویسـتووە، بە جۆرێك پێشـەوا ئەحمەد بێ گوێدانە نارەحەتـی ڕێگاو دووری نێوانیان لە عێراقەوە سـەردانی میسـری کردووە، بۆ بینینی پێشـەوا شافیعی.. لە یەکێك لەسـەردانەکانیدا بۆ لای پێشەوا شافیعی، دوای نوێژی ئێوارە دەگاتە میسـر، حەزناکات لەشـەودا لە دەرگای ماڵی پێشەوا شـافیعی بدات، لەبەرئەوە ڕوودەکاتە مزگەوتێـكو چاوەڕوانی نوێژی خەوتنان دەکات، پـاش تەواوبونـی نوێـژ پێشـەوا دەیەوێت ئەو شـەوە لـە مزگەوتدا بمێنێتەوەو بۆ بەیانی بڕوات بۆ دیداری پێشەوا شافیعی، بەڵام لە ناکاو مجەوری مزگەوتەکە خەیاڵەکەی دەپچڕێنیو پێی دەڵێت: دەبێت بڕۆیتە دەرەوە، چونکە مزگەوتەکە دادەخەم، مجەور نایناسیو نازانێت چ زانایەکی پایە بەرزە، پێشەوای خۆبەکەمزانیش خۆی ناناسـێنێتو دەڕواتە دەرەوە، لە بن دیواری مزگەوتەکە دادەنیشێت، کاتێك مجەورەکە دێتە دەرەوە بن دیوارەکەشی پێ ڕەوانابینیو پێی دەڵێت: مەگەر تۆ تێناگەیت، هەڵسەو بڕۆ ئێرە جێبهێڵە، لەو کاتەدا نانەوایەکی نزیك لە مزگەوتەکە دەیانبینێت، بانگی مجەورەکە دەکاتو دەڵێت: وازی لێبێنە

با ئەو میوانە بێت بۆ دووکانەکەی من، پێشــەوا دەڕوات بۆ دووکانی نانەواکە، کاتێك لە لای نانەواکە دادەنیشــێت، دەبینێت نانەواکە بە دەستەکانی سەرقاڵی هەویر شێلانە، بە زوبانیشی بەردەوام یادی خودا دەکات، پێشەوا لێی دەپرسێت: لە کەیەوە بەمشێوەیە یادی خودا دەکەیت؟

نانەواکە دەڵێت: ماوەی بیست ساڵە.

پێشــەوا پرســی: ئایا زیکرو یادی خودا بەو شێوە زۆرە، هیچ بەرهەمێکی بۆت هەبووە؟ نانەواکە وتی: هەر داوایەکم کردبێت خودای گەورە پێی بەخشیوم، تەنها یــەك نزا نەبێت، ئەوەش چاوەڕوانــی بەدیهاتنی دەکەم، پێشــەوا گوتی: دەتوانم بپرسم ئەو نزایە چییە؟

نانەواکە وتی: ئاواتم ئەوەیە بە دیداری ئەحمەدی کوڕی حەنبەل شاد ببم!

پێشــەوا لەوە زیاتر خۆی پێنەگیراو وتی: کەواتە ئەو نزایەشت قبوڵ بوو، ئەو کەسەی ئێستا میوانی تۆیە «ئەحمەدی کوڕی حەنبەلە»!!

نانەوا لە خۆشیدا نەیدەزانی چی بکات، زۆر بەپەرۆشەوەو بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە باوەشی پێداکردو تێر ماچیکرد، پاشان وتی: بفەرموو با دوکانەکە دابخەینو بەرەو ماڵ بڕۆین تا میوانداریت بکەینو خزمەتت بکەین..

پێشــەوا گوتی: لە عێراقەوە هاتووم بۆ میسر بۆ سەردانی پێشەوا شافیعی، هەرگیز پێش ماڵی بەڕێز شــافیعی بۆ هیچ ماڵێکی دیکە ناڕۆم.. ســەیری ئەو خۆشەویستیو وەفادارییە بکە، لەو کاتەدا کە لە مزگەوت دەردەکریو شوێنێك شــك نابات بۆ حەوانەوەو ناشــیەوێت لە شــەودا لە دەرگای پێشــەوا شافیعی بدات، لە هەمان کاتدا نایەوێت پێ بخاتە ماڵی هیچ کەســێکەوە، پێش ئەوەی سەردانی ماڵی پێشەوای هاوڕێی بکات!!

مالاوایی پێشەوا ئەحمەد:-

دواجار پێشەوا ئەحمەد لە ڕۆژی هەینی لە سالی «٢٤١» کۆچی لە تەمەنی «٧٧» سالیدا مالاوایی لە ژیان کردو چاوەکانی بۆ هەمیشە لێکناو دلە گەورەکەی لە لێدان کەوت.. لە ڕۆژی بەخاکسـپاردنی ئەم پێشەوا ناودارەدا، شەقامەکانی شاری بەغداد لێوان لێو بوون لە قوتابیو شوێنکەوتووانی، بە جۆرێك مێژوونووسان دەلێن زیاتر لە سەد هەزار پیاوو شەست هەزار ئافرەت ئامادەی بە خاکسپاردنی پێشەوا ئەحمەد بوون.. ئەو ژمارەیە بۆ ئەو سەردەمە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر بووە..



# پێشەوا غەزالی

«٤٥٠-٥٠٥»ك

هەموو شتێك، سەرەتا بچووكە، پاشان گەورە دەبێت، بەڵام بەڵاو موسیبەت، سەرەتا گەورەیەو پاشان بچووك دەبێتەوە.

## زانای پایەبەرز ئەبوحامدی غەزالی:

نـاوی «محمدی کـوڕی محمد»ە، لە سـالّی «٤٥٠» کۆچی بەرامبەر سـالّی «١٠٨٥» زایینـی لـە طـوس لەدایکبـووە، هـەر لە تەمەنـی منداڵیـدا باوکی کۆچـی دوایـی دەکات، کەسـێکی خێرخـواز، بـۆ ماوەیـەك پەروەردەکردنی گرتۆتـە ئەسـتۆ، دواتـر ناردوویەتیـە قوتابخانەیەکـی خێرخـوازی، تـا لـەوێ فێـری خوێنـدنو نووسـین ببێـتو ژیانیـش بگوزەرێنێـت..

دوای چەند ساڵێك چووە بۆ نەیسابورو لەسەر دەستی فەرامیدی فێری تەسەوف بـووە، فیقهـو زانسـتی کەلامیش لای پێشـەوای حەرەمەین فێربـووە، غەزالی لە ئەنجامی لێهاتوویی‌و زیرەکی‌و بیرتیژیی خۆی، بووەتە زانایەکی ناودارو بەناوبانگ.. چەندین کەس لەسـەر دەسـتی پێشـەوا غەزالی فێری خوێندنو زانستو زانیاری بووە..

غەزالی لە تەمەنی «٣٤» سـالّیدا چووەتە بەغداد، «کە ئەو کات سـەردەمی عەباسـییەکان بوو»، لـە قوتابخانەی نیزامیە بووەتە مامۆسـتا، لەو ماوەیەدا ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردووەو لە زۆرێك لە شـارەکانەوە خەڵکی هاتوون بۆ خوێندن بۆ لای پێشـەوا غەزالی، تەنانەت زۆرجار نزیکەی ٤٠٠ کەس لە زاناو خەڵکانـی پایەدار لە کۆڕەکانیـدا ئامادەبوونو گوێیان بۆ قسـەکانی گرتووەو وتەکانیـان نووسـیوەتەوە، لـەو ماوەیـەدا دوو کتێبی بـە ناوەکانی «مقاصد الفلاسـفة، وتهافت الفلاسـفة» داناوە، دواتر بەغدادی بەجێهێشـتووەو ماوەی «١٠»سـاڵ دونیانەویستی کردووە، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ نەیسابور، ساڵی «٥٠٠» کۆچی دوای چەندین سـاڵ وانەوتنەوەو خزمەتکردن بڕیار دەدات، ئەو ماوەی دیکـەی تەمەنی بۆ خواپەرسـتی‌و پەروەردەکردنی دەروونـی خۆی تەرخان بکات.. ئیدی وازی لە وانەوتنەوە هێناوەو دوور لە خەڵکی ژیانی گوزەراندووە.. تا ئەو ساتەی کۆچی دوایی کردووە.

غەزالـی بە گشـتی بــە یەکێك لە گــەورە بیرمەندە موســوڵمانەکانو بە تایبەتی بە یەکێك لە بیرمەندە گەورەکانی بواری زانســتی ڕەوشت دادەنرێت، چونکە ڕێگا زانستییەکانی پەروەردەکردنی نەوەو چاکسازیی ڕەوشتە نامۆکانو ڕزگاربوونــی مــرۆڤ لێیان ڕوون کردۆتــەوە، بەوەش لە یــەك کاتدا بووەتە بیرمەندو پەروەردەکارو چاکسازی کۆمەڵایەتی.

غەزالی پێی وایە ڕەوشــت پەیوەستە بە دەروونی مرۆڤەوە، نەك جەستەی مرۆڤ، ڕەوشت لای غەزالی شێوەیەکی نەگۆڕی هەیە لە دەروونداو هانی مرۆڤ دەدات بە ئاســانیو بەبێ پێویست بوون بە بیرکردنەوەیەکی دوورودرێژ، کارە ڕەوشتییەکان ئەنجام بدات..

ســەبارەت بــە ژیربێژیو فەلســەفەی پوخــت، غەزالی لە لوتکەدا بــووە، بەڵام ژیربێژی بۆ سەرخستنی دین بەکارهێناوە، فەلسەفەش لای غەزالی سەر لەو کەسانە دەشێوێنێت، کە خاوەنی ژیریو زانستێکی کەموکورتن.

## بەرهەمەکانی پێشەوا غەزالی:

لە گرنگترین کتێبەکانی پێشەوا غەزالی:

* «مقاصد الفلاسفة ٤٨٧ کۆچی».
* «تهافت الفلاسفة ٤٨٨ کۆچی».
* فضائح الباطنية.
* الإقتصاد فى الإعتقاد ٤٨٨ کۆچی».
* «أيها الولد ٥٠١ کۆچی».
* المنقذ من الضلال «٥٠٢ کۆچی».
* المستصفى فى علم اصول الفقه ٥٠٣ کۆچی».
* «الجام العوام عن علم الكلام ٥٠٤ -٥٠٥ کۆچی».

* إحياء علوم الدين «٤٨٨ كۆچى». كە سـەبارەت بەم كتێبە وتراوە «من لم يقـرأ إحياء ليس من الأحياء» واتە: هەركەس إحياء علوم الدين نەخوێنێتەوە لە زیندوان نییە!

ئەمانە لـە بەناوبانگترین دانراوەکانی پێشـەوا غەزالیـن، جگە لەمانەش چەندیـن دانراوی دیکەی هەیە، وەکو «الوسـيط فی المذهب، الوجیز فی فقه الإمام الشـافعی، القسطاس المستقیم، التبر المسبوك فی نصائح الملوك، کیمیاء السعادة».

غەزالی لە بوارەکانی فەلسـەفەو فیقهی شافیعیو زانستی کەلامو تەسەوفو مەنتیق، ڕۆڵێکی کاراو دیاری هەبووە، پێشـەوا غەزالی لە ساڵی «٥٠٥ کۆچی» لە طوس کۆچی دوایی کردووەو بۆ دواجار ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.

غەزالی ئەو منداڵەی بە بێباوکی گەورەبوو، بەڵام بوو بەو زانا پایەبەرزەی کە ناوی بۆ هەمیشە زیندوو بمێنێتەوە.

# سوفیانی ثەوری

## ٩٧ - ١٦١ کۆچی

**بەڕێزترین کەس، ئەو کەسەیە، کە دونیای دەستی هەموو کەسێکی وەلا ناوە.**

**محمد بن علی بن حسین**



## سوفیانی ثەوری:

سـوفیان کوڕی سەعیدی مەسـروقی ثەوری کوفییە، لە ساڵی «٩٧» کۆچی لـە دایکبـووە، باوکی یەکێك بـووە لە زاناکانـی کوفە، بەڵام ڕەنگە سـوفیان زۆرسوودمەند نەبووبێت لە زانستەکەی باوکی، چونکە تەمەنی «٩» ساڵان بوو کە باوکی ماڵئاوایی لە ژیان کردو سـوفیانی تەنها جێهێشـت، دایکی لە ئامێزی گـرتو زۆر بەجوانـی پـەروەردەی کرد، هەر لە تەمەنـی منداڵییەوە لە بری ئـەوەی وەکو نەریتی ئەو کاتە بینێرێت بۆ پەیداکردنی درهەمو دینار، ناردی بۆ فێربوونی زانستی فەرموودەو کۆڕی زانستو زانیاری، بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان دایکی دەستیکردە تەشی ڕستنو لەو ڕێگەیەوە بژێوی خۆیو کوڕەکەی پەیدا دەکرد، ڕۆژێکیان بەرهەمەکەی فرۆشت بە «١٠» درهەمو بانگی سوفیانی کردو وتی: کوڕی شـیرینم ئەوە «١٠» درهەمە، بڕۆ فێری زانسـتی فەرموودە ببە، هەرکات هەستت کرد ئەو زانستەی فێری بوویت کاری لە بیروهۆشو دڵو دەروونو کردەوەت کردووە، وەرەوە تا «١٠» درهەمی دیکەت پێبدەم، خۆئەگەر هیچ کاریگەرییەکی لەسـەر دروست نەکردی، ئەوا واز لە ڕێگەی زانست بهێنە، چونکە زانسـت تەنها کاریگەری لەسـەر کەسانی چاکو دڵسۆز دروست دەکات.. سوفیان ڕێگەی زانستو زانیاری گرتە بەرو لای چەندین زانای سەردەمی خۆی زانستی فەرموودەی خوێندووە..

## بەهێزی یادگەو بیرتیژی سوفیان:-

سـوفیان خاوەنـی زاکیـرەو یادگەیەکی بێ وێنە بووە، خـۆی دەڵێت: دڵم ماڵاوایـی لە هیچ شـتێك نەکـردووە خیانەتی لـێ بکات، هەروەهـا دەڵێت: گوێچکەشم گوێی لە هیچ شتێك نەبووە لە بیری چووبێتەوە.

* جارێکیان چووە ژوورەوە بۆ لای هشامی کوڕی عروە، گوێی بۆ وتەکانی گرت،

پاشان هەموو ئەوەی کە بیستبووی بێ زیادو کەم بۆ ئامادەبووانی دووبارە کردەوە.

* سـوفیان پێشـەوای باوەڕدارانە لە زانسـتی فەرموودەدا، ٣٠٠ سـێ سەد هـەزار فەرمـوودەی لەبەربووە، سـوفیان جگە لەوەی زاناو شـارەزایەکی بێ وێنەی زانستی فەرمووده بووە، لە هەمان کاتدا خاوەن وەرعو دونیا نەویستو خوداپەرستێکی بێ وێنە بووە.

## سوفیان خوداپەرستێکی کەم وێنەبوو:-

* سـوفیان لەگەڵ ئەوەی خاوەنی زانسـتێکی بێ وێنەبوو، بەشـێکی زۆری کاتەکانی بۆ خوداپەرستی تەرخان کردبوو، یەکێك لە پێشینان دەڵێت: سوفیانم بینی لە دوای نوێژی مەغریب سـوجدەی برد، سـەری بەرز نەکردەوە تا بانگی عیشای فەرموو..

* پێشینێکی دیکە دەڵێت: کاتێك لە کەعبەی پیرۆز تەوافم دەکرد، سوفیانم بینی لە سـوجدەدا بوو، حەوت تەوافم کرد، هێشـتا سوفیان سەری لە سوجدە بەرز نەکردبووەوە.. سـوفیان زۆرجار بە درێژایی شەو تا بەرەبەیان دەمایەوە، سەرقاڵی خوداپەرستیو بیرکردنەوە بوو..

یەکێکـی دیکـە لە سـیفەتی خوداپەرسـتی سـوفیان: زۆر دەگریـا، زۆر بیری مردنی دەکردەوە، هەندێك لە پێشـینان دەڵێن: سـوفیان لە هەر کۆڕو کۆبوونەوەیەکدا بووایە باسێکی مردنی دەکرد.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کەسێکی دەروونبەرزو دونیا نەویست بووە، هیچ شتێکی لە کەس قبوڵ نەکردووە، تەنها پشتی دەبەست بە ڕەنجی شانی خۆی، هەمیشە ئامۆژگاری قوتابییەکانی دەکرد کە هەوڵ بدەن لەبەری ڕەنجی شانی خۆیـان بخۆنو داوای هیچ شـتێك لـە کەس نەکەن. سـوفیان دەیگوت: کاری پاڵەوانـەکان ئەوەیە کە ڕزقو ڕۆزی حەڵاڵ پەیدا بکەنو ببەخشـن بە ماڵو

منداڵەکانیان، هەموو جارێك دەیگوت: ماڵو سامانی حەڵاڵ، قەڵغانی باوەڕداره.

سوفیان لەگەڵ ئەو هەموو دونیا نەویستییەو خوداپەرستییەو زانستو زانیارییەی، کەسێکی قسەخۆشو سوعبەت چی بووه..

## دانراوو بەرهەمەکانی پێشەوا سوفیانی سەوری:-

یەکەم کەس بووه کە کتێبی سەبارەت بە زانستی فەرموودەی هەڵبەستراو داناوە لە شاری کوفه، هەروەها دوو کتێبی لەسەر زانستی فەرمووده نووسیوه بە ناونیشانی «الجامع الكبير»، «الجامع الصغير»، هەروەها کتێبێکیشی سەبارەت بە فەرائز نووسیوه.

## وتەی زانایانو پێشینان سەبارەت بە سوفیانی سەوری:-

* پێشەوا مالك لەبارەی پێشەوا سوفیان دەڵێت: جاران عێراق پارەو سامانو پۆشاکی بۆ دەناردین، بەڵام ئێستا سوفیانمان بۆ دەنێرێت!

* پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل سەبارەت بە پێشەوا سوفیان دەڵێت: ئەو پێشەوایەیە کە هیچ کەس پێشی ناکەوێت.

* سوفیانی کوڕی عویینەش دەڵێت: زانایانی فەرمووده سێ کەسن، ئیبنو عەباس، شەعبیو سوفیانی ثەوری!

* پێشەوا زەهەبی لەبارەی سوفیانەوە دەڵێت: لە زانستی فەرموودەدا پێشەوا بووه، لە فیقهدا پێشەوا بووه، سەرکرده بووه لە دونیا نەویستیدا.

## دونیانەویستی سوفیان:-

سوفیان زانایەك بووه لە زانا ناودارەکان، دارو دەستەکەی ئەبوجەعفەر وتیان سوفیان باشترین کەسە کە بیکەینە قازی وڵات، ئەبوجەعفەریش فەرمانی کرد بانگهێشتی بکەن بۆ کۆشك، کاتێك زانای پایەبەرز سوفیانی ثەوری گەیشتە کۆشکی

خەلافەت، ئەبوجەعفەر پێی گوت: دەمەوێت تۆ بکەم بە قازی وڵات.. سوفیان وتی: بەڵام من بۆ پۆستی قازی شیاو نیم، خەلیفە وتی: نەخێر تۆ دەبیت بە قازی وڵات، دووبارە زانای دونیا نەویست پۆستەکەی ڕەت کردەوەو وتی: من شیاوی ئەو پۆستە نیــم، بۆ جاری ســێیەم خەلیفە پێداگــری کردو وتی: بەڵێ تــۆ دەبیت بە قازی.. سوفیان وتی: نەخێر من نامەوێت ببم بە قازی، ئەبوجەعفەر زۆر توڕەبوو، ئاوڕی دایەوەو وتی: شمشــێر بەدەســت. وتی: بەڵێ قوربان.. ڕاخەرو شمشــێر ئامادە بکە، «ڕاخەر: پارچە پێســتێك بووە ڕایان دەخست بۆ ئەوەی خوێنەکە بچێتە ناوییەوە نەکەوێتە ســەر زەوییەکە».. ســوفیان وتی: بە نیازن چی بکەن؟ وتیان ئەتکوژین، وتی: واتە یان دەبێت ببم بە قازی، یان دەمکوژن؟

وتیان بەڵێ، ڕێگەی ســێیەم لە ئارادا نییە، ســوفیان وتی: زۆرباشە جەنابی خەلیفــە، مۆڵەتم بدە تا ســبەینێ، خەلیفە وتی: تا ســبەی مۆڵەتت دەدەین، بەڵام دوانەکەویت.. ســوفیان گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، کاتێك تاریکایی شەو داهات، کەلوپەلەکانی کۆکردەوە، ســەرجەمی کەلوپەلەکانی لە نێوباری ئێســترێکدا جێگــەی بووەوە، ســوفیان نە خێزانی هەبوو، نە مــاڵو منداڵ، نە ئەوەندەش کەلوپەلی هەبووە تا بە چەند وڵاخێك باربکرێت، تەنها لەسەر پشتی وڵاخێك سەرجەمی کەلوپەلەکانی جێگەی بووەتەوە، بەغدادی بە تەواوی جێهێشت.

بۆ ســبەی لە کاتی دیاریکراودا ســوفیان لە کۆشــك ئامادە نەبوو، خەلیفە زۆر چاوەڕێــی کــرد، بەڵام ســوفیان دیــار نەبــوو، دواتر ناردی بــۆ ماڵەوە بەدوایدا، دراوسێکانی پێیان گوتن: هەر شەو باری کردووەو ماڵی جێهێشتووە، ئەبوجەعفەر بەم هەواڵە زۆر توڕەبوو، هەواڵی نارد بۆ سەرجەم ناوچەکان، کە ئەو کات خەلیفە حوکمی شامو میصرو حیجازو نەجدی دەکرد. فەرمانی کرد کە هەرکەس ســوفیانم بۆ بهێنێت بــە زیندوویی، یان بە مردوویی، خەڵاتێکی گەورەی دەکەم!

سوفیان بەرەو یەمەن بەڕێکەوتبوو، بەڵام لە ڕێگەدا خواردنو پارەی لێ برا، هەمــوو ئــەو پارەی پێیبوو، بە هۆی دووری ڕێگەوە تەواو بوو، ویســتی کارێك بکات، ڕوویکردە بێســتانێکو بە خاوەنەکــەی گوت: دەمەوێت مانگێك کارت بۆ بکــەم، بۆئەوەی بــەو کرێیەی کە وەریدەگرم لەبری مانگێك، بەشــی ڕێگەکەم بکات.. خاوەن بێستانەکە ڕازیبوو، بەڵام نەیدەزانی کە ئەو کەسەی کرێکاری بۆ دەکات، سوفیانی ثەورییە، ڕۆژێکیان خاوەن باخ وتی: ئەرێ ئەی لاو، خزمەتکار، سوفیان ڕووی تێکردو وتی: بفەرموو قوربان فەرمانت بە چییە؟

وتی: هێشــویەك ترێی شیرینم بۆ بهێنە، سوفیان هێشویەك ترێی بۆ برد، کاتێك تامی کرد ترێکە ترش بوو، وتی: هێشــویەکی دیکەم بۆ بهێنە، دووبارە ئەو هێشــوەش ترش دەرچوو، خاوەن باخ توڕەبوو، ئایا تا ئێســتا ترێی ترشو شیرین لە یەکتر جیاناکەیتەوە؟!

وتی نەخێر، چونکە تا ئێســتا تامی ترێی بێستانەکەی تۆم نەکردووە تا بزانم کامەیان شــیرینەو کامە ترشە!! خاوەن باخ بەسەر سامییەوە پرسی: سەیرە، ئەوە نزیکــەی مانگێکــە لەم باخەدا کاردەکەیت، تا ئێســتا تامی ترێی ئەم بێســتانەت نەکردووە، بۆچی؟ سوفیان وتی: چونکە تا ئێستا تۆ بە منت نەوتوە دەتوانی ترێی باخەکەم بخۆیت، ئیدی چۆن بیخۆم، ترســام لــەوەی بێ مۆڵەتی تۆ لە باخەکەت بخۆم، خودای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا لێپرســینەوەم لەگەڵدا بکات!! خاوەن باخ سەیری کردو وتی: «ئەگەر سوفیانی ثەوریش بووایە بەو شێوەی تۆی نەدەکرد»..

ســوفیان بێدەنگ بوو، خاوەن باخیش ڕۆیشــت بــۆ دووکانەکەی، ئەو ڕۆژە لەگەڵ هاوڕێیەکی زۆر بەسەر سامییەوە باسی لە هەڵوێستی ئەو کرێکارە کرد، چ وەرعێکــە یەك مانگە لــە باخەکەدا کاردەکات، تامــی میوەیەکی نەکردووە.. هاوڕێکــەی وتی: شــێوەی ئەو کرێــکارە چۆنە؟ کاتێك خاوەن باخەکە وەســفی کرێکارەکەی بۆ کرد، هاوڕێکەی وتی: ئەو کەســەی تۆ باســی دەکەیت، سوفیانی

ئەوری خۆیەتی! خۆزگە سـوفیان بێت، ئەو لە دەستی خەلیفە ڕایکردووەو لای تۆ خۆی شـاردووەتەوە، وەرە با بیدەین بە دەسـتەوە تـا خەڵاتەکەی خەلیفە وەربگرین، هەردووکیان پێکەوە بەهەڵەداوان بەرەوباخەکە ڕۆیشتن، بەڵام پێش ئەوەی ئەوان بگەنە باخەکە، سوفیان باخەکەی جێهێشتبوو، بەرەو وڵاتی یەمەن ملی ڕێگەی گرتبووەبەر!

کاتێـک والی وڵاتی یەمەن زانی کە سـوفیان هاتووە بـۆ یەمەن پێی گوت: تـۆ ئازادی لەوەی دەتەوێـت بمێنیتەوە، یاخود دەڕۆیت بۆ هەر وڵاتێکی دیکە، بەڵام ئەگەر لە ژێر سنوری دەسەڵاتی مندا بوویتایە، ناووناوبانگتم دەپاراست، بۆئەوەی کەس دەستی پێت نەگات.

دواتر گەڕایەوە بۆ شاری مەککەو لەوێ دەستی کرد بە وانە وتنەوەو خزمەتکردن، تا ئەو ساتەی خەلیفە جەعفەر کۆچی دوایی کرد..

دوای ئـەوە دەگەڕێتـەوە بەغـداد، خەلیفە مەهدی پێی دەڵێت: سـوفیان لەگەڵمدابە، تا بتوانین بە شوێن ڕێچکەو ڕێبازی هەر دوو عومەردا بڕۆین، بە وێنەی ئەوان دادپەروەربین.. سـوفیان لە وەڵامدا وتی: ئەی چی لەو کەسـانە دەکەیت کە لە چواردەورتن؟

سـوفیان زۆر ئامۆژگاری خەلیفەی کردو داوای لێکرد کە فەرمان بە چاکە بـکاتو ڕێگری لە خراپە بکات، رەبیع بەرپرسـی پۆلیس بوو، لەو کاتەدا لای خەلیفە بوو، کە گوێبیسـتی سـوفیان بوو بەو شێوەیە قسە لەگەڵ خەلیفەدا دەکات، وتی: جەنابی خەلیفە ڕێگەم بدە با لە ملی بدەم؟

سـوفیان وتی: پاکوبێگەردی بۆ خودا، ئێوە لە دارودەسـتەکەی فیرعەون خراپترن، ئەوان وتیان موسـا مەکوژە چاوەڕێ بکە تاسـبەی، بەڵام تۆ دەڵێی هەر ئێستا فەرمان بدە تابیکوژم.

خەلیفە بە بەرپرسـەکەی خۆی گوت: بێدەنگ بە، بەو شێوەیە قسە لەگەڵ


سوفیانو هاوشـێوەی ئەودا مەکە، ئەوانە دەیانەوێت ئێمە بیانکوژین، بۆئەوەی خۆیان بەختەوەر بنو ئێمەش بەدبەخت بین.

دواتر وتی، سوفیان فەرمانێکت بۆ دەنووسم کە ببیتە قازی وڵات، ئەو فەرمانە جێبەجێ بکە، سـوفیان فەرمانەکەی وەرگرتو ڕۆیشـتە دەرەوە، لە بری ئەوەی دڵخۆش بێت بەو پۆسـتە باڵایـە، فەرمانەکەی فڕێ دایە نـاو ڕووباری دیجلەوە، دووبارە هەڵهاتو ئەمجارەیان بەرەو شـاری بەصرە بەڕێکەوت.. سوفیان لە بەسرە مایەوە تا ئەو ساتەی ماڵاوایی لە ژیان کرد.



# ئیبنولجەوزی

«٥٠٨ - ٥٩٧ کۆچی»



# پێشەوا ئیبنولجەوزی کێیە؟

ناوی «جمال الدین، کوڕی فەرەج، کوڕی عبدالرحمن»ە، لە شـاری بەغداد لە ساڵی «٥٠٨»کۆچی لەدایکبووە، لە تەمەنی سێ ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی کـردووەو بەبـێ باوکی گەورە بـووە، کۆچی دوایی باوکی کاریگەری لەسـەر گەورەبوونو دەرکەوتنی پێشەوا ئیبنولجەوزی نەکردووە، پوری، واتە خوشکی باوکی زۆر دڵسۆزانە هەموو سۆزو خۆشەویستییەکی پێبەخشیو زۆر بەجوانی چاودێری دەکردو ناردی بۆ مەڵبەندەکانی زانستو فێربوون..

هەرچەندە باوکی لە تەمەنی منداڵیدا جێی دەهێڵێتو بۆ دواجار ماڵاوایی لێـدەکات، بـەڵام ئیبنولجـەوزی خۆی تەرخـان کرد، بۆ فێربوونی زانسـتو زانیاری.. ئەو سامانەشی کە لە باوکییەوە بۆی جێمابوو، لە ڕێگەی فێربوونو زانستو زانیاریدا، خەرجیکرد.

لەبەرئـەوە دەبینین، پێشـەوا ئیبنولجەوزی، زیاتر لـە کتێبێکدا باس لە ژیاننامەی خۆی دەکات، هەروەکو لە کتێبی «صیدالخاطر»دا دەڵێت:

هەر کەسـێك هۆگری خۆشـیو شادی بێت، دەبێت سـۆزو خۆشەویستی بۆ خۆی هەبێت، من لە خۆشـیو بەختـەوەریو نازونیعمەتدا گەورەبووم، کاتێك نازو نیعمەتو خۆشیو شادی کەم بوو، شوێنەواری نەخۆشیم تێدا دەرکەوت، کە بوو بە هۆی دابڕانم لە زۆربەی پەرستشەکان، من پێش نەخۆشییەکەم، هەموو ڕۆژێـك پێنج جوزئم لە قورئان دەخوێند، بەڵام لە ڕۆژانی نەخۆشـینەکەمدا، تەنانەت نەمدەتوانی قورئانیش بخوێنم، بە خۆمم گوت: پاروویەك بوومتە هۆی ئەوەی کاریگەری هەبێت، لەسەر خوێندنەوەی پێنج جزء قورئان، کە خوێندنی هـەر پیتێك دە چاکەت بۆ دەنووسـرێت، لە کاتێکدا خـواردن گوێڕایەڵییەکی گەورەیە، بەڵام زۆرخواردن زیانێکی گەورە بە جەستە دەگەیەنێت، مرۆڤی ژیر، خواردنێك دەدات بە جەستەی کە دەگونجێت لەگەڵ جەستەیدا.

کاتێك ئیبن‌ولجەوزی گەورە بوو، هەستیکرد کە پێویستە ئاوڕێك بداتەوە، بە لای فێربوونی زانستو زانیاریدا، گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە کاتێك مرۆڤ دەیەوێت کارێك بکات، هەموو بەڵاو ناڕەحەتییەکانی لەسەر ئاسان دەبێت، لەبەرئەوە ورەبەرزی بۆ فێربوونی زانستو زانیاری، بوو بە هۆی ئەوەی هەموو کۆسپو لەمپەرەکانی ڕێگەی فێربوونی زانستی وەلاناو بە کەم دەهاتنە پێش چاوی، لای پێشەوا ئیبن‌ولجەوزی، فێربوونی زانستو زانیاری، لە بەتامترین خواردن خۆشتر بووە، لەبارەی خۆیەوە دەڵێت: ئەو کاتەی لە قۆناغی داواکردنی زانستدا بووم، سەختترین‌و ناخۆشترین ناڕەحەتییەکان، لەلای من لە هەنگوین شیرینتر بوو، هەموو ناڕەحەتییەکانم فەرامۆش کرد، لە پێناوی ئەو شتەی داوای دەکەم‌و دەمەوێت فێری ببم..

ئیبن‌ولجەوزی دەڵێت: لە بیرم دێت ئەو کاتەی لاو بووم، کولێرەیەکی وشکم بە دەستەوە گرتو بەڕێکەوتم بۆ فێربوونی زانستی فەرموودە، لەبەردەم ڕووباری عیسادا دانیشتم، نەمدەتوانی بەبێ ئاو، کولێرەکە بخۆم، هەر پاروویەك کولێرەم دەخواردو قومێك ئاوم بەسەردا دەکرد، تەنها چاوم لەسەر فێربوونی زانستو زانیاری بوو، لەزەتم لە هیچ شتێك نەدەبینی، هێندەی بەدەستهێنانی زانیاری.

ئیبن‌ولجەوزی هەر لە منداڵییەوە، بە وەرەع‌و دونیانەویستی‌و خۆپارێزی ژیاوە، حەزی بە تێکەڵاویی خەڵکی نەدەکرد، لە ترسی بەفیڕۆچوونی کاتەکانی‌و کەوتنە نێو تاوانەوە، بەردەوام خۆی‌و کاتو گیانی دەپاراست، پێشەوا ئیبن کثیر دەڵێت: ئیبن‌ولجەوزی کاتێك منداڵ بوو، هەرگیز تێکەڵاوی کەسی نەدەکرد، هیچ خواردنێکی گومانلێکراویشی نەدەخوارد، تەنها بۆ نوێژەکانی لەماڵ دەهاتەدەر، هیچ کات لەگەڵ منداڵانیش یاری نەدەکرد.

## حەزکردن بە دابڕان:-

ئیبن‌ولجەوزی، حەزی بە دابڕان دەکردو تێکەڵاوی خەڵکی نەدەکرد، لە پێناوی پاراستنی کاتەکانی‌و نەکەوتنە ناو گاڵتەو گەپەوە، لە «صیدالخاطر»دا دەڵێت: هیچ شتێك لە دونیادا بە ئەندازەی ژیانی تەنیایی زانا بۆ زانستەکەی، خۆشترو چاکتر نییە، هاودەمی تەنیایی، قەناعەتی بە سەلامەتی دینەکەی، لە شتە ڕێگە پێدراوەکان تەنیایی لە پێناو وازهێنان لە تەکلیفکردن لە خەڵکی‌و لەدەستنەدانی ئاینەکەی، ڕازی بێت بە سەربەرزی بژی، خۆی لە زەلیلی دونیاو خەڵکی دونیا بەدوربگرێت، قەناعەت بوون بە کەم، ئەگەر زۆری نەبوو، بەمەش دین‌و دونیای دەپارێزێت، سەرقاڵبوونی بە زانستەوە، دابڕانی لە باخ‌و بێستان، بەڵگەیە لەسەر چاکەکاری زانا.

سەلامەت بوون لە تاوان‌و دەسەڵاتدارو خەڵکی بەگشتی، بە دابڕان بەدەستدێت، بەڵام ئەمە تەنها بۆ زانا دەگونجێت، چونکە ئەگەر کەسی ئاسایی خۆی لە خەڵکی دابڕێت، دەبێت بە کەسێکی خەمۆك‌و گۆشەگیر.

## ڕاوبۆچوونی زانایان سەبارەت بە ئیبن‌ولجەوزی:-

زۆرێك لە زانا پایەبەرزەکان، بە کەسایەتی ئیبن‌ولجەوزی سەرسام بوون، هەر بۆیە وەسفیان کردووەو بە کەسایەتییەکی کەم وێنەو لێهاتوو باسیان لێوە کردووە، ئیبن خەلەکان لە بارەیەوە دەڵێت: ئەو عەلامەی سەردەمی خۆی بووە، لە زانستی فەرموودەدا پێشەوای سەردەمی خۆی بووە، لە زۆربەی هونەرەکانی ژیاندا شارەزا بووە، باسی لە چەند دانراوێکی کردووەو دەڵێت:- کتێبو دانراوەکانی ئەوەندە زۆرن، نزیکە نەژمێردرێن، بەدەستی خۆی شتی زۆری نووسیوە، زۆرێك لە خەڵکی دەڵێن: ئەگەر کتێبەکانی کۆبکەیتەوە لەگەڵ ماوەی تەمەنیدا، بەراوردی بکەیتو کتێبەکانی بەسەر ڕۆژەکانی تەمەنیدا

دابەش بکەیت، ئەوە هەر ڕۆژێك چەندین لاپەڕەی بەردەکەوێت.

حافظی کوڕی دەبیثی دەڵێت: ئیبن‌ولجەوزی قسەی لە هەموو خەڵکی جوانتر بوو، لە هەمووان ڕێکوپێکتر بوو، زمانی لە هەموو کەس شیرینتر بوو، تەمەن‌و زانستەکەی لێوان لێو بوو لە بەرەکەت، خەڵکی زیاتر لە چل ساڵ، گوێیان بۆ وتەکانی ئیبن‌ولجەوزی گرت.

ئیبن کثیر ڕەحمەتی خودای لێبێت، دەڵێت: ئیبن‌ولجەوزی تاقانە بوو، لە لێهاتوویی لە ئامۆژگاریکردن‌و بانگەوازدا، هیچ کەس پێشی نەکەوتووە، لە ڕێگەو ڕێبازو شێوەو ڕەوانبێژی‌و زمانپاراوی‌و زمانشیرینیدا بێوێنە بوو، زۆر بەجوانی لە مانای وشەکاندا ڕۆدەچوو، زۆر بەجوانی مانای وشەکانی لێك دەدایەوە، شتە نامۆکانی دەچوواند بەو شتانەی هەستی پێدەکرێت، تا بە ئاسانی بیسەر لێی تێدەگەیشت، بە شێوەیەك کۆمەڵێك مانای لە وشەیەکی سادەو ساکاردا کۆدەکردەوە.

ئیبن‌ولجەوزی زۆر حەزی بە موتاڵاکردن کردووەو شەیدای خوێندنەوە بووە، سەبارەت بە خوێندنەوەی خۆی دەڵێت: لە ماوەی ژیانمدا، زیاتر لە بیست هەزار کتێبی قەبارە گەورەم خوێندۆتەوەو هێشتا هەر حەزم بە خوێندنەوە بووە.

## قوتابخانەی ئیبن‌ولجەوزی:-

ئیبن‌ولجەوزی، ڕۆڵێکی گەورەو بەرچاوی هەبووە لە خزمەتکردنی کۆمەڵگەدا، قوتابخانەو کتێبخانەیەکی گەورەی دامەزراندووە، کتێبەکانی کردووەتە وەقف، واتە هەموو کەس مافی هەیە بەکاریان بهێنێت.. لە چەندین قوتابخانەی شاری بەغداد وانەی وتۆتەوە.

## پلەو پایەی لە ئامۆژگاری‌و وانەوتنەوەدا:-

هەوڵو تێکۆشانی ئیبن‌ولجەوزی، تەنها لە قەڵەمەکەیدا کۆ نەبووەوە،

دانراوەکانـــی پلـــەو پایەو ناوبانگێکی گەورەیان هەبـــوو، هەروەها ئامۆژگاریو بانگەوازو ڕێنموونی خەڵکی تایبەتو گشتی لە کارە پێشینەکانی بوو.

لە پێناوی خودا لە لۆمەی لۆمەکاران نەدەترســـا، خەلیفەو کاربەدەســـتانو دەســـەڵاتداران لە وانەکانیدا ئامادە دەبوون. جارێکیان لەو کاتەی وتاری دەدا، ئاوڕی دایەوە بە لای خەلیفە «المســـتضیء العبـــاس» وتی: ئەی فەرمانڕەوای باوەڕداران، ئەگەر قســـە بکەم ئەوە لە تۆ دەترســـم، بەڵام ئەگەر بێدەنگ بم، دەترســـم بەڵایەکت بەســـەردا بێت، ئەگەر پێیان وتی: لە خودا بترســـە، زۆر لە کەســـێك چاکترە، کە پێت دەڵێت: ئێوە ئالوبەیتنو خودا لێتان خۆشـــبووە، هەروەهـــا وتـــی: خەلیفە عومەری کـــوڕی خەتاب دەڵێت: ئەگـــەر کرێکارێك، لە ســـتەمێك ئـــاگاداری کردمـــەوە، منیش نەمگـــۆڕی، واتە مافی ســـتەمکارم وەرنەگرتەوە، ئەوە من ستەمکارم!!

ئیبنولجەوزی، هەمیشـــە بەرگری لە حەقو ڕاســـتی کردووە، بەبێ ترسان لە لۆمەی لۆمەکاران، هەمیشـــە دژایەتی بیدعەو خراپەو تاوانی کردووە، دژی دەمارگیری مەزهەبەکانو گوێڕایەڵی کوێرانە بووە، لەم بوارەشـــدا سەرکەوتوو بـــووەو خەڵکی دانیانناوە بەوەی کە لەو بوارەدا کەســـێکی ســـەرکەوتوو بووە، خـــۆی دەڵێت: «خەڵکانێك دەرکەوتن قســـە لەســـەر بیدعـــەو دەمارگیری بۆ مەزهەبـــەکان دەکەن، خوای گەورە یارمەتی دامو ســـەرکەوتین بەســـەریاندا، وشـــەو بۆچوونەکانی ئێمە بەرزبووەوە، بەســـەر بۆچوونو قسەکانی ئەواندا، بێگومان لەبەرئەوەی ئێمە لەسەر حەق بووین».

## ناڕەحەتیو دەردەسەرییەکانی لە پێناوی حەقو ڕاستیدا:

ئیبنولجـــەوزی لـــە کۆتایی تەمەنیدا تاقیکرایـــەوە، ئەویش وەزیری کوڕی یونســـی حەنبەلی لە ویلایەتەکـــەی خۆیدا بە ئامادەبوونـــی ئیبنولجەوزیو

چەندین زانای دیکە، کۆڕێکی سـازکرد بۆ رکن عبدالسلامی کوڕی عبدالوهاب، بڕیاریاندا کە هەموو کتێبەکانی بسووتێنن، کتێبەکانی سەبارەت بەبێ دینیو ئەستێرەپەرسـتیو بۆچوونەکانـی ئەوائیلو چەندین شـتی دیکە بوو، وەزیر فوتابخانەکەی باپیری لێ سەندەوەو تەسلیمی ئیبنولجەوزی کرد.

بەڵام دوای ماوەیەك «ابن القصاب» کە پشتیوانی لە ابن عبدالسلام دەکرد، هەوڵی دەستگیرکردنی وەزیر یونسو هاوەڵەکانی دا، رکن وتی: ئیبنولجەوزی لـە کوێیـە؟ ئەو لـە گـەورە هاوەڵانی کوڕی یونسـە، وەزیـر فوتابخانەکەی باپیرمی بەخشـیوە بە ئیبنولجەوزی، سەرجەمی کتێبەکانی منی بە ڕاوێژی ئـەو سـووتاند.. ئیبن قەصـاب نامەیەکی نارد بۆ خەلیفـە ناصر، کە مەیلی بەلای تەشـەیوعدا هەبوو، تێیدا نووسیبووی کە ئیبنولجەوزی تەسلیمی رکن عبدالسـلام بکات، ئەویش ڕۆیشـت بۆ فوتابخانەکەی ئیبنولجەوزیو قسـەی ناشـیرینی بە زانای پایەبەرز وتو سـوکایەتی زۆری پێکـرد، فوتابخانەکەی داخستو شوێنکەوتووانی بڵاوە پێکرد، پاشان سواری کەشتییەکی کردو بردیی بەرەو شـاری واسـط لە ماڵێکـدا زیندانی کرد، ئیدی خـۆی جلوبەرگەکانی دەشۆرىو چێشتو نانی دروست دەکرد، ماوەی پێنج ساڵ بەوشێوەیە مایەوە..

چەندین ناڕەحەتیو دەردەسەری ڕووی تێکرد، بەڵام ئارامگرتنو ورەبەرزیو خۆڕاگریو وەستان لە ڕووی ستەمکارو ملهوڕان، لە نەریتی زانایانو تێکۆشەرانی دڵسۆزو پایەبەرز بووە.

زانـای پایەبەرز لە ماوەی ژیانیدا، زنجیرەیەك هەوڵی بەردەوامی داوە، بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان زانستو کارکردن بەزانست، بە پەیوەندییەکی بەهێزو پتەو.

لە کتێبی «صيد الخاطر»دا لە ژێر ناونیشانی «العلماء العاملون» وەسفی ئەو زانایانەی کردووە کە شایستەی وەسفن، زەمی ئەوانەش کە شایستەی زەمکردنن..

به كورتی:

پێشـــەوا ئیبنولجـــەوزی، فەرموودەناسو مێژوونووسو زانـــای بەناوبانگی عێـــراق بووەو هەمـــوو قورئانی پیرۆزی لەبەربووە، خاوەنـــی ڕاڤەی قورئانی پیرۆزە. نزیکەی «٢٠٠» کتێبی داناوە.. زانایەکی بەناوبانگو بەئەزموون بووە، خەلیفەو وەزیرەکان، پێشـــەواو گەورەبەرپرســـان، لە دانیشـــتنەکانیدا ئامادە دەبوونو گوێیان بۆ ئامۆژگارییەکانی دەگرت، دەڵێن: هەندێجار لە کۆڕەکانیدا، ســـەد هەزار کەس ئامادەبوون، پێشـــەوا ئیبنولجەوزی دەڵێت: بە پەنجەکانم دوو هەزار موجەلەدم نووسیوە.. لەسەردەستی ئەو، سەد هەزار کەس پەشیمان بوونەتەوەو دەســـتیان لە تاوان هەڵگرتووە.. هەر لەســـەر دەســـتی ئەو، بیست هەزار کەس موسوڵمان بوون.

# شيخ محمدى خال

١٩٠٤ - ١٩٨٩



زانای پایەبەرزی کورد، «مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ، کوڕی شێخ عەلی کوڕی شـێخ ئەمینی خاڵ»٥. لە سـاڵی ١٩٠٤ شێخ محەممەدی خاڵ، باڵایەك لە زانسـتو درەختی زاراوەو زمان، لە گوێ کانیـاوی کلتوری کوردی لە گەڕەکی گۆیـژە لە دایك دەبێت، بەقەد بـاڵای گۆیژە خزمەتی بە ئاینو کلتوری گەلی کورد کردووە، خاڵ هەر لە تەمەنی منداڵییەوە فێرخوازێکی شەیدا بووە، لەو پێناوەشـدا گەلێك هەوڵی داوەو بە خۆشەویسـتیو ڕاسـتگۆییەوە لە جیهانی زانسـتدا قوڵ بۆتەوە، تا گەیشـتۆتە ئاستێکی باڵا، خاڵ سەرەتا لەسەر دەستی باوکی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز فێربووەو دواتریش فەرهەنگی ئەحمەدی تـەواو کردووە، بـەڵام خوێندن لە خزمەتـی باوکیدا زۆر درێژەی نەکێشـا.. چونکە خاڵ لە تەمەنی منداڵیدا بوو، باوکی کۆچی دوایی دەکات!

خـاڵ.. کۆچـی باوکـی نابێتە ڕێگرو بەربەسـت لە گەیشـتن بـە ئاواتو ئامانجەکانـی.. بەڵکو لە پاش کۆچی دوایی باوکی، خاڵ لە کاروانی فێربوونو زانستو زانیاریو سەرکەوتن بەردەوام دەبێتو لای باپیری شێخ ئەمینی خاڵ زانستەکانی بوستانو گوڵستانی سەعدیو زانستەکانی نەحو صەرفو ڕەوانبێژی دەخوێنێتو زۆر بە وردیو وریاییەوە زانسـتەکانی فیقهو ئوصولو مەنتیقو زانسـتەکانی زمانەوانـیو عیلمـی کەلام تـەواو دەکات، خاڵ لـە قوتابخانەی باپیریدا بەڕاسـتگۆییو دەستپاکیو خواپەرستیو ڕازیبوونو دوورکەوتنەوە لە هەڵپەی جیهان، پەروەردە بووە.

خـاڵ لە پێنـاوی کۆکردنەوەی زانسـتو زانیاریو گەیشـتن بـە پلەکانی سـەرکەوتن، چەندین مزگەوتو شارو شـارۆچکەو گوند گەڕاوە، تا دواجار لە سـاڵی ١٩٣٢ سـەرجەم زانستەکانی شـەرعی تەواو دەکاتو لەسەر دەستی شێخ عومـەری قەرەداغی، کە یەکێـك بووە لە گەورە زاناکانی ئەو کاتە، بڕوانامەو ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت!

دوای وەرگرتنــی مۆڵەتی مەلایەتی دەبێتە پێشــنوێژو وتاربێژی مزگەوتی شــێخ ئەمینی خاڵ، لە مزگەوتەکەیدا جگە لە پێشــنوێژیو وتاربێژی، دەست دەکات بە وتنەوەی زانســتە شەرعییەکانو چەندین فەقێی زیرەکو وریا، لای شێخ محمدی خاڵ وانەو زانستە شەرعییەکان دەخوێنن، ماوەی حەوت ساڵ لە پێگەیاندنی فەقێکانی بەردەوام دەبێت، لەو ماوەیەدا خاڵ وەك چرای ئەدەبو زانســتو ئاین، لە مزگەوتی شــێخ ئەمینی خاڵ لە ســلێمانی دادەگیرســێتو کتێبخانەو باخچەو ئەدەبی کوردی گوڵاوپرژێنو پاراوتر دەکات!

مامۆســتای خــاڵ کەســایەتییەکی کۆمەڵایەتــیو ڕەوشــتجوانو زمانپاکو دڵفــراوانو مێشــك کراوەو لەســەرخۆ بووەو تــاڕادەی خواپەرســتی باوەڕی بەڕاســتگۆییو لێبووردنو ڕێزگرتن لە مــافو دادوەری هەبووە، خاڵ لەناخی دەروونییەوە دژی هەموو جەورو ستەمێك بوو، کە لە نەتەوەکەی دەکرا.

* لە ســاڵی ١٩٣٤ دەســتی کردووە بە نووســینی یەکەم تەفسیری کوردی کــە لــە جزئی عەممەوە دەســتی پێکردو لە ســاڵی ١٩٣٥ چاپکــراوە. خاڵ لە مــاوەی ژیانیــدا نزیکەی حەوت جوزئی قورئانی پیرۆزی بە زمانی شــیرینی کوردی تەفسیر کردووە، بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەداوە بۆ تەواوکردنی سەرجەم قورئانی پیرۆز.

* خاڵ یەکەم کەس بووە کە فەرهەنگی بە زمانی ڕەســەنی کوردی داناوە، واتــە لــە کوردییەوە بۆ کــوردی، چونکە وەك خۆی دەڵێــت: ئەگەر فەرهەنگ هەبوو، گەل هەیە، ئەگەر فەرهەنگ نەبوو گەل نییە.

شــێخی خاڵ نووسەرێکی لێهاتوو بوو، نووسینەکانی بە کوردییەکی ڕەسەنو ئەدەبی نووسراوە، زمانەکانی عەرەبیو فارسی زۆر بە باشی زانیوە، بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی ڕۆشنبیرانی عەرەبی سەرسام کردووە، حەزی بە خوێندنەوەی ئەدەبو شیعرو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کردووە.

* بــه هــۆی شــارەزایی‌و لێهاتوویی‌و قاڵبوونەوەی لە ســەرجەم زانســتە شــەرعییەکاندا، بەشــداری تاقیکردنەوەیــەك دەکات لــە شــاری بەغــداد، کــە تاقیکردنەوەکە بۆ بەدەســتهێنانی پۆســتی قازی بووە، شــێخ توانی لەو تاقیکردنەوەیــەدا پلــەی یەکەم بەدەســت بهێنێت، ســاڵی ١٩٣٩ بــە فەرمانی پاشایەتی دەبێتە یەکەم قازی شاری موسڵ، شێخ محمدی خاڵ ماوەی بیستو هەشــت ســاڵ لە دادگاکانی ســلێمانی‌و هەڵەبجەو کەرکوك‌و چەمچەماڵ کاری کــردووە، لە ماوەی کارکردنیــدا زۆر دادپەروەرانە بووە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی زۆر خۆشیان ویستووە، ناوبانگی وەك قازییەکی بوێرو بە توانا دەنگ دەداتەوە، پاشان بە فەرمانی پاشایەتی دەبێتە یەکەمین ئەندامی دادگای پێداچونەوە لە بەغدا.

* لــە ســەرەتای چلەکانــدا شــێخ محمــدی خــاڵ دەچێتــە نێــو دنیای ڕۆژنامەگــەری‌و چەنــدیــن لێکۆڵینــەوەی زمانەوانی‌و ئەدەبــی‌و توێژینەوەو لێکدانەوەی بۆ قورئان لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکردۆتەوە، بە هۆی بلیمەتی‌و توانــا هەمەلایەنەکانیشــییەوە لەســەرجەم بوارەکانــدا ناووناوبانگــی بەنێو نێوەندە ڕۆشــنبیرییەکاندا بڵاودەبێتەوە، خاڵ لە ڕێــی بەرهەمەکانییەوە لە خزمەتکردنی زمان‌و مێژوو کلتورو کتێبخانەی کوردی، بووە پێشەنگ‌و ڕابەری ڕۆشنگەری‌و ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەبووە.

## بەرهەمەکانی خاڵ:

* تەفسیری خاڵ.

* فەرهەنگی خاڵ.

* پەندی پێشینانی کوردی.

* دەستنووسی نامەخانەکان.

* ڕۆژنامەگەری.

کۆمەڵگـەی مرۆیــی چ لە مێژووی دێرین، چ لە مێــژووی نوێو لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشــدا بەســەر چەندین میللەتو نەتەوەو تیرەو هۆزدا دابەش دەبن، کە هەریەکەیان خاوەنی زمانی خۆیەتیو هەر زمانێکیش خاوەنی خەسڵەتو ئاوازو ڕواڵەتو ناوەرۆکی تایبەتە، جیاواز لەوانی تر، بە شـێوەیەك بەر لە سـنوری جوگرافی زمانەکان، جۆری نەتەوەو گەلانی جیهان لە یەکتر جیا دەکەنەوە، شێخ محەمەدی خاڵ لە پێشەکی فەرهەنگەکەیدا زمان بە ئامرازو میکانیزمی گەیاندنی خەیاڵو بیر، لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی ترو بۆ لێکتێگەیشتنو نزیکبوونەوەی گەلان وەســف دەکات، بۆ ئەوەی گەلان بە ژیری لە یەك تێبگەنو بە ئاشــتیش پێکەوە بژیــن، زمان لە دیدی خاڵدا گەورەترین شۆڕشــی لە بیرو هۆشــی مرۆڤایەتیدا بەرپا کردووەو هەر بە هۆی زمانیشــەوەیە کە شارســتانییەتی مرۆڤایەتی بەم قۆناغە بەرزەی ئێستا گەیشتووە، بۆیە خاڵ دەڵێت: هەر گەلو نەتەوەیەك زمانو فەرهەنگــی هەبوو میللەتێکی زینــدووە، هەر گەلێکیش زمانی کۆکراوەی نەبوو، بــە زیندوو هەژمار ناکرێت، لەســەر گرنگی زمان خۆی بەم شـێوەیە دەدوێت: زمان بۆ گەلان لە هەموو قەڵایەکی ئاسنینو لە هەموو قوللەیەکی مسین باشترو چاکترە، چونکە قەڵا داگیر دەکرێو قوللەش تێك دەشکێنرێت، بەڵام زمان لەناو ناچێت، لەبەرئەوە گەلی ژێردەستەی خاوەن زمان، وەك ئەو دیلە وایە کە کلیلی بەندیخانەکەی لە گیرفاندا بێت، ڕۆژێك دێت ڕزگاری دەبێت.

خاڵ ســەرچاوەی زمانــی کوردی دەباتەوە بۆ ســەر زمانی ئارییو هەروەك ئینگلیزیو فەرەنســیو فارسیو ئەڵمانیو ئیســپانیو یۆنانی، زمانی کوردیش بــە لقێــك بە زمانی ئاری لە قەڵەم دەدات، بۆ ســەلماندنی بۆچوونەکەیشــی بەراوردێکــی زانســتی وردی لــە نێوان زمانــی ئینگلیزیو فەرەنســیو زمانی کوردی کردووە، چەندین وشــەی هاوبەشــی ئەو زمانانەی لە بەرامبەر زمانی کوردی داناوە کە لە ڕووی ماناو فۆنەتیکەوە هاوماناو ئاوازنو لە ناوەرۆکیشدا

هاومانان؛

| ئینگلیزی | کوردی |
| --- | --- |
| باد | بەد – خراپ |
| جەکەل | چەقەڵ |
| برۆو | برۆ |
| درۆپ | دڵۆپ |
| لالالاب | لای لایە |

| فەرەنسی | کوردی |
| --- | --- |
| ژەنو | ئەژنۆ |
| نوێ | ناو |
| پاپیلۆن | پەپوولە |

بەم شێوەیە ڕەگو ڕیشەی زمانەکانی فارسیو کوردیو فەرەنسیو ئینگلیزیو ئەڵمانی دەباتەوە سەر زمانی ئاریو نەتەوەی کوردیش بە کۆنترین نەتەوەی ئاری دەزانێت، لەو بڕوایەشدایە کە زمانی کوردی سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر بەهێزترینو دەوڵەمەندترین زمان بووە، کە دواتریش بە هۆی هەلومەرجی سیاسیو ئابووریو جوگرافیو کۆمەڵایەتییەوە، ئەم زمانەی بەسەر چەند شێوەزارێکداو لە سنووری خاکی کوردستانی گەورەدا دابەش بووە.

سنووری کوردستانی گەورە کەمێك لە سەرو کەنداوی فارسی بە دیوی ئێراندا دەست پێدەکاتو بە قەراغ شاری شیرازو ئەسفەهانو کاشانو هەمەدانو تەورێزو ئەریواندا دەڕواتو درێژ دەبێتەوە بە ئەرزەرۆمداو پا دەداتەوەو لە خوار دەریای ڕەشەوە شۆڕ دەبێتەوەو لە ژووروی شاری ئازەربایجانەوە دەڕوات هەتا دەگاتە ئەسکەندەروونە، ئینجا دێتە خوارەوە بە ژوور حەڵەب

تا دەگاتە ڕۆژئاوای سنجارو بەرۆژهەڵاتی بەغدادا تێپەڕ دەبێت، تا دەگاتەوە مەندەلی.

لە رووی ڕێزمانو ئاوازی زمانیشەوە خاڵ بە وردیو زانستی، باس لە یاساو ڕێساکانی ڕێزمانی کوردی دەکاتو ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەندە لە وشەو زاراوەداو بەپێزە لە ناوەڕۆکو تۆکمەو پتەویشە لە فۆرمدا، خاڵ دەڵێت: ئەگەر زمانی کوردی پتەو نەبوایە بەرگەی هەموو ئەو ڕۆژگارە دژوارو سەختەی نەدەگرتو هەرزوو وەك چەندین زمانی تر کە تیاچوون، زمانی کوردیش تیا دەچوو، لەبەرئەوە تا ئەمڕۆش فەرهەنگی خاڵ بە گەورەترین گەنجینەی زاراوە کوردییەکان دادەنرێتو ئەو فەرهەنگە نۆبەرەی فەرهەنگی «کوردی – کوردی»یە، بە سەرجەم شێوە زارەکانەوە.

لەبەرئەوە دەتوانین شێخ محەمەدی خاڵ بە تانینی زمانەوانی هندیو ئیبنو مەنزوری عەرەبی کە خاوەنی «لسان العرب»ن، بچوێنین، یەکەم ڕۆشنبیری کوردە کە خەمی جوگرافی کوردستانی گەورە بووبێتو بە قەڵەمە پڕ برشتەکەی پڕۆژەی زمانی گەلەکەی گەڵاڵە کردووەو زۆرێك لە زاراوەو وشەی کوردی لە فەوتانو لەناوچوون پاراستووە، بۆ ئەم مەبەستەش وەك خۆی ئاماژەی پێ دەکات گەلێ کۆششی کردووەو ڕەنجی زۆری داوە، تەنانەت بۆ گەیشتن بە ڕاستیو بنجو بناوانی ئەو وشانەی کە کۆی کردوونەتەوە، چەندین کوێرە دێی کوردستان گەڕاوە، خۆی دەڵێ بۆ دەستخستنی زاراوە کوردییەکان، چووە بۆ لای ڕاوکەرو جوتیار، هەندێجاریش چووە بۆ لای ناڵبەندو کەوشدروو، لەگەڵ بڵاوبوونەوەشیدا فەرهەنگی خاڵ لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکاندا بە گەرمی پێشوازی لێ کراو لە لایەن پیرەمێردو تۆفیق وەهبیو ئەمین زەکی بەگو چەندین نووسەرو ڕۆشنبیری کوردەوە، بە پرۆژەیەکی زۆر گەورەو تۆکمە لە قەڵەم دراو بە سەرەتاو بناغەش بۆ فەرهەنگەکانی پاش خۆی نرخاندوویانە.

تێکشکاندنی بەربەستەکانی گۆشـەگیریو تێکەڵاوی خاڵ، لەگەڵ سەرجەم چینو توێـژە جیاوازەکانی کۆمـەڵ تێگەیشـتنو بیرفراوانی ئـەو لە ئاین دەسـەلمێنێت، ئەمـەش بـەو واتایەی کە ئایـن چۆن چەمکێکـی ڕۆحییەو پەیوەندی تاك بە پەروەردگارەوە ڕێك دەخات، بە هەمان شێوە ئاین چەمکێکی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریشـە، ڕەگو ڕیشەی بە نێو سـەرجەم کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا شـۆڕ بۆتەوە، هەر لەم سـۆنگەیەوە خاڵ بە پێویستی زانیوە کە مامۆسـتایانو زانا ئاینییەکان بەم تێگەیشـتنەوە وێنەی ئاینی ئیسلام بکەن. خاڵ خۆی هەر بە جلوبەرگی مەلایەتییەوە سەرۆکایەتی لقی سلێمانی یەکێتی نووسەرانی کوردی کردووە.

زانسـتی تەفسـیرو ڕافەکردنی قورئانی پیرۆز، گرنگترینو هەسـتیارترین چەمکە لە زانستە ئیسلامییەکاندا، لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامەو پاشان لەگەڵ پێشـکەوتنو فراوانبوونو جیابوونەوەی زانستەکان ڕافەی قورئان بە شێوەیەك فراوان بوو، کە چەندین لقو پۆپی لێ جیابۆتەوە دواتریش ئەم زانستە زۆرترین پانتایی لە نێو زانسـتە ئیسـلامییەکاندا وەرگرت، بە شـێوەیەك کە دەوترێت تەواوی زانستەکان ئامرازێکن بۆ شیکردنەوەو تێگەیشتن لە قورئان.

کتێبخانەی کوردی تا سەردەمی خاڵ لەم بوارانەدا هەژار بووە..

* لایەنێکی دیکە کە شـێخ محمدی خـاڵ ئاوڕی لێداوەتەوە، بریتی بووە لە زیندووکردنەوەی دەستنووسە کۆنەکان، کە ئەگەری فەوتانو لەناوچوونیان هەبوو، بەڵام خـاڵ لە زیندووکردنەوەو نوێکردنەوەی دەستنووسـە کۆنەکان ڕۆڵێکـی باڵای گێڕا، کە مێژوویان بۆ زیاتر لە هەزار سـاڵ دەگەڕێتەوە. خاڵ ٦٤٦ دەستنووسـی کۆکردۆتەوەو شـوێنی بۆ تەرخان کردوون. لە ڕێگەی چەند وەفدێکەوە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق هەوڵی گواسـتنەوەی ئەو دەستنووسـانە دەدەن بۆ بەغداد، تەنانەت لەو کاتەدا سـەرۆك کۆماری عێراق

چەكێكی دەخاتە بەردەســتو دەڵێت: چەندت پێویستە بینووسەو واژۆی بكە، لەبەرامبەر ئەو دەستنوســانەدا، خاڵ دلێرانە ڕەتــی دەكاتەوەو دەڵێت: ئەمە سەروەتو سامانی كوردەو تەنانەت ناتوانم یەك لاپەڕەشی بفرۆشم..

* خــاڵ لەگــەڵ ئامادەكردنی ڕافــەی قورئانی پیرۆزو یەكــەم فەرهەنگی كوردیو كۆكردنەوەی دەستنووســە كۆنەكان، بەســود وەرگرتــن لە كتێبخانە دەوڵەمەندەكــەی، كــە كتێبخانەكەی خاڵ نزیكەی پانــزە هەزار كتێبی لەخۆ گرتــووە، ڕۆڵــی گەورەی لــە بزاڤی ڕۆژنامەگــەری كوردیدا گێــڕاوە، خاڵ لە چلەكاندا وەك یەكەم مامۆستای ئاینی دەچێتە بواری ڕۆژنامەوانیو لە لایەكەوە كار لەســەر شــیعری ئەدیبانی كوردو كار لەسەر بوژانەوەی فەرهەنگی زمانو كەلەپورو فۆلكلۆری كوردیو لەلایەكی دیكەشــەوە، كار لەسەر ڕاستكردنەوەی تێڕوانینە باوەكانی ئەو كاتە لەبارەی پەیامو دەقەكانی قورئان دەكات.

* كۆی شــاكارەكانی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا لە كتێبی ناڵەی دەروونـدا لە دوو توێی دوو بەرگدا بڵاوكردۆتەوە، بەم بەرهەمەشی خزمەتێكی گەورەی بە زمانــی كوردی كردووە، خوێنەر كاتێك ئەم بەرهەمە دەخوێنێتەوە گەورەییو لێهاتوویی نووســەری بــۆ دەردەكەوێــت! هەروەها چێژی بابەتو نووســینو دەوڵەمەندی زمانی كوردی دەكات.

ئەمەش خەسڵەتی نووسینەكانی شێخ محمدی خاڵ بوو.

ئەگەر بە وردی لە ژیانی شێخ محمدی خاڵ بڕوانین دەبینین، ئەم مامۆستا بەڕێزە وەكو دەزگایەك كاری كردووە:

* یەكەم كەس بووە كە ڕافەی قورئانی پیرۆزی داناوە.

* یەكەم كەس بووە كە فەرهەنگی زمانی كوردی نووسیوە.

* قازییەكی لێهاتوو دادپەروەرو بەناوبانگ بووە.

* نووسەرێكی لێهاتوو بە ئەزموون بووە.

* پێش نوێژو وتاربێژو مامۆستای ئاینی بووه.

لــه کۆتایی تەمەنیدا بە هۆی خوێندنەوەوە، خاڵ چاوێکی لەدەســت داوە، مامۆستاو دڵسۆزانو کەسوکاری داوای لێدەکەن، کە ئیدی ئەوەندە نەخوێنێتەوە، چونکە چاوێکی لە خوێندنەوەدا داناوە، لە وەڵامدا دەڵێت: چاوێك لە پێناوی خوێندنەوەدا نەڕوات بۆچی باشە!

خــاڵ بــەردەوام دەبێت لە خزمەتو خوێندنەوەو نووســین، تا ئەو کاتەی بە تەواوی بینایی لە دەســت دەدات.. ڕۆژێك کوڕەکەی بانگ دەکاتو دەڵێت، بمبە بــۆ کتێبخانەکەم، کوڕەکەی دەیبات بۆ کتێبخانەکەی، خاڵ بە کوڕەکەی دەڵێت: دەستم بخەرە سەر کتێبەکانم، ئەویش دەستی دەگرێتو دەیخاتە سەر کتێبەکانی، بە قووڵی هەناسەو هەنسك هەڵدەکێشێو لە ناخەوە بۆ هاوڕێیەتی کتێبەکانی کتێبخانەکەی گریاوە.

## کۆچی دوایی شێخ محمدی خاڵ:


بێگومــان مەرگ مەودای هیچ مرۆڤێك نادات تا ســەر لە ژیان بمێنێتەوە، بە دڵنیاییەوە هەر ڕۆژێك دەبێت ماڵاوایی لە ژیانو خۆشەویســتانو دۆستانی بــکات، خاڵیش وەك کەڵە پیاوانو زانا پایەبەرزەکانی پێش خۆی، لە بەرواری ١٩٨٩/٨/١٥ لە ماڵەکەی خۆیدا، دواجار چاوەکانی لێکناوەو بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان دەکاتو کۆچی دوایی دەکات.

مامۆســتا شــێخ محەمەدی خاڵ لە دوای خۆی ٤٠ بەرتووکی لەچاپدراوی بەجێهێشــتووە، کە زانســتەکانی «لێکدانەوەو زمانەوانی، وێژەیی، بانگخوازی، مێژوویی،...هتد» لە خۆ دەگرن.



# شێخ عەبدوڕەحمان سەعدی

**«١٣٠٧-١٣٧٦» کۆچی**



## شێخ عبدالرحمان سەعدی کێیە؟

سەعدی ناوی «عبدالرحمن کوڕی ناصری کوڕی عەبدولا»یە، لە بنەماڵەی سەعدی لە هۆزی تەمیمە، لە بەرواری ١٢ موحەڕەمی سالی «١٣٠٧»ی کۆچی لە شارۆچکەی عەنیزە سەر بە پارێزگای قەصیم لەدایکبووە، شێخی سەعدی تەمەنی چوارسالان بووە، کە ئەزیزترین کەسی ژیانی، دایکی میهرەبانی مالاوایی لە ژیان کردووەو شێخی سەعدی بێناز جێهێشتووە، مردنی دایکی کۆتا خەمی شێخی سەعدی، یاخود بلێین ئەو «منداڵە چوار ساڵانەی ئەو کات» نەبوو، بەڵکو لە تەمەنی حەوت ساڵیدا باوکیشی کۆچی دوایی کردو بۆ هەمیشە مالاوایی لە ژیانو لە کوڕە تاقانە بێنازەکەی کرد، لێرەوە ژیانێکی سەخت دەست پێدەکات، تەمەنی تەنها حەوت ساڵە، نە دایکی لە ژیاندا ماوە، نە باوك، ئیدی شێخی سەعدی بەبێ باوكو دایك گەورە بوو، دوور لە نازی دایكو بە دەر لە ئامێزی باوکی ژیانی منداڵیو هەرزەکاری گوزەراند، بەلام مردنی دایكو باوکی نەبووە هۆی بەلاڕێدا ڕۆیشتنی شێخی سەعدی، بەڵکو لەسەر جوانترین پەروەردەو باشترین ئاکارو ڕەفتار گەورەبوو، هەر لەسەرەتای تەمەنییەوە بە زیرەکیو بیرتیژیو حەزو ئارەزووی بۆ خوێندنو زانستو زانیاری بەدەرکەوت.

شێخی سەعدی دوای کۆچی دوایی باوکی دەستیکرد بە خوێندنی قورئانی پیرۆز، کاتێك تەمەنی گەیشتە پانزە ساڵ، تەواوی قورئانی پیرۆزی لەبەرکرد، پاشان خۆی سەرقاڵ کرد بە خوێندنو فێربوونی زانستو زانیاری، لەلای گەورە زانایانی سەردەمی خۆی، دوای تێکۆشانو هەوڵدانو ماندووبوون بۆ فێربونی زانستو زانیاری، توانی سەرجەم زانستە شەرعییەکان فێرببێت، کاتێك تەمەنی گەیشتە ٢٣ ساڵ، بووە مامۆستاو وانەی دەگوتەوەو لە هەمان کات وانەشی دەخوێند. شێخی سەعدی هەموو کاتەکانی تەمەنی لە فێرکردنو

فێربوونی زانستدا بەسەر بردووە، تەواوی خوێندکارەکانی بە پەرۆشەوە هەوڵیان دەدا زانست لە شێخی سەعدی وەربگرن.

هەندێك لە مامۆستاکانی شێخی سەعدی:

* یەکێك لە مامۆستاکانی شێخی سەعدی کە زانستی لێوەرگرتووە، «شێخ ئیبراهیمی کوڕی حەمدی کوڕی جاسر»ە، ئەو یەکەم کەس بوو قورئانی پیرۆزی لەلاخوێند، شێخی سەعدی ئەم مامۆستایەی بە مامۆستای فەرمووده وەسف کردووە، مامۆستای بە دونیا نەویستو خوداناسو خۆشەویستی بۆ هەژارانو بەدەمەوەچوونیانو جێبەجێکردنی پێداویستیەکانیان وەسف کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی داراییەوە کەسێکی دەستکورت بووە..

* یەکێکی دیکە لە مامۆستاکانی شێخی سەعدی، «محمدی کوڕی عبدالکریمی شەبل»ە، وانەکانی فیقهو زانستی زمانی عەرەبیو چەند وانەیەکی دیکەی لە لاخوێندووە..

* یەکێکی دیکە لە مامۆستاکانی «صاڵحی کوڕی عوسمانی قازی»ە، وانەکانی یەکتاپەرستیو ڕاڤەی قورئانو فیقهو ئوصولو لقەکانیو زانستی عەرەبی لەلا خوێندووە، لە هەمووان زیاتر لای ئەم مامۆستایە خوێندوویەتیو پەیوەست بووە پێوەی، تا ئەو ساتەی ماڵاوایی لە ژیان کردووە.

* هەروەها لای ئەم مامۆستا بەڕێزانەش زانستی فەرموودەی خوێندووە:- «عبداللەی کوڕی عایض، شێخ صعب تویجری، شێخ علی سنانی سخی علی ناصر نەبووادی»، هەروەها ئیجازەی لەسەر دەستی ئەم مامۆستایانەش وەرگرتووە، «شێخ محمد کوڕی شێخ عبدالعزیز، محمد المانع کە ئەو کات بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری بوو لە وڵاتی سعودیە»، هەروەها لای شێخ محمد شەنقیتی زانستی تەفسیرو زانستی فەرموودەو زانستی عەرەبی خوێندووە، وەکو نەحو صەرفو هاوشێوەکانی.

کورتەیەك لە ئاکارە بەرزەکانی شێخی سەعدی:

یەکێـك لـە لایەنە گەورەکانی شـێخی سـەعدی ئاکارو ڕەوشـتی جوانو ناوازەیەتـی، سـەعدی لەگەڵ گـەورەو بچووك، دەسـەڵاتدارو بێ دەسـەڵات، دەوڵەمەنـدو هەژاردا، کەسـێکی خاکیو خۆبەکمزان بووە، شـێخی سـەعدی هەندێك لە کاتەکانی لە کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو کەسـانەدا بەسـەر دەبرد کە حەزیان بە دانیشـتن بوو لەگەڵیدا، دانیشـتنەکەی بۆ دەکردنە کۆڕی زانستو زانیاری، هەمیشە کۆڕەکانی پێکهاتبون لە توێژینەوەی زانستیو باسو خواسی کۆمەڵایەتی، بەشـێوەیەك کە سـوودی زۆری بە ئامادەبووان دەگەیاند، شێخی سـەعدی ڕێڕەوی دانیشتنە ئاسـاییەکانی دەگۆڕی بۆ دانیشتنی خوداپەرستیو کۆڕی زانسـتی، لەگەڵ هەموو کەسـێك قسـەی دەکرد، بابەتە بە سوودەکانی دنیاو دوارۆژی تاوتوێ دەکرد، هەمیشـە چارەسەری کێشەو گرفتەکانی خەڵکی بەشێوەیەك دەکرد، کە هەردوولا پێی ڕازی بن، دادپەروەرو حەق بێژ بوو، زۆر بەسۆزو بەبەزەیی بوو لەگەڵ هەژارانو نەدارانو ڕێبواران، هەموو کات بەپێی توانای خۆی، دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکردن، ئەو وەکو نەریتی هەمیشەیی خۆی هاودەمی چاکەکارانی دەکرد، لە هەموو بۆنە خێرخوازییەکاندا بەشداری دەکرد، لایەنێکی دیکەی ئاکاری بەرزی شێخی سەعدی، ئەدەبی بەرزو داوێنی پاکو دەسـتپاکو دەروونپاکو سـووربوونی بوو، لەسـەر هەموو کارێکی باش، لە کەسـە چاکـەکان بوو، بە زانسـتو زانیـاریو کردەوەی چاك پێشـەنگی خەڵکی بوو، کەسـێکی تێگەیشـتوو پێگەیشـتوو بوو، کاتەکانـی بۆ فێرکردن زۆر جوان ڕێکخسـتبوو، کاری دەکرد بۆ مشـتومڕو گفتوگۆی زانسـتیانە لە نێوان قوتابییەکانیدا، بـۆ تیژکردنو بەهێزکردنی بیرو زیهنیان، هەوڵی دەدا قوتابییەکانـی بیرو هزریان بخەنە کارو بە دوای زانسـتدا بگەڕێن، کۆششـی دەکرد بۆئەوەی زانسـت لای خوێندکارەکانی خۆشەویسـت بکات! هەرکەسێك

دەقێکـــی لەبەربکردایە، خەڵاتی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشـــدا هەرگیز هیچ کام لە قوتابییەکانی لە دیارییەکانی بێبەش نەدەکرد.

قوتابییەکانـــی هەمیشـــە ڕاوێژیان پێدەکرد بۆ هەڵبژاردنی بەســـوودترین کتێب بۆ خوێندنو خوێندنەوە، ئەوان هیچ کات لە دانیشتنو وانەکانی شێخی ســـەعدی بێـــزارو ماندوو نەدەبـــوون، چونکە تامو چێژیان لە دانیشـــتنەکانی دەبینـــی، هەر ئـــەو هۆکارە بوو وایکردبوو، کە قوتابـــی گەلێکی زۆری هەبوو، وانەیان لەسەر دەستی دەخوێند.

## زانستی شێخی سەعدی:

شێخی سەعدی شارەزای تەواوی زانستی فیقهو ئوصولو بەشەکانی بوو، لە سەرەتای ژیانیدا بووە یەکێك لە شوێنکەوتووانی مەزهەبی حەنبەلی، چونکە مامۆستاکانی شوێنکەوتووی مەزهەبی حەنبەلی بوون، هەندێك لە متوونەکانی مەزهەبی حەنبەلی لەبەرکرد، ســـەرەتا موسەنیفێکی لە فیقهی حەنبەلی دانا، چوار ســـەد دێڕ بەیتی بە شێوەی شیعر ڕێکخســـتبوو، کە بەشێوەیەکی کورت شـــەرحی کردبوو، بەڵام دوای دەرکەوتنو پێگەیشـــتنی، حـــەزی بە مەزهەبی حەنبەلـــیو تەعەصوبی مەزهەبی نەما، ئیدی خۆی ســـەرقاڵ کرد بە کتێبو دانراوەکانی شـــێخی ئیســـلام ئیبن تەیمییەو قوتابییەکـــەی ئیبنولقەیمو زۆر سوودی لێبینین، لە زانستی ئوصولو یەکتاپەرستیو تەفسیرو فیقهو چەندین زانستی دیکە لە زانستە بەسوودەکان، لەبەر ڕۆشنایی کتێبەکانی هەر دوو شێخان «ئیبـــن تەیمییەو ئیبنولقەیم» پەیوەســـت نەما بـــە مەزهەبی حەنبەلییەوە، بەڵکو تەرجیحی هەر شـــتێکی دەکرد، کە بەڵگەی شـــەرعی ڕاســـتو درووستی لەســـەر بووایە، لە ئەدەبی شـــێخی ســـەعدی ئەوەبوو کە هەرگیز توانجی لە زانایانی مەزهەبەکان نەدەدا، وتەی سەرزاری هەمیشە ئەوە بوو دەیگوت، خودا

ئیمەش‌و ئەوانیش ڕێنموونی بکات، بۆ ڕێگای ڕاستو درووستو ڕۆشن.

شـێخی سـەعدی لە زانستی تەفسیردا کەسـێکی لێهاتوو بوو، چەندین تەفسـیری دەخوێندەوەو لێهاتووانە لە مەبەستو ناوەڕۆکیان تێدەگەیشت. تەفسـیرێکی ناوازەشـی لە چەند بەرگێکدا دانا، کە بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕوون ڕافەی کردووە، بێئەوەی کاتی پۆلێنکردن‌و پاکنووسکردنی تەفسیرو کتێبەکانی هەبێت.. هەمیشە بۆ قوتابییەکانی بەلەبەر قورئانی دەخوێندو تەفسـیری بۆ دەکردن، سـوودو واتاو مەبەستەکانی قورئانی، بەشێوەیەکی زۆر جـوان لێـك دەدایـەوە، واتاو مەبەسـتەکانی قورئانـی هەڵدەهێنجا، بەشـێوەیەك کە گوێگـران‌و ئامادەبووان لە کاتی داڕشـتنی چیرۆکەکان‌و تەفسـیرو ڕافەی ئایەتەکاندا، بێدەنگو بێ چپە دەبوون‌و سەرسام دەبوون بە ڕەوانبێژی‌و زۆری زانسـتەکەی‌و فراوانـی‌و جوانی دەربڕینەکانی، هەر کەس لەگەڵیدا دابنیشتایەو گوێی بۆ وانەکانی ڕادێرایە، دەیزانی کە شێخی سـەعدی چەنـدە بە تواناو خاوەن زانسـتە، هەروەها هـەر کەس کتێبو دانراوەکان‌و فەتواکانی بخوێندایەتەوە، بە هەمان شـێوە لێهاتوویی شێخی سەعدی بۆ دەردەکەوت.

دانراوەکانی شێخی سەعدی:

* تەفسـیری قورئانی پیرۆز بە ناونیشـانی «تیسـیر الکریم المنان» لە هەشت بەرگدا لە ساڵی ١٣٤٤ تەواوی کرد.

* «ارشـاد اولی البصائر والالباب» بۆ شـارەزابوون لە فیقهـ، بە نزیکترین ڕێگەو ئاسـانترین هۆکار، کە لەسـەر شـێوەی پرسـیارو وەڵام دایڕشتووە، لە چاپخانەی ترقی لە دیمەشق ساڵی ١٣٦٥ چاپکراوەو بە دیاری بەخشراوە.

* «الدرة المختصرة فی محاسن الإسلام».

* «الخطب العصريه القيمة». كە پێكهاتبوو لە كۆمەڵێك وتاری زۆر بەهێز، بۆ وتاری هەینیو جەژنەكانو هەموو ئەو شتانەی لەگەڵ ئەو كاتەدا دەگونجاو پێویستی خەڵكی بوو. ئەم كتێبەشی لەگەڵ «الدرة المختصرة» چاپ كرد، بەبێ بەرامبەر، واتە بە دیاری بەخشیو بڵاوی كردەوە.

* «القواعد الحسان لتفسير القرآن»، ساڵی ١٣٦٦ چاپ كراو ئەم كتێبەشی بە دیاری بەخشیو بێ بەرامبەر بڵاوی كردەوە.

* «تنزيه الدين وحملته ورجاله»، ساڵی ١٣٦٦چاپ كرا.

* «الحق الواضح المبين، فى شرح توحيد الانبياء والمرسلين».

* «توضيح الكافيه الشافية، وهو كالشرح لنونيه الشيخ ابن القيم».

* «الوسائل المفيدة للحياة السعيدة»، لە چاپخانەی قاهیرە لەسەر ئەركی خۆی چاپكراو بە دیاری بەخشرا.

* «القول السديد فى مقاصد التوحيد»، ساڵی ١٣٦٧ لە میسر چاپكرا.

* «مختصر فى اصول الفقه».

* «تيسير اللطيف المنان فى خلاصة تفسير القرآن».

* «الرياض الناضرة».

### مەبەستی شێخی سەعدی لە دانراوەكانی:

مەبەستی شێخی سەعدی لە دانراوەكانی، تەنها بڵاوكردنەوەی زانستو بانگەواز بووە، بۆ ڕێگەی حەقو ڕاستی، هەر لەبەر ئەم هۆكارە بووە سەرجەم ئەو بەرهەمانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێكردووە بە چاپ گەیاندووە. زۆرێك لە دانراوەكانی بە دیاری بەخشیوەو بێ بەرامبەر دابەشی كردووە، بێئەوەی هیچ قازانجێكی ماددی لێ بكات!

کۆچی دوایی شێخ عبدالرحمن السعدی:

له ساڵی ١٣٧٦ کۆچی، له تەمەنی ٦٩ ساڵیدا، له شارۆچکەی عەنیزه سەر بەناوچەی قەصیم، کۆچی دوایی کردووەو بۆ هەمیشه ماڵاوایی له ژیان کردووه.

ئەگەرچی شێخی سەعدی خۆی کۆچی دوایی کردووه، بەڵام بەرهەمو دانراوەکانیو زانستو زانیارییەکەی، بۆ هەمیشه دەمێنیو خزمەت به ڕێبوارانی ڕێگەی حەقو ڕاستی دەکات!

به کورتی:

شێخی سەعدی، زاناو ناودارو عەلامەو موفەسیرێکی لێهاتوو بوو، ئەو داوای زانستو زانیاری کرد، دەستی کەوت، تەواوی قورئانی پیرۆزو مەتنەکانی لەبەرکردووه، شێخ ناووناوبانگی دەرکردو ماڵەکەی قەرەباڵغ بوو، قوتابی گەلی زۆری هەبوو، چەندین کتێبی بەسوودی دوای خۆی جێهێشتووه، که زۆربەیان سەبارەت به تەفسیری قورئانی پیرۆزو زانستی قورئان بوون، شێخی سەعدی یەکێك بوو له بەناوبانگترین زاناکانی سەردەمی خۆی، له ڕووی زانستو ئاکاری جوانو بەرهەمو دانراوەکانییەوه.



# پێشەوا عەبدولعەزیز بن باز

٢٢ نوفمبر ١٩١٠ - ١٣ مايو ١٩٩٩

**ئارامگرتنو کات، زیاتر هێز دروست دەکات..**
**لەوەی توڕەبوونو هەڵەشەیی دروستی دەکات!**

پاشا فەیسەڵ

پێشەواو عەلامەو زانای بەناوبانگی سەردەمو کەسایەتی دەگمەنی زەمان «شێخ عبدالعزیز بن باز»، موفتی بەناوبانگی وڵاتی سعودییەو یەکێك لە زانا پایەبەرزو ناسراوەکانی سەدەی بیستە، پێشەوا ڕاوبۆچوونەکانی بەڵگەیەکی بەهێزو یەکلاکەرەوەن، کەسێکی زمانپاراوو ڕەوانبێژ، لە مامەڵەدا کەسێکی نەرمونیانو لەسەرخۆ بوو، هەرگیز لە لۆمەی لۆمەکارانو گلەیی گازندەکاران نەدەترسا، ژیانی ئەو زانا پایە بەرزە، سوودو قازانجی زۆری بۆ جیهانی ئیسلامی هەبوو، هاوکات کۆچی دوایی زانای پایەبەرز، خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ موسوڵمانانی جیهان بە گشتیو موسوڵمانانی نەجدو حیجاز بەتایبەتی، زانای پایەبەرز پێش ئەوەی زاناو موفتییەکی لێهاتوو بێت، پەروەردەکارێکی لێهاتوو بوو بۆ موسوڵمانان.

«شێخ عبدالعزیز بن باز» کێیە؟

«شیخ عبدالعزیز بن باز» لە ١٩١٠/١/٢٢ لە شاری ڕیاز لە دایکبووە، هەر لە تەمەنی منداڵیدا باوکی کۆچیی دوایی دەکاتو ئیدی بن باز دوور لە سۆزو نامێزی باوکی لەگەڵ دایکیدا ژیان دەگوزەرێنێت، خێزانەکەی حەزیان دەکرد بن باز سەرقاڵی کاری بازرگانی بێت، بۆئەوەی بتوانێت بژێوی ژیانیان بۆ دابین بکات، بەڵام بن باز فەزڵی عیلمو زانستو خوێندنی دا بەسەر ماڵو ساماندأو خۆی تەرخان کرد بۆ فێربوونی زانستو زانیاری، ئیدی بەردەوام بوو لە گەڕان بە دوای زانستو زانیاریدا، لەسەر دەستی زانایانی شاری ڕیاز.

بن باز سەرەتا هیچ کێشەیەکی تەندروستیو کەمئەندامی نەبووە، دواتر لە تەمەنی شانزەساڵیدا چاوەکانی کزبوون، پاشان لە تەمەنی بیست ساڵیدا بۆ هەمیشە چاوەکانی لە دەست داو بووە کەسێکی نابینا.. بەڵام نابینایییەکەی نەبووە ڕێگر لەبەردەم فێربوونی زانستو زانیاریو گەڕان بەدوای زانستدا، پێش تەمەنی پێگەیشتن هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەرکردووە.

## مامۆستاكانی شێخ عبدالعزیز بن باز:

شێخ زانستی لەسەر دەستی زۆرێك لە زانایانی سەردەمی خۆی خوێندووە، ناودارترینیان ئەم زانا بەڕێزانە بوون:

١- شیخ محمد بن عبداللطیف. قازی ڕیاز.

٢- شیخ صالح بن عبدالعزیز.

٣- شیخ سعد بن محمد بن عتیق.

٤- شیخ حمد بن فارس.

٥- شیخ محمد بن ابراهیم «موفتی وڵاتی سعودیە، نزیكەی ١٠ ساڵ لای ئەم زانا پایە بەرزە سەرجەم زانستە شەرعییەكانی خوێندووە».

٦- شیخ وقاص بوخاری «یەكێكە لە زانایانی شاری مەككەی پیرۆز»، زانستی تەجویدی لەلا خوێندووە.

شێخ بن باز بە زوویی زانستە شەرعییەكانو زانستی زمان فێربوو، پاشان لە ساڵی ١٣٥٧ كۆچی، واتە لە تەمەنی بیستو حەوت ساڵیدا بووە قازی، شێخ بەردەوام قوتابی زانست بوو، تەنانەت بۆ ڕۆژێكیش دانەبڕا، تا ئەو ساتەی ماڵاوایی لە ژیان كرد، لەگەڵ ئەوەشدا شەوو ڕۆژی خستبووە سەر یەك بۆ وانە وتنەوەو توێژینەوەی زانستی، مامۆستای پایەبەرز جگە لە زانستو زانیاری بە هیچ كارێكی دیكەوە خۆی سەرقاڵ نەكردووە، لە نێو زانستەكانیشدا گرنگیەكی زۆری بە زانستی فەرمودە داوە، تا بووەتە كەسێكی متمانەپێكراو لە هەڵبژاردنی فەرمووەدەداو توانیویەتی فەرمودەی لاوازو سەحیح لە یەكتر جیابكاتەوە، لەو بوارەشەدا گەیشتۆتە ئاستێك كە كەم كەس توانیویانە بگەنە ئەو ئاستە، بەتایبەت لەم سەردەمەدا، دانایی‌و شارەزایی لە زانستی فەرمووەدەدا شوێنەواری لەسەر نووسینو فەتواكانی جێهێشتوە، بەشێوەیەك سەرجەم قسەكانی بە پاڵپشتی فەرمووەدە كردووە، لە هەمان كاتدا شیخ بن باز بە كەسێكی نەرمونیانو هێمنو لەسەرخۆ وەسفكراوە، هەروەها كەسێكی

ئازاو بوێر بووە لە ئاشکراکردنی حەقو ڕاستیدا، لە هەمان کاتدا کەسێکی بە ویقارو بە شەرمو سینە فراوان بووەو هەمیشە گوێی بۆ بەرامبەر ڕادێراوە!

شێخ بن باز بووە قازی شاری الخرج:-

* لەو کاتەی شێخ بن باز تەکلیف کرا ببێتە قازی لە شاری «الخرج» ساڵی ١٣٥٧، حەزی بەو کارە نەدەکرد، بەناچاری ڕازی بوو، چونکە شێخ محمد بن ابراهیم ئیلزامی کرد کە ئەو پۆستە وەربگرێت، ئەو کاتەی گەیشتە شارەکە چووە مزگەوتی گەورەی شارەکەو دوو ڕکاعەت نوێژی کردو پاشان چووە لای ئەمیری شارەکەو لەگەڵ خەڵکی شار کۆبووەوەو وتارێکی کاریگەرو بەپێزی پێشکەشکردن، لە وتارەکەیدا جەختی کردەوە کە حەز بە دادوەری ناکاتو سوێندی بۆ خواردن کە هیچ خۆشی لەو کارە نایەت، بەڵام ناچار کراوم کە ئەم پۆستە وەربگرم، شێخ بن باز چواردە ساڵ وەکو قازیو مامۆستا لەو شارەدا مایەوە، ڕۆژانە لە چێشتەنگاو تا نیوەڕۆ کاری دادوەری دەکردو هەندێجاریش تا عەصر، پاشانیش سەرقاڵی وانەوتنەوەو وتاردان دەبوو، چەندین فێرخوازی ناوەوەو دەرەوەی وڵات لەسەر دەستی شێخ بن باز زانستی شەرعییان دەخوێند، ژمارەی فێرخوازەکانی ئەوەندە زۆربوو کە لە مزگەوتەکەیدا جێگەیان نەدەبوو، لەبەرئەوە داوای لە پاشای سعودییە کرد کە بینایەك بۆ شوێنی نیشتەجێبوون بۆ فێرخوازەکانی دروست بکات، ئەویش پێشنیارەکەی پەسەند کردو باڵەخانەیەکی بۆ دروستکردن، بەڵام لەبەرئەوەی ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی فێرخوازەکان لە زیادبووندا بوون، باڵەخانەکەش بەشی نەکردن، ناچار شێخ بن باز هەڵسا بە کرێگرتنی چەند خانوویەك لە نزیك باڵەخانەو مزگەوتەکە بۆ فێرخوازەکانی.. بە کورتی زانای پایەبەرز جگە لەکاری دادوەری لەو ماوەیەدا سەرقاڵی ئەم کارانەش بوو:

* پێش نوێژو وتاربێژی مزگەوتی گەورەی شارەکە.

* گرنگیدان بە فەرمان بەچاکەو بەرگری لە خراپە.

* فەتوای شەرعی لەسەر ئاستی شارو وڵات.

* بەڕێوەبردنی کاروباری مارەکردنو پرۆسەی هاوسەرگیری.

* دابەشکردنی میراتیو جێبەجێکردنی ڕاسپاردەو دەسەڵات لە کۆشکدا.

* لە هەمان کاتدا وانەی دەوتەوەو حەڵقەکانی وانەوتنەوەکەی ڕۆژانە تا درەنگانێك بەردەوام بوو، جگە لە ڕۆژانی سێ شەممەو هەینی..

چەندین قوتابی خۆیان یەکلا کردبووەوە بۆ خوێندنی زانستە شەرعییەکان لەسەر دەستی شێخ بن باز، لە دیارترینیان؛

١- شیخ عبدالله الکنهل.

٢- شیخ راشد بن صالح الخنین.

٣- شیخ عبداللطیف بن شدید.

٤- شیخ عبدالله بن حسن بن قعود.

٥- شیخ عبدالرحمن بن جلال.

٦- شیخ صالح بن هلیلو چەندانی دیکە.

* لە ساڵی ١٣٧٢ گوێزرایەوە بۆ ریاز بۆ وانەوتنەوە لە پەیمانگەی ریازی زانستیو ئەو ساڵە لەو پەیمانگایە وانەی وتەوە.

* لە ساڵی ١٣٧٣ کۆلێژی شەریعە دامەزرا، شێخ گوێزرایەوە بۆ کۆلێژی شەریعەو لەوێ وانەکانی فقهو زانستی فەرموودەو یەکتاپەرستی دەوتەوە. هاوکات حەڵقەی وانەوتنەوەی مزگەوتی گەورەی شاری ڕیازی دامەزراند.

* دواتریش لە ساڵی ١٣٨١ بووە جێگری سەرۆکی زانکۆی ئیسلامی لە مەدینەی پیرۆز، لەو کاتەش کە لە مەدینەی پیرۆز بوو زۆرێك خوێندکاری لەو شارە هەبوو کە وانەو زانستە شەرعییەکانی پێدەگوتن، هەروەها لە ساڵی ١٣٩٠ بووە سەرۆکی زانکۆی مەدینەی پیرۆز، تا ساڵی ١٣٩٥، لەگەڵ ئەوەشدا حەڵقەی تەدریسی لە مزگەوتی نەبەوی هەبووە.

پۆستەکانی شێخ بن باز:

١- له ١٤/ شوال/١٣٩٥ پادشا خالد بن عبدالعزيز فەرمانێکی شاهانەی دەرکرد، بە دامەزراندنو دیاریکردنی شێخ بن باز، وەکو سەرۆکی گشتی بۆ بەڕێوەبردنی توێژینەوەی زانستیو فەتواو بانگەوازو ڕێنمایی، بە پلەی وەزیر.

٢- لە مانگی (محرم سالّی ١٤١٤) فەرمانێکی دیکەی شاهانەی بۆ دەرچوو لە لایەن پاشا «فهد بن عبدالعزيز»، بە دروستکردنی وەزارەتێك تايبەت بە کاروباری ئیسلامیو بانگەوازو ڕێنماییو ئەوقاف، واتە شێخ بن باز کرا بە وەزیری ئەوقافو کاروباری ئیسلامی.

٣- پاشان لە فەرمانێکی دیکەی شاهانەدا شێخ بن باز کرایە موفتی وڵاتی سعودیەو سەرۆکی گەورە زانایانی وڵاتەکەی.

٤- شێخ بن باز بوو بە سەرۆکی توێژینەوەی زانستیو فەتوا بە پلەی وەزیر، لەم پۆستەیدا مایەوە تا ئەو ساتەی گەڕایەوە بۆ لای خودای گەورەو بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان کرد.

* شێخ بن باز بە مامۆستاو زانای زانستی فەرموودە ناسراوە، یەکێکە لە عەلامەکانی سەدەی بیستەم، فەتواو موحازەراتەکانو وانەکانی بە نوسراویو بەشێوەی دەنگی، بە پەخشی ڕاستەوخۆو تا ئەم ساتەش وەکو میراتێك بۆ موسوڵمانان ماوەتەوەو لە بەرنامەی بەناوبانگی «نور على الدرب» پەخش دەکرێت، لە ڕێگەی ئیزگەی قورئانی پیرۆزەوە لە وڵاتی سعودیە.

هەروەها شێخ بن باز بڕیاری دانانی پرۆگرامێکی دا کە لەم سەردەمەداو لە جیهانی ئیسلامیدا ناسراو نییە، ئەویش فەتوا پاڵپشت بە قورئانی پیرۆزو فەرموودە، دەرکردنی فەتوا بەبەڵگەی قورئانیو فەرمودە صەحیحەکان..

لە کاتێکدا زۆرێك لە موفتییەکان لە فەتوادا پشت بە زانایانی مەزهەبەکان دەبەستن..

ئەو پۆستانەی مامۆستای پایەبەرز شێخ بن باز بەڕێوەی بردووە:

١- سەرۆکو ئەندامی ئەنجومەنی دامەزرێنەری ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی.

٢- سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای جیهانی بۆ کاروباری مزگەوتەکان.

٣- سەرۆکی «المجمع الفقهی» ئیسلامی لە مەککەی پیرۆز.

٤- ئەندامی ئەنجومەنی باڵا لە زانکۆی ئیسلامی لە مەدینەی پیرۆز.

٥- ئەندامی دەستەی باڵا بۆ بانگەوازی ئیسلامی.

خەڵاتەکانی شێخ بن باز:

١- خەڵاتی جیهانی مەلیك فەیسەڵی پێبەخشرا، بۆ خزمەتی ئیسلام لە ساڵی ١٤٠٢، شێخ بن باز ئەم خەڵاتەی فرۆشتو پارەکەی بەخشی بە خانەی فەرموودە، وەکو هاوکاری بۆ زانستخوازانی فەرموودەو چاودێریکردنیان، ئەمەش گرنگی پێدانی شێخ بن باز دەگەیەنێت بە فەرمودەکانی پێغەمبەری ئازیز «سەلامی خوای لێبێت».

- لە بارەی شێخ بن بازەوە شێخ ئەحمەد یاسین دەڵێت: شێخ بن باز عەلامەو مەرجەعی ئیسلامییە لەسەر ئاستی جیهان، ئەو بە درێژایی ژیانی لە بەرگریدا بووە لە ئیسلامو موسوڵمانان، زانای پایەبەرز خاوەنی زانستێکی گەورەو ناوازە بووەو بەردەوام دەستی بە ڕێبازی پێشینی ئەم ئوممەتەوە گرتووەو لەسەر مەنهەجی قورئانو سوننەت بانگەوازی بۆ ئیسلام کردووە.

ئەو دەڵێت: هەڵوێستی مامۆستای پایەبەرزمان لە یاد ناچێت کاتێك هەندێك کەس چوون بۆ لای‌و داوای ڕاوبۆچوونیان لێکردووە سەبارەت بە ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل؟

جەنابی شێخ بەیاننامەیەکی دەرکردووە کە تیایدا هاتووە، کە سەرجەم خاکی فەلەستین خاکی ئیسلامەو هەرگیز ناکرێت سازشی لەسەر بکرێت، شێخ ئەحمەد لە کۆتاییدا دەڵێت: شێخ بن باز زانایەکە کە شوێن پەنجەی بە ڕوونی لەم سەردەمەدا دیارە.

- د. عایض قرنی لەبارەی شێخ بن بازەوە دەڵێت:

ان قام ســـوق العلم فهو كمالك او مـد بـاع الـزهـد فالشيباني

او غاص فى التفسير قلت مجاهد والـفـقـه والـتـعـلـيـم كالـنـعـمان

واذا تزاحـــــمت الوفود فحاتم وكـأحـنـف فـى الـحـلـم والـغـفـران

- هەروەها د.عبدالرحمن لە بارەیەوە دەڵێت:

هو قلعة علماء قد بنيت على ثـقـه بـعـون الـخـالـق الـمـنـان

وامامها هزمـت دعاوى ملحد وارتـــد مـــوج الـبـغـى والـبـهـتـان

وتطايرت شــبه العقول لانها وجـــدت بـنـــاء ثـابـت الاركـــان

هو قلعة ظلت تحاط بروضه خـــضــراء مـــن ذكـــر ومـــن قـرآن

دانراوەکانی شێخ بن باز:

* الأدلة الكاشفة لأخطاء بعض الكتاب.

* الأدلة النقلية والحسية على إمكان الصعود إلى الكواكب وعلى جريان الشمس وسكون الأرض.

* إقامة البراهين على حكم من استغاث بغير الله أو صدق الكهنه والعرافين.

* الإمام محمد بن عبد الوهاب: دعوته وسيرته.

* بيان معنى كلمة لا إله إلا الله.

* التحقيق والإيضاح لكثير من مسائل الحج والعمرة والزيارة على ضوء الكتاب والسنة.

* تنبيهات هامة على ما كتبه محمد علي الصابوني فى صفات الله عزوجل.

* وجوب العمل بالسنة وكفر من أنكرها.

* الدعوة إلى الله سبحانه واخلاق الدعاة.

* الولاء والبراء في الميزان.

*الرسائل والفتاوى النسائية، اعتنى بجمعها ونشرها أحمد بن عثمان الشمرى.

* الفتاوى: ط. مؤسسة الدعوة الإسلامية الصحفية.

* فتاوى إسلامية - ابن باز - ابن عثيمين - ابن جبرين.

* فتاوى المرأة لابن باز واللجنة الدائمة جمع وترتيب محمد المسند.

* فتاوى مهمة تتعلق بالحج والعمرة.

* فتاوى وتنبيهات ونصائح.

* الفوائد الجلية في المباحث الفرضية.

* مجموع فتاوى ومقالات متنوعة، أشرف على تجميعه وطبعه د. محمد بن سعد الشويعر. من ١ - ١٢ طبعه دار الإفتاء.

* مجموعة رسائل في الطهارة والصلاة والوضوء.

* مجموعة الفتاوى والرسائل النسائية.

* نقد القومية العربية على ضوء الإسلام والواقع.

* وجوب الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر.

* شرح ثلاثه الأصول.

- جگە لەم كتێبانە ئەم نامیلكانەشی داناوە:

* الأذكار التي تقال بعد الفراغ من الصلاة.

* إيضاح الحق في دخول الجني في الإنسي والرد على من ينكر ذلك.

* التبرج وخطر مشاركة المرأة للرجل في العمل.

* التحذير من البدع.

* التحذير من القمار وشرب المسكر.

* التحذير من المغالاة في المهور والإسراف في حفلات الزواج.

* تحفة الأخيار ببيان جملة نافعة مما ورد في الكتاب والسنة من الأدعية والأذكار.

* تنبيه هام على كذب الوصية المنسوبة للشيخ أحمد خادم الحرم النبوي.

* ثلاث رسائل في الصلاة:

- كيفية صلاة النبي.
- وجوب أداء الصلاة في الجماعة.
- اين يضع المصلي يديه بعد الرفع من الركوع.

* الجواب الصحيح من أحكام صلاةالليل والتراويح.
* الجواب المفيد فى حكم التبشير.
* حكم الإسلام فيمن زعم أن القرآن متناقض أو مشتمل على بعض الخرافات.
* حكم السفور والحجاب ونكاح الشغار.
* حكم الصلاة على النبي والإشارة إليها بالحروف.
* حكم الغناء.
* حكم مقابلة المرأة للسائق والخادم.
* خطر مشاركة الرجل للمرأة فى ميدان عمله.
* الدروس المهمة لعامة الأمة.
* رسالتان موجزتان عن أحكام الزكاة والصيام.
* رسالة عن حكم شرب الدخان.
* رسالة فى إعفاء اللحى.
* رسالة فى الجهاد.
* رسالة في حكم السحر والشعوذه.
* رسالة فى مسائل الحجاب والسفور.
* رسالة فى وجوب الصلاة جماعة.
* السفر إلى بلاد الكفر.
* العقيدة الصحيحة وما يضادها.
* عوامل إصلاح المجتمع.

* الغزو الفكري ووسائله الإلكترونية الدقيقة.
* فتاوى فى حكم الغناء والإسبال وحلق اللحي والتصوير وشرب الدخان.
* فتاوى ورسائل فى الأفراح.
* فضل الجهاد والمجاهدين.
* ماذا يجب عليكم شباب الإسلام.
* موقف اليهود من الإسلام.
* نصيحة المسلمين وفتاوى بشأن الجولات وخطرهم على الفرد والمجتمع.
* نصيحة وتنبيه على مسائل فى النكاح مخالفه للشرع.
* هكذا حج الرسول.
* وجوب تحكيم شرع الله ونبذ ما خالفه.
* فى ظل الشريعة الإسلامية.
* وجوب لزوم السنة والحذر من البدعة.
* دعوه للتوبة النصوحة.
* العلم وأخلاق أهله.
* أهمية العلم فى محاربة الأفكار المنحازه.
* لا دين حق إلا دين الإسلام.
* التحذير من الإسراف.
* بيان التوحيد.
* السحر والزندقة.
* الأجوبة المفيدة عن بعض رسائل المفيدة.
* رسالة في التبرك والتوسل.
* مسئولية طالب العلم تجاه معلمه.
* إعصار التوحيد يحطم وثن الصوفية.

سەرجەمی ئەم بەرهەمانە بە چاپ گەیەنراون، جگە لەمانەش تەعلیقی لەسەر ئەم کتێبانە نووسیوە: «بلوغ المرام، تقريب التهذيب للحافظ ابن حجر، التحفة الكريمة فى بيان كثير من الاحاديث الموضوعة والسقيمة، تحفة اهل العلم والإيمان بمختارات من الأحاديث الصحيحة والحسانو چەندانی دیکە».

کۆچیی دوایی‌و ماڵاوایی هەمیشەیی شێخ عبدالعزیز بن باز:

شێخ بن باز لە ڕۆژی پێنج شەممە ٢٧/محرم/١٤٢٠ لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا، گەڕایەوە بۆ ڕەحمەتی پەروەردگارو بە یەکجاری ماڵاوایی لە ژیانو موسوڵمانان کرد، لە ٢٨ محرم لە حەرەمی مەککەی پیرۆز نوێژی لەسەر کراو لە زۆربەی زۆری مزگەوتەکانی وڵاتی سعودیەو زۆرێك لە وڵاتانی ئیسلامی نوێژی غائیبیان لەسەر کرد، پاشان لە گۆڕستانی «العدل» لەشاری مەککەی پیرۆز بە خاك سپێردرا.

بن باز ئەو منداڵەی بە بێباوکی گەورەبوو، لە ماوەی ژیانیدا جگە لەو هەموو خزمەتو وتارو پێگەیاندنی فێرخوازو کاروبارانەی بەڕێوەی بردووە، توانی بیستو پێنج کتێبو پەنجاو هەشت نامیلکە بە چاپ بگەیەنێت!

# پێشەوا

# ئەبو حەسەن نەدەوی

**١٣٣٢ – ١٤٢١ كۆچی**



زانایەکی خوداپەرست، بانگخوازێکی تێکۆشەر، ئەدیبێکی لێهاتوو، جوانناس لە شێوەو شێواز، ڕاستگۆ لە قسەکردنو نووسین، پێشەواو بانگخوازێکی گەورەو نـــاودار، خاوەنی پەرتووکگەلێك کە بە ناودارترین پەرتووکە ئاینییەکانی ئەم ســـەردەمە دادەنرێـــن، بەناوبانگترین کتێبی بە ناونیشـــانی «بە هەڵوەشـــانی موسوڵمانان، جیهان چ زیانێکی کردووە؟».

پێشەوا بلیمەتێکی درەوشاوە بوو، پێشەوا ئەدەوی دیاردەیەکی هزرییە کە جوانترین بۆچوونی هەبووە لە بانگەوازدا، زانستخواز بووە، لە پێناوی ئاینو موســـوڵمانانو سەرخستنی ئیسلامو شارســـتانییەتی ئیســـلامیدا، ناڕەحەتیو دەردەسەریی زۆری چەشتووە.

سەرەتای ژیانی پێشەوا ئەدەوی:

پێشەوا لە گوندی تەکییە، لە وڵاتی هیند ساڵی ١٣٣٢ کۆچی بەرامبەر ١٩١٣ زاینـــی لەدایکبووە، باوکی مێژوونووسو خاوەنی چەندین بەرهەم بوو، لەوانە «نزهة الخواطر وبهجة المسامع والنواظر فی تراجم علماء الهند وأعیانها» بەڵام قەدەر وابوو پێشـــەوا سوودی ئەوتۆ، لە زانســـتەکەی باوکی نەبینێت، چونکە پێشـــەوا لە تەمەنی نۆ ســـاڵیدا بوو کە باوکی ماڵاوایی لە ژیان کرد، دایکیو براکـــەی، پەروەردەکردنو بەخێوکردنیان گرتە ئەســـتۆ، براکەی بەڕێوەبەری کۆڕی گەورەی زانایان بوو.

لەســـەر دەستی دایکی، فێری قورئانی پیرۆزو هەردو زمانی ئۆردوو فارسی بوو، پاشان بە ساڵێك دوای کۆچی دوایی باوکی، دەستیکرد بە فێربوونی زمانی عەرەبی، پێشەوا یەکێك بوو لەو کەسانەی زۆر گرنگی بە فێربوونی زمان دەدا، یەکێکی دیکە لەو زمانانەی، کە فێری بوو، زمانی ئینگلیزی بوو، بۆئەوەی گرنگی بە زانستەکەیان بداتو وەکو چەکێك لە بانگەوازکردندا بەرەو حەقو ڕاستی بەکاری بهێنێت.

دواتر له سەردەستی شێخ «خلیل کوڕی محمدی یەمەنی» هەوڵی پەرەپێدانی زمانـی عەرەبی دا، تا بوو بە شـەیدای ئەدەبـی عەرەبی، ئەدەوی زۆر خۆی ماندوو کرد بەم سێ کتێبەوە: «نهج البلاغة، دلائل الإعجاز، والحماسة». پاشان پەیوەندی کرد بە بەشـی زمانی عەرەبی زانکۆی «لەکناو» لە کۆلێژی ئاداب، کە زانکۆیەکی یەمەنی بوو، خوێندن تێیدا بە زمانی ئینگلیزی بوو، پێشـەوا بچووکترین خوێندکاری زانکۆ بوو.

ماوەی دوو ساڵ، زانستی فەرموودەی لە «کۆڕی زانایان خوێندووە»، پاشان بووەتە مامۆسـتا لە خانەی زانیاری، کە سـەربە کۆڕی زانایان بوو، لە سـاڵی ١٩٣٤، زانستەکانی تەفسیرو فەرموودەی گوتووەتەوە، هەروەها ئەدەبی عەرەبیو مێژوو زانستی مەنتیقیشی وتۆتەوە.

## بانگەوازی پێشەوا ئەدەوی:

دیراسـەو موتاڵاکردنی پێشەوا فراوانبوو، بە شێوەیەك کە سنووری زانستی تەفسـیرو فەرموودەو ئەدەبو مێژووی تێپەڕاند، پێشـەوا سـوودی لە کتێبی زاناو بانگخوازانی سەردەمی خۆی بینیوە.

لە سـاڵی ١٩٤٨ هەڵبژێردرا بە ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕی کۆڕی زانایان، دواتر پۆسـتی یاریدەدەری کۆڕی زانایانی پێبەخشرا، دوای وەفاتی براکەی د. عبدالعلي الحسني ساڵی ١٩٦١ بووە لێپرسراوی گشتی کۆڕی زانایان.

پێشەوا لە ساڵی ١٩٤٣دا، مەڵبەندێکی تایبەت بە فێربوونی زانستی ئیسلامی دامەزرانـد، کە تێیدا زانسـتی قورئانو زانسـتی فەرمـووده دەگوترایەوە، کە زۆرینەی کەسانی ڕۆشنبیرو فەرمانبەران لەو مەڵبەندەدا دەیانخوێند.

دواتـر سـاڵی ١٩٥١، بزووتنەوەی پەیامی مرۆڤایەتیـی دامەزراند، هەروەها کۆمەڵگەیەکی زانستی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٥٩ دامەزراند، بەشداری دامەزراندنی

دەزگای فێربوونی ئاینی لە ویلایەتەکانی باکوور لە ساڵی ١٩٦٠ کردووە. هەروەها لە ساڵی ١٩٦٤، بەشداری ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ئیسلامی بۆ سەرجەمی هیند کردووە. ساڵی ١٩٧٢ لە ئەنجومەنی باری کەسێتیی ئیسلامی بۆ سەرجەم وڵاتی هیند بەشدار بووە.

بەرهەمەکانی پێشەوا نەدەوی:

* یەکەم وتاری بە زمانی عەرەبی، لە گۆڤاری منار، کە لە لایەن عەلامە «رشید رِضا»وە دەردەچوو لە ساڵی ١٩٣١.

* یەکەم کتێبی بە زمانی ئۆردو لە ساڵی ١٩٣٨ بە ناونیشانی «سیرة سید احمد شهید» بڵاوکردەوە.

* ساڵی ١٩٤٠ کتێبێکی بە ناونیشانی «مختارات من أدب العرب»ی دانا.

* گرنگی زۆری بە منداڵان دەدا، دوو زنجیرە کتێبی بەو ناونیشانانە نووسیوە «چیرۆکی پێغەمبەران»و «القراءة الراشدة».

* پاشان لە ساڵی ١٩٤٤ دەستی کرد بە دانانی کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناونیشانی «جیهان چ زیانێکی بە تێکشکانی موسوڵمانان کردووە»، لە ساڵی ١٩٤٧ تەواوی کردو پێش ئەوەی سەفەری حەج بکات، بە زمانی ئوردو چاپ کرا، پێشەوا گرنگی بە بواری ڕۆژنامەوانی داوە، نووسەری گۆڤاری «الضیاء» بووە، کە کۆڕبەندی زانایان بە زمانی عەرەبی دەری دەکرد.

* بووە بە سەرنووسەری گۆڤاری «کۆڕبەندی زانستی»، کە بە زمانی ئۆردو دەردەچوو، دواتریش گۆڤارێکی بە زمانی ئۆردو بە ناونیشانی «التعمیر» دەرکردووە.

* کۆی کتێبە دانراوو وەرگێڕدراوەکانی ٧٠٠ ناونیشانە، لەوانە ١٧٧ دانەیان بە زمانی عەرەبی دانراوە، زۆرێك لە دانراوەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو بنگالیو ئیندۆنیسیو چەندین زمانی دیکە.

## گەشتەکانی شێخ نەدەوی:

شێخ نەدەوی، لە پێناوی فێربوونی زانستو گەیاندنی زانستەکەیو بانگەوازکردن، گەشتی زۆری ئەنجام داوە، یەك لە گەشتەکانی بۆ شاری «لاهوور» بوو لە ساڵی ١٩٢٩، ئەوە یەکەم گەشتی بوو، بۆ وڵاتێکی دوور، لە گەشتەکەیدا بە زانایانو هاوەڵانیان ئاشنا بوو، هەروەها چاوی کەوت بە شاعیری ناودار «دکتۆر محەممەد ئیقبال»، کە هەندێك لە شیعرەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، هەروەها گەشتی کردووە بۆ «دیوبند» لە ساڵی ١٩٣٢، لە خانەی زانستی دیوبند ئامادەی کۆڕە زانستییەکانی زانای پایەدار «حسین احمد مەدەنی»بووە، کە زانایەکی لێهاتوو بوو لە زانستی فەرمووده‌دا، هەروەها سوودی زۆری لە بوارەکانی زانستی تەفسیرو زانستی قورئاندا لێبینیوە.

هەروەها ساڵی ١٩٥٦ بانگهێشت کراوە بۆ زانکۆی دیمەشق، چەند موحازەرەیەکی پێشکەش کردووە بە ناونیشانی «التجدید والمجددون في تأریخ الفکر الاسلامي»، کە دواتر کردوویەتیە کتێبێکی گەورە بە ناونیشانی «رجال الفکر والدعوة الإسلامیة».

«شێخ عبدالعزیز بن عبدالله بن باز» ساڵی ١٩٦٣ بانگهێشتی کردووە بۆ مەدینەی پیرۆز. جەنابی شێخ نەدەوی لە زانکۆی مەدینەی پیرۆز، چەندین موحازەرەی پێشکەش کردووە، کە دواتر چاپکراوە بەناونیشانی «النبوة والأنبیاء فی ضوء القرآن».

لە ساڵی ١٩٦٨، گەشتی کردووە بۆ شاری ڕیاز، لەسەر بانگهێشتی وەزیری خوێندنی باڵای سعودیە، بۆئەوەی بەشداری بکات لە تۆژینەوەیەك بۆ دانانی پلان بۆ کۆلێژی شەریعە، جەنابی شێخ لە چوارچێوەی گەشتەکەیدا، چەندین موحازەرەی لە زانکۆی مامۆستایانو زانکۆی ڕیاز پێشکەش کردووە، دواتریش موحازەرەکانی کۆکراونەتەوەو بە ناونیشانی «پەرەو پەروەردەیەکی ئیسلامی

ئازاد لە حکومەتەکانو وڵاتانی ئیسلامیدا» چاپکراوە.

جەنابی شێخ لە گەشتەکانی بەردەوام بووە، تا ئەو ساتەی بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان کردووە.

رێزلێنانەکانی شێخ نەدەوی:

* شێخ نەدەوی لە ساڵی ١٩٦٢، لە مەککەی پیرۆز یەکەم دانیشتنی دامەزراندنی «رابطة العالم الإسلامي»، بەڕێوە بردووە، لە جیاتی موفتی گشتی «شیخ محمد بن شیخ ابراهیم»ی وڵاتی سعودیە، کە لە سەرەتای دانیشتنەکەدا خودی سەرۆکی ئەو کاتی سعودییە ئامادەی بوو، هەروەها سەرۆکی وڵاتی لیبیا ئامادە بوو، چەندین کەسایەتیو ناودارانو زانایان بەشدارییان لە دانیشتنەکەدا کردووە، جەنابی شێخ نەدەوی وتارێکی پێشکەش کرد، بەناونیشانی «الاسلام فوق القومیات والعصبیات»، واتە: ئیسلام لە سەرو نەتەوەگەریو دەمارگیرییەوەیە.

* بەرامبەر ئەو خزمەتە بێشومارەی پێشکەشی کردووە، لە ساڵی ١٩٨٠، خەڵاتی پاشا فەیصەلی وەرگرتووە.

* ڕابیطەی ئەدەبی ئیسلامی جیهانی دامەزراندووە، لە ساڵی ١٩٨٤، کە خودی جەنابی شێخ، بۆ سەرۆکی ڕابیطەکە هەڵبژێردراوە.

* ساڵی ١٩٩٨، لە مەڵبەندی ئۆکسفۆرد بۆ توێژینەوەی ئیسلامی، خەڵاتی سوڵتان حەسەنی بەڵقی وەرگرتووە، لە بەرامبەر بابەتی «سير أعلام الفكر الإسلامي».

* ڕێکخراوی ئیسلامی بۆ پەروەردەو زانستو ڕۆشنبیری «ئایسێسکۆ ISESCO» خەڵاتی کردووە لە بەرامبەر بەخشینی ئەو زانستە ناوازەی هەیبووە، وەك ڕێزێك بۆ ئەو هەموو خزمەتەی پێشکەشی ڕۆشنبیری ئیسلامی کردووە.

## ماڵاوایی هەمیشەیی شێخ نەدەوی:

لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی، ٢٤ ڕەمەزانی ساڵی ١٤٢١ کۆچی بەرامبەر ١٩٩٩ زایینی، جەنابی شـێخ نەدەوی خۆی دەشۆرێتو دەڕوات بۆ لای قوتابییەکانیو داوایان لێدەکات، کە سـورەتی کهف بخوێنـن، بەڵام پێش ئەوەی قوتابییەکانی سـورەتەکە تـەواو بکەن، جەنابی شـێخ چاوەکانی لێکنـاو ڕۆحە پاکەکەی لە جەستەی جودا بووەوە، دوای ئەوەی دنیای پڕکرد لە زانستو زانیاری..

## پوختە:

شـێخ نەدەوی یەکێك بوو لەو منداڵانەی، کە لە تەمەنی نۆ سـاڵاندا، باوکی ماڵاوایـی لـە ژیان کردووە، بەبێ باوکی گەورە بووە، بەڵام توانیویەتی ببێت بەو زاناو کەسـایەتییە لێهاتووەی، کە ئێمە تەنها مشـتێك لە خـەرواری تەمەنیمان لێـرەدا باس کـردووە. بێبـاوك گەورەبوو، بەڵام نـاوی، بەناو هەمـوو جیهاندا بڵاوبووەوەو کەم زانسـتخواز هەیـە، ناوی ئەم زانا پایەدارەی نەبیسـتبێت.. بە زانستو زانیارییەکەی، بۆ هەمیشە ناوی لە نێو کۆڕی زانایاندا زیندووە.

# ئەو منداڵە بێباوکانەی بوونە فەیلەسوف و داهێنەر

# نیوتن

تاکە پیاوی فیزیایی،
کەکەس لە ئێمە نییە ناوی
نەبیستبێت!



نیوتن، ئەو زانایەیە کە تا ئێستاش، بیردۆزەکانی بوونەتە بناغەی زانستی فیزیا؛ فیزیا ئەو زانستەیە کە سەرکردایەتیی سەرجەم زانستەکان دەکات. لە سەردەمی ڕاپەڕینی زانستیدا، زانستی فیزیا بوو بە هۆی دەرهێنانی ئەوروپا، لە سەردەمی تاریکی بۆ سەردەمی پێشکەوتنو شارستانێتی، کە چەندین سەدە بوو، ئەوروپا بەدەست دواکەوتووییەوە دەیناڵاند.

## نیوتن کێیە؟

بۆچی دکتۆر (مایکڵ هارت) وەکو دووەم کەسێتیی جیهان، کە کاریگەرییان لەسەر مرۆڤایەتی هەبووە، لە کتێبەکەیدا ناوی تۆمار کردووە؟

بەپێی ئەو ڕاپرسییەی لە ساڵی ٢٠٠٥ کە پەیوەندیدار بوو بە زانایانی «کۆمەڵگەی شاهانە»ی بەریتانیا، ڕاپرسییەکە بەم شێوەیە بوو (کام زانا گەورەترین کاریگەری لەسەر مێژووی زانست هەبووە، نیوتن، یان ئەلبەرت ئەنیشتاین؟) لە ئەنجامی ڕاپرسییەکەشدا نیوتن ئەو پلەیەی بەدەستهێنا، کە خاوەنی زۆرترینو گەورەترین کاریگەرییە لەسەر مێژووی زانست.

لە ٢٥ دیسەمبەری ساڵی ١٦٤٢، لە هەمان ئەو ساڵەی کە گالیلۆ، کۆچی دوایی کرد، نیوتن زانای فیزیایی لە کێڵگەیەك، کە هەشت میل لە کرنتام، کە پێی دەوترێ (ولسن پورب)، لە ناوچەی لینکولنشایر، لەدایکبووە، نیوتن لە سکی دایکیدا بوو، کە باوکی کۆچی دوایی کرد.

پاش ئەوەی نیوتن تەمەنی بوو بە دوو ساڵ دایکی شویکردووە بە پیاوێکی ترو نیوتنی لای نەنکی بەجێهێشتووە، نیوتن سەرەتای ژیانی بە کولەمەرگیو بەبێ دایکو باوك بەسەر بردووە، بەڵام نەنکی هەوڵێکی زۆری دا بۆ پێگەیاندنی نیوتن.

نیوتن هەر لە منداڵییەوە، زیاتر لە خوێندنو قوتابخانە، هۆگرو شەیدای درووستکردنی ئامێری میکانیکی بوو..

نیوتن لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا، وازی لە خوێندن هێناوە، بۆئەوەی هاوکاری

داپیــرەی بکات، لە کاروباری کێڵگەکەیدا، بەڵام هەر زوو دەرکەوت، کە نیوتن بۆ کاروباری کشــتوکاڵی دەســت نادات، چونکە نیوتن توانی؛ بە ســەرنجدان بــە مەودای بــازدان لەگەڵ بادا، یان بــە پێچەوانەی با، هێــزی با بپێوێتو بیدۆزێتەوە.

نیوتــن، توانــی کاتژمێرێکــی ئاوی درووســت بکات، نەخشــەی بۆ دوو کاتژمێری هەتاویش کێشــا، کە تا ئێســتاش وێنەی یەکێکیــان لە کتێبخانەی زانکۆی شــاهانەدا بوونی هەیە، لەگەڵ ئەوەشــدا کە نیوتن وازی لە خوێندن هێنــا، کاتێکی زۆری بۆ خوێندنەوە تەرخان کردبــوو. دواتریش گەڕایەوە بۆ خوێنــدنو دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیــی، نیوتن، پەیوەندی کرد بە زانکــۆی (ترنیتی) لــە کامبریدج لە ســاڵی ١٦٦١ زایینی، بــەڵام توانا ناوازەو تایبەتەکانی لە کاتی خوێندن لە زانکۆ دەرنەکەوت، کاتێك لە ســاڵی ١٦٦٥ بە پلەیەکــی ئاســایی کۆلێژی تەواو کرد، گەڕایەوە بــۆ کامبریدج وەکو ئەندامی کۆلێژی ترینیتی.

## دۆزینەوەو داهێنانەکانی نیوتن:-

نیوتــن فیزیکزان، بیرکاریزان، فەیلەســوفی سروشــتی، کیمیاگەر بوو، لە نەتــەوەی ئینگلیزەو لە پیاوانی ئەنجومەنی پادشــایی بــوو. نیوتن لە لایەن لێکۆڵەرانو خەڵکی ئاســاییەوە بەوە ناســراوە کە یەکێکە لەو کەســانەی کە گەورەترین کاریگەریی لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی درووستکردووە.

نیوتن یەکەم کەس بوو، کە باســی کێشکردنی گەردوونی کردووە، نیوتن ســەرەڕای ئەوەی زانایەکی فیزیایی بووە، شارەزایی باشی لە بواری فەلسەفەو کیمیاگەریدا هەبووە، یەکەم دۆزینەوەو داهێنانی نیوتن، بیردۆزی هاوڕێژەیی جەبری بوو، کاتێك نیوتن تەمەنی گەیشــتە ٢٤ ساڵی، توانا بێ سنورەکانی لە زانستی بیرکاری دا وەدەرکەوت..

لە ســاڵی سێیەم لە کامبریدج دەســتی کرد بە لێکۆڵینەوە؛ لە خەرمانەی

چـواردەوری مانگـو پێوانەی گۆشـەکانی، بـەڵام دوای بڵاوبوونەوەی تاعونو گەیشتنی بە کامبریدج، دەرگای زانکۆکە، بەتەواوی داخرا!

نیوتـن، گەڕایـەوە بۆ شـارەکەی خـۆی، چەندیـن مانگی تەرخـان کرد، بۆ چارەسەرکردنی گرفتە جۆراوجۆرەکان، بە تایبەت پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانی زانا (کیبلەر) سەبارەت بە سووڕانەوەی هەسارەکان بە دەوری خۆردا!

بـەڵام چیرۆکی کەوتنە خوارەوەی سـێوەکە لە درەختەکـە، کە لە لایەن ڤۆڵتێرەوە گێڕدراوەتەوە، بیرۆکەی کێشـکردنی پێشـکەش کـرد، ئەمە بووە وەڵامی ئەو گرفتە، نیوتن بووە داهێنەری یاسای کێشکردن.

لە زانسـتی بینیندا، یەکەم تێلیسـکۆپی پێچەوانەکـەری داهێنا، هەروەها گەشـەی بە بیردۆزی ڕەنگەکاندا، پشتبەسـتوو بەوەی کە پەپکەی شیکەرەوە دەتوانێت تیشکی سپی بگۆڕێت بە ڕەنگەکانی پێکهێنەری شەبەنگی بینراو.

دواتر نیوتن بۆ ماوەی دووسـاڵ ١٦٧٠ – ١٦٧٢ لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕی لەسەر زانسـتی بینینزانی ئەنجام داو توانی بۆچوونەکانی بە ڕێگەی زانستی بسەلمێنێت..

نیوتن، وەکو زانایەکی بیرکاریی ناودار، دانی پێدا نرابوو، وەکو نموونەیەك لە کۆلێژەکەی دانرابوو، جێگە پەنجەی نیوتن لەلایەن ئەندامانی یەکگرتووی ئیمپراتۆڕی کە (هۆن ڕۆبێرت برێل) دایمەزراندبوو، دیاربوو دواتر لە زانکۆی لەندەنی شاهانە ناسێنرا، بۆ برەودان بە زانستی سرووشتی.

دوای ئەوە چەندین نوسـراوی نووسـی بـۆ لێکۆڵینەوەکانـی زانکۆ، وەکو توێژینەوە بڵاوکرایەوە.

لقێکـی نوێی داهێنا لە بەشـی بیرکاری، کە ناودەبرێـت بە (جیاکاریو تەواوکاری).. سەرجەمی ئەم داهێنانەی نیوتن ١٨ مانگی خایاند، واتە: لە ساڵی ١٦٦٥ تا ساڵی ١٦٦٧ زایینی.

لە سـاڵی ١٧٠٢ دا نیوتن بە هۆی شارەزاییەوە لە زانستی فیزیادا بوو، بە

سەرۆكی ئەكادیمیای شاهانە.

لە ساڵی ١٧٠٥ دا لەلایەن شاژنی بەریتانیای ئەو كاتەوە كە ناوی (ئان) بوو وەك ڕێزلێنانێك لە كارەكانی نازناوی سوارچاكی لێنرا.

پەرتووكەكەی بەناوی «پرەنسیپە بیركارییەكانی فەلسەفەی سروشتی» كە لە ساڵی ١٦٨٧ دەرچووە، بە یەكێك لەو پەرتووكانەی كە گەورەترین كاریگەریی لە ســەر مێژووی زانستدا هەبووە دەژمێردرێتو بناغەی بۆ بەشێكی گەورە لە میكانیكی كلاســیكی داناوە. لەم پەرتووكەدا، نیوتن وەســفی یاســای ڕاكێشانی گەردوونیو هەرسێ یاساكانی جووڵەی كردووە.

## ژیانی گشتیی نیوتن:-

* نیوتــن لە ژیانی گشــتیدا كەســێكی چــالاك بــوو، دوای بڵاوكردنەوەی دانراوەكەی «بنەماكان».

* نیوتن لە ژیانیدا ژنی نەهێناوە، هیچ كەسی لە پاش خۆی جێ نەهێشتووە.

* نیوتــن هیــچ كات لە ژیانیدا، ســاماندارو دەوڵەمەنــد نەبووە، كاتێك هاوەڵانی چواردەوری هەستیان كرد، بەكەمی داهاتی نیوتن، كاندیدیان كرد بۆ بەڕێوەبەری ڤوتابخانەی (مێنت) لە ســاڵی ١٦٨٩ بە دەسەڵاتی لورد هالیفاكس، نیوتن لە كارەكەیدا وەكو بەڕێوەبەر مایەوە، تا ئەو ســاتەی ماڵاوایی لە ژیان كرد.

* نیوتن خاوەنی چەندین سیفاتی سادەو ساكار بوو، كەسێكی خاكیو بێفیز بوو، كە تایبەتمەندی كەسە بلیمەتەكانە، ئەوانەی لە خۆیان بایی نابنو خۆیان بە گەورە نازانن، لە هەموو سەردەمێكدا، دەبن بە پاڵەوان.

* نیوتن دەبێت بە پارێزگاری ســكەی دراو، لە ســاڵی ١٦٩٦، لە ساڵی ١٦٩٩ دووبــارە بووە بە ئەندامــی ئەنجومەنی زانكۆی شــاهانە، هەروەها پارێدەدەر لە ئەكادیمیای فەرەنســی.. پاشــان بۆ جاری دووەم، ســاڵی ١٧٠١ هەڵبژێردرا بۆ پەرلەمان لە زانكۆ، دواتر بووەتە سەرۆكی زانكۆی مەلەكی لە ساڵی ١٧٠٣.

## تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی نیوتن:-

نیوتن هەرگیز چێژی لە مشتومڕ سەبارەت بە دۆزینەوەو داهێنانەکانی زانستی نەدەبینی، کاتێك بیردۆزە زانستییەکانی ڕادەگەیاند، ڕووبەڕووی بەرهەڵستکارییەکی توند دەبووەوە، نیوتن نەیدەتوانی لە ڕەخنەگرتن ڕزگاری ببێت، نیوتن زۆر هەستیار بوو، بەرامبەر ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی دەکران، تەنانەت هاوڕێکانی داوایان لێدەکرد، دۆزینەوە گرنگەکانی بڵاوبکاتەوە.

نیوتن بەشێك لە ژیانی، بۆ لێکۆڵینەوەو خوێندنی بیرکاریو فیزیاو گەردووناسی بەسەر برد.

نیوتن لە پێش مردنیدا وتی: دەزانم چۆن بۆ جیهان دەردەکەوم، بەڵام سەبارەت بەخۆم، من منداڵێك بووم لە کەناراوەکانی دەریادا، یاریم دەکرد.

ئەنیشتاین دەڵێت: ئەو بیرۆکانەی کە نیوتن، لە فیزیادا پەرەی پێدان، تا ئەمڕۆش، بەبەردەوامی لە بیرماندا دادەگیرسێت.

نیوتن ساڵی ۱۷۲۷ کۆچی دوایی کردووە.

# ستیف جۆبز

١٩٥٥ - ٢٠١١



هیچ کەس لەوبڕوایەدا نەبوو. منداڵێکی
بێباوکو دایک، شۆڕشێکی ئەلکترۆنی
لەسەر ئاستی جیهان بەرپا بکات!

ستیف جۆبز:-

ستیف جۆبز بەڕەگەز سووریيە، لە ٢٤ شوباتی ساڵی ١٩٥٥ لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لە دایکبووە، دوای مردنی باوکو دایکی ئەم خێزانە (کلارا جۆبزو پول) دەیکەنە کوڕی خۆیانو ئەرکی بەخێوکردنو سەرپەرشتیکردنو پەروەردەکردنی دەگرنە ئەستۆ، ستیف جۆبز تەنها بێ باوك نەبووە، بەڵکو بێ دایکیش بووە، بەڵام ئەم کارەساتە سەختە نەبووەتە هۆی سەرنەکەوتنو دەرنەکەوتنی جۆبز لە دونیای تەکنەلۆژیادا.. جۆبز لە سەرەتای شەستەکاندا گەورەبوو، هەڵسوکەوتو ئاکاری تاڕادەیەکی زۆر کاریگەری ئەو بارودۆخەی پێوە دیار بووە کە تیایدا ژیاوە، تەمەنی لاوی جۆبز، لێوان لێو بووە لە حەزو خولیاو هیواو ئاواتو هۆگربوونی بە ئەلکترۆنیاتەوە.

جۆبز لە تەمەنی سیانزە ساڵیداو لە پشووی هاویندا، بۆ کارکردنو پەرەپێدان بە خولیاکانی لە کۆمپانیای بەناوبانگی (Hewlett Packard) ناسراو بە (HP) دەستی بە کارکردن کرد.

ئەو ژینگەیەی ستیف جۆبزی تێدا ژیاوە، کاریگەری زۆری لەسەر خەونەکانیو کەسایەتی هەبووە، کە دەرەنجام ئەنجامەکەی بەدیهێنانی خولیاو ئاواتەکانی لێکەوتەوە.

ستیف جۆبز نەی دەتونی لە منداڵانی هاوتەمەنی خۆی تێبگات، چونکە ئەو حەزی دەکرد بەردەوام کاربکات بۆ هێنانەدی ئاواتەکانی، نەیدەتوانی وەکو منداڵێکی ئاسایی، ژیان بگوزەرێنێت، ئەم هەڵسوکەوتەشی زۆر ماندووی دەکرد..

ستیف جۆبز، کاتێك گەیشتە قۆناغی ناوەندی، حەزی دەکرد تێکەڵاوی ئەو کەسانە بێت کە تەمەنیان لە خۆی گەورەترە، کە یەکێك لە هاوڕێکانی ناوی (ستیف وزنیاك) بوو، چوار ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو، کە دواتر لەگەڵ جۆبز کۆمپانیای ئەپڵیان دامەزراند..

جۆبز زۆر حەزی بە ئەلکترۆنیات دەکرد، لە خۆشـیدا نقووم بوو، کاتێك لەگەڵ وزنیاکی هاوڕێی دیزاینی (العلبة الزرقاء)ی کرد، کە یارمەتی دابەزاندنی رسـوماتی پەیوەندییـە تەلەفۆنییەکانی دوور وڵاتـی دەدا، کە لەگەڵ وزنیاك پێکەوە دیزاینی ئەم کارەیان کرد، دواتریش داهێنانەکەیان فرۆشت.

دوای تەواوکردنـی خوێندنـی ئامادەیی، جۆبز پەیوەنـدی کرد بە زانکۆی (ریید) لە شـاری ئوریجن، بـەڵام ئەوەی جێگەی سەرسـوڕمان بوو، ئەوەبوو کـە ئەم بلیمەتــە نەیتوانی لە زانکۆ سـەرکەوتوو بێت، هۆگریو سـەرقاڵیی بـە ئەلکترۆنیاتــەوە، بووە هۆی سـەرنەکەوتنی لە زانکۆ، بـەڵام هەر کەس لـە خوێنـدن سـەرنەکەوت، مانای ئەوە نییە کەسـێکی شکسـتخواردووە، بە پێچەوانەوە ژیان لە سـەدان لایەنو هۆکار پێکهاتووە، گەر مرۆڤ نەیتوانی لە لایەنێـك سـەرکەوتوو بێت، دەیان ڕێگای دیکە هەیە تـا تواناکانی خۆی تێدا بخاتە گەڕو سەرکەوتن بەدەست بهێنێت..

جۆبـز بڕیـاری دا واز لە خوێنـدن بهێنێت! (جیاوازییەك لـە نێوان ئەو سەرکەوتووانەو ئێمەدا، هێزی بڕیاردانە، سەرنج بدە، کاتێك جۆبز لە خوێندن سەرکەوتوو نەبوو، دەستەو ئەژنۆ دانەنیشتو خەم لە ئامێز بگرێت، یاخود بە زۆر خۆی بسـەپێنێت بەسەر بارودۆخەکەداو خۆی ناچار بکات، هەر چۆنێك بێت خۆی بە کارێکەوە سەرقاڵ بکات، کە خولیاو حەزەکانی تێدا بەدی نایەت، جۆبـز زۆر بـاش دەیزانی تواناکانی لە شـوێنێکی دیکەو لـە بوارێکی دیکەدا بەهێـزەو دەتوانێت لەو لایەنەوە هەوڵی سـەرکەوتن بدات، هەربۆیە بوێرانە بڕیاری داو ڕووی کردە جیهانی ئەلکترۆنیات)، ئێسـتا با پێکەوە سـەرەنجامی ئەم بڕیارەی جۆبز بخوێنینەوە..

جۆبز وازی لە خوێندن هێناو پەیوەندی کرد بە کۆمپانیای (ئەتاری)یەوە؛ بۆئەوەی بە دوای ئایندەو هێنانەدی خەونەکانیدا بگەڕێت.


جۆبز لەم کۆمپانیایەدا تواناکانی خۆی وەگەڕخســتو دیزاینی بۆ چەندین جــۆری یاری ئەتــاری کرد، بە جۆرێك کــە جیهان بە دیزاینەکانی سەرســام بــوو، جۆبز لە داهێنانو پەرەپێدانی خولیــاو ئاواتەکانی بەردەوام بوو، وەکو زۆرینەمــان بــە زیادکردنی مووچــەو داهاتی زیاترو ئەو شــتانە، بەردەوامی نــەدا بە کارکردن لە کۆمپانیاکەدا، بەڵکــو بیری لە داهێنانی زیاترو پرۆژەی سەربەخۆو گەورەتر کردەوە.

## کۆمپانیای ئەپڵ:-

ســتیف جۆبز لە تەمەنی بیســتو یەك ســاڵیدا، درووســت لە (١٩٧٦/٤/١) لەگــەڵ (وزنیــاك)ی هاوڕێیدا، کۆمپانیای (ئەپڵ)یان دامەزراند، لە ســەرەتای دامەزراندنی کۆمپانیای ئەپڵ، دووچاری قەیرانی دارایی بوون، بەڵام قەیرانی دارایــیو نەبوونی بودجەی پێویســت بــۆ ڕێبەرێکردنی کارەکانیان، شکســتی پــێ نەهێنان، ســەرەتا هەردوو ئۆتۆمبێلەکەی خۆیو هاوڕێکەی فرۆشــت، بۆ پڕکردنەوەی داهاتو خەرجی کۆمپانیاکەیانو ڕاپەڕاندنی کارەکانیان، تەنها بۆ بەدەستهێنانی ١٣٠٠ دۆلار بۆئەوەی یەکەم ئامێری ئەپڵ درووست بکەن!

جۆبــزو وزنیاك بە نیازبوون دیزاینی ئەپڵ بفرۆشــن، بەڵام لە ســەرەتادا کــەس بڕوای بەو ئامێرە نەبــوو، لەبەرئەوە جۆبز بڕیاری دا کە ئەو دیزاینە بە کەس نەفرۆشێت!

جۆبز گەراجی ماڵەکەی کردبووە، وەرشــەی کارکردن، ژوورەکەی کردبووە گەنجینــەی کارەکانــی، ژووری دانیشتنەکەشــی کردبووە شــوێنی هەڵگرتنو بەتالکردنــەوە.. هەرچەندە ماڵەکەش هی خۆی نەبوو، بەڵکو هی ئەو خێزانە بوو کە هەڵیانگرتبووەوەو کردبوویانە منداڵی خۆیان، جۆبز ماڵەکەی کردبووە کارگەیەکی بچووك، خێزانەکەشــی نەك ڕێگەیان لێ نەدەگرت، بەڵکو هاندەرو هاوکاری بوون بۆ هێنانەدی خەونەکانی..



له کۆتایی حەفتاندا جۆبــزو وزنیاك دووچاری فەیرانێکی گەورەی دارایی گەورە بوون، بەشــێوەیەك زۆرێك لە خەڵکیو بەتایبــەت ڕکابەرەکانیان، لەو باوەڕەدابوون شکست بهێنن، ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند بوونەوە، بەڵام هەموو ئــەو بارودۆخە بــۆ چرکەیەکیش چۆکــی پێدانەدان، بەڵکو بــەردەوام بوون لــە پەرەپێدانو باشــترکردنی دیزاینی ئامێرەکەیان، لــە کاتێکدا خەڵکی لەو باوەڕەدابوون کە بازاڕێك نییە بۆ ســاغکردنەوەی کۆمپیوتەرەکەیان، تەنانەت گەورە کۆمپانیایەکی وەکو (انتیل) پێی وابوو کە بوارێك، یاخود بازاڕێك نییە بۆ ســاغکردنەوەی کۆمپیوتەری تایبەتی، لەو کاتەدا (microprocessor) یــان داهێنا، کۆمپانیاکــە نەیدەزانی کە ئەو داهێنانــە دەبێتە هۆی داهێنانی کۆمپیوتەری لاپتۆپو دەبێتە کۆمپیوتەرێکی خوازراو لای هەمووان!

هەموو گەورە کۆمپانیاکان بیرۆکەی (ئەپڵ)یان ڕەتکردەوە، کەسیان ئامادە نەبوون داهێنانو دیزاینەکانی ئەپڵ بکڕن!

بــەڵام ئــەم ڕەتکردنەوەیە خەونەکانی ئەم دو لاوەی لــە گۆڕ نەنا، بەڵکو بیریان لە جێگەیەك کردەوە، کە بیرۆکەی شــارەزاو پسپۆڕانو کۆمپانیاکانی

بێ ئەمەیشـتبێت! ئەوان قسـەی خەڵکو ڕەخنەی کۆمپانیاکانو شـارەزایان هیچ سارەی ئەمکردەنەوەو گوێیان پێ نەدان، بەڵکو بەردەوام بوون لە داهێنانی زیاترو پەرەپێدانی ئامێرەکەیان.

جۆبز بە بەرۆکە تیژەکانی بەردەوام بوو، تا ئەو سـاتەی جیهانی لە ڕووی ئامێرەکانی کۆمپیوتەرەوە گۆڕیو بووە خاوەنی ملیارات دۆلار!

ئەو ساتەی ئەپڵ توانی (١٢٠٠٠) ئامێر بفرۆشێت، ئیرادەی بەهێزی جۆبز، بە هەمووانی سـەلماند، کە ئەوان لە هەڵەدان، ئیدی ئەپڵ دەسـتی بەسـەر جیهانی کۆمپیوتەردا گرت!

بەرهەمەکانی ئەپڵ لە ساڵی ١٩٩٢ گەیشتە حەوت ملیار دۆلار، ئەمە بەرهەمی ئـەو دوو کەسـە بـوو، کە یەکێکیان بـە بێباوکی گەورەبوو، جگە لە شـەش مانگ ئەزموونی کارکردن لەگەڵ کۆمپانیای ئەتاری، هیچ پێشینەیەکی دیکەی نەبوو، هاوڕێکەشـی وزنیاك وازی لە زانکۆ هێنابوو؛ بۆئەوەی هاوسـەرگیری بـکات. وەکـو کارمەند لە کۆمپانیای (HP) کاری کـردووە، ئەوان تەنانەت لە بەڕێوەبردنیشـدا هیچ ئەزموونێکیان نەبوو، کاتێك ئەپڵیان دامەزراند، لەگەڵ هەموو ئەو قەیرانە داراییەدا، قسـەو ڕەخنەی ڕووخێنەری زۆریان ڕووبەڕوو بووەوە! بەڵام نەیانتوانی لە خەونەکانیان، ساردیان بکەنەوە.

جوبز لە داهێنانو پەرەپێدانو بەرەوپێشـبردنی کارەکانیدا بەردەوام بوو، تـا بووە ئەو کەسـە بەناوبانـگو داهێنەرەی کە چەندیـن ڕۆژنامەو گۆڤاری (INC) بە کەسایەتی ساڵانی (١٩٨٠ تا ١٩٩٠)ی ئەمریکا دەستنیشانی بکەن.

## خەڵاتەکانی ستیف جۆبز:-

سـتیف جۆبز. چەندەها خەڵاتی بەدەسـتهێنا، لەوانە، ساڵی ١٩٨٧ خەڵاتی (جیفرسون) بۆ خزمەتگوزاری گشتی، هەروەها خەڵاتی کۆمپانیای (INC) ساڵی

١٩٨٩، هەروەها مەدالیای نیشتمانی بەدەستهێنا..

هەمـــوو ئەمانەش بە هۆی ئەو شۆڕشــە کۆمپیوتەرییەوە بوو، کە جیهانی شڵەقاند..

## داهێنانەکانی جۆبز:-

* داهێنانی ئامێری ماکن تووش، بە هەموو جۆرەکانییەوە..

* جۆبــز تەنهــا لە جیهانی کۆمپیوتەردا نەوەســتا، بەڵکــو داهێنانەکانی بەرەوپێشــتر برد، تا ئەو ســاتەی توانی ئامێرێکی وەکو (ئایفۆن) دابهێنێت، کاتێــك جۆبز داهێنانـــی ئەم ئامێــرەی ڕاگەیاند وتی؛ (ئێمــە جارێکی دیکە تەلەفۆنمان داهێنایەوە)..

* بە بڕوای جۆبز هێشــتا خەونو خولیاکان تــەواو نەبوون، داهێنانەکان سنوریان بۆ نییە، لەبەرئەوە بەردەوام بوو لە داهێنان، تا ئەو ساتەی ئامێری (ئایپــاد)ی داهێنا، کە گۆڤاری (تایم) بە گرنگترین داهێنانەکانی ســاڵی ٢٠١٠ هەژماری کردووە.


* (ئایپۆد)یش یەکێکی دیکەیە لە داهێنانەکانی جۆبز.

- بە داخەوە ستیف جۆبز لە ساڵی ٢٠٠٤ دووچاری نەخۆشیی شێرپەنجەی پەنکریاس بوو، لە ســاڵی ٢٠٠٩ نەشتەرگەری چاندنی جگەریان بۆ ئەنجام دا، بەڵام ئەو نەخۆشییەش لە داهێنان نەیوەستاند، بەڵکو زۆرێك لە داهێنانەکانی وەکو (ئایپادو ئایفۆن) دوای تووشبوونی بەو نەخۆشییە داهێنا..

دوای ململانێییەکـــی ســەخت لەگــەڵ نەخۆشـــییەکەیدا، دواجــار لە ٥ ی ئۆکتۆبەری ســاڵی ٢٠١١ لە تەمەنی پەنجاو شــەش ســاڵیدا، دوای شەش هەفتە لە دەستلەکارکێشــانەوەی لە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای ئەپڵ، ئەم داهێنەرە مەزنە، ماڵاوایی لە ژیان کرد..

**له وته بەناوبانگەکانی جۆبز (پرسیاری ئەوە مەکە، کە بریکارو کڕیارەکەت، لــە ئێســتادا چی دەوێت، بەڵکو بپرســە لە داهاتوودا ئــارەزووی چی دەکاتو خەون بە چییەوە دەبینێت)!**

له ســتیڤ جۆبزیان پرســی: بۆچــی کۆمپانیاکەت ناونــا (Apple)، وتی: لەبەرئەوەی زۆر حەزم لە میوەی سێوە!





# کۆنفۆشیوس

٥٥١ — ٤٧٩ پ.ز



## کۆنفوشیوس/-

کۆنفوشــیوس بە یەکێك لە کاریگەرترین فەیلەســووفەکانی شارستانیەتی کۆنی چینییەکان دەژمێردرێت، هەروەها بە یەکێك لەو کەمینانە دەژمێردرێت کە توانیویەتی زۆرترین گۆڕانکاری ڕیشەیی لە مێژوودا ئەنجام بدات.

«دکتــور مایکل هــارت» لە پەرتوکە بەناوبانگەکەیدا بــە ناوی «الخالدون المئــة» بە پێنجەمین کەســایەتی ناوی بــردووە، کە کاریگــەری گەورەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەنجامداوە..

کونفوشیوس لە میرنشینی «لو» کە ئێستا ناسراوە بە «هەرێمی شندونجی چین» لەدایکبووە، کۆنفوشــیوس لە تەمەنی ســێ ســاڵیدا باوکی کۆچی دوایی دەکاتو بە تەنها لەگەڵ دایکیدا لە بارودۆخێکی زۆر ناهەموارو کەم دەرامەتو هەژاریدا جێیان دەهێڵێت، لەو ســاتەدا کە خەڵکیو کەس‌وکارو دۆســتان سۆزو بەزەییان بە حاڵو گوزەرانو بارودۆخیاندا دێتەوە، بەڵام دایکی وەك شێرە ژنێك قۆڵی مەردایەتــیو ئازایەتی لێ هەڵدەکاتو بەرپرســیارێتیو پەروەردەکردنو خزمەتکردنو بەخێوکردنی منداڵەکەی دەگرێتە ئەســتۆ، دایکی کۆنفوشــیوس دەستیکردە کارکردن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆیو منداڵە سێ ساڵانەکەی.. تا سەربەرزانە ژیان بگوزەرێننو ئاتاجی دەستی کەس نەبن..

دوای بەڕێکردنــی ژیانێکی ســەخت، دواجار کۆنفوشــیوس توانی پەرە بە تواناو بەهرەکانی بدات، لەگەڵ ئەوەشــدا لەوکاتەدا ململانێو کێشــمە کێشمو ناکۆکــی لە نێــوان ئەو ویلایەتانــەدا هەبوو کە وڵاتی چینیــان پێکهێنابوو.. گۆڕانــکاری زۆر خێــرا لە نێــو کۆمەڵگەی چینیدا ڕوویــدا، زۆرینەی خەڵکی هیچ بەهاو ڕێزێکیان بۆ هەڵسوکەوتی مرۆڤ دۆستانە دانەدەنا، بەشێوەیەکی گشــتی دڵڕەقانەو دوور لە بەها مرۆییەکان مامەڵەیان لەگەڵ یەکدیدا دەکرد، کۆنفوشیوس ترسا لەوەی ئەم شێوازی مامەڵەیە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ژیانو گوزەرانی کۆمەڵایەتیو سەربکێشێ بۆ ڕووخانی شارستانییەتەکەیان.

کۆنفوشــیوس هەستی بە مەترســی ئەم بارودۆخە کرد، لەبەرئەوە هەوڵیدا

ببێتـه ڕاوێـژكاری حاكمێكـی دانا، بۆئـەوەی ئەو پۆسـتە بكاتـە مینبەری بڵاوكردنـەوەی بیروبۆچوونەكانیو چاكسـازی كۆمەڵگەكـەی، بەداخەوە لەو هەوڵەیدا سەركەوتوو نەبوو.

دواتر ماوەی شـازدە ساڵی تەمەنی لە ئامۆژگاریكردنی خەڵكیدا بەسەربرد، لەو پێناوەدا لەم شـار بۆ ئەو شـار گەشـتی دەكرد، توانی سەرنجی زۆرینەی خەڵكی بۆ لای خۆی ڕابكێشێت.

كاتێك تەمەنی گەیشتە «٥٠» ساڵ، گەڕایەوە بۆ كاركردن لە ناو حكومەتدا، بەڵام هەندێك لە توونـدڕەوو دڵڕەقەكانو نەیارانی توانیان لە كارەكەی دووری بخەنەوە، كۆنفوشـیوس شاری بەجێهێشتو بۆ ماوەی سیازدە ساڵی دیكە وەكو ئامۆژگاریكارێكی گەڕۆك، لەم شـار بۆ ئەو شـار ڕۆڵی بینی، پاشـان گەڕایەوە بۆ شـارەكەی خۆی، تا ئەو تەمەنەی كە ماویەتی لە نێو ئەو شـارەدا بەسەری بەرێت كە تیایدا لە دایكبووە، دوای بەسەربردنی پێنج ساڵی تەمەن لە شارەكەی خۆیدا، بۆ دواجار كۆنفوشـیوس لە ساڵی «٤٧٩» پ.ز، ماڵاوایی لە ژیان كرد، تا ئەو ساتەش كۆنفوشیوس بەشێوەیەكی ئەوتۆ لە نێو وڵاتی چیندا نەناسرابوو.

بەڵام وەك هەمیشە پیاوە گەورەكانو ناودارانو زانایان دوای لە دەستدانیان مرۆڤایەتـی قـەدرو ڕێزو حورمەتیان دەزانن، تا ئەم سـاتەش كۆنفوشـیوس كاریگەرییەكی گەورەو بەهێزی لە نێو تاكو كۆمەڵگەی چینیدا هەیە.

## ڕێبازو بنەماو بەرنامەی كۆنفوشیوس:

ئـەو بنەمایانـەی كۆنفوشـیوس جەختـی لێكردۆتەوە، بریتـی بووە لە گەشەپێدانی خودو ڕەوشتی جوانو بەرزو بەرپرسیارێتی هەر یەك لە تاكەكان، بەرامبەر كۆمەڵگەو دەوروبەریان.

بە كورتی ڕێبازو بنەمای بەرنامەی كۆنفوشیوس بریتی بووە لە ڕێگەیەكی تایبەت بۆ ژیـان، هەروەها هەڵسوكەوتی كۆمەڵایەتـیو ڕامیاری، ڕێبازەكەی كۆنفوشـیوس هاندانی مرۆڤەكان بووە بۆ خۆشویستنی یەكتریو خۆشویستنی خەڵكـیو مامەڵەكردنی جوانو نەرمونیانی لە گوفتارو ڕەفتاردا، پاكوخاوێنی

دەســـتو زمان، هەروەها ڕێزگرتنی کەســانی بە تەمەنو کەسانی خاوەن پلەو پایەو زانست، ڕێزگرتنو بە پیرۆز زانینی خێزانو گوێڕایەڵیکردنی بچووك بۆ کەسانی لە خۆی گەورەترو گوێڕایەڵیکردنی خێزان بۆ هاوسەرەکەی.

لــە هەمــان کاتــدا کۆنفوشــیوس ڕقــی لــە ســتەمو چەوســانەوە بووە، کۆنفوشــیوس لەو باوەڕەدا بوو کە حکومەت بۆ خزمەتی گەل دروســت بووە، نەك بۆ چەوســانەوەو ســتەمکردن لە گەلو هاوڵاتییەکانی، لەبەرئەوە دەبێت کاربەدەســتو ســەرۆكو فەرمانڕەوا خاوەنی جوانترینو بەرزترین ڕەوشــتو ئاکار بن، پێشەنگو نموونەیەکی بەرزو جوان بن بۆ گەلەکەیان.

لە وتە بەناوبانگەکانی کۆنفوشــیوس کە کردبوویە ڕەوشــتو نەریتی خۆی:- «بە شێوەیەك ڕەفتارو مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا مەکە، کە حەزناکەیت بەو شێوەیە مامەڵەت لەگەڵدا بکەن»، واتە بەو شــێوەیە ڕەفتارو مامەڵە بکە کە حەزدەکەیت مامەڵەت لەگەڵدا بکەن.. کۆنفوشیوس لەو بڕوایەدا بوو کە سەردەمی ئاڵتوونی بۆ مرۆڤایەتی لە دوای خۆی دێتە ئاراوە.

لە سەردەمی پادشا «هان» هەڵبژاردنو دامەزراندنی فەرمانبەر تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەست بوو بە تاقیکردنەوەی فەرمانبەرەکە لەسەر بنەماو ڕێبازو ئادابەکانی کۆنفوشیوس، ئەمڕۆ حکومەتی چین ڕێبازو بنەماکانی کۆنفوشیوسی کردووە بە فەلســەفەی فەرمی دەوڵەت.. ملیۆنەها مرۆڤ لە وڵاتــی چینو دەوڵەتانی وەکو یابانو کۆریاو ڤێتنام، ڕێز لە کۆنفوشیوسو بنەماو ڕێبازەکەی دەگرن.

لــە ڕاســتیدا پەرتوکێــك بەناوی کۆنفوشیوســەوە نییە کــە خودی خۆی داینابێــت، بەڵکو شــوێنکەوتووانی هەڵســاون بە تۆمارکردنو نووســینەوەی گفتوگۆو وتە بەناوبانگەکانی کۆنفوشیوس لە پەرتوکێکدا بە ناوی «هەڵبژاردە نەدەبییەکان»ی کۆنفوشیوس.

کۆنفوشــیوس ئەو منداڵە بێ باوکە بوو، کە توانی ببێتە ئەو فەیلەســوفە گەورەیەی ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی «٢٤٩٥» ساڵ بەسەر کۆچی دواییدا، هێشتا ناوی زیندووەو مێژوو شانازی پێوە دەکات.



# تولستوي

١٨٢٨ - ١٩١٠

لیۆ تۆڵستۆیی بـه گەورەترین ئەدیبەکانــی ڕووس دادەنرێت، هاوکات بە یەکێـك لە گەورە ئەدیبەکانــی مێژوو ئەژمار دەکرێت، تا ئێســتاش ملیۆنان کەس بە کارەکانی تۆڵســتۆیی سەرسـامنو سـۆزو خۆشەویســتیان بۆ خۆیو شاکارەکانی هەیە.

چیرۆکــی تۆڵســتۆیی، چیرۆکێکــی لێوانلێوە لــە داهێنانو دەســتکەوتو سەرکەوتن، لە هەمان کاتدا چیرۆکێکی خەمگینە.

## تۆڵستۆیی کێیە؟

تۆڵســتۆیی لە ٢٨ ئابی ساڵی ١٨٢٨ لە یاســیانا بولیانا، لە دایکبووە، هەر لە تەمەنی منداڵیدا، دایكوباوکی کۆچیی دواییان کردووەو تۆڵســتۆییو براکانی، دوور لە نازی دایكو باوك گەورەبوون، هەندێك لە خزمو کەســە نزیکەکانیان پەروەردەکردنو بەخێوکردنیان، گرتوونەتە ئەستۆ.

تۆڵســتۆیی لە ساڵی ١٨٤٤ پەیوەندی کرد بە زانکۆی کازانەوە، بەڵام درێژەی بــە خوێندن نەدا، چونکە بە زانکۆ خۆشــحاڵو سەرسـام نەبــوو، لەبەرئەوە دەســتی کرد بە کاری ئازادو گۆڕانی ڕیشــەیی لە ژیانیدا، ســەرەتا لە خۆیەوە دەستی بە گۆڕانو خۆڕۆشنبیرکردن کردو دەستی کرد بە نووسین!

لە ســەرەتای قۆناغی یەکەمی ژیانیدا تۆڵستۆیی «سێ کتێبی نووسی»، بە ناوەکانی «منداڵی ١٨٥٢»، «مێردمنداڵی ١٨٥٤»، «لاوێتی ١٨٥٧»، دوای ئەو بەرواره تۆڵســتۆیی پەیوەندی کرد بە ڕیزەکانی ســوپاوەو بەشــداری چەندین شەڕی کردووە، تــەواوی ئەزموونەکانی لە جەنگدا لــە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوە لەوبارەیەوە کتێبێکی نووسی بە ناونیشانی «قەوقاز» لە ساڵی ١٨٦٢.

پــاش تەواوکردنی خزمەتی ســەربازیی، تۆڵســتۆی هاوســەرگیری لەگەڵ «سۆفیا ئەندریڤنا» ئەنجام دا، سەرەتا ژیانیان زۆر بەختەوەر بوو، لە ماوەی ژیانی هاوســەرییاندا ســیانزە منداڵیان بەرهەمهێنا، «دیــارە ئەو کات بوونی

منداڵی زۆر نەریتو کلتور بووە»، بەڵام پێکەوە ژیانیان تاسەر بەردەوام نەبوو، چونکە ژنەکەی لە دابەشکردنی زەویوزاردا بەسەر جوتیاراندا هاوکاریکردنیان، لەگەڵیدا ناکۆک بوو، لەبەرئەوە ڕۆژ بەڕۆژ لە یەکتر دوور دەکەوتنەوە، تا وایان لێهات حەز بە دیتنی یەکدی نەکەن، دواجار لە ئەنجامی دروستبوونی ناکۆکیو کێشەو گرفتی نێوانیان لە یەکتر جیابوونەوە، تۆڵستۆیی سازشی لە هەموو سەروەتو سامانوماڵەکەی کرد بۆ هاوسەرەکەی، سەرجەم منداڵەکانیشی درا بە هاوسەرەکەی، جگە لە کچە بچکۆلانەکەی کە ناوی ئەلکسندرا بوو! تۆڵستۆی ئەوەندە لە ژیانی خێزانی خۆی ناڕازی بوو، تەنانەت وەسیەتی کرد لەکاتی مردنیدا ڕێگە نەدرێ ژنەکەی بێتە سەر گۆڕەکەی.

پاشان تۆڵستۆیی دەستیکرد بە گۆڕانێکی نوێ لە ژیانی خۆیدا، لە پەیامەکانیدا بانگەشەی بۆ ئاشتیو خۆشەویستیو پێکەوەژیانو هەڵوەشانەوەی کۆیلایەتیو دەرەبەگایەتی دەکرد.. دواتر هەوڵی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەو پلانانەی دا، تۆڵستۆیی دوای دابڕانی لە خانەوادەکەی، ژیانێکی کولەمەرگی دەژیا، جلوبەرگی زبرو هەژارانەی دەپۆشی، بە دەستی خۆی پێڵاوەکانی خۆی دروست دەکرد، خواردنی سادەو ئاسایی دەخوارد.

دواتر تۆڵستۆیی گەشتی کرد بۆ وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، لەوێ بە ڕێگەکانی وانەوتنەوە سەرسام بوو، لەبەرئەوە کاتێک گەڕایەوە زێدی خۆی، دەستیکرد بە پراکتیزەکردنی ئەو بیردۆزە پەروەردەییەی کە فێری ببوو، بۆ ئەم مەبەستەش هەڵسا بە کردنەوەی قوتابخانەیەکی تایبەت بۆ منداڵانی جوتیارەکانی ناوچەکە، هەروەها گۆڤارێکی پەروەردەیی بە ناونیشانی «یاسنایا بولیانا» دەرکرد، تیایدا باسی لە بیرۆکە پەروەردەییەکانی دەکرد. بە مەبەستی سوودگەیاندنو گەیشتنی پەیامەکانی بە خەڵکی، گۆڤارەکەی لە ناو خەڵکیدا بڵاوکردەوە.

یەكێكی دیكە لە بەرهەمەكانی تۆلستۆیی دانانی كتێبێك بوو بە ناونیشانی «شەڕو ئاشتی»، كە بە یەكێك لە ناودارترین كارەكانی ئەژماركرا، ئەم كتێبە سەرجەم قۆناغە جیاوازەكانی ژیانی لەخۆ گرتووە، هەروەها ڕووداوە ڕامیاریو سـەربازییەكان كە لە سـاڵانی ١٨٠٥ – ١٨٢٠ لە ئەوروپادا ڕوویان داوە، تیایدا وەسف كردووە، هەروەها باس لە جەنگی ناپلیۆن لەگەڵ ڕووسیادا دەكات.

لـە بەناوبانگتریـن كتێبەكانی بە ناونیشـانی «ئەنا كارنینـا» كە تیایدا چارەسـەری كێشـەو گرفتە كۆمەڵایەتیو ئاكاریو فەلسەفییەكانی كردووە بە شێوەی تراژیدیایەكی سۆزداری، لەو بەرهەمەدا «ئەنا كارنینا» ڕۆڵی سەرەكی دەبینێت.

تۆلستۆیی لە ماوەی ژیانیدا وەكو فەیلەسوفێكی ئاكاربەرزو خاوەن ویژدان، هەڵسـاوە بـە بیرۆكـەی بەرگریكردنێكی ئاشـتییانە بۆ بەرهەڵسـتیكردنی توندوتیژی، بیرۆكەكانی بەڕوونی لە كتێبەكانیدا بەرجەستە بووە، تۆلستۆیی یەكێك بوو لەو كەسـانەی كاریگەری كردە سـەر ناودارانی سـەدەی بیستەم، لەوانـە غاندیو مارتن لوثر كینگ، كە ئەم دوو كەسـایەتییە، بە سیاسـەتی بەرگری ئاشتیانەی، دژی توندوتیژی ناسراون!

تۆلستۆیی لە خوێندنەوەی كتێبە ئاینییەكاندا ڕۆچوە، بانگەشەی بۆ ئاشتی كـردووە، دژی توندوتیژی بـووە. بەخێراییش بۆچوونەكانـی بڵاوبوونەوە، خەڵكانێكـی زۆر بە بیروبۆچوونەكانی تۆلسـتۆیی سەرسـام بـوون، خەڵكی پۆل پۆل سـەردانیان دەكرد، بۆ ئەو شـوێنەی كە لێی نیشـتەجێبوو، لەگەڵ جووتیارەكان ژیانێكی سـادەی دەگوزەراندو وازی لە هەموو سەروەتو سامانی خانەوادەكەی هێنابوو.

بەرهەمێكـی دیكەی بەناوبانگی تۆلسـتۆیی بەرتوكێك بوو بەناونیشـانی «هونـەر چییە»؟ كە تیایـدا هونەری ڕوون كردۆتەوە، كە پێویسـتە خەڵكی

ئاراسته بكرێن بۆ ڕەوشتو ئاكاری بەرزو جوان.. هەروەها كار بكرێت بۆ چاككردنی بارودۆخیان، بێگومان دەبێت هونەر ئاسان بكرێتو لەگەڵ هەموو خەڵكی بە گشتی بدوێ.. واتە هەموو كەس لە هونەر تێبگاتو بزانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەكات.

تۆڵستۆیی لە كۆتایی ژیانیدا گەڕایەوە بۆ نووسینی چیرۆكە خەیاڵییەكان، كتێبێكی نووسی بە ناونیشانی «مردنی ئیڤان ئیلیتش» لە ساڵی ١٨٨٦، لەگەڵ هەندێك كاری شانۆیی بە ناونیشانی «هێزی تاریكی» ساڵی ١٨٨٨، لە بەناوبانگترین شاكارەكانیشی لە كۆتایی تەمەنیدا نووسی، بەناونیشانی «زیندووبوونەوە»، لەگەڵ چەندین بەرهەمی دیكە.. هەروەها كتێبێك بەناونیشانی «حاجی موراد» كە دوای مردنی خۆی چاپ كرا.

كە تیایدا زۆر بە قوڵی زانستی دەروونناسی شیكردۆتەوە، تۆڵستۆیی زۆر سەرسام بووە بە كەسایەتی پێغەمبەر «سەلامی خوای لێبێت»چەندین وتەی بەنرخو بە پێزی لەو بارەیەوە وتوە، لەوانە: «ئەوەندە شانازی بەسە بۆ پێغەمبەر محمد «سەلامی خوای لێبێت» كە ئوممەتێكی زەلیلو خراپەكاری ڕزگار كردووەو لە سەرجەم نەریتە خراپەكان دووری خستوونەتەوەو ئاڕاستەی كردوون بەرەو دەروازەی پێشكەوتنو شارستانیەت، شەریعەتی پێغەمبەر محەممەد لەگەڵ جیهانو ژیانی مرۆڤایەتیو لەگەڵ عەقڵو ژیریو داناییدا دەگونجێت».

هەروەها تۆڵستۆیی دەڵێت: من یەكێكم لەو كەسانەی سەرسامم بە پێغەمبەر محمد «سەلامی خوای لێبێت»، كە خودای گەورە هەڵی بژاردووەو كۆتا پەیامی ئاسمانی بۆ ناردووەو كردوویەتییە كۆتا پێغەمبەر!

تۆڵستۆی ساڵی «١٨٨٩ – ١٩٠٠» دا ڕۆمانی «ژیانەوە»ی داناو لە ساڵی ١٩٠١ شانۆگەری «لاشەی زیندوو»ی دانا، بەڕای ڕەخنەگرانی جیهانی، تۆڵستۆی بە

گەورەترین نووسەری دنیا دادەنرێت و هەروەها بە کەسایەتییەکی چاکو مەزن ناوبانگی دەرکردووە، زۆر کەسی چاکەخواز سەردانیان کردوەو سوودیان لە بیروباوەڕە چاکەخوازییەکەی وەرگرتووە، یەکێك لەوانە مەهاتما گاندی کە پێشەوای گیانیو نیشتیمانی هیندستان بووە، سەردانی کردووەو گەلێك لە بیرو باوەڕی ئاشتیخوازە مرۆڤایەتییەکەی وەرگرتووەو لە وڵاتەکەی خۆیدا بەکاری هێناوە.

تۆلستۆی کاتێك تەمەنی گەیشتە هەشتاو دوو ساڵ، دوچاری نەخۆشییەکی مەترسیدار بوو، لە شەوێکی ساردو سەرمادا کە بەفر تەواوی زەمینی ناوچەکەی داپۆشیبوو، ماڵی جێهێشتو سەرما سەری لێشێواندو ڕێگەی لێ تێکچوو، دواجار لە ١٧ نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٠، دوای پانزە ڕۆژ لە دەرچوونی لە ماڵ، تۆلستۆیی کۆچی دوایی کردو بە هەزاران جوتیار بەشدارییان لە ئەسپەردەکردنی تەرمەکەیدا کرد.

کچە دڵسۆزەکەی تۆلستۆی لەدوای مردنی باوکی، سەبارەت بە ژیانی خێزانی باوکی ئەم پەیامەی نوسی؛

«ژیانی خێزانی باوکم کارەساتێکی سەختو دژوار بوو، سەرهەڵدانی ئەو کارەساتەشی لەژن هێنانەکەیدا بوو، کە دەق وەك ژیانی «ئەبراهام لنکۆڵن»و ژنهێنانەکەی ئەو بوو! باوکم ژنەکەی لێی ببوە دەردو بەڵا بە سەرییەوە، چونکە ژنەکەی پارەو سامانو خۆشگوزەرانی دەویست، بەڵام باوکم حەزی بە پارەو سامان نەدەکردو بە دوو شتی کەم نرخی دادەنان، ژنەکەی حەزی دەکرد بەهۆی پارەو سامانەوە ناوبانگ دەربکات، بەڵام باوکم نەیدەویست بە پارەو سامان ناوبانگ پەیدا بکات، بەڵکو وەك گوناهێك سەیری ماڵو سامانی دنیای دەکردو هەموو کات دەیگوت گەورەییو دەسەڵات، بە هێزو دەستوەشاندن نایەنە دەست، بەڵکو بە خۆشەویستیو خزمەتکردنی مرۆڤایەتی دەست دەکەون. هەرکاتێك کە ژنەکەی دەیزانی کە تۆلستۆی کتێبێکی بڵاوکردۆتەوەو لە بەرامبەردا

هیــچ بڕه پارەیەکی لە بڵاوکەرەوەکــەی وەرنەگرتووە، بە جارێك هەڵدەچوو، ماڵەکەی لێ دەکردە دۆزەخ! لەبەرئەوە دواجار لە یەکتری جیابوونەوە».

تۆڵســتۆی شــارەزای زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسیو ئەڵمانیو ئیتالی بوو، تۆڵستۆی بە ڕای زۆرێك لە نووسەران بە گەورەترین نووسەری سەدەی بیست ئەژمار دەکرێت، لە کاتێکدا ئەو تەنها ١٠ ساڵ لە سەدەی بیست ژیانی گوزەراندووە.

ئەو کتێبانەی کە لەســەر کەسایەتی ناودارو نووسەری بەناوبانگ لیۆتۆڵستۆی نوســراون لە سەرانسەری جیهاندا گەیشــتووەتە ٢٣ هەزار کتێبو لێکۆڵینەوە. ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی کە باســیان لە تۆڵســتۆی کردووەو بیروڕاکانیان شــی کردۆتــەوە، گەیشــتونەتە ٥٦ هەزار گۆڤارو ڕۆژنامە، ئــەو کەلەپورە ئەدەبیو ڕۆشــنبیریانەی کە بۆ مرۆڤایەتی بەجێی هێشــتوون، گەیشتووەتە ١٠٠ هەزار بەرگی گەورەو گران.

## چەند نموونەیەك لە وتە بەناوبانگەکانی لیۆ تۆڵستۆی:

* هەمــووان بیر لە گۆڕینی جیهان دەکەنەوە، بەڵام کەس بیر لە گۆڕینی خۆی ناکاتەوە.

* ئەو کەسەی خاوەنی بیرۆکەیەکی هەڵەیە سەبارەت بە ژیان، سەرەنجام دەبێتە خاوەنی بیرۆکەیەکی هەڵەش سەبارەت بە مردن!

* خەمــی بەردەوامو ڕەها بوونی نییە، هەروەك چۆن خۆشــی بەردەوامو ڕەهاش بوونی نییە!

* ســەرکەوتن پەیوەندی بەو کارانەوە نییە کە بەدەستی دەهێنیت، بەڵکو پەیوەندی بەو کارانەوە هەیە کە ئەنجامی دەدەیت بۆ کەسانی دی!

* نوســینی چەندین کتێبی قەبارە گەورە لەســەر فەلســەفە، ئاسانترە بۆ مرۆڤ لەوەی یەك بنەما، یاخود بیروباوەڕێك بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

# ئەو منداڵە بێباوکانەی

## بوونە نووسەرێکی بەناوبانگ وشاعیرێکی لێهاتوو



# موتەنەبی

٣٠٣ – ٣٥٤ کۆچی

موتەنەبی.. ئەبو تەییب ئەحمەدی کوڕی حسێنی کوڕی حەسەنی کوڕی عبدالصمد الجعفی الکندی، موتەنەبی بە سەرداری شاعیرانی سەدەی چواری کۆچی دادەنرێت، هەندێکی دیکە بە گەورەترین شاعیری عەرەبو بە دیارترین شاعیری جیهان ئەژماری دەکەن، کەملان کە ڕەچەڵەکیەتی دەگەڕێتەوە بۆ هۆزێکی عەرەبی لە وڵاتی یەمەن، کە خاوەنی زمانێکی پاراوو ڕەوانبێژییەکی ناوازە بوون.

## خێزانی موتەنەبی:

موتەنەبی لە ساڵی ٣٠٣ کۆچی لە گەڕەکی کیندە لە شاری کوفە هاتۆتە دونیاوە، ئافرەتێکی عەلەوی شیری پێداوە، خێزانەکەی دەستکورتو نەداربوون، پێدەچێت ئەو دەستکورتیو نەدارییەی خێزانەکەی، بووبێت بە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ بەدەستهێنانی ستایشو سەرکەوتنو ناوبانگی.

## پەروەردەبوونی:

موتەنەبی لە شاری کوفە گەورە بووە، سەرەتای ژیانی دەستی کردووە بە خوێندن لە حوجرەی منداڵە خانەدانەکانی عەلەوی، زمانی عەرەبی لە ڕووی زمانو ئیعرابو شیعرەوە خوێندووە، پاشان چووە بۆ ناوچە بیابانەنشینەکان، بۆئەوەی زمانی پاراو بێت بە تێکەڵاوی کردنی لەگەڵ هۆزە دەشتەکییەکان، موتەنەبی توانی لە کۆڕو کۆمەڵەکانی ئەو ناوچەیە، فێری زمانپاراویو ڕەوانبێژییەکی باش ببێت. بەڵام ماوەی مانەوەی لە نێو دەشتەکییەکاندا زۆری نەخایاند، لە ساڵی ٣٢٠ کۆچیدا، بڕیاری دا بچێت بۆ بەغداد، ئیدی لە بەغدادەوە درێژەی بە گەشتکردنی داو چووە بۆ دیاری ڕەبیعە، پاشان چووە بۆ شاری موسڵ، پاشان ڕۆیشتووەتە بانی شام، دەڵێن لەوێ بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کردووە، دواتر فەرمانڕەوای شاری حمص فەرمانی دەستگیرکردنی دەرکردووەو زیندانی کردووە، لە زینداندا یەکەم کاری بریتی بووە لە نووسینی پارچە

شیعرێك بۆ ئەوەی سۆزو بەزەیی فەرمانڕەوا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، ساڵی ۳۲۱ دوای پەشیمانبوونەوەی لە زیندان ئازاد کراوەو نازناوی متنبی پێبەخشراوە.

موتەنەبی پیاوێکی چاوتێرو ڕەوشت جوان بووە، بەڵام خاڵی نەبووە لە وشکیو سیفەتی زبری پیاوەتی، بە کەسێکی ئازاو بوێرو دەستپێشخەر ناسراوە، دوور بووە لە دەروونزمیو بێهێزیو لاوازی.

سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی لە ناوچەیەکی دەشتەکیدا، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دروستبوونی ئەم سیفەتە باشانە هەبووە، لە وتە بەناوبانگەکانی کە سەبارەت بە بوێریو خۆخستنە ناومەترسی خۆیەوە دەدوێت:

ردی حـــيـــاض الـــــــردی يـــا نـــفــس واتــــركـــی

حـــيـــاض خـــــوف الـــــــردی لـــلــشــام والـــنــعــم

واتە: ئەی گیان بگەڕێرەوە بۆ جەرگەی جەنگو مەیدانی ترس بۆ مەڕو ئاژەڵ بەجێ بهێڵە!

هەروەها ئەم دێڕەش باسی بەناوبانگی خۆی دەکات:

الخيل والليل والبيداء تعرفني    والسيف والرمح والقرطاس والقلم

ئەسپ، شەو، بیابان دەمناسن    شمشێرو نێزەو کاغەزو قەڵەمیش.

ئەم دێڕە شیعرەی سەرەوە، تا ئێستاش لەو دێڕانەیە کە لەسەر زارەو لە بەناوبانگترین دێڕی موتەنەبییە، بگرە بەناوبانگترین دێڕە شیعری عەرەبییە.

موتەنەبی بە هەژاریو نەداریی ژیانی گوزەراندووە، شیعری وەکو پیشەیەك بۆ پەیداکردنی نانو بژێوی ژیانی وتووە، ئەم دێڕە شیعرە سووربوونی بۆ داواکردنی ڕۆزی دەخاتەڕوو:

ضـاق صـدري وطـال فـي طلب الـرز    ق قيامي وقـل عنه قعودي

واتە: دڵم توندەو هێندە هەستام بەدوای ڕۆزیدا بەکەمی دانیشتووم.

دیارترین سیفەتی موتەنەبی کە لە ئاکارو ڕەوشتیدا ڕەنگی داوەتەوە، هیواو ئاواتەکانی بوو، هیواو ئاواتێك کە سنوری نەبوو، هیوای ئەوەندە بەرز بوو کە نەیدەزانی چی دەوێت لە ڕۆژگار، جارێك ئاواتەخواز بوو ببێت بە سەرکردەو فەرمانڕەوای وڵاتو ببێت بە خاوەنی دەسەڵات، جارێکیش هیواکانی ئەوەندە ئاڵۆزو نادیار بوو، کە نەیدەتوانی دیاری بکات، لەبەرئەوە موتەنەبی بەدەست هیوا زۆرەکانی خۆیەوە ماندوو بوو.

هەروەها لە ڕەوشتەکانی موتەنەبی: لەئاست ژیانی سەردەمی خۆی، خۆی بە بەرزتر داناوە، هەرگیز ملی نەداوە بۆ هەواو ئارەزووە کاتییەکان، کەسێکی ڕەوشت جوانو ئاکاربەرز بووە، خاڵی بووە لە گوناهو تاوانە گەورەکان.

ئەوەندە هەستی بە گەورەیی خۆی کردووە کە گەیشتۆتە ئاستی نەخۆشی، واتە: هیچ کات خۆی بە کەم نەزانیوە، بەشێوەیەك کە ئەم سیفەتەی بووەتە جێگەی مشتومڕی توێژەران، هەندێك پێیان وابووە ئەو جۆرە خۆبەگەورەزانینە شێتییە، هەندێکیش بە گرێی نێرگسی ناویان بردووە، هەندێکی دیکەش دەڵێن ئەو هەستە لە ئەنجامی سەرکەوتنەکانیو زیرەکیی سرووشتیی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە.

خاڵێکی دیکە لە ئاکارەکانی موتەنەبی ئەوەبووە کە بەتەنگەوەهاتنو دڵڕاگرتنی نەزانیوە، ڕوونتر بڵێین: ماستاوکردنی نەزانیوە، ئەم سیفەتەشی بووەتە هۆی ئازارو ناڕەحەتی بۆی، چونکە وای کردووە دوژمنی زۆر بێتو دۆستی کەم، ئەو هەرگیز حەزی بە موجامەلەو نواندن نەکردووە، بەسەرهاتەکانیشی لەم بارەیەوە دەنگی داوەتەوە، بەتایبەت لە هەڵوێستی لەگەڵ «ئەبی فیراس، ئیبن خالەوەی، مەهلەبی و صاحب بن عەبباد»و زۆری دیکەش.. ئەوان زۆر ئازاریان داوەو دوچاری دەردەسەرییان کردووە، چونکە فەرمانەکانی ئەوانی جێبەجێ نەکردووەو گوێڕایەڵیان نەبووە، خۆ ئەگەر گوێڕایەڵیان بووایەو شیعری بە باڵایاندا هەڵبدایە، ئەوا لە ئەمانو خۆشگوزەرانیدا دەژیا.

له دیارترین دێڕە شیعرەکانی، کە باس لە دڵسۆزیو سیفەتی بەرزو کەسایەتیو خۆشەویستیی خۆی، بۆ ئەو کەسانە دەکات کە خۆشی دەوێن:

خلقت الوفا لو رجعت الى الصبا لفارقت شيبى موجع القلب باكيا

ئەم وەفادارییە لە ڕاستی هەستەکانیو لە قووڵایی ناخییەوە هەڵقوڵاوەو سەرچاوەی گرتووە، هەروەها داشۆرینی هەمیشە میرو کاربەدەستەکان کە پێشتر پێیدا هەڵگوتبوون، لەبەر نەمانی دڵسۆزیو خۆشەویستی نەبووە، بەڵکو بەهۆی بەخۆداچوونەوەوە بووە.

بەشێك لە ڕەفتارە نەرێنییەکانیشی بریتی بووە لەوەی کە کەسێکی میزاجی بووە، لە هەندێك شوێندا هەڵوێستی دژ بە یەکی هەبووە، لەو کەسانە نەبووە کە ڕقی خۆیان بخۆنەوەو لە خەڵکی ببوورن، لە ڕەشبینیش بەدوور نەبووەو گومانی خراپی بە خەڵکی بردووە:

غيري باكثر هذا الناس ينخدع ان حاربوا جبنوا او حدثوا شجعوا

هەروەها موتەنەبی بە کەسێکی ڕژدو بەخیل تۆمەتبار کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕژد نەبووە، بەڵکو خاوەنی فەلسەفەیەکە کە لە دەردەسەریی ڕاستەقینەوە هەڵقوڵیوە، لەڕێی ئەو فەلسەفەیەی خۆیەوە، هەستی بە نرخو بەهای ماڵو سامان کردووە، ماڵیش نەك وەك ئامانجێك، بەڵکو بۆ یارمەتیدانی بەڕێوەبردنی ژیانی ئاسایی خۆی:

ومارغبتي فى عسجد استفيده ولكنها فى مفخر استجده

## کاریگەریی زانستو ڕۆشنبیریی موتەنەبی بەسەر شیعرەکانییەوە:

دیوانەکەی موتەنەبی لێوان لێوە لە زانیاریی جۆراوجۆرو، شیعرەکانی وێنەی شاعیرێکی زاناو ڕۆشنبیر دەردەخات، بەڵام لەو شاعیرانە نەبووە، کە

شیعرەکانی بەزانستە جۆربەجۆرەکان دژوار بکات، ئەو دژوارییەی کە شیعری لە بۆ هاتنو سەرنجی هەست دەردەکات.

موتەنەبی زۆر خوێندوویەتیو موتالآی زۆری کردووە، زۆر سەردانی دوکانی کتێب فرۆشەکانی سەردەمی خۆی کردووە، هەروەها لای زۆرێك لە زانا بەناوبانگەکانی بواری زمانو ئەدەبی ئەو سەردەمە خوێندوویەتی، وەکو «زوجاجو ئیبن سراجو ئەخفەش ئەصغەرو ئیبن دورەیدو ئەبی عەلی فارسیو دروستەوەیهیو ئیبن نەفتەوەیهی»، زانستی لە هەموویان وەرگرتووە، لەلایەکی دیکەوە قورئانی پیرۆزی لەبەرکردووەو تێکەڵاوبوونیشی لەگەڵ بیابانشینەکاندا، بووەتە هۆی ئەوەی لە ڕەوانبێژیو زمانپاراویدا، سوودی زۆریان لێ وەربگرێت.

## لە ڕووی ڕۆشنبیری مێژووییەوە..

دەبینین دیوانەکەی موتەنەبی ڕەنگدانەوەی وێنای بارودۆخی مێژوویو کێشمە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەی خۆیەتی، هەروەها ئاینو فەلسەفەش شوێنەواری بەسەر شیعرەکانییەوە ڕوونو ئاشکرایە، ئەمەش یەکێك بووە لە دەرهاویشتەکانی سەردەمی خۆی، کە پڕبووە لە ڕێبازە هزریو فەلسەفیو ئاینییەکان. هەروەها موتەنەبی، کاریگەری قورئانی پیرۆزو دەربڕینە بەهێزو گەورەکانی قورئانی زۆر پێوە دیار بووە، ئەمەش لە زۆربەی بەیتە شیعرەکانیدا دەرکەوتووە.

## گەشتەکانی موتەنەبی:

دوای ئەوەی لە ستەمو فێڵی دوژمنەکانی گەیشتو لە زیندانی حیمس ئازاد کرا، پەیوەندی کرد بە تەنوخییەکانەوە لە لازقیە، ماوەیەك لای ئەوان

مایەوە، پەیوەندی پتەوی لەگەڵ نەوەکانی ئیسحاقی تەنوخی بەست، لە شیعرەکانیدا بە جوانترین شێوە باسی لێوە کردوون، کە بە یەکێك لە شیعرە زۆر جوانەکانی موتەنەبی ئەژمار دەکرێت.

پاشان ڕۆیشتووە بۆ کوفە، ماوەیەکیش لە کوفە سەرقاڵی زانست بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ستایشی جوانیەکانی خەڵکی کردووەو بە شیعرەکانی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی تۆمار کردووە.

پاشان لە ساڵی ٣٢٦ کۆچی کوفەی جێهێشتووەو بۆ جاری دووەم چووە بۆ وڵاتی شام، سەردانی چەند شارێکی کردووە لە وڵاتی شام، تا ساڵی ٣٢٨ کۆچی لە ڕکێفو ئامێزی بەدری کوڕی عەممار ئۆقرەی گرت، بەدر باشو خۆشمامەڵە بووە، موتەنەبی لە کۆشکەکەی ئەودا، هەستی بە ئۆقرەییەك کردووەو زۆر دڵخۆشبووەو هیواو ئاواتەکانی نوێبوونەتەوە، هەروەکو دەڵێت:

احلما نرى ام زمانا جديدا    ام الخلق فى شخص حى اعيدا

تجلى لنا فاضأنا به    كأنا نجوم لقين سعودا

بەڵام ئەم جێگەیەش بۆ هەمیشە درێژەی نەکێشا، دوژمنانو نەیارانی هەوڵیاندا نێوانی موتەنەبیو فەرمانڕەوا تێك بدەن، چونکە شاعیرانی ئەو کاتە بەخیلیان پێبردووەو ویستوویانە فێڵی لێ بکەن، ئیدی فەرمانڕەوا وردە وردە موتەنەبی وەلاناوە. بایەخدانی زۆری موتەنەبی بەخۆیو شارەزانەبوون بە ژیانی کۆشكو ماستاونەکردن بۆ فەرمانڕەواکان، کەلێنی کردووەتە نێوان ئەوو فەرمانڕەوا، تا وای لێهات لە کۆشکی بەدر دەرچوو، «ژیان وایە هەمیشە کەسە زیرەكو سەرکەوتووەکان، نەیاریان زۆرەو مرۆڤەکان لێناگەڕێن بە ئاسوودەیی دابنیشن، چونکە دەزانن کە خۆری ئەوان دەرکەوت، ئیدی چراکەی ئەوان باوی نامێنێت».

دوای دەرچوونی لە کۆشکی بەدر، موتەنەبی ڕووی کردە دیمەشق، لە

چیای جەرش لای «ئەبو حەسەنی عەلی کوڕی ئەحمەدی خوراسانی» لایدا، یەکدییان خۆشویستو ڕێزو وەفا لەنێوانیاندا هەبوو، ماوەیەك لەلای ئەبو حەسەن حەوایەوە.. بەم شێوەیە پێیدا هەڵدەڵێت..

لا افتخار الا لمن لايضام مـــــدرك او مـــحـــارب لايـــنـــام

پاشان ڕۆیشت بۆ ئەنتاکیە لە ساڵی ٣٣٤ ك، بۆ لای «ئەبو عەبدوڵای محمد کوڕی عەبدوڵای کوڕی محمدی خەصیبی». لەو ماوەیەدا نامەیەکی لە داپیرەیەوە پێگەیشت کە داوای لێکردبوو، بێت سەردانی بکات؛ چونکە تامەزرۆی بینینیەتی، بۆ بەدەمەوەچوونی داواکەی داپیرەی بەرەو کوفە بەڕێ دەکەوێت، بەڵام تا موتەنەبی گەیشتە کوفە بەداخەوە داپیرەی کۆچی دوایی دەکاتو ماڵاوایی لە ژیان دەکات، کە بەم شێوەیە لە پارچە شیعرێکیدا شیوەنی بۆ دەکات:

الا لاارى الاحداث حمدا ولا ذما فـمـا بطشها جـهـلا ولاكـفـهـا حلما

ئیدی دووبارە موتەنەبی ڕۆیشتەوە بۆ دیمەشق، لەو کاتەدا «سیف الدولة» لە شەڕدابوو لەگەڵ ڕۆمەکاندا، دەستی بەسەر زۆرێك لە ناوچەی شامدا گرتبوو، سەرباری زۆریی شاعیر لە کۆشکی شاهانەی «سیف الدولة»، زۆر پێویستی بە شاعیرێکی گەورەی وەکو موتەنەبی بوو، تا ڕووداوو پاڵەوانێتییەکانی تۆمار بکات، کۆمەڵێك هۆنراوەی هۆنییەوە، کە بەشێکی دیاری دیوانەکەی پێك دەهێنێت.

## دیوانی موتەنەبی:

دیوانەکەی موتەنەبی، «٥٤٩٠» پێنج هەزارو چوارسەدو نەوەد دێڕە شیعر لەخۆ دەگرێت، موتەنەبی خودی خۆی دیوانەکەی ڕێکخستووە، لەگەڵ قوتابییەکانیدا، بە وانە خوێندوویانە. لە کۆنو نوێشدا، دیوانی هیچ شاعیرێك

بەئەندازەی دیوانەکەی موتەنەبی، بایەخی پێ نەدراوەو ڕاڤەو لێکدانەوەی بۆنەکراوە، دانەری کتێبی «كشف الظنون» ناوی زیاد لە چل ڕاڤەی دیوانەکەی هێناوە.

زۆرێکیش لە ئەدیبانو ڕەخنەگران، لە سەردەمی خۆیەوە، تا ئێستە سەرقاڵی قاڵبوونەوەن لە دیوانەکەیدا، لەبەرئەوە ئیبن رشیق سەبارەت بە موتەنەبی دەڵێت: دونیای پڕ کردو خەڵکی سەرقاڵ کرد.

## ئەم چیرۆکە بەڵگەیە لەسەر ناوبانگی موتەنەبی:

یەکێك لە هاوەڵانی ئیبن عەمید دەڵێت: ڕۆژێکیان ڕۆیشتمە ژوورەوە، پێش ئەوەی موتەنەبی پێی بگات، بینیم ئیبن عەمید مۆنو گرژە، وا گومانم برد بە هۆی کۆچی دوایی خوشکەکەیەوە بێت، کە بەو نزیکانە وەفاتی کردبوو، پێم وت: خودا باری خەم نەخاتە سەرشانی جەنابی وەزیر، هەواڵ چییە، بۆ خەمبار دیاریت؟ وتی: ئەم موتەنەبییە منی تورە کردووە، من هەوڵ دەدەم ناوی لەناو ناواندا نەهێڵمو بیپوکێنمەوە، کەچی ئەو بەهۆی ئەو پرسەوە، زیاتر لە ٦٠ دێڕ سەرەخۆشی بۆ نووسیوم:

طوى الجزيره حتى جاونى خبر فـزعـت فـيـه بـامـالـى الـى الـكـذب
حتى اذا لم يدع لي صدقه املا شرقت بالدمع حتى كاد يشرق بي

## مەبەستە شیعرییەکانی موتەنەبی:-

### ستایش:-

موتەنەبی بە ستایش پێدا هەڵگوتن دەنگی داوەتەوە، ١١٢ هۆنراوەی لەو بوارەدا هەیە، بەناوبانگترینیان ستایشی «سيف الدولەی حەمدانیو کافووری ئیخشیدیی»ە، ستایشەکانی بۆ (سيف الدولة) لە حەلەب کەیشتۆتە

سێیەکی شیعرەکانی، یان زیاتر، هەروەها ستایشی زۆری گەورە سوپاسالارو فەرمانڕەوایانی کردووە، لە هۆنراوەکانی کە بەسەر (سیف الدولة)دا دەڵێت:

وقفت وما فی الموت شك لواقف کانك فی جفن الـردی وهـو نائم

تمر بك الابطال کلمی هزیمه ووجـهـك وضــاح، وثـغـرك بـاسـم

تجاوزت مقدار الشجاعه والنهی الـی قــول انــت بـالـغـیـب عـالـم

## شینگێڕی:-

موتەنەبی شیعری لە شینگێڕیو لاواندنەوەدا هەیە، کە سۆزو عاتیفە تێیدا هاتووەتە کوڵ، هەروەها هەندێك تێڕوانینی فەلسەفی لەو مەبەستە شیعرییەیدا بەرجەستە کردووەو لە شیعرێکیدا کە بۆ داپیرەی گوتووە، بەم شێوەیە شینی بۆ دەگێڕێتو دەیلاوێنێتەوە:

احن الی الکاس التی شربت بها واهوی لمثواها التراب وما ضما

بکیت علیها خیفه فی حیاتهاوذاق کلانـا ثـکل صاحـبـه قدما

اتاها کتابي بعد یأس وترحه فـمـاتـت ســرورا بـي، ومـت بـهـا غما

حرا علی قلبي السرور، فانني اعـــد الـذی مـاتـت بـه بـعـدهـا سما

## داشۆرین:-

هەجوو، یان داشۆرین بەشیعر، لە شیعرەکانی موتەنبیدا زۆر کەمە، ناگاتە دوو سەد بەیت، بەهرەی شیعری موتەنەبی لە هەجوودا کورتە، زۆربەشیان پارچە پارچەن، بەسەر یەکەوە نین، درێژترین هۆنراوەی داشۆرینیشی لەدژی کافورە، پاشان هۆنراوەیەکی دیکە، لەدژی ئیسحاقی کوڕی کروسە. بەناوبانگترین داشۆرینیشی ئەوەیە کە لەدژی کافوری ئیخشیدی وتوویەتی:

عید بایه حال عدت یا عید؟ بـمـا مـضـی أم الامــر فـیـك تـجـدیـد؟

هەروەها تیایدا هاتووە:

من علم الاسود المخصی مكرمة؟ اقومه البیض ام اباؤه الصید؟
ام اذنه فی ید النخاس دامیه؟! ام قدره وهو بالفلسین مردود؟!

وەسف:-

موتەنەبی زۆر بەباشی وەسفی جەنگو شەڕەکانی سەردەمی خۆی کردووە. بە تایبەت لە زەمانی (سیف الدولة)دا، شیعرەکانی بە تۆمارێکی مێژوویی ئەژمار دەکرێن، هەروەها وەسفی سروشتو ئاگارو ڕەوشتو لایەنە دەروونییەکانی مرۆڤی کردووە، لە یەکێك لە شیعرەکانیدا وەسفی سەیرانگایەك لە نزیك شیراز دەکات:

لها ثمر تشیر الی منه باشربه وقفن بلا اوان
وامواه یصل بها حصاها صلیل الحلی فی ایدی الغوانی
اذا غنی الحمام الورق فیها اجابته اغانی القیان

دڵداری:-

موتەنەبی هیچ هۆنراوەیەکی بۆ ئەم مەبەستە نەوتووە، ئەمەش وای کردووە کە هەندێك لە ڕەخنەگران بە کەسێکی دڵڕەق وەسفیان کردووەو خۆشەویستی نەکردووە، کە لە ڕاستیدا وانییە.. چونکە زاڵبوونی ئەو تێڕوانینەی کە هەیبووە سەبارەت مەردایەتی پیاوانو سەرقاڵی بە کاروبارە گەورەکانەوەو ئەو ڕووداوانەی کە لەو سەردەمەدا ڕوویانداوە، بووەتە هۆی ئەوەی لایەنی دڵداری لە شیعرەکانیدا خەفە ببێت، ئەمەش وای کردووە کە ئەو شیعرانەی بۆ ئەو بوارە نوسیویەتی زۆر لە خۆکردنی پێوە دیارە:

وكان اطيب من سيفي معانقه اشـبـاه رونـقـه الـغـيـد الامـالـيـد
لم يترك الدهر من قلبي ولاكبدي شـيـئـا تـتـيـمـه غـيـد ولاجـيـد

بەڵام ئەم توندوتیژییە لە دەروونیدا خۆی حەشارداوە، ئەگەرنا لە بنەڕەتدا هەستناسک بووەو جوانیش کاری تێکردووە، وەکو دەڵێت:

أصخره انا؟ مالي لاتحركني هــذى الــمــدام ولاهــذى الاغـاريـد

## شانازی:-

لەو کاتەی موتەنەبی وەسف، یان ستایشو داشۆرین دەکات، شانازی بەخۆنازینی لە یاد نەکردووە، بەڵکو ڕۆحی فەخرو شانازی لە شیعرەکانیدا دەبینین:

وانى لمن قول كأن نفوسهم بـهـا انـف ان تـسـكـن الـلـحـم والـعـظـمـا

موتەنەبی هەمیشە کەسایەتی خۆی بەرز ڕاگرتووەو هەرگیز خۆی بە کەم نەزانیوە:

امط عنك تشبيهي بما كأنه فـمـا احــد فـوقـي ولا احــد مثلي

## پەندو حیکمەت:

موتەنەبی بە کەسێکی خاوەن حیکمەت ناسراوە، زۆربەی وتەکانی وەکو پەندی لێهاتووە، لەبەرئەوەی پەیوەندی بە دەروونی مرۆڤەوە هەیە، هەمیشە لە وتەکانیدا باسی لە دەروونو ئازارەکانی مرۆڤ کردووە، تێڕوانینو بیروبۆچوونی بۆ ژیان، بەڵگەیە لەسەر شارەزایی‌و ڕۆشنبیری موتەنەبی، بەشێوەیەك لە هەندێك نموونەدا لەگەڵ ئەرستۆدا تەباو کۆکە.. ئەرستۆ دەڵێت: ئەگەر ئارەزووی مرۆڤ لە سەروو تواناوە بوو، ئەوا لەش لەناودەچێتو پێی ناگات.

موتەنەبی دەڵێت:

واذا كانت النفوس كبارا تعبت في مرادها الاجسام

کاتێك دەروونەکان گەورە دەبن.. لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا، جەستەکان شەکەت دەبن.

ئەرستۆش دەڵێت: دەردی هزروهۆش، لە دەردی لەشولار بەئازارترە..

موتەنەبی دەڵێت:

يهون علينا ان تصاب جسومنا واتسلم اعراض لنا وعقول

پەندو حیکمەتەکانی موتەنەبی لە ناوەرۆکی شیعرەکانیدا بڵاوبۆتەوە، لە دێڕە شیعرێکدا، یان لە نیوە دێڕێکدا، نمونەش لەسەر دێڕە شیعر:

ومن نكد الدنيا على الحر ان يرى عدوا له ما من صداقته بد

## نمونە لەسەر نیوە دێڕە شیعرەکانی:

«انا الغريق فما خوفي من البلل»

«مصائب قوم عند قوم فوائد»

«وخير جليس في الزمان كتاب»

## کۆچی دوایی موتەنەبی:

موتەنەبی هەجوی کردۆتە سەر «ضبە کوڕی یزیدی ئەسەدی»، بە هۆنراوەیەکی توند، کە بەناوبانگترین هۆنراوەکە ئەوەیە کە موتەنەبی دەڵێت:

ما انصف القوم ضبه وامه الطرطبه

فلا بمن مات فخر ولا بمن عاش رغبه

ئەو کاتەی موتەنەبی دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ کوفە، لەگەڵ کوڕەکەی

محسدو خزمەتکارەکەی مفلح، فاتکی کوڕی ئەبو جەهلی ئەسەدی پێدەگات کەخاڵی ضبەیە، موتەنەبی دەیەوێت ڕابکات، خزمەتکارەکەی هەندێکیش دەڵێن کوڕەکەی پێی دەڵێت: بابە بۆ کوێ ڕادەکەیت، ئەی ئەم قسەیەی خۆت چی لێ دەکەیت:

انخیل واللیل والبیداء تعرفني والسیف والرمح والقرطاس والقلم؟!

موتەنەبیش پێی دەڵێت: بۆگەن بە کوشتت دام! پاشان شەڕیان لەگەڵدا دەکات تا ئەو ساتەی خۆی و کوڕەکەی و خزمەتکارەکەی دەکوژرێن، ئەم ڕووداوەش لە ۲۷ ڕەمەزانی ساڵی ۳٥٤ کۆچیدا بووە، لە نوعمانییە نزیك دیر العقولی ڕۆژئاوای بەغداد.

سەبارەت بەو هۆنراوەی کە بووە هۆکاری لەناوچوونی، ئیبن ئەلعەدیم دەڵێت: موتەنەبی هیچ شیعرێکی نییە لەم شیعرەی خراپتر بووبێت، شیعرێکی زۆر لاوازە، خراپ و نالەباری شیعرەکەی بووە هۆی کوشتنی خۆی و کوڕەکەی و تیاچونی ماڵەکەی!



# قانیع

## شاعیری
## چەوساوەکانی کورد

چوار سیفەت مەوجودە بۆ من، بۆیە هیچ کەس نایەوێم
قانعی یەك، شیعر دوو، ڕووخۆشی سێ، مەلا چوار

## ژیانی شاعیری ناوداری کورد قانع:

قانع لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، بە شاعیرێکی دڵسۆزو خەمخۆرو نیشتمانپەروەرو عاشقی سەربەستیی کوردستان دەناسرێو ڕێزی دەگیرێت، قانع شاعیرێکی بەناوبانگی کوردە، بە هۆی شیعرەکانیەوە بە «شاعیری چەوساوەکانی کوردستان» ناوبانگی دەرکردووە. شیعرەکانی قانع هەوێنی بیرێکی پێشکەوتووخوازانەیە.

## قانع کێ بوو، لە کوێ لەدایکبوو؟

لە بارەی شوێنی لەدایکبوونی شاعیری گەورەی کورد مامۆستا «قانع» خۆی دەڵێت:

لە ئەسڵا خەڵکی دۆڵاشم

مەریوانە شوێنی ئەژدادم.

محەمەد «کابلی»م ئەما،

بە تەخەلوس«قانع»م.

دوای ئەوەی دەرەبەگەکانی ناوچەی مەریوان باوکی ئەم شاعیرە ئاوارە دەکەن، بەدەم لێقەوماوییەوە قانع وەکو منداڵی دەربەدەرێك لە «١٥ی ئەیلوولی ساڵی ١٨٩٨» لە گوندی «ڕیشێن» لەدایکبووە، ئەو سەردەمەی قانعی تیادا لەدایکبوو، سەردەمی زوڵمو ستەمی دەرەبەگایەتی بوومو بنەماڵەی «قانع»یش وەك باقیی خەڵکی هەژارو بێ دەرەتان، لە ژێر ستەمو بێدادی ئاغەواتدا بوون. هەرلەبەرئەوە زۆر جار ناچار بە جێگۆڕکێو ئەمدیوو ئەو دیو بوون. قانع هەر لە سەرەتای هاتنە دونیاوە، تێکەڵ بە ناخۆشیو دەردەسەریو لێقەوماوی بووە. سەرباری نەبوونیو نەداریو ستەمی ئاغاکان، قانع دووچاری دەردەسەرییەکی گەورە هات، تەمەنی قانع تەنها «٤٠» ڕۆژ بوو، باوکی کۆچی دوایی دەکاتو بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان دەکات، ئەمە کۆتا خەمی ئەم مەلۆتکەیە نەبوو،

بەڵکو زۆری نەخایەند مەرگی دایکیی ئازیزی دێتە سەرو ئەویش بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان کردو «قانع»یان بێ دایکو باوك بە تەنها جێهێشت!

منداڵێکی بێ دایکو باوك، لەو سەردەمە پڕ نەهامەتیو ناڕەحەتیو نەداریو دواکەوتوویییەدا، ئاخۆ چ ژیانێکی گوزەراندبێت؟

پاش مەرگی باوکو دایکی، ماوەیەك مامەکانی وەخۆیان گرت، بەڵام ئەو وەخۆگرتنە بەنابەدڵی دەبێت، زۆرجار شەوانەی لەسەر تەنورو ڕۆژانی لە نێو منداڵاندا بەسەر بردووە! تا ئەوەی خزمێکی دووریان بەناوی «سەید حەسەن» دەیباتە لای خۆیو پاشان دەینێرێتە بەر خوێندنی مەلایەتی.

لەمبارەوە قانع دەڵێت:

هەزار ڕەحمەت لە ئارامگاهی بەرزی سەیدی چۆڕی
کە منداڵ بووم بە لوتفی خۆی مەسیری ژینمی گۆڕی

بەڕاستیش لێرە بەدواوە ژیانی قانع گۆڕانی بەسەردا دێت. لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە جار جار شیعر دەهۆنێتەوە. بەڵام شیعرەکانی سەرەتاییو دەچنە مایەی پەندو تەنزەوە. شانبەشانی خوێندن لە حوجرەی فەقێیاندا، هەستێکی دژی دەرەبەگایەتیش لە ناخیدا سەرهەڵدەدات. هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەموو دەرەبەگەکانی ناوچەکە، بەتایبەت ئاغاکانی بەری بەگزادە بە ناوەندیەتیی کانی سانان «ڕۆژئاوای گۆلی زرێبار»، ڕقێکی زۆریان لێبێت. تا گەیشتووەتە ئەوەی لای حکومەتی ئێرانی سکاڵای لە دژ تۆمار دەکەنو چەند جار بەگرتیان داوە!

## ژیانی لاوێتی قانع:

لە سەرەتای لاوێتیدا دووچاری نەخۆشی تەنگەنەفەسی دەبێتو تا دێت لێی زیاد دەکات، لە ئەنجامدا هەر بەو ئازارەوە سەری نایەوە.

ئەو ناکۆکییە خێڵەکییانەی نێوان بنەماڵەی شاعیرو دەرەبەگەکانی ناوچەی مەریوان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەناو جموجۆڵی فیکری شاعیردا زیادی دەکرد. ئەمە لە لایەك، لە سەرەتای بیستەکانیش بە دواوە کە ناو بە ناو هەواڵی پەیوەندی سیاسییانەی توندوتۆڵی هاریکاری نێوان کۆڕو کۆمەڵو تاقمە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەی باکووری کوردستانو کەمالییەکان دەگەیشت، بێ ئارامی خۆی شیعری دادەگرت.. دیسانەوە لە لایەکی تریشەوە سەرکەوتنی شۆڕشە مەزنەکەی ئۆکتۆبەرو سەرەتای بڵاوبوونەوەی بیرو باوەڕی پێشکەوتووخوازانەی دژ بە فاشیزم لە نێو توێژو کۆمەڵە خوێندەوارەکاندا، ئەمانە هەموو زەمینەیەکی نیشتمانپەروەرانەو نەتەوایەتییانەیان خۆڵقاندبوو، پاشگەزبوونەوەی کەمالییەکان بەرانبەر مەسەلەی کوردو بەرپابوونی شۆڕشە ناوبەناو پچڕاوو یەك لەدوای یەکەکانی باکووری کوردستان «ئاگری داخ» بیرو باوەڕی زۆربەی لاوە خوێندەوارەکانی خستە بەر مەودایەکی نەتەوایەتیو نیشتمانیانەی کاریگەر.

هاوکات بەهۆی شەڕی جیهانیی دووەمەوە بیروباوەڕی پێشکەوتووانە لەوڵاتدا پەرەی سەندو ئەم پەرەسەندنەش بووە هۆی زیاتر هاندانی شاعیر لە دژی ڕژێمی دەرەبەگایەتی. ئەو ناکۆکییە خێڵەکییانەی نێوان شاعیرو چەند دەرەبەگێك گۆڕایە سەر شێوەی کێشەیەکی سیاسی دژ بە تێکڕای ڕژێمەکە. هەرچەندە مەودای بیرکردنەوەی لە کێشەی نێوان خاوەن موڵكو ڕەعیەتەکان قووڵتر بوایەتەوە، ئەوەندە هەڵوێستی بەرامبەر تێکڕای دەرەبەگایەتی توندتر دەبوو، لەم قۆناغەدا شاعیر تێکەڵ بە ئەدەبی شۆڕشی نهێنی بوو.

لەبەرئەوەی کۆمەڵگای کوردەواری ئەو سەردەمە کۆمەڵگایەکی ئایینی بووەو هاوکات دەرەبەگایەتی زاڵ بووە لەنێویاندا، سروشتی کۆمەڵگاکەمان لە وڵاتێکی پیشەسازی نەچووە کە دەسەڵاتی سەرمایەداران خەڵکیان چەوساندبێتەوە. لەبەرئەوە شیعرەکانی بە زۆری لەگەڵ جوتیاراندا دەدوێو بەرهەڵستی دەرەبەگەکان دەکات. شاعیر لەو باوەڕەدا بووە

کە لە وڵاتێکی فرە نەتەوەدا ئاستەمە کە هەموو نەتەوەکانی ناو چوارچێوەی ئەو وڵاتە، وەك یەك بژینو لە ڕووی یاسای کۆمەڵایەتییەوە یەکسان بنو ئابووری وڵات بە ئابووری هەموو نەتەوەکان، وەك یەك بدرێنە قەڵەمو وەکو یەك سەربەستی سیاسییان بدرێتێ، بۆیە هەمیشە لە هەڵوێستی سیاسییانەی نەتەوە سەرەکەییەکانی ئەو جۆرە وڵاتانە سڵەمیوەتەوەو لە شیعرەکانیدا ئەمەی بە لادێنشینەکان گەیاندووە.

* قانع وەکو باقی فەقێکانی کوردستان زۆربەی شارەکانی کوردستان دەگەڕێت بۆ فێربوونی زانستو زانیاری، لەوانە «سنە، مەهاباد، شنۆ، هەولێر، کۆیە، کەرکووك، سلێمانیو بیارە»، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ مەریوان.

دوای گەڕانەوەی بۆ مەریوان قانع ژیانێکی سەقامگیری نابێت، بەهۆی دژایەتیکردنی ئاغەوات، هەمیشە لە لایەن چەکدارەکانی حکوومەتی ئێرانو چڵکاوخۆرانی ئاغاکان دژایەتی کراوە..

قانع بۆ بژێوی ژیانی بێجگە لە مەلایەتی، خۆی بە کارەکانی «ڕۆژنامەگەریی، ئاشەوانیو موچەخۆری حکوومەتو... هتد» ئەنجامداوە. قانع مرۆڤێکی دەروونبەرزو سەربەرز بوەو باوەڕی بە نوێبوونەوە بوەو هیچکات لە یەك شوێنداو لەیەك بۆچووندا قەتیس نەماوە. ڕەنگە بۆ ئەو سەردەمە نەتوانین وێنەیەکی دیکەی وەك مامۆستا قانع ببینینەوە کە وەك ئەو توانیبێتی لەگەڵ کاتو زەمان بچێتە پێش.

قانع هیچکات چەوساوەکانو هەژارانی نەك هەر لەبیر نەکردووە، بەڵکو دانستە خۆی شێوەیەك لە ژیانی هەڵبژارد کە بێ سێو دوو خستیە ناو چینی چەوساوەوە. بۆیە لە ناخی دڵەوە نادادپەروەریو چەوسانەوەی هاوار دەکردو زەحمەتکێشانی بۆ مافخوازی هاندەدا.

با هەمـــوو جـوتـــیـــارو پـــاڵـــەو ڕەنـــجـــدەران
یـــەکـــگـــرن تـــا دەبـــنـــە هـــێـــزو پـــشـــتـــیـــوان

گەر ســـەرنج لە سەرجەم دیوانەکانی قانع بدەین، بەشی هەرە زۆری باسی کوردو کوردســـتانو مەینەتو چەرمەســـەریی ئەم نەتەوەیەو هاوکات هاوار بۆ بە دەوڵەت بوونو سەربەخۆیی کوردستانە.

ئەگەرچـی قانع لە درێژەی تەمەنیـــدا قۆناغی فیکریی جیاوازی ئەزموون کردوە، بەڵام هەمیشـــە لە یەك ڕوانگەدا ڕاوەســـتاو بـــووە، ئەویش کوردبونو بانگەشـــەی نەتەوەبوونـــی کوردو ڕزگاریی کوردســـتان بوو. هـــەر لە تەمەنی لاوێتی کە جیاوازییو ستەمی چینایەتی «دژی دەرەبەگەکان» هەست پێدەکات، هاوکات خۆی دەناســـیو وەها هەستی نەتەوەیی بەرزو قووڵ بووە کە خەباتی چینایەتی «دژی دەرەبەگایەتی» نەیتوانیوە، بەســـەر هەســـتی نەتەوەییدا زاڵ بێت. قانع هەمیشـــە هەســـتی نەتەوەییو خەبات بۆ ڕزگاریی کوردســـتانی لە پێشەوەی کارەکانی دیکەی داناوەو بانگەشەی بۆ کردووە.

هـــەر ئەو هەســـتەیە کە کاتێك دەبیســـتێ کـــە لە مەهاباد بـــە ڕێبەریی قازی موحەمەد بزاوتێکی ڕزگاریخوازانە سەریهەڵداوە، دەستبەجێ «بە پێی پیادە» بەرەو مەهابـــاد دەکەوێتـــە ڕێو پێش ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردســـتانو هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە «٢ی ڕێبەندان» خۆی دەگەیەنێتە مەهاباد. قانع هەتا ڕووخانی کۆمار لە مەهاباد دەمێنێتەوەو «بە تەواوی تواناوە» خزمەتی کۆمار دەکات. هەر لەو ماوەدا چەند شـــێعری بە ســـەر کۆمارو پێشـــەوادا هۆنیوەتەوەو پاش ڕوخانی کۆماریش ئەوەی دەروونی پڕ لە خەفەتی بووە، لە قاڵبی شیعردا دەری بڕیوە.

* قانع شـــیعری کۆمەڵایەتیی تێکەڵ بە پەندو تەنز دەهۆنییەوە، شـــاعیر نوقمی کەشـــوهەوای ئەو ڕۆژە، واتا ئایینی «ئیســـلام» بووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئاوێنـــەی بـــاڵا نوێنی بارودۆخی ئـــەو دەمەی کوردســـتان «ناوچەی ژیانی»و هاوکات نیشانەی درکی واقیعیو قووڵی شاعیرە لە کۆمەڵگای خۆی.

لـه بـواری ژینگـه پاراسـتن قانـع چەندین شـیعری هۆنیوەتـەوە کە بەناوبانگترینیان «کۆترو ڕاوچی»یە، کە شـێعرێکی دوورو درێژو پڕ هەستو بەناوەرۆکە. لەبارەی کۆمەڵناسـییەوە، شیعرەکانی «فێڵبازی ڕێوی»و «مشکو پشـیلە» کە تەنزن لەسـەر جاوەنداران، کە بە زمانێکی سـاکار لە کۆمەڵگەو دەسەلاٌتو دینو پەیوەندییەکانی کۆمەلاٌیەتی«دەرەبەگایەتی» دواوە. «چۆنیەتی ماڵ بەشکردنمان»، تەنزێکە لە سەر تەماحی ماڵی دونیا کە برا دەخاتە گیانی یەکتر. لە «چۆنیەتی باوك مردنمان»دا باسی دابونەریتی دواکەوتوانە دەکات، «مازووچنینی لادێ» کە کۆمەڵە شـیعرێکە لە فۆلکلۆرو دڵداریو دابونەریتی بەشـێك لە خەڵکی ناوچەکە. هەرکام لەو شـیعرانە لە سـەردەمی خۆیدا دەم بـە دەم لە نێو جەماوەری خەڵکدا دەگەڕانو لە پەروەردەکردنی لاوان دەوری کاریگەریان دەگێڕا.

## قانعو خۆڕاگریو بەکردەوە گەیاندنی قسەکانی:

قانـع چەنـد جار بـە دەسکیسـی ئاغەواتی ناوچـەی مەریـوان، لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بەندکراوەو هەر جارەو پاش ئازارو ئەشکەنجەو زیندان، لـە باوەڕەکانـی خۆی داکۆکی کـردوەو هیچـکات ملی بـۆ دوژمنانی خۆیو نەتەوەکـەی دانەنەواندوە. یەکێك لە باشـترین نموونەکانی ئەو کاتە بوو کە لەگـەڵ یەکێك لـە کوڕەکانی دەگیرێنو پاش چەرمەسـەرییەکی زۆر دەیبەن بۆ تارانو لە زیندانی قەسـر «کە یەکێکە لـە زیندانە پڕ لە تاوانکارییەکانی دەسەلاٌتدارانی ئەو کاتو ئێستای حکوومەتی ئێرانە» ڕایدەگرن.

مامۆستا قانع کە هەر لە منداڵییەوە تووشی نەخۆشیی تەنگەنەفەسی ببوو، لە زیندانەدا نەخۆشـییەکەی بەهۆی ئاووهەوای خراپی ژوورەکانی زیندانەوە، تەشـەنە دەکاتو وای لێدێـت کە ئیتر بەتەمای خـۆی نامێنێ. ئا لەو مەرگە ساتەدا کە قانع لە زیندان چاوەڕوانی مەرگ دەکات، دلێرانەو بوێرانە شیعری «ئاخرین ماڵی ژیانم» دەهۆنێتەوە.

* لـه لایەكـی دیكـەوە پـاش كودەتای عەبدولكەریم قاسـم، لـە عێراق شـیوعییەكان بـە هۆی ئەوەی مامۆسـتا قانـع ڕووی تێنەكردن، بەشـێوەی ناڕاستەوخۆ هێندێك قسەو بوختانی ناڕەوایان بە دژی بڵاوكردەوە. بەڵام ژیانی قانعو ڕەوەندی ڕووداوەكان ئەوەی سـەلماند كە بۆ قانیع تەنیا بەرژەوەندیی نەتەوەكـەی بایەخی هەبووە، ئەوەی بـە دژی پڕوپاگەندەیان كرد، هەمووی بلقی سەر ئاو بوو.

## نموونەی شیعریی قانع:-

قانع سـەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتیو دەردەسـەریو كۆسپو تەگەرانەی بەردەمی، لەسـەرو هەمووشـیانەوە مردنی دایكو باوكـی، بەڵام لە منداڵیكی بێ دایكو باوكەوە بووەتە شـاعیرێكی گەورەی كوردو لە زۆر بواردا شـیعری نووسـیوە، لەوانـە: ئایینی، دڵـداری، نیشـتمانی، كۆمەڵایەتـی، نەتەوایەتی، شۆڕشگێڕانە. ئەمانە هەندێك نموونەی شیعریی قانعن:

## نموونەی شیعری ئایینی

یـا مـحـەمـەد لـێـو بـە بـارو دڵ بـە بـوریـانـم مـەكـە
ئـەی ڕەئـیـسـی هـەردوو دنـیـا، دیـدە گـریـانـم مـەكـە
دەسـتـە ئـەژنـۆو چـاوەڕێـگـەی دەسـتـی یـارانـم مـەكـە
مـن كـە ئـالـی تـۆم، زەلـیـلـی بـاری عـصـیـانـم مـەكـە
غـەیـری قـاپـی ڕەئـفـەتـت، بـۆ كـەس سـەنـاخـوانـم مـەكـە!

## شیعری نیشتمانپەروەری

ئـەیوەتـەن! خـۆ مـن بـە نـاحـەق سـەركـزو ئـاوارە نـیـم
ڕۆڵـەكـەی خـۆتـم بـە پـاكـی دوژمـنو خـوێـنـخـوارە نـیـم
چـونـكـە ڕۆڵـەی كـوردسـتـانـم، وەحـشـیو پـەتـیـارە نـیـم
وا مـەزانـە! كـەوتـە ڕۆژی خـۆی، وەهـا بـێـكـارە نـیـم
سـەیـری مـەغـزی دوژمـن كـە، تـێـكـەڵـی خـوێـنـاومـە

یان

قوربانی ئەم خاکەیە، ئەم ڕۆحە لەبەرما
سۆزی دڵی پڕ دەردە، کە خولیایە لەسەرما
ئامادەیی مەیدانمو ئەم بەرگە کە پۆشیم
کفنە، نەوەکو چاکەتو پانتۆڵە لەبەرما

## شیعری کۆمەڵایەتی:

با سێ قات نەبێت خانوو سەراکەت
پارەی قاتێکیان بدە بە براکەت
دەوڵەمەند مەڵێ هەوڵی بۆ خۆیە
نەبوونی هەژار، نەبوونی تۆیە

## وێنەیەك لە دەریای شیعرە جوانەکانی مامۆستا قانع

### سێ سێی قانع

سێ شتن لە دنیا بێ وەجاخو جێگەدار
شاعیران یەك، عالمان دوو، نیشتمانی کوردەوار
سێ شتن لەم دەورەدا، هیچ شۆرەتو ناویان نییە
عەیبی دەوڵەمەندو شیعری قانعو مەرگی هەژار
وەك پلاوی خانەقا ئیسمێکی بێ جسمن برا
یەك مرووەت، دوو سەخاوەت، سێ وەفای عەهدو قەرار
سێ نەخۆشی کەوتە دنیا، هیچ دەواو چاریان نییە
کیبر یەك، بەرتیل دوو، سێ موخلسی پارەو دینار
سێ مەتاعی پڕ بەها ئەمڕۆ تەواو بێ قیمەتن
یەك شیعر، دوو ڕاستی، سێ حورمەتی خاكو دیار
بێ وەفایی لازمەی سێ تایەفەن لەم کاتەدا
دولبەران یەك، کورسی دوو، سێهەم گوڵی خونچەی بەهار

سێ کەسن هەرگیز بە مەیلو ئارەزووی خۆیان نەگەن
قانعی یەك، برسی دوو، سێ بولبولی دێوانەکار

هەروەها سەبارەت بە بەندیخانە ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە:

بەندیخانە

ئاخرین مالی ژیانم کونجی بەندیخانەیە
ئەم کەلەبچە مەرهەمی زامی دلی دێوانەیە
بووکی ئازادیم ئەوێ خوێنم خەنەس بۆ دەستو پێ
ئەلقە ئەلقەی پێوەنم وەك پلپلەو لەرزانەیە
گەرچی دوژمن وا ئەزانێ من بە دیلی لال ئەبم
باش بزانێ کونجی زیندانم قوتابخانەیە
گرتنو لێدانو کوشتن عامیلی ئازادییە
تۆپو شەستیرو کەلەبچە لام وەکو ئەفسانەیە
بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر ئەبێ
قور بە سەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە
گەر بە ئازادی نەژیم مردن خەلاتە بۆ لەشم
نۆکەریو سەر دانەواندن کاری نامەردانەیە
چاوەڕوانی شۆڕشێکم عالەمێ ڕزگار بکا
میللەتم بۆ ئەو مەبەستە کردەوەی شێرانەیە
چەکی شۆڕشگێڕی من نووسینو بیرو باوەڕە
ڕاپەڕینە هەلمەتە پڕ نەعرەتەی کوردانەیە
«قانع»م ئەمڕۆ لە زیندانا بە ئازادی ئەژیم
سەد هەزار لەعنەت لەوەی وا نۆکەری بێگانەیە

سەرگوزشتەیەك لەسەر ژیانی قانع:

فەقێ دەبێو سەرەتای شاعیرێتیو تازە بە قانع ناوبانگی دەرکردبوو، دەچێتە دێی سادەوا لە مەریوان، تەماشا دەکات، حوجرەی فەقێکان چۆڵە، لە کابرایەك دەپرسێ فەقێکانی ئەم دێیە لەکوێن؟ کابرا پێی دەڵێ: قانیعی شاعیر هاتووە، لە ماڵی ئاغا میوانەو هەموو فەقێکانیش بەو بۆنەیەوە بانگ کراوان بۆ دیوەخان، قانعیش لە دڵی خۆیدا دەڵێت: ئاخۆ ئەم قانعی شاعیرە کێ بێت؟! ئەویش بۆ دیتنی قانعەکە دەڕوات بۆ دیوەخانی ئاغا، دەچێتە ژوورەوەو سڵاو دەکات، تەماشا دەکات فەقێیەك لە سەرووی هەموانەوە لەسەر دۆشەکێك دانیشتووەو ئەنیشکی لەسەر سەرینێك داداوەو ئاغای دێکەش دەستەو ئەژنۆ لە خزمەتیا دانیشتووە، فەقێکانی ئاواییو دەستو پێوەندی ئاغاش بەڕێزەوە دانیشتوون، هەر کە سەیری دەکات فەقێی بە قانع ناونراو دەناسێتەوە، ئەمیش دوای سڵاوکردن، پەلاماری دەستی فەقێکە ئەداو دەستی دەگوشێو دەڵێت: مامۆستا قانع بەخێربێیت.. زۆر تامەزۆری چاوپێکەوتنت بووم، فەقێکەش قانع ئەناسێو لەسەرەتاوە ڕەنگی تێك دەچێت، بەڵام کە قانع بەوجۆرە بەخێرهاتنی دەکات، دێتەوە سەرخۆو لە شانی خۆیەوە دایدەنێو دەڵێ ئەم فەقێیە زۆر دۆستمەو دەمێکە نەمدیوە، حەز دەکەم لەلای خۆمەوە دابنیشێت، قانعیش دەڵێت: ئەم مامۆستا قانعە کە ئێستا میوانی ئێوەیە ماوەیەك مامۆستام بووە، پاشان ئاغاو خەڵکەکە داوا لە فەقێی بەناو قانع دەکەن کە هەندێك شیعریان بۆ بخوێنێتەوە، ئەویش تاکو تەرا شیعری ئەمو ئەو دەزانێو تێکەڵیان دەکات، قانعیش پێی دەڵێت: مامۆستا قانع شیعرەکانی ئەو شیعرانەی بە دەرس پێت وتوم، هەمووانم لەبەرکردووە، ئەگەر مۆڵەتم بدەی با بۆیان بخوێنمەوە؟

ئەویش دەڵێ: فەرموو: قانع چەند پارچە شیعرێك دەخوێنێتەوەو کۆڕەکە گەرم دەکات، دوای نانخواردن دەیانەوێت بڕۆن، ئاغا وڵاخێك بۆ میوانە بەناو

قانعەکــە زین دەکاتو خزمەتکارێکیــان دەخاتە گەڵ، کە لە ناوایی دەرچوون، میوانی بەناو قانع بە قانع دەڵێت: دەبێت تۆ سواری ئەم وڵاخە بیت، چونکە بـۆ قانع زین کــراوە، ئەویش دەڵێــت: کەوابوو با وڵاخەکــەو خزمەتکارەکە بگەڕێنەوەو هەردووکمان بەپێ بڕۆینو بەسەربەستی قسە بکەین!


## لە بەرهەمەکانی قانع

* گوڵاڵەی مەریوان.
* باغچەی کوردستان.
* چوارباخی پێنجوێن.
* شاخی هەورامان.
* دەشتی گەرمیان.

## ماڵاوایی هەمیشەیی قانعی شاعیر:

قانعــی شــاعیر دوای بەســەربردنی ژیانێکــی لێوان لێو لە دەردەســەریو نەهامەتی، دواجار لە ڕۆژی ١٧ی مانگی گوڵان، واتا ٦ی مانگی مای ساڵی ١٩٦٥، بۆ دواجار ماڵاوایی لە ژیان کردو بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکنا، بە مەرگی قانع گەلی کورد یەکێك لە خەمخۆرانو دڵسۆزانو خزمەتکارانی ڕاستەقینەی خۆی لەدەست دا.

قانع ئەو منداڵە بێباوکو دایکەی، توانی ســەرجەم کۆســپو لەمپەرەکانی ژیانی تێکبشــکێنێتو ببێتە شــاعیرێکی گەورەی میللەتەکەی، کە بەدرێژایی مێژوو نەتەوەکەی شانازی پێوە دەکەن!



مرۆڤە ئاساییەکان
مێژوو دەخوێننەوە..
گەورەکانیش مێژوو
دەنووسنەوە..

# عەبدولرەزاق سەنهوری

## ١٨٩٥ - ١٩٧١



## عبدالرزاق السنهوری، یەکێکە لە گەورەترین زاناکانی یاسای بواری شارستانی سەردەمی خۆی!

سەنهوری لە سالی ١٨٩٥، لە شاری ئەسکەندەرییە لەدایکبووە، سەردەمی منداڵی بەبێ باوکیو دوور لە ئامێزو خۆشەویستیی باوک گوزەراندووە، ئەو تەمەنی تەنها پێنج سالان بوو، کە باوکی مالاوایی هەمیشەیی لە ژیان کرد، سەرەتای فێربوونی لە کتێبەوە دەستی پێکرد، پاشان پەیوەندی کرد بە قوتابخانەی حکومییەوە، لە سالی ١٩١٣ توانی بڕوانامەی ئامادەیی بە پلەی دووەم لەسەر ئاستی میسر بەدەست بهێنێت، هەروەها توانی لە سالی ١٩١٧ بڕوانامەی بەکالۆریۆس بە پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا شانبەشانی خوێندنەکەی، وەکو فەرمانبەر کاری کردووە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی.

دوای بەدەستهێنانی بەکالۆریۆس لە یاسادا، بووە بە بریکاری گشتیی شاری مەنصوورە، لە باکووری میسر، لە ماوەی کارکردنیدا بەشداری لە شۆڕشی ١٩١٩دا کرد، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی دەسەلاتدارانی ئینگلیز سزای بدەن؛ بە گواستنەوەی بۆ شاری ئەسیوت لە باشووری میسر، سەرەڕای سزادانی، سەرکەوتنو بەرەوپێشچوونی سەنهوری بەردەوام بوو، تا لە سالی ١٩٢٠ بووە بریکاری گشتی، لە هەمان سالیشدا گواسترایەوە بۆ کاری وانەوتنەوەی یاسایی لە خوێندنگەی دادگای شەرعی، کە یەکێکە لە گرنگترین دامەزراوەکانی خوێندنی بالای میسر، کە پشکی هەبووە لە زیندووکردنەوەی بیرو هزری ئیسلامیدا، کە لە سالی ١٩٠٧ درووست ببوو، سەنهوری ڕۆڵێکی بالاو ناوازەی هەبوو لە نوێکردنەوەو بەرەو پێشچوونی ئەو بیرو هزرەدا، وانەی بە چەندین زانای بەناوبانگ وتووەتەوە، لەوانە «شێخ محمد ئەبو زەهرە».

دواتر سەنهوری لە سالی ١٩٢١ گەشتی کردووە بۆ ولاتی فەرەنسا، بۆ درێژەدان بە خوێندن لە بواری یاسادا، سەنهوری لە سەردەمی خوێندنیدا، بیرو هزری ئیسلامی بەرجەستەکردووەو دەستی کردووە بە ڕەخنەگرتن لە شارستانییەتی

ڕۆژئاوا، هەروەها هێرشــی کردۆتە سەر هەڵوێستی شێخ عبدالرزاق، سەبارەت بــە هەڵوێســتی بەرامبەر بــە خەلیفەی ئیســلامیو کاریگەریــی پرۆگرامە عەلمانییەکان بەسەرییەوە.

لە فەرەنســا، ســەنهوری پەیامێکی چاکخــوازی دانا، بەناونیشــانی «مواد البرنامــج» کە تێیدا دیدو بیروبۆچوونی ســەبارەت بە چاکخوازی تێدا ڕوون کردبووەوە، هەروەها بڕوانامەی دکتۆرای بەدەســتهێنا، بەناونیشــانی «القیود التعاقدیة علی حریة العمل فی القضاء الانکلیزی».

توانی نامەیەکی دیکەی دکتۆرا سەبارەت بە فیقهی خیلافەو پێشکەوتنەکانی، بەدەســت بهێنێت، لەگەڵ ئەوەشــدا کە مامۆســتاکەی ئاگاداری کردبووەوە لە قورسیی بابەتەکەی، سەرەڕای ئەوەش، کە بارودۆخی ئەورووپا لە ڕووی سیاسیو حزبییەوە، دوژمنایەتیی بیرۆکەکەیان دەکرد.

ســەنهوری دوای بەدەستهێنانی ئەو بڕوانامانە لە وڵاتی فەرەنسا، گەڕایەوە بۆ زێدی خۆیو بووە مامۆستای کۆلێژی یاسا لە زانکۆی قاهیرە.

ســەنهوری بەشداری جەنگەکانی سیاسیو حزبی کرد، کە لە پێش شۆڕشدا ژیانی میسری تەنی بوو، لە هەموو تەیارە گۆڕانخوازو چاکخوازییەکان نزیکبوو، بەبێئەوەی ســەر بە هیچ ڕێکخراوو پارتێك بێت، ســەرەنجامیش بووە دامەزرێنەری کۆمەڵەی لاوانی میسری، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٤ لە زانکۆ فەصل بکرێت.

پاشــان لە ســاڵی ١٩٣٥ لەســەر داوای حکومەتی عێراقی بانگهێشت کرا بۆ عێراق، لە عێراق کۆلێژی یاســای دامەزراند، هەروەها گۆڤارێکی بەناونیشانی «القضاء» دەرکرد، چەندین دەستووری شارستانی بۆ عێراق دانا، لەگەڵ دانانی چەندین کتێبی یاسایی بۆ خوێندکارانی عێراق.

دواتر لە ساڵی ١٩٣٧ لە بەغدادەوە گەڕایەوە وڵاتی میسر، بووە ڕاگری کۆلێژی یاســاو سەرۆکی وەفدی میســر لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ یاسا بەرامبەر بە لاهای..

پاشان ڕاسپێردرا بۆ دانانی پرۆژەیەکی یاسای شارستانی، بۆ وەزارەتی دادی میسرىو توانی پرۆژەکە بە سەرکەوتوویی دابنێو هاوکات لە بەرامبەردا، هیچ خەڵاتو دیارییەکی قبوڵ نەکرد.

پاشان بۆ جاری دووەم، ناچار کرا کە واز لە وانەوتنەوە بهێنێت، لەبەرئەوە ڕووی کردە دادگا، بووە قازی دادگای مەنصورە، پاشـان بووە بریکاری وەزیری داد، هاوکات ڕاوێژکاری وەزیری ڕۆشـنبیری بوو، بەڵام دواجار لەبەر هۆکاری سیاسـی، لە کارەکانی دوور خرایەوە، سـاڵی ١٩٤٢ بەناچاری ڕووی کردە کاری پارێزەریی، هەرچەندە حەزی بەو کارە نەدەکرد..

پاشـان بۆ جاری دووەم، لە سـاڵی ١٩٤٣ گەڕایەوە بۆ عێراق بۆ تەواوکردنی پرۆژە یاسـای شارستانییەتی نوێ، بەڵام بەهۆی پێداگری حکومەتی میسر، کە لە ڕێگەی وەفدێکەوە زۆر پێداگرییان کردبوو بۆ گێڕانەوەی سەنهوری بۆ وڵاتی میسـر، ناچاربوو بەغداد جێ بهێڵێتو بەرەو دیمەشـق گەشـت بکات، لەوێش دەسـتی کرد بەدانانی یاسـای شارسـتانی بۆ ئەو وڵاتە، بەڵام دووبارە بەهۆی پێداگری حکومەتی میسرەوە، ناچار کرا بگەڕێتەوە وڵاتی میسر.

لـەو ماوەیـەی کە لە دیمەشـق بوو، یەکـەم کەس بوو، کە پلانـی دانا بۆ درووسـتکردنی یەکێتی دەوڵەتانی کەنداو لە ساڵی ١٩٤٤، پێش ئەوەی جامیعەی عەرەبی درووست ببێت.. هەروەها پرۆژەیەکی دانا بۆ پەیمانگای باڵای توێژینەوەی عەرەبی، کە جێبەجێکردنەکەی دواخرا بۆ ساڵی ١٩٥٢، لە چوارچێوەی جامیعەی عەرەبیدا.

پاشـان لە سـاڵی «١٩٤٥ بۆ ١٩٤٩»، سەرپەرشـتی وەزارەتی ڕۆشنبیری کرد، لـەو ماوەیەدا، دوو زانکۆی گەورەی دامەزراند: زانکۆی فاروق کە ئێسـتا پێی دەوترێت ئەسکەندەرییە، لەگەڵ زانکۆی محمد علی.

لـە هەمـان کاتدا، ئەندامی کۆمەڵـەی زمانی عەرەبی بوو، لە سـاڵی ١٩٤٩ دیاری کرا بۆ سـەرۆکی ئەنجوومەنی نێودەوڵەتیی میسـر، لە ماوەی ژیانیدا

گەورەترین گۆڕانکاری لە بواری پەرەپێدانی ڕێکخستنو بواری کارگێڕی بۆ ئەو ئەنجوومەنــە داناوە، لە مێژووی ژیانیدا، یەکــەم گۆڤاری بۆ دەرکردووە، لەو کارەی بەردەوام بووە، تا شۆڕشی یولیوی ساڵی ١٩٥٢.

- بەشــداری دانانی دەســتووری میســری کــردووە، دوای هەڵوەشــانەوەی دەستووری ساڵی ١٩٢٣.

-دوای ئەوەی لیبیا سەربەخۆیی وەرگرت، گەشتی کرد بۆ وڵاتی لیبیاو ساڵی ١٩٥٣ خۆبەخشانە دەستوورێکی شارستانی بۆ ئەو وڵاتە دانا.

- پاشان بەهۆی تێکچوونی لەگەڵ سەرۆکی ئەو کاتەی وڵاتی میسر «جمال عبدالناصر»ساڵی ١٩٥٤ لە کارەکەی لابرا، ئیدی تا ئەو کاتەی ماڵاوایی لە ژیان کــرد، بەتەواوەتی لــە کارکردنو وانەوتنەوەو ســەرجەم چالاکییەکانی دابڕاو خۆی بەدوورگرت، تا دواجار لە ساڵی ١٩٧١ ماڵاوایی لە ژیان کرد.

- بەڵام لە ماوەی دابڕانو دوورخستنەوەی، تا ساڵی ١٩٧٠، چەندین پەرتووکی گرنگی دانا، لەوانە دانانی پێشەکی دەستووریو یاسایی بۆ هەر یەك لە وڵاتانی میسرو سوودانو لیبیاو کوەیتو ئیمارات..

- لــەو ماوەیەدا، دەســەڵاتدارانی میســر ڕێگەیان نــەدەدا بۆ هیچ وڵاتێك گەشــت بکات، تەنها یەك جار لەســەر داوای میری کوەیت، لە ســاڵی ١٩٦٠ گەشــتی بۆ کوەیت کرد، لەو ســەردانەیدا دەستوورێکی بۆ وڵاتی کوەیت دانا، لەگەڵ تەواوکردنی لایەنە بەهێزەکانی دەســتووری یاســایی، کە بووە هۆی ئامادەسازی کوەیت، تا ببێتە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

## - کارە یاساییو هزرییەکانی سەنهوری:

هەرچەندە بەشــێوەیەکی ورد، نەزانراوە سەرجەم کارەکانی دکتور سەنهوری چین، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کارەکانی بەمشێوەیە بووە؛

## پرۆژەکانی یاسای شارستانیو دەستوورەکانی:

١- یاسای شارستانی میسری لەگەڵ یاداشتی ڕوونکردنەوە، هەروەها ڕاڤەکردنی «الوسيط»و «الوجيز».

٢- یاسای شارستانی عێراقیو یاداشتی ڕوونکردنەوە.

٣- یاسای شارستانی سوری، لەگەڵ یاداشتی ڕوونکردنەوە، لەناویدا «قواعد الإثبات الموضوعية والاجرائية».

٤- یاسای شارستانی دەوڵەتی کوەیت لەگەڵ یاسای بازرگانیو تاوانو لێپێچینەوەی تاوان، بەرزکردنەوەی سکاڵاو یاسای کۆمپانیاکانو یاسای گرێبەستی بەڵێندەران... هتد.

٥- یاسای شارستانی لیبی لەگەڵ یاداشتی ڕوونکردنەوە.

٦- دەستووری دەوڵەتی سوودان.

٧- دەستووری دەوڵەتی ئیمارات.

## هەروەها سەنهوری ئەم کتێبانەی نووسیوە:

١- شرح القانون المدني فى العقود.

٢- «الوسيط فى القانون المدني» «١٠» بەشە.

٣- نظرية العقد فى الفقه الإسلامي.

٤- مصادر الحق فى الفقه الإسلامي.

٥- أصول القانون.


هەروەها لە بواری هزردا، چەندین دانراوی بە زمانی ئینگلیزی داناوە، کە گرنگترینیان ئەو لێکۆڵینەوانەن کە لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا سەبارەت بە «القانون المقارن» تایبەت بە شەریعەتی ئیسلامی، پێشکەشی کردن، لەگەڵ چەندین دانراوی دیکە، کە لە دەرەوەی وڵاتی میسردا بڵاوکراونەتەوەو تا ئێستاش سوودیان لێ دەبینرێت، بەتایبەت لەو ماوەیەی کە لە عێراقدا بووە، کتێبەکانی سەبارەت بە دانانی یاسای شارستانی عێراقی بڵاو کردۆتەوە.



# حافز ئیبراهیم

## ١٨٧٢ - ١٩٣٢

بەهرە، وەکو گوڵ وایە، لە ژووری تاریکدا گەشە ناکات. پێویستی بە بڕێك تیشکی خۆر هەیە!



ئەدیبی شـارەزاو بە توانـاو ناودار، شـاعیر «حافز ئیبراهیم»، شاعیری بە توانا، یەکێکە لە سوارچاکەکانی شیعر لە سەردەمی ڕاپەڕینی شیعریدا..

«حافز ئیبراهیم» لە ٤ فیبرایەری سـالّی ١٨٧٢ لە کەشـتییەکی بچکۆلەداو لەناو ڕووباری نیلدا، لە باوکێکی میسـریو دایکێکـی تورك لەدایکبووە، حافز ئیبراهیـم، هەروەکو مندالّە بێباوکەکانی دیکە، هەر زوو باوکی جێیهێشـتووە، حافز تەمەنی تەنها چوار سالاّن بوو، کە باوکی مالاّوایی لە ژیان کردووە، دواتر لەگەلّ دایکیدا، ڕۆیشتووە بۆ قاهیرە؛ بۆ مالّی خالّی، بەلاّم حافیز، دوای ئەوەی چاوی کرایەوەو کەمێك گەورەبوو، هەسـتی کرد؛ کە بووەتە بارگرانی بۆ مالّی خالّی، بڕیاری دا بڕواتو مالّی خالّی جێ بهێلّێتو پشت بە خۆی ببەستێت.

سـەرەتای ژیانـی حافیز، بە کۆمەلّێك کۆسـپو ناڕەحەتیو دەردەسـەریو خەمو ئازار دەسـتی پێکرد، کۆسـپەکانی ژیانی سەرەتا بە کۆچی دوایی باوکی دەسـتی پێکـردو دواتر ژیانو گـوزەران لە مالّی خالّـیو دواتریش ڕاکردن لە مـالّو بەرگەگرتنـی غەریبیو دەربـەدەریو تەنهایی، ئـەم ناڕەحەتییەش لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.. حافز بە کەسێکی نیشتمانپەروەرو خۆشەویستی بۆ زمانی دایكو گەلەکەی ناوبانگی دەرکردووە.

حافز دوای تەواوکردنی خوێندن، لە سـەرەتای دەسـتبەکاربوونیدا، یەکەم کاری، پارێـزەری بـووە، ماوەیـەك کاری پارێـزەری دەکات، دواتر سـالّی ١٨٨٨ لە قاهیرە پەیوەندی دەکات بە خوێندنگەیەکی سـەربازییەوە، لە سـالّی ١٨٩١ خوێندنی سـەربازی لەو خوێندنگەیە تەواو دەکاتو لەناو سـوپای میسـریدا پلەی مولازمی دووی پێ دەبەخشـرێت، پاشـان لە سالّی ١٨٩٦ لەگەلّ کاروانێکی سەربازی میسریدا، نێردراوە بۆ ولاّتی سوودان.

حافـز ئیبراهیم، سـەبارەت بە دینو دونیا، ئێسـتاو ڕابردوو، نیشـتمانو هاونیشـتمانی، پیـاوو ئافـرەت، بەرهەمی هەیـەو نووسـیویەتی.. حافز هیچ شـتێکی لە یاد نەکردووەو شیعری بۆ هەمووان نووسیوە، بە شێوەو شێوازێکی

ئەندازیاریی زۆر جوانو بەهێز دایڕشتووە، سەرجەمی شیعرەکانی زۆر جوانو نایابو بۆنو بەرامەیەکی خۆشیان هەیە، وەکو ئەوەی لە ڕووبارێکی سازگاری دەرەوشاوەدا، هەڵقوڵا بێت..

شیعرەکانی حافز واتاو مەبەستیان ڕوونەو لێوان لێون لە تازەگەری. بەردەوام ماناکانیان تازە دەبنەوە، بە ئەندازەیەك هەر کات دەیانخوێنیتەوە. وا هەست دەکەیت، کە لە ئێستاداو بۆ ئێستا نووسراوون، لەگەڵ تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر نووسینەکانیدا، تەنانەت هەندێك لە نووسینەکانی، سەدەیەك بەسەر نووسینیاندا تێپەڕیووە، حافز پێشبینی ڕووداوەکانی گەلەکەیو نازارو مەینەتییەکانی کردووە، ڕاڤەی بۆ خەونەکانی کردووەو بەردەوام هیواکانی نوێ کردۆتەوە.

پەیوەندی لەگەڵ زۆرێك لە گەورە پیاوانو سیاسەتمەدارانو بیرخوازانو پیاوانی ئاینیو ئەدیبو نووسەراندا هەبووە، بەتایبەت پێشەوا محەممەد عەبدە.

حافز ناوەکەی بەستراوەتەوە بە ناوی ئەمیری شاعیران ئەحمەد شەوقییەوە. تەنانەت لە یەك ساڵدا، کۆچی دواییان کردووە، ئەحمەد شەوقی لە ژیانی خۆیدا، شانازی کردووە بە هاوڕێیەتی حافز ئیبراهیمەوە، فەزڵی حافیزی داوە بەسەر هەموو هاوڕێکانی دیکەیدا..

شەوقی لە زۆرێك لە گەشتەکانیدا، هاوڕێیەتی حافز ئیبراهیمی کردووەو پێکەوە گەشتیان ئەنجام داوە، شەوقی زۆر پاڵپشتی لە حافز دەکرد. بەشداریی پێکرد لە نازناوەکەی خۆیدا، هەوڵی دا لە ڕۆژنامەی ئەهرام، دایبمەزرێنێت. بەڵام هەوڵەکەی سەرکەوتوو نەبوو، لەبەرئەوەی خاوەنی ڕۆژنامەی ئەهرام مەیلی بۆ ئینگلیز هەبوو، لە ئێردراوی بەریتانیا «لۆرد مرۆمەر»یش دەترسا

حافزلە ژیانی خۆیدا، دیوانێکی چاپ کردووە، کە لە سێ بەشی بچووك پێکهاتووە، لە ساڵی ١٩٠١- ١٩١١، دوای کۆچی دوایی، جارێکی دیکە چاپکرایەوە.

حافزخاوەنی بەرهەمێکی دیکەیە، لەسەر شێوازی مەقامات بە ناونیشانی «ليالي السطيح»، هەروەها ڕۆمانی «البؤساء: بێنەوایان»ی ئەدیبی فەرەنسی: فیکتۆر هۆگۆی وەرگێڕاوە بۆسەر زمانی عەرەبی.

حافیز، بە سێ سیفاتی سەرەکی، ناوبانگی دەرکردووە، هەموو ئەوانەی لەگەڵیدا ژیاون، باسیان لەم سێ سیفاتە کردووە، ئەوانیش «قسەخۆشی، بەخشندەیی، نوکتەو گاڵتەوگەپکردن».

حافیز، لە جەماوەرەوە زۆر نزیك بووە، ئەوەش وای کردووە، کە بتوانێت هەستیان بخوێنێتەوە، لەو کاتەدا کە دەروونیان گڕی گرتبوو، دژی داگیرکەری ئینگلیز، لەبەرئەوە نازناوی شاعیری نیلی پێبەخشراوە.

بەناوبانگترین شیعرەکانی شیعرێکە بەسەر زمانی عەرەبیدا، «تنعى حظها بين اهلها»، کە باس لەبەرگریکردن لە زمانی عەرەبی دەکات، دژی ئەوانەی لە زمانی عەرەبی هەڵدێنو هەوڵی بەکارهێنانی زمانی دیکە دەدەن..

یەکێکی دیکە لە شیعرە بەناوبانگەکانی حافز ئەو شیعرەیە کە سەبارەت بە دایك نوسیویەتی:

### قصيدة الأم

إنّي لَتُطرِبُني الخِلالُ كَريمَةً ** طَرَبَ الغَريبِ بِأَوبَةٍ وَتَلاقِ
وَتَهُزُّني ذِكرى المُروءَةِ وَالنَدى ** بَينَ الشَمائِلِ هِزَّةَ المُشتاقِ
فَإِذا رُزِقتَ خَليقَةً مَحمودَةً ** فَقَدِ اصطَفاكَ مُقَسِّمُ الأَرزاقِ
فَالناسُ هَذا حَظُّهُ مالٌ وَذا ** عِلمٌ وَذاكَ مَكارِمُ الأَخلاقِ
وَالمالُ إِن لَم تَدَّخِرهُ مُحَصَّناً ** بِالعِلمِ كانَ نِهايَةَ الإِملاقِ
وَالعِلمُ إِن لَم تَكتَنِفهُ شَمائِلٌ ** تُعليهِ كانَ مَطِيَّةَ الإِخفاقِ
لا تَحسَبَنَّ العِلمَ يَنفَعُ وَحدَهُ ** ما لَم يُتَوَّج رَبُّهُ بِخَلاقِ
مَن لي بِتَربِيَةِ النِساءِ فَإِنَّها ** في الشَرقِ عِلَّةُ ذَلِكَ الإِخفاقِ
الأُمُّ مَدرَسَةٌ إِذا أَعدَدتَها ** أَعدَدتَ شَعباً طَيِّبَ الأَعراقِ

الأُمُّ رَوضٌ إن تَعَهَّدَهُ الحَيا ** بالرِّيِّ أَورَقَ أَيَّما إيراقِ

الأُمُّ أُستاذُ الأَساتِذَةِ الأُلى ** شَغَلَت مَآثِرُهُم مَدى الآفاقِ

أنا لا أقولُ دَعوا النِّساءَ سَوافِراً ** بَينَ الرِّجالِ يَجُلنَ في الأَسواقِ

يَدرُجنَ حَيثُ أَرَدنَ لا مِن وازِعٍ ** يَحذَرنَ رِقبَتَهُ وَلا مِن واقِ

يَفعَلنَ أَفعالَ الرِّجالِ لَواهِياً ** عَن واجِباتِ نَواعِسِ الأَحداقِ

في دورِهِنَّ شُؤونُهُنَّ كَثيرَةٌ ** كَشُؤونِ رَبِّ السَّيفِ وَالمِزراقِ

تَتَشَكَّلُ الأَزمانُ في أَدوارِها ** دُوَلاً وَهُنَّ عَلى الجُمودِ بَواقي

فَتَوَسَّطوا في الحالَتَينِ وَأَنصِفوا ** فَالشَّرُّ في التَّقييدِ وَالإِطلاقِ

رَبّوا البَناتِ عَلى الفَضيلَةِ إِنَّها ** في المَوقِفَينِ لَهُنَّ خَيرُ وَثاقِ

وَعَلَيكُمُ أَن تَستَبينَ بَناتُكُم ** نورَ الهُدى وَعَلى الحَياءِ الباقي

*** حافز لە کەسـە بەتواناکانی سـەردەمی خۆی بووە، نەك تەنها لە بواری شـیعریدا، بەڵکو لە توانـای لەبەرکردن، کە چەندان سـاڵ بەرگەی گرتووەو دوور بووە لە لاوازبوونو لەبیرچوونەوە، بە درێژایی شەسـت سـاڵ، خاوەنی هزروهۆشـێکی هێندە بەهێزبووە، کە هەزاران شـیعری عەرەبیی کۆنو تازەی لەبەر کردووەو سەدان کتێبی خوێندووەتەوە، بە شایەتی دۆستانو هاوڕێیانی، بە شـێوەیەك لـە خوێندنەوەی خێرادا لێهاتوو بووە، کـە توانیویەتی دیوانە شـیعرێك، بە ماوەیەکی کەم بخوێنێتەوە، دوای خوێندنەوەشـی، نموونەی بە چەندین شیعری دیوانەکە هێناوەتەوە.**

## کۆچی دوایی حافز

**لە شـەوی ٢١ یونیوی سـاڵی** ١٩٣٢ **حافز دووان لە هاوڕێکانی بانگهێشت کرد بۆ خوانی ئێوارە، بەڵام نەیتوانی درێژە بە دانیشتن بدات لەگەڵیاندا بە هۆی نەخۆشـییەکەوە، کە هەستی پێکرد، دوای ئەوەی هاوڕێکانی بەجێیان هێشت،**

نەخۆشییەکەی توندتر بوو، داوای لە خزمەتکارەکەی کرد، کە بڕوات پزیشك بهێنێـــت، تـــا خزمەتکارەکەی گەڕایەوە لەگەڵ پزیشـــکەکەدا، حافز لە کۆتایی ژیاندا بوو، کورد وتەنی: گیانی دەدا، کاتژمێر پێنجی بەرەبەیانی ڕۆژی پێنج شـــەممە، لە ١٢ یونیوی ساڵی ١٩٣٢ ماڵاوایی لە ژیان کردو لە گۆڕستانی خاتوو نەفیسە، بەخاك سپێردرا.

ئەو کاتەی حافز کۆچی دوایی کرد، شەوقی لە ئەسکەندەرییە بوو، سەرەتا ســـکرتێرەکەی هەواڵی مردنی حافیزی زانی، بەڵام دوای سێ ڕۆژ، هەواڵەکەی بە شـــەوقی ڕاگەیاند، چونکە دەیزانی بە مردنی حافیز، زۆر نیگەران دەبێت. بە هۆی نزیکیو خۆشەویســـتیی هاوڕێیەتی نێوانیان، شەوقی ماوەیەك سەری داخســـتو دواتر سەری هەڵبڕیو چەند دێڕە شیعرێکی بۆ کۆچی دوایی حافز نووسیو تیایدا خەمباریو نیگەرانی خۆی، بۆ کۆچی دوایی حافز دەربڕی:

قـــد كـــنـــت اوثـــــــر ان تـــقـــول رثائـــي
يا مـــنـــصـــف المـــوتـــى مـــن الأحـــيـــاء

# ئەو مندالە بێباوکانەی
## بوونە خاوەن کار و سەرمایەدار




# فريدريك سميث

١٩٤٤ — ٠٠٠٠





فریدریك سمیث.. دامەزرێنەری کۆمپانیای «فیدیراڵ ئێکسپرێس»، یەکەم کۆمپانیای گواستنەوەی خێرا لە جیهاندا، کە توانی ببێتە هۆی سەرسامبوونو جیاوازبــوون لە کارو پیشــەدا.. هینز ئادام؛ بەڕێوەبەری فرۆشــی کۆمپانیای فیدراڵی ئێکسپرێس، بەمشێوەیە فریدریك سمیث دەناسێنێت: «فریدریك سمیث خاوەنی ســیانزە هەزار کارمەندە، ئەگەر داوا لە کارمەندەکانی بکات، لەســەر پــردی «هرناندو دوســتر» لە ناوچەی ممفیس لــە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریــکا، ڕیزببنو خۆیان فڕێ بدەنە ناو ئاوەکەوە، زۆر دڵنیام لە ٩٩،٩٩٪ لە کارمەنــدەکان، خۆیان هەڵدەدەنو ناڵێن نا! تا ئەو ڕادەیە کارمەندانی بڕوایان بە دامەزرێنەری کۆمپانیاکەیان هەیە!

چیرۆکگەلێکی زۆر، ســەبارەت بــە هاریکاریکردنــی کارمەندانی کۆمپانیا دەگێڕنــەوە، لــە کاتی ئەو شکســتو نســکۆیانەی، کە دووچــاری کۆمپانیاکە بووەتەوە. لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە نیسانی ساڵی ١٩٧٣ بۆ ١٩٧٦ دووچاری زیانێکــی زۆری یەك لە دوای یەك هاتــووە، چەندین جار دووچاری نابووتیو مایەپووچی بووەتەوە.

فریدریك سمیث لە ساڵی ١٩٨٦، بۆ یەکێك لە گۆڤارەکان لێدوانێکی داو وتی: ئەگەر دەتەوێت بژیت، پێویستە بەردەوام بیت لەسەر کارەکەت.

ســمیث دەڵێت: هەمووان تەنانەت هاوڕێ نزیکەکانیشــم بە شــێت وەسفیان دەکــردم، تەنهــا لەبەرئەوەی بیرم کــردەوە لە دامەزراندنــی کۆمپانیایەك بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گواستنەوەی خێرا.. کە دەگونجێت سەرکەوتووبم لــە کارەکەمــدا، لەدایکبوونی بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە، کاتێك بوو لە زانکۆ بووم، دەگــەڕام بەدوای بابەتێکی هاوشــێوەدا، کە خەوم دەبینی بەوەی مامۆســتاکەم پلەی ناوەندم پێببەخشــێت، لەسەر توێژینەوەکە، بەڵام گاڵتەی پێکردم، لەگەڵ ئەوەشدا من کۆڵم نەداو بەردەوام بووم!

فریدریك سمیث كێیە؟

فریدریك سـمیث لـە ١٩٤٤/٧/١١ لـە مارکـس لەدایکبووە، کـە یەکێکە لە شـارۆچکەکانی شـاری ممفیس، لە ویلایەتی مسیسـبی ئەمریکا، سمیث تەنها تەمەنی چوار سـاڵان بوو، باوکی کۆچی دوایی کرد، باوکی سـمیث سەروەتو سـامانێکی لە ڕێگەی هەوڵو ماندوبوونو تێکۆشـانی خۆیەوە پەیدا کردبوو، زنجیرەیـەك چێشـتخانەی بەناوبانـگو سـەرکەوتووی دامەزراندبـوو، لـە ژێرناونیشـانی «toddler house» لەگـەڵ کۆمپانیایەکـی پـاص، بەڵام فریدریك سـمیث، هیچ بایەخێکی بە سـەروەتو سـامانی باوکی نەدا، لەگەڵ ئەوەشدا، کە دەیزانی ئەو میراتگری باوکییەتی، چونکە ئەو دەیویست کەسێکی جیاواز بێتو سەربەخۆ بێت.

سـمیث لەگەڵ نەخۆشـییەکدا لەدایکبـوو، کە پێی دەوتـرا «کالفی»، ئەم نەخۆشـییە، کاریگەری لەسەر ڕۆیشـتنی هەبوو، زۆربەی تەمەنی منداڵی بە دوو دارشـەق دەڕۆیشـت، دایکی زۆر ماندوو بوو، تا قەناعەتی پێ بکات، ئەو مرۆڤێکی ئاساییە!

لـەو ڕووداوانەی کاریگەرییان کردە سـەر ژیانی سـمیث، نامەیەك بوو کە باوکی بۆی بەجێهێشتبوو، پێش ئەوەی ماڵاوایی لە ژیان بکات، داوای لە سمیث کردبوو، کە بە شێوەیەکی باش ماڵو سامان کۆ بکاتەوە، بۆئەوەی بەشێوەیەکی باش خزمەتی کۆمەڵگەکەی بکات، لەبری ئەوەی بە دەوڵەمەندی بژی.. سمیث هەمیشـە حەز بە خۆخستنە نێومەترسی دەکات، بۆئەوەی ببێت بە کەسێکی جیاواز، هەروەها بۆئەوەی وەسیەتەکەی باوکی جێبەجێ بکات.

لـە سـاڵی ١٩٦٦، سـمیث زانکۆی تـەواو کرد، بـووە هەڵگـری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانسـتی ئابووریدا، لە شـەڕی ڤێتنامدا ئەزموونێکی زۆری بە دەستهێنا، سمیث دووجار هاوسەرگیری کردووەو حەوت منداڵی هەیە.

لە خاڵە جیاوازییەکانی سـمیث ئەوەبوو، کە دەسـتی بە پڕۆژەی خزمەتی

گەیاندنی پۆستی خێرای گشتی نەکرد بۆ خەڵکی‌و بۆ کۆمپانیاکان، بەڵکو دەستی بەو پرۆژەیە کرد کاتێك کۆمپانیایەکی بنیاتنا، بۆ گواستنەوەی دراوی یەدەگی فیدراڵی، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، کە توانی لەو پرۆژەیەدا ٣ ملیار دۆلار قازانج بکات، لەبەرئەوە ناوی کۆمپانیای فیدراڵ ئێکسپرێس لەو لایەنەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئەو گرێبەستەی سمیث، گفتوگۆی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی فیدراڵی دەکرد، هەرگیز جێبەجێ نەدەبوو، لەبەرئەوە دانوستانەکانی نێوان سمیث‌و حکومەت شکستی هێنا، بەڵام سمیث خاوەنی کەسایەتییەکی جەربەزەو چاونەترس بوو، دوو فرۆکەی کڕی بە قەرزکردن لە بانکی گەورە، زۆرێك لە خەڵکی بە شێتیان دەزانی، بەتایبەت لە کاتێکدا، کە حکومەت هاوڕا نەبوو لەسەر ئەو پرۆژەیە..

دوای ڕاگەیاندنی پرۆژەکە لە ١٩٧١/٦/٢٨ زاینی، ئەو کات تەمەنی سمیث، تەنها ٢٧ ساڵ بوو، کۆمپانیاو فرۆکەی هەبوو، بەڵام بەبێ گرێبەستی حکومەت.. لەو بارەیەوە دەڵێت: ئەگەر سەرکەوتوو بم، لە گرێبەستی دراوی یەدەگی لەگەڵ حکومەتدا، ئەوا لەو بڕوایەدام، کە کۆمپانیای فیدراڵی ئێکسپرێس، وەکو ئەوەی ئێستا نابێت، لە ڕووی کاروچالاکییەوە، سمیث دەڵێت: بیرۆکەی خزمەتگوزای گواستنەوەی خێرا، بۆ گشتی، دوودڵی نەکردم، تەنها کاتێك نەبێت، شکست بهێنم لە واژۆکردنی گرێبەستەکەم لەگەڵ حکومەتدا، ئەو کاتیش پێویستە لەسەرم داهێنان بکەم، بۆئەوەی بەردەوام بم.

لە شتە سەرسوڕهێنەرەکان ئەوەبوو، کە کۆمپانیاکەی لە سفرەوە گەیشتە ئەو ئاستە خێرایە، پێویستە لەسەر دامەزراوەکان وەکو گواستنەوەی ناوەندی، خزمەتکردنی گواستنەوەی یەکگرتوو، کە پێش هەشت ساڵ لەمەوبەر بوونی هەبووە، لە دروستکردنی فیدراڵ ئێکسپرێس، بیرکردنەوە لەو چالاکییە بەو ئاسانییە، لە ڕاستیدا کۆمپانیاکان گاڵتەیان بەو بیرۆکانەی سمیث دەهات، بەڵام ئەو لەمێژبوو بڕیاری بەدیهێنانی خەونەکانی دابوو، کە هەر لە سەرەتای

توێژینەوەکـــەی زانکۆیەوە ســـەرچاوەی گرتبوو، کە مامۆســـتاکەی توانجی لە بیرۆکەکـــەی گرتبـــوو، لەســـەر توێژینەوەکەی نووســـیبووی: ئـــەم بیرۆکەیە مـــردووە، پێـــش ئەوەی لە دایك ببێت، بەڵام ســـمیث هیچ گۆڕانێکی بەســـەر بۆچوونەکەیدا نەهێنا.

ســـمیث دەڵێـــت: ئەوەی هانیـــدام بـــۆ دامەزراندنی فیدراڵی ئێکســـپرێس، دەرەنگخســـتنو دواکەوتنـــی کەلوپەلی خەڵکی بوو، چونکە ئـــەو دەیەوێت لە ڕێگـــەی گواســـتنەوەی ئاســـمانییەوە، لەناوخـــۆی ویلایەتـــە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، کاروباری خەڵکی بە کەمترین کات بەڕێ بکات.

ســـەرەتای دەســـتپێکردنی پراکتیزەیـــی فیدراڵ ئێکســـپرێس لە نیســـانی ســـاڵی ١٩٧٣ دەســـتی پێکرد، لە چوار ساڵی ســـەرەتای یەکەمیدا بە دەست زۆر گرفتەوە ناڵاندوویەتی، بێئەوەی بڕیارەکەی ســـمیث بگۆڕێت، سمیث تەسلیمی ناڕەحەتییـــەکان نەبوو، هەرچەند ســـەرکەوتنی بەدەســـت بهێنایە، ڕاســـتو درووســـتی زیاتر دەچەسپا، تا ئەو ســـاتەی فیدراڵ ئێکسپرێس، لە ساڵی ١٩٨٣ بووە خێراترین کۆمپانیا لە مێژوودا، کە داهاتەکەی گەیشتە یەك ملیار دۆلار.

لـــە نیوەی دووەمی ســـەدەی بیســـتەمدا، کۆمپانیـــای فیدراڵ ئێکســـپرێس بووە گەورەترین کۆمپانیا لە جیهاندا.. سمیث ڕۆژگارێکی سەختی لە توێژینەوەکاندا بەسەر بـــرد، بەردەوام هەوڵـــی دەدا بە قەناعەتپێکردنی کۆمەڵگا، تا دان بە ســـەربەخۆیی بیرۆکەکانیـــدا بنێن. هیچ کەس لەو بڕوایـــەدا نەبوو، کە ئەو بیرۆکەیە، بگاتە ئەو ئیمپراتۆڕیەتەی، کە خەڵکی بۆ هەمیشە کاری تێدا بکات، بە بیری کەسدا نەدەهات ئەو بیرۆکەیە ببێتە خاوەنی ئوسطولی فڕۆکەکان، ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان، ئۆمبێلە نارییەکان، دۆزینەوەی کار بۆ ملیۆنان مرۆڤ لەسەرتاسەری جیهاندا.

لەو ماوە ســـەختەدا، ســـمیث دەیگوت: هیچ کەس نییە لەسەر ڕووی زەوی بتوانێت، کە هەست بکات بەو ناڕەحەتییەی، کە لە ماوەی ڕۆژە سەختەکاندا، من پێیدا تێپەڕیم!

سـمیث کارمەندەکانــی خۆشـیان دەوێت، لـە بەڕێوەبەری گشـتییەوە، تا شـۆفێری بارهەڵگرێك، لەبارەیەوە دەڵێن: ئەو باشـترین خاوەنکارە، کە هانی دەوروبەرەکـەی دەدات، ئـەو هەسـتێکی کارگێـڕی بەهێزی هەیە، کە پشـت دەبەستێت بە چاندنی تۆوی خۆشەویستیو وابەستەیی لە دڵی کارمەندەکانیدا..

گەورەتریـن بەڵگـەش بۆ ئەم بابەتە ئەوەیە، کە لە ماوەی بیسـت سـاڵی ڕابوردوودا، دووچاری هیچ بارگرژییەكو لە کار ڕاگرتن، یان بێزاری لە نێوان کارمەنداندا نەبووە.

سمیث فەلسەفەیەکی هەیە، کە دەڵێت: یەکەمجار خەڵکی، پاشان خزمەتکردنی ناوازە، پاشان قازانجکردن.

هەروەها سمیث خوێنەرێکی زۆر باشە، ڕۆژانە ماوەی چوار کاتژمێر دەخوێنێتەوە، لە بوارەکانی مێژوو، سیاسـەت، ئابووری، ئەو زۆر پشـت بە پێشـبینی دەبەستێت، بـە تایبەت لە داهێنانــدا، بەردەوام پـلان دادەنێتو بەرێکوپێکیو بەشـێوەیەکی گشتی. سـەرکردەیەکی بە تواناو ناوازەیە لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکەیدا.. چالاكو گورجوگۆڵە لە کارەکانیدا.

ئەو سەرکردەیەی دەزانێت چی دەوێت، بە تەواوی خۆی ئامادە کردووە بۆ پێدانی نرخی ئەوەی دەیەوێت بەدەستی بێنێت، هەرچەنـدە بەرز بێت، لێرەدا نرخ، مەبەسـت لە نرخی ماددی نییە، بەڵکو مەبەست نرخی مەعنەوییە، لە هەوڵدانو تێکۆشانو پلاندانانو قوربانیدانو سووربوون لەسەر کارو بەرنامەکەی.


سـمیث دەڵێت: بۆئەوەی دامەزراوەیەکی گەورەو سەرکەوتوو دابمەزرێنین، دەبێت نرخێکی زۆرو گرانبەها بدەین.

بەڵام نرخی ڕاسـتەقینەی ئـەو بەهایە نازانین، کـە دەیدەین، لە پێناوی سـەرکەوتن، تەنهـا دوای ماوەیەکـی دووروودرێـژ نەبێت لە بەخشـینی ئەو نرخە، کەواتە، بۆچی بترسـین؟ پێویستە ئامادەبین بۆ بەخشینی ئەو نرخە، هەرچەندە زۆریش بێت، ئەگەر دەمانەوێت سەرکەوتوو بین!

کرینــی فرۆکــەی پلێنگ، لە مەترســیدارترین جەربەزەییــەکان بووە، کە سمیث پێی هەڵساوە، تا ئەمڕۆ، چاودێران لە وۆل ستریت کەوتبوونە گومانەوە لە ســمیث، چــۆن کۆمپانیایەکی ســەرکەوتوو دەدات بــە کۆمپانیایەك کە لە لێواری مەرگدایە، ئەوە کارێکی ســەختەو گرەنتیکراویش نییە، بەڵام ســمیث لــەو باوەڕەدا بوو، کە کۆمپانیای فرۆکە دەبێتە هاوکارو پاڵپشــتی کۆمپانیای فیدراڵ ئیکسپرێس، لەســەر پەرەپێدانو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کڕیارەکان بە شێوەیەکی باشتر.

چونکــە ئــەو ڕەخنەیەیە، کە ڕووبەڕووی کەســانی دی دەبنەوە، تەرکیز لەسەر تێکەڵاوکردنی دوو کۆمپانیا، کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر کارمەندە کۆنەکانی، ئەوانەی کاریگەری دەکەنە سەر کارمەندە نوێیەکان، کۆنترۆڵکردنی عەقڵە جیاوازەکانە، بۆ کارەکانیان، لە ژێر ناونیشــانی بەڕێوەبردنی جیاواز، بەڵام سمیث باوەڕی بە سەرکەوتنو بیرۆکەکانی جۆری هەبوو!

ســمیث قوربانــی زۆری داوە، چەندەهــا ڕێگەی داهێناوە بــۆ بەجێهێنانی پێویســتیەکانی خەڵکی، بەشــێوەیەك کــە بەبیری هیچ کەســدا لەوەو پێش نەهاتــووە، لەبەرئــەوە جیهــان بەڕێزەوە بــاس لە فریدریك ســمیث دەکات، بەشــێوەیەك بۆی دەڕوانن کە گۆڕانی لە جیهاندا درووســت کردووە، جیهانی کردوەتە جیهانێکی خێراو پێشکەوتوو!



# پیتەر لینش ١٩٤٤-٠٠٠٠

لە هەر شوێنێك كارێكی سەركەوتووت بینی، ئەوە مانای وایە كەسێك لەو شوێنەدا بڕیارێكی ئازایانەی داوە.

**پیتەر دراكر**



«پیتەر لینچ» لە ساڵی ١٩٤٤ لە ویلایەتی بۆستن لەدایکبووە، باوکی ناوی «تۆماس»ەو پرۆفیسۆری بواری ماتماتیك بووە، لە هەمان کاتدا کارمەند بوو لە کۆمپانیای جۆن هانکۆن بۆ دڵنیایی، پیتەر تەمەنی نەگەیشتبووە «١٠» ساڵان، کە باوکی ماڵاوایی لە ژیان کردو پیتەری بۆ هەمیشە بەجێهێشت، دایکی پیتەریش ئافرەتی ماڵ بوو، یەکەم جار کە گوێبیستی کاغەزی دراو بوو، ئەو کاتە بوو کە وەکو کرێکارێك لە جۆرج سولیڤان بۆ کەلوپەلی گوڵف کاری دەکرد.

پیتەر لە خوێندنو کارکردن بەردەوام بوو، تا ساڵی ١٩٦٣، کە ئەو کات خوێندکاری قۆناغی دووەمی کۆلێژ بوو، یەکەم پشکی لە کۆمپانیای فلاینگ تایگەر کڕی، ئەم بڕیارەی پیتەر بووە سەرەتای سەرکەوتنی لە بواری بازرگانیدا، کڕینی پشکەکەی تایبەت بوو بە کۆمپانیای فڕۆکەوانی، بازرگانی گواستنەوەی ئاسمانی پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی، نرخی پشکەکەی بۆ پێنج هێندە بەرزبووەوە، هۆکارەکەشی دەگەڕایەوە بۆ ئەو گرێبەستەی کە تایبەت بوو بە گواستنەوەی سەربازانی ئەمریکی بۆ ڤێتنام، ئەم قازانجەش سوودی بە پیتەر گەیاند، بۆ دەستەبەرکردنی بڕی تێچووی خوێندنەکەی..

ساڵی ١٩٦٩ توانی بەسەرکەوتوویی کۆلێژ تەواو بکاتو بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەدەست بهێنێت، دواتر درێژەی بە خوێندن دا لە کۆلێژی وارتۆن..

دوای ساڵێك لە تەواوکردنی کۆلێژ لە وارتۆن، کە یەکێك بوو لە دە یەکەمینەکانی کۆلێژەکەی، بیرۆکەی دامەزراندنی بازاڕێکی ئەکادیمی بە مێشکیدا هات، لینچ گەیشتە ئەو قەناعەتەی ئەوەی لای وەبەرهێنەرەکانی فیدلتییە، فراوانترە لەوەی لە بازاڕی داراییە لای ئەکادیمییەکان.

پیتەر لینچ هەر لەو ساڵەدا هاوسەرگیری لەگەڵ «کاریلون هوف»ئەنجام دا، کە چارەسازێکی فیزیایی بوو، خودا سێ کچی پێبەخشین، دواتر پیتەر بۆ ماوەی دوو ساڵ پەیوەندی کرد بە ڕیزەکانی سوپاوە، پلەی ئەفسەری بەدەست هێنا، لە بواری تۆپخانەدا.

- دواتر لینج له ساڵی ١٩٦٩ چووه پاڵ فیدلتیو وەکو شیکاری کانزایی دەستی بەکارکردن کرد، دوای پێنج ساڵ پلەی بەرزبووەوەو بووە بەڕێوەبەری توێژینەوە لە فیدلتی.

- له ٣١ ئازاری ساڵی ١٩٧٩ بووه سەرپەرشتیاری ئیداری فاند، ئەو کاتەی سندووقی پاشەکەوتی ٢٠ ملیۆن دۆلارو ٤٠ پشك بوو، سەرەتا دەستی کرد بە کڕینی چەند پشکێك، تا ئەوەی توانی ببێتە خاوەنی ١٥٠ پشك، له پیشەسازی پاشەکەوتو قەرزەکان، پشکی قازانجی ئەو سندووقە گەیشتە ١١,٦٪ لە کۆتایی ئەو ساڵەدا، بەرامبەر بە ٤٠,٣٨٪ زەرەرو زیان.

لینج بۆ یەکەمجار بلاکوینتا متور ئینزی بیستبوو، بەڵام دواتر بووە یەکێك لە وەبەرهێنەرە باشو لێهاتووەکانی ئەو بوارە، کاتێك دەستی کرد بەم کارە یەکەم ئامۆژگاری کە پێی گەیشت، ئامۆژگاری بەڕێوەبەری هۆلیدای بوو کە پێی گوت: کە لاکوینتا کار لە ڕووخانی هۆلیدای دەکات لە هیوستن، لینج بە وتەکانی جەنابی بەڕێوەبەر سەرسام بوو، لە کاتێکدا کە شێوەی کارو پاشەکەوتی لاکوینتا هاوشێوەی کارو پاشەکەوتی هولیدایە، بەڵام بە نرخێکی هەرزانتر بە ڕێژەی لە سەدا ٣٠٪ لە کۆی نرخی کۆتایی.

باڵانسی ماجیلان بە شێوەیەکی تەدریجی لە ماوەی چەند ساڵێکدا یەکجار بەرزبووەوە.

دواتر لینج گرنگی دا بە کۆمپانیای فۆرد بۆ ئۆتۆمبێل، کە پشکەکانی خۆی دەفرۆشت بە بڕی ٤ دۆلار بۆ هەر پشکێك، لەبەرئەوەی باڵانسیی کۆمپانیای یەکسان بوو بە بڕی ٨,٣٥ ملیار دۆلار، شێوەی قەرزیشی بۆ ماوەیەکی درێژ بوو، ئەمەش خاڵێکی پۆزەتیف بوو، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ ماجیلان نزیکەی پێنج ملیۆن پشکی لە کۆمپانیا فۆرد کڕی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە قازانجێکی خەیاڵی بەدەست بهێنێت، بەتایبەت کاتێك نرخی هەر پشکێك لە چوار دۆلارەوە بەرزبووەوە بۆ ٣٨ دۆلار، لەو کاتەدا زۆرێك لە لێکۆڵەرەوەکان

لەو بڕوایەدا بوون، کە لینچ ئەو پشکانە دەفرۆشێت، بەڵام لینچ پارێزگاری لە پشکەکان کردو ئەمەش بووە هۆی بڕێکی یەدەکی زەبەلاح بۆ حەوزەی کۆمپانیاکەی، تا دواجار نرخی پشکەکان بۆ لە ٤٠٪ بەرزبووەوە، هەروەها لینچ بڕێکی زۆری لە کرایزلر بەدەستهێنا، کاتێ توانی ئەو کۆمپانیایە لە مەترسییەکی گەورە ڕزگار بکات، وەکو کۆمپانیایەکی چالاکو لێهاتوو بیخاتە گەڕو ببێتە خاوەنی ئۆتۆمبێلی نوێو سەرنجڕاکێشی وەکو «مینی فان». دواتریش دەرکەوت کە سەرجەم پێشبینییەکانی ڕاستو دروست بوونو کرایزلەر بووە گەورەترین وەبەرهێن.

لە ٣١/کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٣ ماجیلان بووە خاوەنی گەورەترین سندووقی پاشەکەوت لە جیهاندا، بە شێوەیەك کە ڕەصیدەکەی گەیشتە ١،٦ ملیار دۆلار، پاشەکەوتی سندووق گەیشتە ٣٨،٦٪، هەندێك لە لێکۆڵەران هەستیان بە نیگەرانیو دڵەڕاوکێ کرد، چونکە بەڕێوەبردنی بڕی زیاتر لە یەك ملیار دۆلار بۆ ئەو سەردەمە زۆر قورس بوو، بەڵام لینچ بەلایەوە ئەستەم بوو کە واز لە کڕینی پشکەکان بهێنێت لە ترسی چۆنێتیی بەڕێوەبردنیان، لەگەڵ ئەوەشدا ئاگاداریکردن کە خولیاو ئاواتەکانی ماجیلان بەدی دەهێنرێتو دەتوانێت دەست بەسەر زۆرینەی بازاڕدا بگرێت.

دواتر باڵانسی ماجیلان بۆ پلەیەکی یەکجار بەرز زیادی کرد، بەمشێوەیەی خوارەوە:

١- ساڵی ١٩٨٤ باڵانسی ماجیلان گەیشتە ٢،٠٪ .

٢- ساڵی ١٩٨٥ پاشەکەوتی ماجیلان گەیشتە ٤٣،١٪ .

٣- ساڵی ١٩٨٦ باڵانسی ماجیلان گەیشتە ٢٣،٧٪ .

٤- ساڵی١٩٨٧ باڵانسی ماجیلان گەیشتە ١،٠٪ .

دواجار لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٧ بازاڕی پشکەکان بە جارێك هەرەسی هێنا، بەهۆی ئەوەی هەندێك لە وەبەرهێنەرەکانی ماجیلانو هەندێك لەوانەی پشکەکانیان کەم ببوەوە، بۆ ڕێژەی لە ٣٪، پارەکانیان لەو سندووقە

ڕاکێشـــایەوە، بەڵام ئەوەی ئاشـــکرابوو ئەوە بوو کە هەموو وەبەرهێنەرەکانی دیکە، کاریان بە ئامۆژگارییەکەی ویلش دەکرد، کە بریتی بوو لەوەی هەمیشە لە سندووقدا کاری وەبەرهێنان بکەن، بۆ کاتێکی دوور مەودا، لەگەڵ ئەوەشدا جووڵـــەو گۆڕانکارییەکانی بازاڕ فەرامـــۆش بکەن، چونکە بۆ ماوەیەکی کورتە ئەو گۆڕانکارییانە.

- لـــە ســـاڵی ١٩٨٨ نازنـــاوی نوێنەری کۆلێژی بۆســـتنی لێنرا، لەو ســـاڵەدا باڵانسی ماجیلان گەیشتە ٢٢,٨٪ .

ساڵی ١٩٨٩ باڵانسی ماجیلان گەیشتە ٣٤,٦٪.

لینچ کتێبێکی بەناونیشانی «one up on wall street» بڵاوکردەوە.

لـــە ٣١ ئایاری ســـاڵی ١٩٩٠ پیتەر لینچ دەســـتی هەڵگرت لـــە بەڕێوەبردنی ماجێلان فاندو خۆی خانەنشین کرد، هەرچەندە هێشتا نەگەیشتبووە تەمەنی خانەنشـــینی، کـــە ئـــەو کات تەمەنی تەنها ٤٦ ســـاڵ بوو، بـــەڵام هۆکارەکەی گەڕانـــدەوە بۆئـــەوەی کە کاتی زیاتر تەرخان بکات بـــۆ خێزانو منداڵەکانیو گرنگی بە پێداویستییەکانی ئەوان بدات، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە باڵانسی سندووق بگاتە چواردە ملیار دۆلار، زیاتر لە یەك ملیۆن پشك.. ئەمەش واتە هـــەر وەبەرهێنێـــك بڕی ١٠٠٠٠ دۆلاری هەبوو، لە کاتێکدا کە ئەو ڕۆژەی لینچ بەڕێوەبردنی ماجێلانی جێهێشت، گەیشتبووە ٢٨٠٠٠٠ دۆلار.

ســـاڵی ١٩٩٣ کتێبێکی بەناونیشانی «Beating the street» بڵاوکردەوە، کە لـــە ماوەی هەشـــت هەفتەدا لە گۆڤـــاری نیۆرك تایمز بـــە یەکێك لە کتێبە پڕفرۆشـــترینەکان دیاری کـــرا، هەروەها خەڵاتی کۆمەڵەی ماساشوســـتس بۆ ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی توندوتیژی دایك دژی منداڵ بەدەست هێنا.

- ســـاڵی ١٩٩٤ وەکـــو ڕێزێك بۆ هـــەوڵو ماندووبوونەکانی، ئـــەو کۆلێژەی تێیدا پلەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێنابوو، واتە کۆلێژی وارتۆن، بە دیارترین دەرچووەکانی کۆلێژ دیاری کرا.

سـالّى ١٩٩٥ بەشدارى لە دانانى «Leam to Eam»دا كرد، كە ڕێبەرێك بوو بۆ ئەو كەسانەى سەرەتايانە لە بوارى وەبەرهێنانو بازرگانيدا.

- سـالّى ١٩٩٧ پەپكەيەكى چەسپێنراوى بەرهەم هێنا «the stock shop»، پێكهاتبـوو لە كەلوپەلى گەڕان كە وەبەرهێنەرەكان دەيانتوانى بەكارى بهێنن، ئەوانەى كە حەزيان دەكرد لەناو جانتاكانياندا پارەكانيان هەلگرن.

- لە سـالّى ٢٠٠٠ كۆلێژى زانست لە زانكۆى بۆستن ناونرا كۆلێژى لينچ بۆ فێربوون، وەكو دەربڕينى سـوپاسو پێزانينێك بۆ ئەو بەخشـينەى كە پيتەر لينچ پێشكەشى زانكۆكەى كردبوو كە بڕەكەى ١٠ مليۆن دۆلار بوو.

- لە سـالّى ٢٠٠٤ ئەو سـندووقەى كە لينچ سەرپەرشـتى دەكرد، زياتر لە پێنج مليـۆن دۆلارى بەخشـى بە پێنج هـەزار فێرخواز بۆ سـالّى خوێندنى ٢٠٠٣-٢٠٠٤، هەروەها توانى ٥٥ مليۆن دۆلار بۆ ٤٥٠٠٠ فێرخواز كۆ بكاتەوە.

ئەو بڕەى دامەزراوەكەى لينچ بەخشـيويەتى بە ١٢٥ مليۆن دۆلار مەزەندە دەكرێت، كە بەسـەر دەزگاكانى فێركردنو ڕێكخـراوە ئاينييەكانو ڕێكخراوە ڕۆشـنبيرىو مێژووييـەكانو نەخۆشـخانەكانو توێژينەوە پزيشـكييەكاندا، دابەشى كردووە.

# ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ وەرگیراوە


١- أيتام غيروا مجرى التاريخ.

٢- عظماء بلا مدارس.

٣- الرحيق المختوم.

٤- الخالدون المئة.

٥- المكتبة الشاملة.

٦- ديوانى قانع.

7- https://ckb.wikipedia.org/wiki

8- http://www.eqtibas.com


9- https://www.kurdclick.net

10- https://www.youtube.com/watch?v=Vv7CaMJxHz8

11- http://www.kurdipedia.org

12- http://peyamber.com/Topic_57_9


ئامادەکردنی PDF :- ئاری فارووق.




# The Orphan Children That Changed The Course of History



162 posts
11.8k followers
5 following
Promote
Edit profile
کتێبی PDF
Ktebi_PDF
پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚
Public Figure
لێرە
باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان
بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە
.
Ganjyna
.
لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsl...
Hawraman, Slemani, As Sulaymaniyah, Iraq
Ktebi_PDF